# گۆرانی سیمرغ

حكومەتی هەرێمی كوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوكردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی





بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوكردنەوەی
سلێمانی
٢٠٠٩

غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

# گۆرانی سیمرغ

## کۆمەڵێك وتاری رەخنەیی

سلێمانی – ٢٠٠٩

**سەرپەرشتیاریی گشتیی**
**محەمەد کوردۆ**

گۆرانی سیمرغ

ناوی نووسەر: : غەفور ساڵح عەبدوڵڵا
بابەت: کۆمەڵێک وتاری رەخنەیی
نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد ئەمین
پیتچنی: نووسەر
هەڵەچنی: محەمەد عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیاری کتێب: ئەکرەم محەمەد ئەمین
تیراژ :
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ
چاپخانە
– نرخ: ( ) دینار

**بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**ناونیشان: گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤**

## پەشیمانم لەوەی کە بووم بە نوسەر..!!

(هنری میللەر) دەڵێت: کە لە دایك و باوکمیان دەپرسی کوڕەکەتان ئیشی چییە؟ ئەوانیش دەیانووت پاقلە لە قوڕ دروستدەکات، واتا دەنووسێت، من خۆم ئێستا وای بۆ دەچم ئەوەی من دەیکەم پاقلە لە قوڕ دروستکردنە، ئەگەر کەسێکی دیکە بۆچوونی بۆخۆی هەیە، ئەوە جودایەو سەربەستە، ئەو نوسەرانەی کە لە سایەی قەڵەمەکانیانەوە ژیابن و بژین کەمن، ئەگینا زۆربەیان لە سایەی قەڵەمەکانیانەوە پەت پەتی و کوێرەوەری و نان بڕاوی و دەربەدەری زۆریان دیوە، هەشبوون لە خەڵوەتگەکانی پیریدا سەریان ناوەتەوە، بۆنموونەیش (سەمۆئیل پیکت)، یان لە ژووری ئوتێلێکدا بە تەنیا سەریان ناوەتەوە، بۆنموونە (تەنسی ولیامز)، یان وەکو درەختێك لە ناوجەرگەی دارستانەکاندا بە بێ دەنگ



مردوون. (سێرگی یەسنین) دەڵێت: رۆژێك دێ کە دەمرم وەکو درەختێك لە قولایی دارستانەکاندا بە بێ دەنگیی... واتا مردنێك کەس پێی نازانێت، بەش بە حاڵی خۆم حەزمدەکرد دوکاندارێك بوومایە لە بازاڕێکی بچووکدا، نەك خاوەن ئەم پیشە شەیتانیەی کە پێیدەڵێن: (نووسین)و کەس نەیناسیبام، هەر کڕیارێك دەهات و شتی لێ کڕیبام و ئیدی ئاوڕی لێنەدامایەتەوە. ئەوسا ئەگەریش بمریت خەڵکی بازاڕەکە دوای تەرمەکەت دەکەون، چونکە مەرگی نووسەرێك یان شاعیرێك هێندەی مەرگی قاچاخچییەك یان بەرپرسێکی حزبی دەنگدانەوەی نابێت. حسێن مەردان کە مرد ئەو خەڵکەی دوای تەرمەکەی کەوتن زۆر کەمتر بوون لەو خەڵکەی دوای تەرمی دوکاندارێك دەکەون. (رامبۆ)ی گەورە کە مرد دوای ئەوەی بە شیعرو ئەفراندنەکانی جیهانی لە گوێوە راکێشا، تەنها دایکە بێوەژنەکەی و خوشکەکەی لەتەکی تەرمەکەی بوون بەرەو گۆڕستان. بۆیە نووسین، (نەك ئەرزوحاڵ نووسین) ئیشێکی پڕ لە سەریەشەیەو سەربەگۆبەندە، بە دەگمەن پیاوی ئاقڵ دەکەوێتە داویەوە، چونکە پیاوە ئاقڵەکان دەبنە قۆنتەراتچی و بەرپرسی حزبی!!

من هەر چەندێك لەگەڵ کاك شێرکۆ بێکەسی شاعیردا لە زۆر ئەجندای ئەدەبیدا تەبا نین و یەکناگرینەوە، دیارە ئەمەیش هۆی بابەتیی خۆی هەیە، خوێندنەوەمان بۆ شتەکان هەندێك جیاوازی هەیە، لەوانەیە ئەو راست بێت و من هەڵەبم و بە پێچەوانەوە، (لەبارەی شاعیری گەورەوە) لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، نووسیویەتی: (دەمەوێت بە دەنگی بەرز بڵێم: بە راستی ئەوە لە هەژاریی ئەدەب و ئەفراندنی

کوردیەوەیە کە ئێمەومانان لێرە بە (گەورە) لەقەڵەم دەدرێین). بێگومان ئەمەیان دانپیانانێکی چاك و خەتەرناکە، چونکە خۆی لە خۆیدا پەردە هەڵماڵینە لەو رەوشە هەژارەی کە بواری روونـاکبیریی کوردی تیای کەوتووە، دیارە ئەزموونێکی درێژیش رۆڵێکی گەورە دەبینێت بۆ ئەم جۆرە دانپیانانە، کە دەبووایە سەردەمێکی زووتر بووترایە، هەر هیچ نەبێت بۆ بە ئاگاهێنانەوەی ئەوانەی شتەکان بە هەڵە دەخوێننەوەو بە هەڵە تێیاندەگەن، بۆ ئەوەی ئیدی سەردەمی پیاهەڵدان و هەڵدان بڕێتەوەو سەردەمی خوێندنەوەی بابەتیانەو هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ ئیشەکانمان بێتە ئاراوە. بێگومان کورد لە لەقەب داناندا بێ وێنەیە، ئەمەیش لە ئەدەبی هیچ میللەتێکی سەر زەویدا بەدیناکرێت، تەنها لە ناو میللەتی عەرەب نەبێت، کە ئەم پەتایە لەوانەوە بۆمان هاتووە، بۆیە کاك شێرکۆ بێکەس تەمەن درێژبێت. بێگومان دوای مردنی، چارەنووسی لە چارەنووسی حسێن مەردان و روشدی ئەلعامل باشترنابێت، ئەوانەی ئێستاش بە قەناعەتی خۆم لەقەبی بۆ دادەنێن و بە هەزاران خڕ چەپڵەی بۆ لێدەدەن، بێگومان بە ژمارەی پەنجەی دوو دەست بۆ دوا مەنزڵگا بە ڕێی دەخەن. کاتێك روشدی ئەلعامل کۆچی دوایی کرد بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی بەڕێیانخست بۆ نەجەف، چونکە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای نیفاقی سیاسیی و ئەخلاقی و ناوزڕاندنە، لەوانەیشەی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەرهەق بە داهێنەر ئاوها بێت!! بۆیە منیش بە دەنگی بەرز دەڵێم: (پەشیمانم لەوەی کە بووم بە نووسەر)، چونکە لە ڕێگەیەوە سەریەشەی زۆرم بۆخۆم دروستکردو دۆستێکی کەم و دوژمنێکی



زۆرم بۆ خۆم پەیداکرد، ئەمەیش بە هۆی هەژاریی ئەدەب و ئەفراندنی کوردیەوەیە... من دوای نووسین و بڵاوکردنەوەی چواردە کتێب، کە زۆربەیان قسەیان لە سەرکراوەو خوێنەرو نووسەران لە سەری وەستاون و بە بێ ئاگاداری خوێنەرو ئاگاداران تێنەپەڕیون، ئەمە جگە لەو دەیان نووسین و وەرگێڕانانەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، ئەگەر کۆبکرێنەوە چوار پێنج کتێبی قەبارە گەورەیان لێ دەردەچێت.

کەچی دوای ئەوەیش، ئەگەر کوردانە بڵێین، تێر سکی خۆم نانم نەخواردووە، واتا لە پلەیەکی تۆزێك لە سەرووی هەژاریەوەم، ئەگەرچی هەمیشە بڕوام بەو قسەیەی (هنری میللەر) هەبووە کە دەڵێت: (ئێمە ئەشکەنجە دەکێشین بە بێئەوەی گازندە بکەین). بمبوورن، ئەمە بێجگە لەوەی کە خەڵکی دیکە سەگ پێیان دەوەڕێت، کەچی من پشیلەش پێم دەوەڕێت!! بۆیە هیچیشمان قەدەرمان لەقەدەری (یەسنین) باشترنابێت، کە وەکو درەختێك لەقووڵایی دارستانەکاندا بە بێدەنگی مرد، دوای ئەوەی لە ژوورێکدا بە پەت خۆی خنکاندو کەس پێی نەزانی، یان وەکو (هەمنگوای) لەمەصەحایەك فیشەکێکی نا بەخۆیەوە. بۆیەش قاچاخچی و قۆنتەراتچیەکان هەمیشە لە ئێمە باشترن و باشتر دەبن، چونکە بەشێکی گەورەی مرۆڤایەتی، ئەگەر نەڵێم سەرجەم مرۆڤایەتی، دەستبەرداری قەدەری (غەبائی) خۆی نەبووەو ناشبێت..!!

## وەڵامی پرسیارەکەی گۆڤاری ئاینده

راستە کۆمەڵە دەقێکی ئەدەبی نوێ بڵاودەبنەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا، شتی جوانیان تیایە، خۆم زۆریان دەخوێنمەوە، هەندێك رەخنەشیان لە سەر دەنووسرێن لاوازن. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی رەخنەگر بە چەمکی رەخنەگر وەکو پیشە، بێگومان ناتوانین بڵێین رەخنەسازی پیشەیە، چونکە ئەدەب خۆی پیشە نییە، بگرە ئیشی رەخنە پسپۆڕێتیە لە بوارەکەدا، هەموو نوسەرێکیش ناتوانێت ببێت بە رەخنەگر، لە بەرئەوەی رەخنەگر کۆمەڵێك ئۆرگانی خۆی هەیە کە زەحمەتە لەلای هەموو نوسەرێك هەبێت، مەرج نییە شاعیرێکی زۆر باش بتوانێت ببێت بە رەخنەگرێکی سەرکەووتوی شیعر، بەڵام شاعیرێکی فاشیل



لەوانەیە ببێتە رەخنەگرێکی شیعر، بۆ مەسەلەی چیرۆك و رۆمانیش هەروایە، نموونەی (ئەدۆنیس) زۆر دەگمەن هەڵدەکەوێت،کە ئەو خۆی شاعیرێکی داهێنەرە، کەچی رەخنەگرێکی یەکەمیشە لە بواری رەخنەی شیعردا، نمونەیەکی دیکە دکتۆر(کەمال ئەبو دیب)ە، شاعیرێکی باش نییە، بەڵام رەخنەگرێکی بونیادگەریی چاکە. خوێندنەوەی بۆ قەسیدەی (قمر شیراز)ی عەبدولوهاب بەیاتی خۆی لە خۆیدا دەقێکی داهێنەری جیاوازە، بە رای من دەبێت رەخنەگر ئاوها بێت، لە لای خۆمان پەتای شیعر نوسین زۆر تەشەنەی کردووە، چونکە ئەمڕۆ لەلای لاوەکان شیعر بۆتە بوارێکی حازر بەدەست، پێویستی بە زۆر رۆشنبیریی نییە، چونکە لێشاوێکی رۆژنامەو گۆڤاریشمان هەیەو پێویستیان بە پڕکردنەوەو دەرچوونە، ئیدی هەر جۆرە بابەتێکیان بۆ بێت بە بێ لێ پێچینەوە بڵاویدەکەنەوە، شیعر بێت، چیرۆك بێت، بڵاویدەکەنەوە، بۆیە کۆمەڵێك نوسەر پەیدا بوون لە هەموو ئاشێکی دەکەن، ئەگەر بنوارن لە ئەدەبی هەموو دنیا، نزیکتریان بۆ ئێمە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیە، دەبینین رەخنەگرەکان کێن؟ بێگومان خەڵکانی بە ئەزموون و خاوەن رۆشنبیرییەکی مەوسوعین و لاویش نین، بگرە قاڵبووی تاقیکردنەوەکانی ژیانن لە هەموو بوارەکاندا. کەچی لەلای خۆمان بە پێچەوانەوەیە، ئەوەی کتێبێکی لە سەر رەخنە خوێندەوە، ئیدی لێمان دەبێت بە رەخنەگرو شەنوکەوی هەموو بوارەکان دەکات. لە ئەدەبی عێراقدا کۆمەڵێك رەخنەگری ناسراو هەبوو و هەیە، وەکو عەلی جەواد تاهیر، فازڵ سامر، یاسین نەسیر، حاتم سگەر، مالك موتەڵبی، تەڕاد کوبەیسی، خەزعەل

ماجدی، که ئەمانە هیچیان لە سەردەمی لاویەوە دەستیان بە رەخنە نووسین نەکردووە، بگرە لە سەردەمی کامڵ بووندا، چونکە رەخنە بەهرە نییە وەکو شیعرو چیرۆك، بەڵکو لە شارەزایی و فرە خوێندنەوە دێت، بەڵام رەخنەگرەکانی ئێستای لای خۆمان، یان ئەوانەی بابەتی رەخنە دەنووسن لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا، هەموو لاون و تەمەنی ناسراوی ئەدەبیان سێ چوار ساڵێکە، ئەم دیاردەیە لە هیچ ئەدەبێکی دنیادا بەرچاو ناکەوێت، تەنها لەلای ئێمە نەبێت!

به راستی چارەسەری نەبوونی رەخنە زەحمەتە لەم هەلومەرجەدا، وەکو چۆن چارەسەری کێشەی ئێستای سیاسیمان زەحمەتە، دەبێت سەرەتا بڵێین رۆژنامەو گۆڤارەکان لەم پاشاگەردانیە بەرپرسیارن، چونکە کەسانی شارەزا دانانێن، یان تەنها بۆ بازارِ گەرمکردن شتی تێکەڵە لە باش وکرچوکاڵ بڵاودەکەنەوە.

جا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە هەندێك رێوشوێن هەن دەبێت بگیرێنەبەر، وەکو ئەوەی رۆژنامە و گۆڤارەکان خۆیان سانسۆر دابنێن و لاپەرِە ئەدەبیەکان نەدەنە دەستی کەسی میزاجی و نەشارەزا، بابەتەکان لێژنەیەك بیانخوێنێتەوە نەك کەسی میزاجی و نەشارەزا، ئێمە بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێت سوود لە ساڵانی حەفتاکان وەربگرین، کە چ رێوشوێنێك گیرابووە بەر بۆ مەسەلەی رەخنە، جارێ نابێت هەندێك شتی دەخیل هەیە وەربگیرێن، کە کەسانێك بە بێ هەستکردن بە مەسئولیەت دەیهێننە ناو ئەدەبی کوردیەوە، بە تایبەتی لە رەخنەدا، بۆ نموونە بونیادگەریی کە خۆی لە خۆیدا لە فەرەنسا لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو کۆتایی هاتبوو، کەچی



تازە بە تازە هەندێك لە رەخنەگرانی کوردی بە سەقەتی بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئیدی بوو بە چاولێکەریی، بەڵام ئەمەیش شکستی هێنا. من زۆر بێ هیوام لەم ئەدەبەی کە هەندێك دەینووسن، چونکە هەمویان خۆیان بە مامۆستای رەقەم یەك دادەنێن و رەخنەشیان پێ قبووڵ نییە، ئەگەریش رەخنەکە بنیاتنەر بێت نەك رووخێنەر، نەوەیەك هاتووەتە پێشەوە رەخنەی ئاسایی لێ بگری، یان جنێوت پێدەدات، یان بووختانی سیاسیت بۆ دەکات! بۆیە نەوەی پێش ئەم نەوەیە ئامادە نییە بیخوێنێتەوە، ئەگەر خوێندیەوەو رەخنەی ماقوڵیشی لێگرت پێ قبووڵ نییەو خراپ بەرەنگاری دەبێتەوە. بۆیە ئەم نەوەیە بە بێ نەوەکانی پێش خۆی هیچ بە جێ ناهێڵێت، بۆ نموونە نەوەی شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و ئیبراهیم ئەحمەدو کامەران موکری، هاندەرو زەمینە خۆشکەر بوون، بۆ نەوەی شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر قادر جاف و رەفیق سابیرو سەڵاح شوان و سەلام محەمەد و حسێن عارف و محەمەد موکری و عەبدوڵا سەراج، داوای لێبووردن دەکەم کە لیستی ناوی ئەم نەوەیە دوورودرێژە، هەووەها ئەم نەوەیە هاندەری نەوەیکیش بوو دوای ئەم نەوەیە کە خوڵقاوی سەردەمی پێش راپەرِینەو ئیشی جوان و لە بەرچاوی ئەنجامداوە، ئینجا دێتە سەر نەوەی دوای راپەرِین،کە بە راستی جێی داخە دابرِانێکی زۆری کردووە، ناڵێین یەکجارەکی لەگەڵ نەوەکانی پێش خۆی بە بێ هیچ نەخشەو پرۆژەیەك، گەرچی هەندێك لافی ئەوە لێدەدەن پرۆژەیان پێیە، بەڵام هیچ رووکەش و پانتایەکی دیار نییە، بۆیە نوسەرە خاوەن ئەزمونەکان بە حەزەرەوە توخنی ئیشی ئەم نەوەیە دەکەون. من خۆم تەجرەبەیەکی تاڵم

لەگەڵ ئەم نەوەیەدا هەیە. بۆیە دەڵێم ئەوەی وەکو رەخنەگر شتی پێیە، بە تایبەت خاوەن ئەزموونەکان بەشداریی ناکەن لە دەستنیشانکردنی دەقی جدی و ناجدی ئەم نەوەیە، بۆیە من دەڵێم ئەو دەقانەی ئێستا ئێوە مەبەستانە دەقێکی بێ رەخنە دەمێنێتەوە، ئیدی خۆی دەخواتەوەو ئەنجامیش هیچ بەجێ ناهێڵێت، ئێستا ئەم قسانەی من کە حەقە زۆریان پێیان قبووڵ نییە، لەوانەیە جنێوم پێ بدەن. وەکو باسمکرد رەخنەگر کامەیە، بێگومان من گومانم هەیە ئەوانەی لێرەو لەوێ رەخنۆکە دەنووسن بزانن چەند جۆرە رەخنەو چەند قوتابخانەی هەیە، بۆیە ئەوانەی دەنوسرێن مەدح و ستایشی بێ بنەمان و هیچ پەیوەندیەکیان نییە بە تیورەکانی رەخنەوە. من زۆر لەو رەخنانە دەخوێنمەوە، کەم دەبینم خاوەن تەجرەبەکان بینووسن، بۆ نموونە، کەمال غەمبار، حەمەکەریم عارف، هەشمانە رەخنەگری چاکە لە بەرئەو هۆیە خۆی زۆر نادات لەم ئەدەبە، بگرە ناچارە خوێندنەوە بۆ دەقی چاکی عەرەبی دەکات، وەکو کاك عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی.. من خۆم خوێندنەوەم بۆ هەندێك بەرهەمی گەنج کردوەو پێویست ناکات لێرەدا ناویان بێنم چونکە خۆیان دەزانن..



## شاعیرێکەو (با) دەخوێنێتەوە

مودەتێکە بڕیارم لەگەڵ خۆمدا داوە چیتر پەلوپۆ نەهاوێژم، چونکە هەندێك جار پەلوپۆ درێژکردن مایەی سەرگەردانییەو ئیتر خۆم و دنیای چیرۆك دەست لە گەردن بکەین و دەیان چیرۆکی چیخۆف و(کاواباتا) و (صادق هیدایەت)و ئیتماتۆف، بچرپێنینە گوێی گەردوونی مەسیحی خەمەوە، دەسا یان ئەوەتا لایەك بەلایەك دەکەین، یان ئەوەتا خۆم و قەڵەمەکەم لە سووچی خەراباتێك هەموو شەوێك لەیەکتری سەنگەر دەگرین، تا دەمان لە یەکتری سپی دەبێتەوە، لە پاشان بۆ هەتا هەتایە لە یەکتر دابڕدەبین، بە دوای هاودەمی ترەوە دنیا تەی دەکەین، بەڵام وادیارە "رامبۆ" واتەنی(نە ئەفسانەکانو نەکەسەکان تینوێتیم ناشکێنن)، بۆیە ئەمجارەش قەڵەمەکەم خۆی لە دنیا ئەرخەوانیەکەی چیرۆك بەلەسە کردو(لە غوربەتا) گیرسایەوە. لە بەرئەوەی قەڵەمەکەم جمکێکی هۆشو بیرمەو شەیدای دەنگی رەسەنە. ئەگەرهاتوو ئەو دەنگەش راچەنی و

نوێخواز بوو، قەڵەمەکەشم چەقڵی چاوی کۆنەخوازیەو دیوانەیێکی میحرابی گوڵە لۆتسە دەم پشکووتووەکانەو شالوورێکی سەرمەستو پاسەوانی گوڵە زەنبەقەکانە، لە نێو بیبیلەی رەشی تاریکیدا بە دوای گوڵە ئەستێرەوە دەداتە شەقژن... دەمێك بوو هەر دوابەدوای چەخماخە دوانەبڕاوە دەنگ دلێرەکانی(روانگە) و بەردەوامبوونی هەندێکیان لە تیشك هاویشتنو درەوشانەوە، کزبوونو کوژانەوەی هەندێکیان، لە سەر لاپەڕە رەنگ زەردەکاندا دەگەڕام، بۆ ئەوەی ئەمجارەیان نرکەبێت و سەر لەخەمی تێورووژاوم بشێوێنێت، یان ئەوەتا دادەساکێ، یان ئەوەتا سەری خۆی هەڵدەگرێت. ئەگەرچی دەنگە دلێرەکانی روانگەخوازەکان تاموبۆنی تایبەتی خۆیان هەبوو. لە سووچی دەرووندا جێیان بۆ خۆیان کردەوە. بەڵام چەند سووچێکی تری دەروون وێرانەو هەوارخاڵی بوون و بە دوای ئەو دەنگو نرکە پڕسۆزەوە دەگەڕا کە لە بەردەم میحرابی گوڵدا وەرزیی تاموبۆنێکی تری هەبێت، نەك ئەو هەستە وشکەی کە هەموو دەیناسین و رقمان لێی دەبۆوە. هەروەکو(محەمەد عومەر عوسمان) شاعیری لاوی لە کارەسات چاوتروکاو دەڵێت:

من هاواری ملیۆن داری
بەر رەشەبای پەل کەوتوو و هەڵوەریوم
من زایەڵەی ملیۆن مەلی
لانە رووخاو و تەریووم
لە پەنجەرەی پایزێکی ئەبەدییەوە
ئەڕوانمە دنیای تەمو



خوێنی رژاوی گەڵاکان
ئەڕوانمە چرای کوژاوەی ماڵەکان...

**

ئەوەندەی نەمابوو لەم دوایانەدا هەرکە دەنگە دلێرەکانی-روانگە- لەپەلوپۆکەوتن، هەندێکیان، یاخود لە خەڵوەتخانەی خۆ دۆزینەوەیێکی تردا کەناریان گرت، ئەوەندەشمان گوێ لە دەنگی نەشازو نارەسەن بوو، خەریك بوو زەوقی کوردەواری شیعرمان تێکبچێت (دەروێش عەبدوڵا)[١] بەڵام هەتا رۆشنبیری راچەنیوی کورد هەبێت، زەوقمان جەمەو کاروانیش سەلامەت- کاروانیش بە پێی هەموو دابونەریتێکی کاروان سەرایی، سوارچاکی تیادەبێت و مەخوودە سواریشی تیا دەبێت، بەڵام (مەخوودەکان) هەمیشە لە پاشکۆی کاروانەکەوە گورگەلۆقە دەکەن و ئەنجامیش بە لەترێك لەپەلوپۆ دەکەون و سوارچاکەکان کاروان دەگەیەننەجێ. شاعیری دەنگ دلێریش هەمیشە دڵی پڕ لە پرسیارەو بۆ وەڵامی پرسیارەکانی وێڵەو بە وشە گڕ لە خۆی بەردەدات. دەسا بەڵکو ئەمە دەستی لە چمکێکی ئەو وەرامانە گیربێت، هەروەکو شاعیرێك (لە غوربەتا) دەڵێت:

لەگەڵ هەنسكو گریانی..
هەوری خوێنینی ئێوارە
بەکوڵ گریا.. فرمێسکی رشت
ئەم دڵە پڕ لە پرسیارە..

یان دەڵێت:

هەر ڕێبوارێکیش سەرنجی ئەدام
وای ئەزانی هەر فرمێسکی هەورە
رووخساری ماتی من ئەشواتەوە

❊❊

لێرەدا من ناڵێم دەنگی(محەمەد عومەر عوسمان) دەنگێکی دلێرە، بگرە دەنگێکی مژدەبەرە، ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت ببێتە دەنگێکی دلێرو ئاوەرۆێکی نوێتر بۆ خۆی هەڵکەنێ، لە کاروانی نوێخوازی شیعری کوردیدا. نموونە بۆ ئەمەش ئەوەتا چەند جوانی وتووە:

زستان سەری تەمومژی
هەورە بروسکەی پەرچەم قژی
لە سەر شووشەی تەزیوی پەنجەرەکەمە
بە تەمومژوبارانا.. لە دوورەوە.. چرایەك کز..
کز ئەسوتێ
حەپەی سەگ دێ.. ئەترسمو
دەستم لە سەر کێلانی خەنجەرەکەمە..

خەونەکەی(محەمەد ) ئەگەرچی ئەرخەوانیە، بەڵام ئەو ئەرخەوانیە نییە کە-گۆران- رەنگی رشتوە، بەڵکو تەنها بە ناو ئەرخەوانیە، هەروەکو چۆن بەهاریش لەلای شاعیر سەوزو پڕ گوڵاڵە نییە، بەڵکو بەهارێکی وەکو



بەهاری "رامبۆ" ئامێزوایەو لە دۆزەخدا گوڵ دەگرێت، ئەرخەوانیەکەی ئەم لە غوربەت‌وگۆڕانی رەنگی شتەکاندا رەنگی رشتووەو رەنگی تایبەتی خۆی وەرگرتووە. دەتوانم بڵێم دەنگی(محەمەد عومەر عوسمان) دەنگێکی (یەسنینانەیە) لە شیعری کوردیدا، بەڵام بە تام و رەنگو بۆنێکی کوردانەوەو ئازارەکانی ئیسماعیلو مەسیح تێکەڵ بە ئاوی تانجەرۆ دەبن و بەدەم رەشەباکەی سلێمانیەوە دەلەرێنەوەو دەچەمێنەوە، شاعیر کۆمەڵێك رەمزی کەلەپووری مرۆڤایەتی بەکارهێناوە، ئەگەرچی هەر شاعیرێك ئەم رەمزانە بۆ مەبەستێك بەکاردەهێنێت، ئەمیش بۆ ریسواکردنی زەوقی تێکچووی مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت، وەکو ئاوێنەیەك رووبەڕوومانی دەکاتەوە، ئیسماعیلو مریەم و مەسیح، قابیلو هابیل بۆ پرسیارە ئەزەلیەکەی ئەشکەنجەی ئەمانە دەگەڕێت.

لەو رۆژەوە..قابیل هابیلی برای کوشت
لەو رۆژەوە.. دەرگای شەهوەت کرایەوە
دەرگا لە خوێن کەوتە سەرپشت
لەو رۆژەوە.. زەمین خوێنی
بەردو درەختی بەربووە
لەو رۆژەوە.. خاك بۆ پەیامێکی عیسا
ئاگر لە جەرگی بەربووە.

❊❊

که قابیل تەرمی هابیلی لە کۆڵابوو
بۆخوا لە قەلەڕەشی بۆنارد؟!
تافیری کا چۆن بیکا بە ژێر خۆڵەوە
چی ئەبوو گەر قابیل هەر تەرمی هابیلی بگرتایە بە کۆڵەوە؟!

***

(محەمەد عومەر عوسمان) یش وەکو (لۆرکا) دەنگی خوێن تاکە دەنگەو زاڵە لە دەنگەکانی ترو لە زۆربەی شیعرەکانیدا رەنگیداوەتەوە. تەنانەت ئەو خۆرەی کە هێمای سەرفرازیو سەربەستییە، لای ئەم وەکو تۆپێکی سوور وایە، هەروەها بارانیش چۆڕاوگەی خوێناوی خستە..

تنۆکی باران وەکو هەزاران نەرمەپەنجەو دەست
لە شووشەی ساردی پەنجەرەم ئەداو
کە سەر هەڵئەبڕم: بە چۆڕاوگەوە باران ئەبێتە
خوێناوێکی خەست

**

شاعیرێك ئەوەندە هەست بە تەزیووی دەکاتو خاکیش بۆتە دیاردەییەکی مادی تەزیو، ئەگەرچی هەندێك تێڕامێنین خەمێکی رەشبینی هەروەکو باوە لە هەندێك شێوەکانیدا دیارە، کە زۆرجار پەنا دەباتە بەر گەڵای وەریو و پاییز، بەڵام ئەمەش خۆی لە خۆیدا لای شاعیر رەمزێکی جیاوازە لە رەمزە کۆنەکەی نێو شیعری کلاسیکی جیهانو



کوردیش، زۆرجار لە ئاستی بەکارهێنانی ئەو رەمزانەوە هەندێك بۆنی (وێرانە خاکی) ئەلیۆت دێتە کژتەوەو دڵت بە کارەساتەکان دەگوشرێت. خەمەکەشی ئەوەندە خەستە نەهاتووە وەکو(ئەخۆل) دوای مەرگی خۆی داوابکات دەمی پڕکەن لە خۆڵی رێگاکەی یاری و تابوتێکی هاکەزایی بۆ دروست بکەن، بەڵکو دەیەوێت گەڵا کفنی بێت و دەمی لە گەڵا پڕکەن. بۆیە ئەم بە پێچەوانەی شاعیرەکانی ترەوە کە ئەوەندە باسی بەهاریان کردوە ئینتەلایان کردوە لە بەهاردا، بەڵکو ئەم شەیدای پاییزەو پاییز رەمزێکی گەورەیە لای ئەم.

هەروەها بە پێچەوانەی شاعیرانی ترەوە بە باسکردنی چاوی کاڵو گەردنی پڕخاڵ دەستی بە شیعر وتن نەکردووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وەکو شاعیرێکی لاو ئەوپەڕی تەجاوزی هۆشی محەمەد عومەر عوسمان دەگەیەنێت، وەکو لاوێك هەموو کەفوکوڵێك لە دڵی خۆیدا بکوژێت، بۆ ئەوەی لافاوی فرمێسك بە گریان دروست بکاتو بەکارەسات زاری شیعری هەڵبێنێت.

توخوا گەر مردم.. گەڵا کفنم بێ
دەمیشم پڕکەن لەگەڵای وەریو
تابووتوگۆڕم چڵی پاییزبێو
تەرمم مەنێنە ناوخاکی تەزیو

**

پاییزم زامەو هەمیشەییە

روخساری بەهار نایشارێتەوە
لەقولاّییما.. گەلاّریزانە
زریانی ناخم نابڕێتەوە

❋❋

حەز ئەکەم پایزی عومرم
هەوربێ لە چاوی ئاسمانا
گریانێك بێ. بێ کۆتایی
سەمایەك بێ لە سوتانا

شاعیرێکە هەست ناسکیەکەی رادەبەدەرەو سۆز راچەنیوەو دەروێشی شیعرەو حالّ گرتوویەتی، لە بەرئەوەی لە کارەسات چاوی تروکاوەو بەهار لە تەمەنی ئەوبێ بەرییە وەکو چەند راستیەکی ویژدانو زاتی خۆیو دووڕوویی‌و درۆو دەلەسە نازانێ و کەسیش بە وشەی دەستکردو هەلّفریواندن تەفرەنادات و هەن داوای شیعری سەوزی پڕدرۆی لێ دەکەن.. وەکو حەقیقەتێك ئەم باسی بەهارە تایبەتیەکەی خۆی دەکات. وشەکانی ئەم بەستەلّەو باو پایزو گڕی سوورو خوێنو تەمومژو سەرماو سووتانە، بۆیە ئەگەر هاتوو لەم وشانەیەوە بیەوێت بەهارێك دروست بکات یان شیعرێکی سەوز، دەسا ئەوە بەهارێکی جیاوازە وەکو بەهارە ئاساییەکە نییەو خۆیشی ناخەلّەتێنێت.

داوای شیعرێکی سەوزم لێ مەکە



بەهار لەعومری من بێ بەرییە
بڕوانە قژی ماشو برنجیم
کە دەفتەرێکی کوێرەوەرییە

❋❋

مۆمیش.. تەمەنی.. کزەی.. سوتانی..
بارمتەی دەنکە شقارتەیەکە
هەر دەستێکیش بێ دایبگیرسێنێ
باعیسی مەرگی پەپوولەیەکە

❋❋

چەندین شەو لە سەر نزرگەکان من..
بوومە کۆی زوخالّ.. سووتام وەکو مۆم!
لە سەر نزرگەی دلّ.. مشایەخێ
مۆمێکی نیگای دانەگیرسان بۆم

❋❋

شاعیر، هەرگیز ئەوەندە خۆی بە شێوەوە نەبەستۆتەوە. ئەوەندەی مەبەستێتی ناوەڕۆکی نوێ دارِێژێت، سەرتاپا شیعرەکانی یەك دەنگو دەنگی تاکەکەسی شاعیرە. ناوەڕۆکەکانیشی ئەوەندە لێهاتوو و دەگمەنن، بۆیە هەرکە دەیانخوێنیتەوە، هەموو شێوەو بۆچوونێکی تەکنیكو هونەریت لەو بارەیەوە فەرامۆش دەکەیت.

خەلّکی بە شێتم ئەدەنە قەلّەم

نازانن کەمن(با) ئەخوێنمەوە
تنۆکی باران حەرفی شیعرمەو
ئاگری عەشق چۆتە خوێنمەوە

دیسان(محەمەد عومەر عوسمان)ی لە کارەسات چاوتروکاویش وەکو (کیتس) بە دوای موستەحیلەوە وێڵە، بۆیە هەمیشە شاعیری بە سەلیقەش دەنگی سەردەکاتو تەك بە هەموو دەنگە مەخوودەکان دەدات و سوارچاکی خۆی دەنوێنێت. ئەمەش لە گەڕان بە دوای موستەحیلەوە دێتەکایەوە.. (کیتس) دەیەوێت ناوی خۆی لە سەر ئاو بنوسێت، ئەمیش با دەخوێنێتەوە، هەروەکو (رامبۆ)ش نەئەفسانەکانو نەکەسەکان تینوێتی ناشکێنن.. ئەگەر بێتو ئەم شاعیرە بخوێنیتەوە بە راستی هەست دەکەیت خاوەن شارەزایەکی چاکە بە گوێرەی تەمەنی خۆی، ترسو نیگەرانیەکی گەورەی مرۆڤایەتی بە کۆڵەوە گرتووە، هەروەها ئەوەندەش بە توانایە دەزانێت چۆن وشە دەتەقێنێتەوەو رەمزەکان لە جێگای خۆیاندا بەکاربێنێت، لەو باوەڕم ئەم شاعیرە هیچ کۆسپو لەمپەرێك رێگای خۆسەلماندنی لێ ناگرێت و مەخوودەکانیش ناتوانن پاشقولی بدەن و ئایندەییەکی درەوشاوەی هەیە لەکاروانی شیعری نوێی کوردیداو دەنگێکی مژدەبەرەو جیهانیەتی شیعری کوردییە.

ئەم چەند وشەیە ناچنە خانەی رەخنەوە، هیچ جۆرە هەستێکیش هانی نەداوم، بەڵکو دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی دیوانی(لەغوربەتا) جۆرە هەستێکی نوێی شیعریی لە دەروونمدا چەکەرەی کردو دەنگو ناڵەییەکی



پڕ خرۆشم هاتە گوێ... ئەم کورتە نووسینەش دەسپێشخەریەکە بۆ ئەوەی بە چاکی لە شیعری ئەم لاوە بە توانایە بکۆڵرێتەوەو دەنگی دەسنیشان بکرێت و شیعرەکانیشی شیاوی ئەوەن گشت مەنهەجێکی رەخنەیان لە سەر بسەپێنرێت تادەگاتە مەنهەجی بنێویەتیش...

(١) دەروێش عەبدولا: مەبەستم-گۆران-ی شاعیرە.. نەك دەروێش عەبدولای شمشاڵ ژەنەکەی گۆران.

## رۆمانی لەیلەت ئەلقەدر

ئەمجارە باس لە رۆمانێکی عەرەبی دەکەین کە سیفەتی رۆمانێکی جیهانی پێدراوە، ئەویش رۆمانی(لەیلەتولقەدر)ی (تاهیر بنجەلوون)ە، کە لە سەر ئەم رۆمانەی خەڵاتی(گۆنکور)ی فەرەنسایی وەرگرتووەو یەکەم نووسەری عەرەبیشە کە بەر لە(نەجیب مەحفوز) خەڵاتێکی بدرێتێ. بە عەرەبیەکەی ناوی(لەیلەتول قەدرە). لە کوردیشدا بە بۆچوونی ئێمە بەرانبەرەکەی هەیە، هەر بە شەوی(لەیلەتوقەدرە) لە کوردەواریدا باوە ئەگەرچی شەوی بەرات لە هێندێك جیگای کوردەواریدا شەوێکی تایبەتە، نەك شەوی بیستو حەوتی مانگی رەمەزان.



بە بڕوای ئێمەش شەوی بەرات پڕ بە پێستێتی(لەیلەتوقەدر)ە، چونکە لە عەرەبیشدا بەم شەوە دەگوترێت (ليلةالبراءة) واتە شەوی بەراتو بەرائەتەکەش لە کوردیدا بووەتە (بەرات) ئەو تەشقو بەزمانەش کە لە شەوی بەراتە کوردیەکەدا دەکرێن، هەمان تەشق و بەزمی شەوی بیستو حەوتی رەمەزانن واتە شەوی(لەیلەتول قەدر)

تاهیر بنجەلوون، چلو پێنج ساڵ تەمەنیەتی، لە شاری(فاس) لە مەغریب لە دایکبووە. کەڵە نووسەرێکی پێشڕەوی عەرەبە. بە زمانی عەرەبی شیعری نووسیوەو دەستی داوەتە نوسین. شەش رۆمانی بە زمانی فەرەنسایی نووسیوە.

١- حەرروودە

٢-تاکە کەسێ

٣-موحای دوژمنکار موحای دانا

٤-نوێژی نادیار

٥-منداڵی قووم

٦-لەیلەتولقەدر...

(فەتحی العشری) وەرگێری ئەم رۆمانە دەڵێت: (لەیلەتولقەدر) یان شەوی پیرۆزی.. رۆمانێکی شێتە، ئەو شێتیە بلیمەتەیە کە پڕە لە تاسەی وشەو لێشاوی واتاو تەزووی هەستو رێبازی کەسایەتیو تەوەفانی کارەساتەکانو توندوتیژی هەڵوێستەکانو بێهوودەیی چارەنوسەکانو ستەمی بارو زرووفو بەدبەختیو چارەڕەشیو زۆرداریی واقیعو دەسەڵاتی خەونو سۆزو رەشە خەمو تاریکە ژانو نابینایيو رووناکیە

ئەنگووستەچاوەکان، ئەو توێکڵە ئەستوورەیە کە (کۆکتۆ) سەبارەت بە ئۆدیبو مەرگەساتە ئەفساناویەکەی دەدوا).

ئەم رۆمانە کراوەتە بیستو دوو بەشەوە، هەر بەشێكو ناونیشانێکی هەیە، دۆخی جێگاکان، شەوی لەیلەت ولقەدر، رۆژێکی زۆر قەشەنگ، باخچەیەکی بۆن خۆش، ئاوێنەکانی رۆژگار، گەمەی خەنجەری سەر پشتی ئافرەتە پاسەوانەکە، قونسڵ، پەیمان، دەروونێکی جەنجاڵ، ئاژاوەی شاعیر، ژووری قونسڵ، دەریاچەیەکی زۆنگاو، گێرەشێوێنی خانوویەکی نهێنی، کوشتن، لە تاریکایەکاندا، نامە، خۆڵەمێشو خوێن، لە بیرکراوەکان، چیرۆکەکەم بەندیخانەیە، دۆزەخ پیاو چاك.. ئەم رۆمانە لە حەوت (تەوەر) دەکۆڵێتەوە.. تەوەری یەکەم ئاینی ئیسلامو مامەڵەکردنی کۆمەڵ لە روانگەی ئەم ئاینەوە، تەوەری دووەم خۆشەویستی واتاش دەسەڵاتی سێکس، دەسەڵاتی پیاو بە سەر ئافرەتدا لە کۆمەڵە دوواکەوتووەکانی رۆژهەڵاتدا.

لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا سێکس مومارەسە دەکرێت و لێی دەترسنو دەیشارنەوەو لە هەمان کاتیشدا رێسوا دەکرێت.. تەوەری سێیەمیش ئافرەت، ئەو ئافرەتەی کە لە کۆمەڵەکەیدا بە بێ هیچ ئاکامێك یاخی دەبێت، ئەو ئافرەتەی کە سەردەمێکی دوورودرێژ کارەکەرو شوورەیی بوو. تەوەری چوارەم شیعرە، ئەو شیعرەی کە دەبێتە ویژدانی کۆمەڵو چارەنووسی گەلان. شیعرێکی ئازا لە سەردەمێکدا کە بەها رۆحیەکان لە ناو دەچن. شیعرێك وەکو شیعری حەلاج بێت.. پێنجەم تەوریش(خەیاڵ)ە، کە لەم رۆمانەدا دەورێکی باڵای هەیە، چونکە لە ژیانماندا هەمووشتێك روونو ئاشکرا نییە، بەڵکو تەمومژە.. تەوەری شەشەم بزربوونی ناسنامەیە، دەشێت ئەو ناسنامەیە بێت کە لە کێشەی فەلەستیندا بە دوایدا دەگەڕێن.. حەوتەم تەوەریش(کۆنەپەرەستی)یە کە هێندێك لە رۆشنبیرکانی رۆژهەڵات ئاڵا هەڵگرینو بەرەو دیماگوگیەت پەلکێشان دەکات..

پوختەی ئەم رۆمانە، کابرایەکی دەوڵەمەندی کەلە شەقو کۆنەپەرستو چاوبەستی دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵە، لە نێرینە بێبەریەو شەش کیژی هەیەو دەبێتە جێگای توانجو تانووتی براو کەسوکارەکەی، لە بەرئەوە بڕیار دەدات ئیدی ئەگەر منداڵی بوو دەبێت بە هەچ کلوجێك بێت کوڕ بێت. هەرکە ژنەکەی منداڵی دەبێت ئەویش کیژ دەبێت، بۆیە بە ژنەکەیو مامانەکە رادەگەیەنێت کە وەها رابگەیەنن کوڕە، ئیدی لەو ساوە بە کوڕ ناوی دەباو بەرگی کوڕی لەبەر دەکاو دەیخاتە قوتابخانەی کوڕان.

کیژەش دەگاتە ئەو قەناعەتە کە کوڕە تا کاتی سەرەمەرگی باوکی ئەو دەگاتە بیست ساڵ، لە شەوی لەیلەت ولقەدردا هەموو خەڵکی سەرگەرمی بەزمو تەشقی ئەو شەوەن، باوکی لە سەرەمەرگدا نهێنیەکەی بۆ ئاشکرا دەکاتو دەیخاتە بەردەم کارەساتێکی دڵتەزێن، دەیخاتە بەردەم حاڵەتێکی دابڕانی سەیر، تا ئەو دەمەش بیست ساڵی رەبەق ئەم کیژە وەکو نێرینەیەك هەڵسوکەوتی کردوەو درکی بە خۆی نەکردووە کە ئافرەتە ئاهەنگی سوونەتی درۆزنانەی بۆ سازکراوەو کیژێکی شێتۆکەی مامەکەشی لێ مارە کرابوو. ئیدی لەو شەوەوە لە بەندیخانەی درۆی بیست ساڵەی قوتار دەکات. باوکی دەمرێت دایکیش هەر دەمێك بوو بە هۆی

کەلەشەقی باوکیەوە شێت بوو، ئەویش دەمرێت، خوشکەکانیشی بە هۆی ڕەفتاری ناجۆری ئەوەوە تەرتەو وەرتە دەبن..

ئەو دەمەی تەرمەکەی بە خاك دەسپێرن، ئەسپسوارێکی نەناسراو لەوێڕا چاوەنوارێیەتی‌و جلوبەرگی بووکێنی بۆ ئامادە دەکرێت و دەیفرێنێ بەرەو شارێکی یوتوبیای منداڵان، بەهەشت ئاسایەك پڕە لە منداڵی کیژو کوڕو تەمەنیان لە دەساڵ تێپەڕ ناکاتو وڵاتی خۆیان بەڕێوە دەبەنو ڕێگا بە کەس نادەن یوتوبیاکەیان بشێوێنێت، هەر کە ئەسپسوارەکە دەیباتە ئەو شارە خەیاڵیە، دەیکەنە شازادەی خۆیان، بەڵام ئەنجام لەوێش دەردەکرێت، دەشێت ئەم سەربردەیە خەون بێت وەکو دابڕانێك لە ڕابردوویەکی تاڵدا،کە پڕبوو لە زەیفو درۆو دووڕوویی‌و خورافەی ئایین. چونکە لەم ڕۆمانەدا خەونو واقیع تێکەڵ بەیەکدی دەبن، هێندێك جاریش دەگاتە شێوەی گێڕانەوەی مەتەڵەکانی(هەزارو یەك شەوە)و(نامەی لێ خۆشبوون)ی ئەبول عەلائی مەعەڕی.

ئیدی پەڕاگەندە دەبێت و بەرەو دوورە شارێك لە بیاباندا سەری خۆی هەڵدەگرێت. لە گەرماوێکدا دەگیرسێتەوە، ئافرەتە سەرپەرشتیکارەکەی گەرماوەکەش ئافرەتێکی کلۆڵو بەدبەختو بێوەژنە، خۆی‌و برا کوێرەکەی کە لە ڕۆمانەکەدا بە(قونسڵ) ناو دەبرێت لە پاشماوەی بوومەلەرزەیەك قووتار بوونو لە خانوویەکدا پێکەوە دەژین، داڵدەی دەدەنو دەبێتە ئەندامێکی ئەو خێزانە بەدبەختە، ئەنجامیش پەیوەندیەکی سێکسی لە نێوان ئەو و قونسڵدا گەرم دەبێت، کە دەبێتە هۆی دڵ پیسی‌و ڕق بوونەوەی ئافرەتە ناترەکەی خوشکی قونسڵ، چونکە لەمەتنی ڕۆمانەکەدا



ئەوەش دەردەکەوێت، ئەوەش دەردەکەوێت کە خوشکەکەی زۆر دامێنگیری براکەیەتی‌و دەشێت هێڵێکی ناجۆری سێکسانە بووەتە هۆی ئەو ڕەفتارەی هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، جووتێك سەربردەی دڵتەزێن (قارەمانەکەو قونسڵ) تێکەڵ بەیەك دەبن، جووتێك قوربانی کۆمەڵێکی دوواکەوتووی دامێنگیری دابونەریتی ئایین.

لەم ڕۆمانەدا شوێنکات بە تەواوی وتەو تەمومژاویە. هەربۆیەش تاهیر بنجەلوون خۆی دەڵێت: (ئێمەی مەغریبی لە کۆمەڵێکی ترسناکەوە، لە کۆمەڵێکی قەشەنگەوە هاتووین، هەرکە تەقەلا دەدەین بە جیدی بنووسین ناتوانین چیدی دەربڕین جگە لەو شتانە نەبێت کە شاعیرین). بۆیە زمانی شیعر لەم ڕۆمانەدا گەلێك زاڵە، هەست دەکەیت چامەیەکی قەشەنگ دەخوێنیتەوە، چامەیەك زمانەکەی مەرگەسات بێت، زمانەکەی خۆڵەمێش‌و خوێن بێت، (چیرۆکێکە خەیاڵی منداڵێك دایهێناوە کە دووچاری وەڕزیی بوو بوو، ئەوەی لەلا پەسەندە کە لەگەڵ گەمەی نێوان جدیەتو گاڵتەجاڕی تێکەڵ ببێت)... ڕق و کینەو دڵ پیسی خوشکەکەی قونسڵ دەگەیەنێتە ئەوەی کە یەکێك لە کەسوکاری پاڵەوانەکە بدۆزێتەوە، کە ئەویش مامەکەیەتی‌و دێت لەوێ بۆ ئەوەی تۆڵەی براکەی لە کچەکەی بکاتەوە، ئەویش هەرکە چاوی پێی دەکەوێت وەکو چاوی بە سەرجەم ڕابردووی شێواو درۆزنانەی خۆی بکەوێت، مامەکەشی دەکوژێت.

ئەنجام بە پازدە ساڵ بەندکردن سزا دەدرێت. بەشی هەرە گرنگو بەپێزو هونەریی ڕۆمانەکەش ئەو بەشانەیە کە لە بەندیخانەیە، تووشی کۆمەڵێك ئافرەتی بە بێگوناه بەندکراو دەبێت، کۆمەڵێك ئێسكو پروسكو تینووی

**دەستی نێرینـەو مـافی ڕەوای خۆیـان، سـاڵانێکی پـڕ مۆتەکـەی بـاوكو دایکیو خوشکەکانیو پێوەندی ناجۆرو پڕ لەزەتی خۆڕسك. ساڵانێکی پـڕ لە تەقەلادان بۆ خۆدزینەوەو پاکژکردنەوە لە دژوێنی ڕابردوو و چارەنووسی کۆمەڵێکی ترسناكو دواکەوتوو.**

**لە پاشان هەرکە لە بەندیخانە بەرەڵا دەبێت تووشی هەمان چارەنووسی کۆمەڵە دواکەوتووەکە دەبێت، لە شـێوەی خـەیاڵو واقیعـدا هەمدیـسان بەرەنگاری خوشکەکەی قونسڵو قونسڵ دەبێت کە پێیدەڵێن (ئاخیریەکەی ئەو کۆتو پێوەندە پۆڵاینە بشکێنێو لە ماوەی پـازدەی سـاڵ سـزدان لـە نێوان خۆپاك کردنەوەو لە بیربردنەوەدا ئـەو واقیعـە تاڵـە بگـۆڕی. بۆیـە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانـە لـە نێـو بازنەیـەکی خەتەرناکـدا دەخولێنـەوەو بازنەیەکە شکاندنی بە ئاسانی نایەتە دەست).**

**ئەم ڕۆمانە لە ئەنجامدا هەر ئەوەیان پێدەڵێت هـەروەکو نووسـەرەکەی دەڵێت (لە بنەڕەتدا هیچی نییەو دەشبێت لـە کۆتایـدا هیـچی نـەبێت). بۆیە ڕۆمانێکە بابەتەکەی دەگمەنەو مۆرکی داهێنـانێکی گـەورەی پێـوە دیارەو شایانی خوێندنەوەو تێڕامانە..**



## چۆن بتوانین ئەقڵی کوردی لە بێخەوە ڕاتەکێنین؟

**لێمگەڕێن بابگریم، چەند زۆرن ئەوانـەی بـە هەڵوێـستەکانی گریـان پێدەکەنن،**

**لێمگـەڕێن باخـەم بخـۆم، چـەند زۆرن ئەوانـەی لەبـەردەم کـەژاوەی خەمەکاندا دڵخۆشن،، لێمگەڕێن با ڕەخنە بگرم، چەند زۆرن ئەوانەی بـە هەموو پڕوپووچیەکان سەرسامن،**

**لێمگەڕێن با بەرامبەر خۆم ناڕەزایی دەربڕم..**

**-عەبدڵا ئەلقوصەیمی-**

یەکەم تەنگژە کە کورد پێوەی دەناڵێنێت، تەنگژەی ئەقڵە، چونکە ئەقڵی کوردی تا ئێستا لە بۆتەیەکی تەسکی کەلتوری ناو شاخی گیرخواردوەو لەودیوی ئەو شاخانەوە هیچی دیکەی نەدیوە، بۆیە دەبینین هەر بۆ نموونەش، ئەقڵی کوردی کاتێك لەو بۆتەی کەلتورە گیرخواردوە رزگاری دەبێت، دەچێتە نێو کەلتورێکی بەربڵاوترەوە کە توانای کردنەوەی زیاترە. بۆ نموونە دوو کەڵە مێژوونووسی عەرەب بە رەچەڵەك کورد بوون (ئیبن خەلدوون و ئیبن ئەسیر) زەهاوی و رەسافی و تەیمووریەکان لە میسرو عەباس مەحموود عەقاد، بلّند حەیدەری و زۆریتر، لە ناو کەلتوری تورکیش وەهایەو لە ناو کەلتوری فارسیش هەروەها، بۆ نموونە ئەگەر بلّند حەیدەری بە کوردی بینووسیبایە، هەر هێندەی گۆران و شێرکۆ بێکەس دەناسرا، بەڵام کاتێك بە عەرەبی نووسی، بووە یەکێك لە داهێنەرانی شیعری ئازادی عەرەب. کەچی دەمرێت کورد بە کورد بوونی دڵی خۆشەو لە هەولێر پرسەی بۆ دەگرێت. زۆر نموونەی دیکە هەیە. یان ئەگەر سەلاحەدین ئەیووبی، دەمارگیریی ئایینی داینەبڕیبایە لە نەتەوەکەی و لە شەڕی خاچپەرستاندا نەدەبووە قارەمانێکی عەرەب، ئەگەر ئەو شەڕەی بدۆڕانایە ئێستا بە لانیکەمەوە کورد دەبووە بەشێکی کەلتووری ئایینی کریست و دەروی رەحمەتی پێشکەوتنی لە بەردەمیدا دەکرایەوەو نەدەبووە بەشێك لە کەلتوری دواکەوتووی ئیسلامی و عەرەبی، کورد تائێستا



چەوساوەی دەستی ئەو کەلتورەیەو هەموو قەتلّوعام و قڕکردنەکانی لەلایەن خەڵکی ئەو کەلتورەوە بووە، چ عەرەب بووبن چ فارس بووبن چ تورك بوون. هیچ رۆژێك کورد کێشەی نەبوو لەگەڵ کەلتوری کریستی یان جوولەکە، هەر بە فیتی ئیسلامە عوسمانیەکانیش بوو بەشێك لەکورد لە تورکیا بەشداری قەتلّوعامی ئەرمەنیەکان بوو. سەلاحەدین ئەگەر لە شەڕی خاچپەرستان دۆرابایە وەکو شاعیری فەلەستینی (مەعین بەسیسۆ) دەڵێت: دەبووە سەگێکی کوردی، بەڵام کە سەرکەووت بووە قارمانێکی عەرەب.

کورد تا ئێستا یاخیبوویەکی ئایینی سۆفی وەکو (حەلاج)ی نەبووە، تا شەڕی خەلافەتی دەسەڵات بکات و بێ ترسانە گەورەترین هێزی رۆحی گەردوونی خستە ژێر باخەڵی خۆیەوەو بێ ترس لە کوشتن و سووتاندن.. بە رای من چونکە ئەقڵی کوردی نەهێندە خەمخۆری گەڕان و پرسیار بووە، نەهێندەش جورئەتی هەبووە کە پێڕەوی خێڵەکێتی بشکێنێت و بە ئێستاشەوە. ئەم دوو ئاکارەش زادەی ئەقڵی گەورەیە، نەك ئەقڵی بچووك. بێگومان کورد هەمیشە مێژووی پڕ شەڕوشۆڕ بووە، نەیانهێشتووە بپەرژێتە سەر خۆی، یان خۆی نەیویستووە، عەرەب دوای پەیامی (محەمەدی کوڕی عەبدلاّ) لە ژێردەستەیی و شەڕوشۆڕی بەردەوامی ناخۆی خێڵە عەرەبەکان لە بیابانی عەرەب رزگاری بوو، کەوتە مشورخواردنی درووستکردنی دەسەڵاتی یەك پارچەیی عەرەب و پەلهاویشتن لە سەردەمی کەسێکی ناسیۆنالیستی وەکو (عومەری کوڕی خەتاب)، بۆ داگیرکردنی وڵات و میللەتانی دیکەی ناعەرەب و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیان،

به بیانووی بانگەشەی ئایینی. گەرچی کورد تا رادەیەك لەو مەینەتیە رزگاری بوو، بەڵام هەر بە دواکەوتووی مایەوە، چونکە کەوتە داوی کەلتووری ئیسلامەوە. دیارە شاخەکانی کوردستان هەرچەندێك دەوریان هەبووە لە گیرخواردنی، هێندەش دەوریان هەبووە لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی تا رادەیەك. بۆیە ئەو میللەتانەی یاخیبوون و لە بیری خێڵایەتی دابڕاون، توانیوویانە ببنە خشتێك لە بنیاتنانی شارستانیەك، کورد یەکێکە لەو میللەتانەی وەکو (عەبدلا ئەلقوصەیمی) دەڵێت: بلیمەتیی، یاخی بووی نەبووە، وەکو شتێك بەبێ دایك و باوك لە دایکبووبێت، یان وەکو لە دایکبوونی شتێك تا ناکۆکی دایك و باوك بێت، تا قەڵەمبازی نوێی یەك لە دوای یەك ببەخشنە ژیان. بۆ ئەوەی ببنە یاخیبووی رووخێنەر. بۆیە مرۆڤی کورد خراپترین بەختی هەیە، بەدەر لە هەموو گیانەوەرەکانی دیکە.

تا ئێستا ئەقڵی کوردی لە دوای پەیابوونی (زەردەشت)ەوە، یاخیەکی رووناکبیری بە خۆیەوە نەبینیوە، هەمیشە لەگەڵ رەوتە مێژوویی و ئایینیەکاندا هاوشان و پابەند بووە. گەرچی ئایین نییە داوای رۆشنگەریی و پێشکەوتن بکات. بۆ نموونەش لە ئەوروپا دوای رێنیساس، دوای کزبوونی دەسەڵاتی کەنیسە لە ژیانی مرۆڤی کریستیدا. ئیدی گەشەی پیشەسازی وکۆمەڵایەتی و کەلتوری برەوی سەندو بە تەواویش کڵێسە لە هەموو بوارە گشتیەکان کشایەوە، لە ژێر زەبری بیروباوەڕی ئینقلابیانەی (مارتن لۆسەر)دا.. ئایین جگە لەوەی مرۆڤ دەخاتە بەردەم دووڕیانی هەڵبژاردنێکی خەیاڵی دوای مردن دۆزەخ ئەشکەنجەی سووتانی



هەتاهەتایی کە تەنها لە خەیاڵی ئەفسانەکاندا هەیە، وەکو واقیعی مادی فیکریش خەیاڵێکی تۆقێنەری رووتە، یان بەهەشت ئەو ژیانەی لە خەونەکانی مرۆڤیشدا زۆر بە دوورە. کوردیش وەکو تاکێکی خۆش باوەڕو بێ پرسیار، یان لەترساندا باوەڕی هێناو بە راست بێت یان بە درۆ، تا بووە بەشێك لە کەلتووری ئایینە یەك لەدوای یەکەکانی رۆژهەڵاتی ناوین، بۆ جاری یەکەمە کورد لەمێژوویەکی دوورو درێژیدا، کە بە زۆر ئایینی بە سەردا دەسەپێت، چونکە پێشتر بە ئارەزو و خواستی خۆی ئایینی هەڵبژاردووە، وەکو زەردەشتی و مەسیحی و جولەکە و ئایینی مەزدەکی و مانی. تا ئێستا لە ماوەی چواردە سەدەدا کەسێك نەهاتووە ئەقڵی کوردی راچەڵەکێنێت و بیخاتە بەردەم مەنتیقی پرسیارکردن و بە خۆداچوونەوە. زاناییەکی ئایینی کورد نەیتوانیوە وەکو ئیمامی غەزالی بکەوێتە گومانەوەو بە دوای راستیدا بگەڕێت. با چیتر نەوە یەك لە دوای یەکەکانی کورد لە سێبەری پەرستگاو مزگەوتەکاندا پاڵی تەمەڵی لێ نەدەنەوە، با کەسان هەبن وەکو (عەبدلا ئەلقوصەیمی) ترسمان بشکێنن. ئەوتا دەیان ساڵە زۆرینەی (نوخبە) وخەمخۆرانی ئایندەی عەرەب وتە بەناوبانگەکەی (ئەلقوصەیمی) دەڵێنەوە: ( عەرەب دیاردەیەکی دەنگە). با کوردیش ئیدی لە چاو سوورکردنەوەی ئوسوڵیەکان نەترسن و سیاسیەکانی کوردیش پشان پشانیان بۆ نەکەن. ئێستا ئەوەندە ژنی لەچك بەسەری کورد زۆرە، ئەوەندە لە ئەفغانستان نییە، دەبێت زانکۆکان لەلایەن گەنجە عیلمانیەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن و دەست بکەن بە هۆشیارکردنەوەی لاوان و مێژووی کوردیان بۆ بگێڕنەوە، کە کورد بە زۆر لە ئایینی نەتەوەیی خۆی

بچڕێنراوەو بە زەبری شمشێر لە کاتی (عومەری کوڕی خەتاب)دا کوردستان داگیرکراوە، مێژوویش شایەتە کە ژن و کچی کوردیان بە (سبی) برد بۆ عەرەبستان، کەچیش زۆربەی نێرینەی کورد ناویان(عومەر)ە!.. بە کیژانی کورد بڵێین کە ژنی کورد تا داگیرکردنی کوردستان ، لەلایەن خەلافەتی عوسمانی ئیسلامیەوە عەباو پەچەی نەدەزانی، ئەم لەچکە ئیسلامیەیی نەزانی بوو.. ئیسلامیەکان دوای ئەوەی قاعیدەیش شکستی هێناوە، هێشتا زمانیان لە کورستانی باشووردا درێژەو لە سایەی ڕەوتی گەندەڵی بەشێك لە دەسەڵاتی کوردی، دەیانەوێت لە ڕێی مینبەری مزگەوتەکانەوە قووم بکەنە چاوی خەڵکەوە، دواتریش لە بەرنامەکەی (ڕەنج سەنگاوی) لە ئێوارەی ڕۆژی ١٥ی/٤/٢٠٠٨ بەدیار کەوت کە ئەو گرووپانە چەند لە سایەی لاوازی بانگەشەچیەکانی عیلمانیەکانەوە هەل دەقۆزنەوە بۆ مەبەستی شاراوەی خۆیان. با کەسێك هەبێت ترسی ئەو خەڵکە تۆقێنراوە بە ئاگری دۆزەخ و عەزابی قەبر بشکێنێت. ئەگەر وانەبێت کورد سەدان ساڵی دیکە خۆی لە سەر پشتی کەرێ دەبینێتەوە. چیتریش قەبووڵ نەکرێت لە سەرکردە سیاسیەکانی باشوور، کە ئەوەندەی بە تەنگی دروستکردنی پەرستگاو کڵێسەو مزگەوتەوەن، ئەوەندە بە تەنگی دروستکردنی لانەی هەتیوان و پەککەوتەکان و لانەوازان و هەژاران و شوێنی پیشەوەریی و کارگەی پیشەسازییەوە نین. ئەمڕۆ چەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرووپانە تۆقاندنی لابەلایی و هەڕەشەکردنە، بۆ نموونە (عەبدل خالق مەعروف و مەریوان هەڵەبجەیی) یەکەمیان تیرۆر کراو دوەمیشان لەترسان سەری خۆی



هەڵگرت. بۆیە ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد لەم ڕەوشە خراپانەی ئەم جۆرە ئەجندانە بەرپرسیارە.

باکەسێك هەبێت پرۆگرامی سەلەفیانەی خوێندنگانمان هەڵبوەشێنێتەوەو پرۆگرامی مۆدێرنانەیان بۆ داڕێژین، ئەوەتا سعوویەی وەهابی بە خۆیاندا دەچنەوەو بەرنامەی سەلەفیانەی خوێندنگاکانیان هەڵدەوەشێننەوە، با فێرمان کات چۆن دابڕانێکی مەعریفی لەگەڵ ئەو رابردووە پڕ نەهامەتی و پڕ شکستیانەی کورد بکەین. (عەبدلا ئەلقوصەیمی) دەڵێت: (هەڵوێستی مەزهەبیمان و کۆمەڵایەتیمان و ئەخلاقی و فیکری مرۆڤایەتی و ئایینیمان، نە هەڵوێستی ئایینی و نە هەڵوێستی مەزهەبی و نەفیکری و نە ئەخلاقیەو نە ڕۆحیەو نە کۆمەڵایەتیەو نە مرۆڤایەتیە. بگرە هەڵوێستی خێڵەکی و خێزانی و ماڵیی و جەستەییە. هەڵوێستی کوشتارو بازرگانی و دژایەتی و کێبڕکێ و دوژمنایەتیە، زمانێکی مێژوویی هەتاهەتاییە، کە هەموو مرۆڤێك و هەموو کۆمەڵگاییەك خەم و ئازار و پیداویستی و خواستی و گیروگرفتی خێڵەکەی یان خێزانەکەی یان جەستەی یان شەهوەتی یان مێژووەکەی یان ترسەکانی پێ دەردەبڕێت. خێڵەکەی یان بنەماڵەکەی مەزهەب و خواپەرستی و خوداوەندو پێغەمبەرو مەنتیق و ڕێنمایەکانی بۆ دادەڕێژێت). کورد کەلتورەکەی هێندە بڕناکات تا لە مێژووە پڕ شکستیەکانی خۆی دەربازکات و بەدەر لە بیری ئایینی بۆ ڕاستیەکان بگەڕێت. هەرکەلتورێك نەتوانێت خۆی لە بۆتەی سەلەفیانەی مێژوو رزگارکات، ناتوانێت کەلتورێکی شۆرشگێر بێت. واتا ئینقیلابی بێت،

پێشکەوتوو بێت. کەلتوری کورد گیرخواردووی مێژوویەکی سەلەفیانەیە، زیاتر لە ماوەی هەزارو چوارسەد ساڵە پەنگی خواردوەتەوەو دۆش داماوە لە بەردەم فەرمووده ئایینیەکان، مێژووی کورد بێگومان مێژووی شکستیەکانە، چونکە لە رووداوەکانی مێژووی هەرگیز سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، وەکو ئەوەی فتوحاتی عەرەبی ئیسلامی بەدەستی هێناوەو زۆر لە زەوی میللەتانی لە رێگەی ئایینەوە خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، تەنانەت ناسنامەی هەندێك میللەت و نەتەوەیشی سڕیەوە، بۆ نموونە میللەتی(میسر)ی بەرەگەز فیرعەونی و میللەتانی باکووری ئەفریقیا، قرتاجیەکان لە توونسیا و ئەمازیغیەکان لە مەراکۆ(مەغریب)و جەیزیریا(جەزائیر)، بوونە بەشێك لە کەلتووری ئیسلامی عەرەبی.. (ئەکتاڤیۆ باز) دەڵێت: ئایینی ئیسلام ئایینی شمشێرە.. هەربۆیە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بڕوایان بەو ئەجندایە هەیە. ئێمە خاوەن ئەجندایەکین وەکو ئەو شێخەی کە زمان و تەزبیحاتەکانی پڕن لەخواو بۆچوونەکانی خۆی بەرامبەری و پڕ لە ترس لەو و لە جەهەنەم. پاشان ئەندامەکانی و شەهوەتەکانی پڕدەکات لە درۆو خیانەت و گوناهی بچووك و لە بەهێزپەرستی، کە ئەمەیان لە زەندیقترین کەس لە جیهاندا کافرترە. ئەمە قسەی (عەبدلا ئەلقوصەیمی)یە..

زۆربەی شۆڕشگێرەکانی ئێمە موغامەرەچی بوون دژ بە دەسەڵاتدارێکی چاکخوازو سازشکەر بوون لەگەڵ فەرمانڕەواکان و دڕندەکاندا، بۆ نموونە لەگەڵ حەمەرەزا شا و کۆماری ئیسلامی و سەدام



حوسێن و نەوەکانی ئەتاتورکدا.. ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی لە باشوور دەوریکی خراپ دەگێڕێت لەم رووەوە.

ئەمڕۆ گۆڕانکای و بەرەنگابوونەوەی مێژوو و واقیعی تاڵی کورد لە ئەستۆی گەنجاندایە، بێگومان ئەو گەنجانەی لە کتێبخانەو زانکۆ و کۆفیەکانی ئەنتەرنێت و میدیاکان و بوارە کەلتووریەکان بوونیان هەیە، نەك ئەو گەنجانەی دەچنە پەرستگاو مزگەوتەکان، ئێمە ناتوانین رێگا لەوانە بگرین نەچنە پەرستگاو شوێنە ئایینیەکان، لە سەر بنەمای باوەڕبوون بە ئازادی بیرەوباوەڕو بە مەرجێك زەرەرمەند نەبێت بە تێزە کۆمەڵایەتیەکان و ئەخلاقیەتی کۆمەڵگا. شۆڕشەکانی کورد هەمیشە لە تەکیەو دیوەخانی شێخان و سەیدان و مەلاو پیاوانی ئایینەوە سەرچاوەیان گرتبوو، بۆیە هیچیان نەگەیشتنە ئەنجام، بگرە کۆڵێك شکستی و ماڵوێرانی وکاولکردنی کوردستانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، زۆربەشیان بە فەتوای مەلایەك ئاشبەتاڵیان لێ دەکرد. بۆ نموونە شۆڕشی پاشا کوێرە، شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران، بە درۆو دەلەسەی تورکەکان خۆی دایەدەستەوە، هەمیشە ئەو وێنە نابووتەی دوای خۆبەدەستەوەدانی شێخ سەعیدو هاورێکانی، بە جلوبەرگی پەڕپووت و دیشداشەو کەواو سەڵتەوەو لە سەر زەویەکی خۆڵەپەتانی بە سەرشۆڕی و بێدەسەلات دانیشتوون، کۆمەڵێك سەربازی تورك بە جلوبەرگی سەربازی پاك و خاوێنەوە لە پشتیانەوە بە لە خۆباییەوە راوەستاون. ئەمە وێنەی زۆربەی شکستەکانی کوردن. شکستی ١٩٧٥یش دەیان وێنەی ئاوهای لێ دروست بوو، دەمانبینی پۆل پۆل پێشمەرگە لە مەراق رەش هەڵگەراو و رەنج

بەخەسار چەکەکانیان دادەنا لە بەردەم سەربازە عەرەبەکانی عێراق.. کوڕێکی ئاشووری مووسڵاوی رەفیقم بە چاوێکی مەگەرساتاویتر لە نموونەیەکدا ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە هەر پێشمەرگەیەك، بە تایبەتی لە هەولێریش بوو، کە کلاشینکۆفەکەی تەسلیم دەکرد بڕە پارەیەکیان دەدایێ، ئیدی خۆی دەکرد بە چێشتخانەیەکەوەو داوای مریشکی دەکرد، ئەو برادەرە ئاشووریە پێی دەوتم کوردەکان کلاشینکۆفێکیان بە مریشکێك دەگۆڕیەوە؟!. ئیدی ئەم قسەیە زۆر توانجی هەڵدەگرت و هەڵدەگرێت.

میللەتی بەهرەمەند ئاوها بە ئاسانی تووشی کۆمەڵێك شکست نابێت، کورد یەکێکە لەو میللەتە بێ بەهرانە.. کورد ئاشقی دورشم و سرووودەکانە، (ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان). دڵی زۆر پێی خۆشە، لەبەر ئەو سرووودە وا بە کەژەکانەوە، مانی لە مانی ئەو سرووودو دورشمانەیە. گەرچی هەندێك (مان) هەیە نەبوونی باشترە، (مان)ی ژێردەستەیی و بێ وڵاتی، کورد پیاوە یاخیەکانی بە دەستی خۆی ناکوژێت، بگرە دوژمنی لێ هاندەدا و بۆ لەناوبردنی، وەکو بە کوشتدانی شاسوار جەلال(شەهید ئارام) و (عەبدل خالق مەعرووف)، مەلاکان نەیانتوانی بیکوژن، بگرە هانی پیاوکوژەکانی بەعسیان داو تیرۆریان کرد بە رۆژی نیوەڕۆ. (عەبدلا ئەلقوصەیمی) دەڵێ: (خراپترین شت لەلای ئایینپەروەرەکان ئەوەیە لە گەندەڵەکان دەبوورن، بەڵام لە بیرمەندەکان نابوورن، چونکە ئەوەی لەلای ئایینپەروەرەکان مەتڵەبە پاراستنی کۆنەویستی بیرکردنەوەیە، نەك رەوشتی پاکی)..



سەرانی کورد هەمیشە چاویان لە سەرانی دوژمنەکانیانە، شێخ سەعیدی پیران بە قسەیەکی درۆی ئەتاتورك هەڵخەڵەتاو خۆی و هاورێکانی دایە دەستەوە، مستەفا بارزانی بە هەڕەشەیەکی حەمەرەزا شا دەستی لە شۆڕش هەڵگرت. ئێمە خۆمان نامانەوێت خاوەن دەوڵەت بین، چونکە ئێمەی کورد بە بێ عەرەب و فارس و تورك هەست بە فەراغ دەکەین، ئەوان نین کە ناهێڵن کورد سەربەخۆ بێت، بگرە سەران و ئەوانەی ریشی کوردیان بەدەستە نایانەوێت. کورد هێندەی خەڵکی (جزرالقمر) ی پێ ناکرێت، کە لە حەوسەد هەزار کەس کەمترن، سێ دوورگەیان لەیەکداو، بوون بە رەقمێك لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بوونە خاوەنی راو قەوارەو دەنگ و کەرامەتی نەتەوەیی خۆیان. کەچی (٤٠) ملیون کوردین و هێشتا بەزەییمان بە خۆماندا دێتەوە، کە وتەکەی (ژان پۆڵ سارتەر) مان بیردەکەوێتەوە وتوویە (کورد هەتیوەکانی گەردوونن). هەموو میللەتان هەتیوو بوون، بەڵام پیاوە داناکانیان ئازا بوون. کەچی ئێمە خۆمان چووین لەشکرمان هێنایە سەر سلێمانی و (نالی)مان وڵات بەدەرکرد، لە داخی دووبەرەکی و سەرخەواندن بۆ دوژمن (حاجی قادری کۆیی) سەری خۆی هەڵگرت..

نابێت ئیتر ئێمە لە دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانی خۆمان بترسین، بە قسە بێت یان لە بڵاوکراوەکاندا بڵاویان بکەینەوە. دەبێت خاوەن میدیاو رۆژنامە کوردیەکان نەبنە سانسۆر لە ترسی دەسەڵاتی سیاسەت و دەسەڵاتی ئایین، دەبێت نەوەکانیش جەربەزەو چاونەترس بن، ئەگینا ئەو میللەتانەی ترسنۆك بوون لەناوچوون، وەکو بابلیەکان و سۆمەریەکان لە

عێراق و ئەباچیەکان لە ئەمەریکا. کورد لە دێر زەماندا لە بێ ترسی و چاو نەترسی خۆیدا ماوەتەوە، ئەمەیان لە سەردەمێك بوو کە لۆژێکی هێزو پاڵەوانیەتی بەردەوام بوو، نەك وەکو ئێستا دەسەڵاتی ئایین و ئوسووڵی توندڕەو و عەولەمەیە. دەبێت ئەقڵی کوردی، واتا بیرکردنەوەی بگۆڕدرێت بە پێشکەوتووترین کەلتور، نەك بۆ خراپترین و دواکەوتووترین کەلتور، ئەقڵی کورد واتای ئەو جیهازە گۆشتیە نییە کە لەناو کەللەی سەریەتی، بگرە دەوروبەرو رۆشنبیریی و پەروەردەو ئاراستەکردنە، تاکی کوردی بۆ ئەوەی بەرچاوی ئەقڵی رووناك بێتەوە، دەبێت لە مەسەلەی (مانع العقل): سەرو بەست و کڵاوجامانەی کە لەکەلتوری میللەتانی داگیرکەری کوردستانەوە بۆمان ماوەتەوە رزگاری بێت. دەبێت گەنجانی کورد بەرەو خوێندنگاکان و زانکۆکان ئاراستە بکرێن، نەك بەرەو مزگەوت و پەرستگاکان و نابێت چیتر لە بەردەم کەلتوری هەزارو چوارسەد ساڵی عەرەب و دوورگەی عەرەب دۆشداماو بین. نابێت خۆمان بخەڵەتێنین بەوەی گوایە کەلتوری ئیسلام کەلتوری عەرەب نییە، چونکە زمانی قورئان باشترین بەڵگەیە، ئێستاش پیاوانی ئایینی کورد پێیان کوفرە قورئان بکرێت بە کوردی. کەچی ئینجیل بە زمانی میللەتانە، هەر میللەتێك و بەزمانی خۆی.

ئێمە پێویستمان بە ریفۆرمە، بەڵام کام ریفۆرم ؟ تەنها ریفۆرمی حزبی و سیاسی نا، ریفۆرمی ململانێ نا، بگرە ریفۆرمی ئەقڵ و کەلتورو بیرکردنەوەو ریفۆرمی خیتابی جدی، دەبێت ریفۆرمێك بێت بەدەر لە کاردانەوەی دەوروبەرمان، بگرە دەبێت ریفۆرمێك بێت لە ناوجەرگەی



کارەساتەکانمانەوە هەڵقوڵابێت، ئەمەیش پێویستی بەوەیە لە کۆنکرێتی و ئەجندای فیکری سیاسی ئەمڕۆی کورد خۆمان رزگار بکەین . یان هیچ نەبێت لێی دوور بین. ئەم ئەرکە مێژوویەش دەکەوێتە ئەستۆی (نوخبە) ی کوردی، واتا کەسە بەتوانا هەڵبژاردە خوێنەوارەکان لە هەموو بوارەکاندا، بەرەنگاربوونەوە لە سەنگەری هەمەلایەن و جوداوە دەست پێ ناکات، بگرە دەبێت سەنگەرێك هەبێت ئەو (نوخبە) کوردیانە لە خۆبگرێت. بێگومان نابێت سەنگەری حزبی بێت، بگرە دەبێت سەنگەرێك بێت یەك ئامانج کۆیان بکاتەوە، ئەویش ئامانجی گۆڕانی کۆمەڵگای کوردەواریی بێت. (عەلی حەرب) دەڵێ: (بەو شێوەیە جیهان دەگۆڕێت و بێگومان ئێمەیش دەگۆڕێین، بەرەودواوە یان بەرەو پێشەوە، یان بۆ دوواکەوتوویی یان بەگەشەکردن،کەس وەکو خۆی نامێنێتەوە، لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییە خێراو گەورە و پلیشێنەرەکاندا). ئەو گۆڕانە سەرەتا دەبێت کورد لە ئەقڵیەوە دەست پێ بکات، بێگومان هەندێك لەوانەیە وای بۆ بچن کە ئەم داخوازی و ئامانجە پێویستی بە قۆناغێك هەیە، بێشك پێویستی بە قۆناغێك هەیە، بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ئەو ریفۆرمەی کە لە ئەقڵی کوردیدا ئەنجامی دەدەین، دەشێت یان من ناتوانم مەرجەکانی ئەو ریفۆرمە دەسنیشان بکەم، بۆیە دەیخەمە بەردەم رووناکبیرانی راستەقینە، نەك نەخوێنەوارانی لاف و گەزاف لێدەر کە لە هەموو ئاشێکی دەکەن، چونکە ئەوانە ناتوانن هیچ نە بۆ ریفۆرم و نەهیچ بۆ گۆڕان بکەن.. ئەم ریفۆرمە پێویستی بە دەستەجەمعە، پێویستی بە بەشداری نوخبەی هەموو بوارەکانی ژیانە، پێویستی بە بەشداری رێکخراوە چاوکراوەکانی

کۆمەڵگای مەدەنی هەیە، نەك ڕێکخراوە چاوبەستراوەکان. (عەلی حەرب) دەڵێ: (ریفۆرم ئەگەر سیاسی بوو، یان ئابووری، یان ڕۆشنبیریی، پەیوەستە بە دیموکراسیەوە یان بە گەشەپێدانەوە یان بە فێرکردن و مەعریفەتەوە، نموونەیەکی حازر بەدەست نییە، یان پێشتر ملکەچ کەین بۆ تارمایی و پێوانەکانی، بۆ ئەوەی پراکتیزەی بکەین، بگرە بیرۆکەیەکە و ئیشی لە سەر دەکەین و بەری دەبێت. بە شێوەیەك لەگەڵیدا دەگۆڕێت و دەخولقێت، بە قەد ئەوەی بەشداریی تیا دەکەین لە دەوڵەمەندکردنی و دووبارە داهێنانی و بەشێوەیەك هیچ شتێك لەگەڵیدا وەکو خۆی نامێنێتەوە، چ لەلایەنی بیرۆکەوە بێت یان لە لایەن بکەرو واقیعەوە بێت). لە کتێبی (زەمەنی مۆدرنێتە رادەبەدەرەکان) ەوە..

کورد ئەمڕۆ بە تایبەتی لە باشوور وابەستەی کۆمەڵێك گرفتی ناوخۆیی و ناوچەییەو ئاستەنگێکن لە بەردەم نوخبەی کوردی، تا رادەیەك وای لێکردوە وابەستەی سیاسەتی ئێکسپایەری کوردیش بێت. بۆ نموونە ئەو (نوخبە) کوردیەی کە دەیەوێت ئەم ئەرکە مێژووییە ئەنجام بدات، پێویستی بە پاڵپشتێکی بەهێزی مادی و مەعنەوی هەیە، جا کام لە هێزە سیاسیە ئێکسپایەرەکانی کورد ئامادەی تەنازوولەو پاڵپشتی بزووتنەوەیەکی مێژوویی ئاوها بکات، کە هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی و پاشەڕۆژی دەسەڵاتی خۆیان؟ (عەلی حەرب) دەڵێت: (ئایا لە ریفۆرم و گۆڕان بترسین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گوشارو و گۆڕاوەکان؟ ئێمە ئەگەر ئەوەمان کرد چەکی خۆمان فڕێدەدەین و شایەتی دەدەین لە سەر دەستەپاچەیی خۆمان، لە ناو گۆڕنکاریە پلێشێنەرەکان و گۆڕاوە



جیهانیەکاندا). بۆیە ئەم ئەقڵە کوردیە گیرخواردوە لە ناو دنیای سەلەفیانەی ئایینپەرستیدا، بە زەحمەت رادەتەکێنرێت و پێویستی بە ئینقیلابی گەورە هەیەو دەبێت ئەو کەسە ئینقلابیانە پشتگیریی جدیانە بکرێن، بەرامبەر بە هێزە کۆنەویستەکان و زەمینە خۆشکردن بۆ پرۆژەکەیان.

# رزگار کەریم و
# ڕۆماننوسێکی مژدەبەر

له دایكبووی سابونكەرانی ١٩٧٣ەو تائێستا سێ ڕۆمـانی هەیـە بـە ناوی (مەرگی بێ كۆتا)و (فەرمانڕەواو كاسەلێس)و (كچێك لە بەغداوە) كە یەكەمجار بە زمانی عەرەبی نووسـیویەتی و بڵاویكردۆتـەوە، هـەروەها سێ فەرهەنگیشی نووسیوەو بڵاوكردۆتوە، كەسیش لەم دەڤەرە بـە داخـەوە نەیناسـیوە، هەرسـێ ڕۆمانەكەشـی لەلایـەن مامۆسـتا فـاروق عەبدولعەزیزەوە كـراون بـە فارسـی، ئـەم نووسـینەی خـوارەوەی ئێمـەش گەواهی و شایەتی بەتوانایی ئەم نووسەرە لاوە دەدات.



**ڕۆمانی (كچێك لە بەغداوە)،**
**چیرۆكە دڵتەزێنە شاراوەكانی ئەنفال..**

ئەم ڕۆمانە (كـچێك لـە بەغـداوە)ی نووسـەری لاو (رزگـار كـەریم) یەكەمجار بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی و دواجاریش هەر خـۆی كردوویـە بە كوردی و منیش خوێندنەوەم لە سەر دەقە عەرەبییەكـەی بـۆ كـردووە، هەر بە چاكیشمزانی ئەم خوێندنەوەی خۆم بكـەم بـە كـوردی بـە بۆنـەی دەرچوونی دەقە كوردییەكەیەوە. لەم ڕۆمانەدا، راوی دەڵێـت: (مەسـەلەی خۆشەویستی سەیرو سەمەرەیە، هـەر كـە دەگاتـە پـەڕەی دڵ ڕۆژ بـە ڕۆژ گەورە دەبێت، ئاسوودە دەبێت و لە توێی هەستەكانی مرۆڤایەتیدا جـێگیر دەبێت و وا لە مرۆڤ دەكات هەست بە خۆشیەكی رادەبەرد بكات و بـاوەزی خۆشنوودی هەڵدەكات، بە سەر دڵی پڕ تاسەو هەست بریندارو دەروونێكی ئەنگاوتەدا بۆ سبەینێیەكی باشتر) ل ٦٩. بێگومـان ئەمـە لـە كـچێكی بەغدایی وەكـو (حـەنان) قـەوما، دوای ئـەوەی خۆشەویـستە پڕوپـووچ و بەدڕەفتارەكەی دەستدرێژی دەكاتە سەر نامووسی و دەیكات بـە ژن و وەك پریاسـكەیەكی پـشتگوێخراو تـووڕی هەڵـدەدات، ئـەو (حـەنان)ەی كـە جوانییەكەی ببوە نموونە، بەڵام ئەو مرۆڤـە نەفـسنزمە، پـاكیزەیی هـەتك دەكات و بەرەو كەشێكی ریسوایی و هەتككراوی پاڵی پێوە دەنێـت، هـەر بۆیەش ئەنجامی ئەوە بڕیار دەدات خۆی وەكـو مامۆسـتایەك لـە بەغـداوە

بگوێزێتەوە بۆ سلێمانی، لەوێش دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی گەنجێکی کوردی باش و بە نامووسەوە، کە دواجار دێینە سەر باسکردنی، تائێستا بە قەناعەتی خۆم لە دوای خوێندنەوەی چیرۆکی (جەمیلە)ی جەنگیز ئیتماتۆفەوە چیرۆکی وا جوان و دڵگیرم نەخوێندۆتەوە، هەر کە رۆمانەکە دەگریتە دەستەوە ناتوانیت بەلاوەی بنێیت تاوەکو تەواوی نەکەیت، ئەمەیش مەرجی سەرەکی هەموو کارێکی هونەریی سەرکەوتووە، پێموایە لەم سەردەمە نەگریسەدا چیرۆکی خۆشەویستی وەها دەگمەنە.

(حەنان) کیژێکی بێتاوان و لە خێزانێکی خۆشگوزەراندا پەروەردە ببوو، باوکیشی لە قادسیەی سەدام کوژرابوو، هەر بەم بۆنەیەشەوە دەچێتە ریزەکانی حزبێکی فاشی وەکو حزبی بەعسەوەو خوێندن لە خانەی مامۆستایانی کیژان تەواودەکات، بەڵام چارەنووس لە بەرژەوەندی ئەو نەبوو، دوای چەند ساڵێك خۆشەویستی و ئەویندارییی لەگەڵ خۆشەویستە عەرەبە بەغدایییەکەیدا، دەستی لێدەوەشێنێت و بەجێیدەهێڵێت، هەر لە یەکەم ساتی ئابڕوو بردنییەوە ئیدی ئەو کچە نییە کە لەلایەن هەمووانەوە ناسرابوو، بۆیە بڕیاری دوورکەوتنەوە دەدات لە ماڵ و لە شارەکەی (بەغداد)، بۆ ئەوەی کات یارمەتی بدات بۆ لەبیرکردنی رابردو و خۆشەویستە ساختەچییەکەی و بەرەو جیهانێکی نادیارو وڵاتێك کە لەمەوبەر ئاشنای نەبووە، ئەویش سلێمانییەو لێی نامۆیە، تەنانەت لە هەست و نەستیشیدا تا دوێنێ دانیشتووانەکەی بە دڕندە دەهاتە بەرچاو و رقی لە زمانەکەشیان دەبووەو هەر شتێکیش کە هێما بێت بۆیان، ئەمەیش بە هۆی کەلتووری شۆڤێنیستانەی بەعسەوە، کە بە زۆر خرابووە



مێشك و ویژدانییەوە لە کۆبوونەوەکانی ئەو حزبە فاشییەدا، دوای ئەویش رقی لە هەموو شتێك بووەوە تەنانەت (سەرکردەی زەرووڕەت و دانەری سەروەرییەکانی نەتەوە)ش، هەروەها ئەو حزبەش کە چووە ریزییەوە هەر لە رۆژانی یەکەمی خوێندییەوە لە خانەی مامۆستایان، لە رێگای چوونی بۆ سلێمانی لە ناو ئوتومبێلدا، بە کەرکوکدا تێدەپەڕێت و بە سەرسوڕمانەوە سەیری شارەکە دەکات و دەبینێت کوردەکان لەملاو ئەولای رێگاکاندا بڵاوبوونەتەوە، هیچ نیشانەیەکی ئاوەدانی ئەوتۆی تیابەدی ناکرێت، سەرەڕای ئەوەی شارەکە لە سەر دەریایەکی نەوتدا مەلەدەکات، بۆ یەکەمجار بۆی دەردەکەوێت کە قسەی بەعسییەکان درۆبووەو چۆن ئەم شارە ئاوهایە؟ سامانی ئەم شارە لەکوێ خەرجدەکرێت؟ کێ سوودمەندە؟ پرسیارێکی زۆری بە مێشکدا دێت و وەڵامیان نادۆزێتەوە، سەفەرەکەی بۆ گەڕان نەبوو بە دوای ئازادیدا، بگرە راکردن بوو لە شکستیی و هەستکردن بە شەرمەزاریی و داپۆشینی ریسوایی بوون، دەچێت بۆ شارێکی کورد، بەڵکو لەوێدا بەختەوەری دەدۆزێتەوەو خۆشی و چالاکی بەرکەوێتەوە، دەگاتە سلێمانی ناوچەیەکی شاخاوی، هەر کە چیاکان دەبینێت ئەو قسانەی بیردەکەوێتەوە کە سەبارەت بە کورد گوێی لێ ببوو، کە خۆیان لە شاخەکان قایمکردووە، شارەکە لە زەینیدا شتێکی سەیرو واقعێکی نەشیاو بوو، جلوبەرگی کوردی و خانووبەرەی پاك و تەمیزو نەرم و نیانییەك جێگای سەرسوڕمانی بوون، لە شارەکەدا ژوورێکی بۆ بەکرێ دەگرن لە ماڵی یەکێك لە بەرکرێگیراوەکانی ئەمن و حزب (سەڵاح) و ژنێکی سۆزانی داوێن پیسی دەبێت بە ناوی (هێران)و لەگەڵ حزبییەکاندا

رادەبوێرێت، ئەم کیژە بێتاوانە غەدر لێکراوە دەکەوێتە داویماڵێکی بەدڕەوشت و خراپەوەو هیچی لە بارەی ڕەوشتی ژن و مێردەکەوە نازانێت و هەروەها لە بارەی کارو پیشەکەشیانەوە، گەرچی ئەو خۆی هەڵگری تیۆری حزبێکی بەدکارو سەرکردە لە خۆباییەکەیەتی، ئەنجامەکان هەرچی چۆنێك بێت ئەو ئێستا لە بەغداو پاشماوەکانی پەیوەندییە سەرنەکەوتووەکەیەوە دوورە، ڕۆژی یەکەم ژیانێکی جیاواز بەسەردەبات بەدەر لە جاران، کارو پیشەی فێرکردنە لە شارەکەو بەرزکردنەوە ئاستی خوێندکارەکانە، کە بەرزترین هیواو ئاواتی بوو، بایەخشی دەدات بە خۆ ڕۆشنبیرکردن، کە بە خوێندنەوەی شیعری عەرەبی و فەلسەفەو ڕۆمانە ڕۆمانسییەکان دەستی پێدەکات، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە سەرزەنشتی خۆی دەکرد بۆ ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ خۆشەویستییە هەڵخەڵەتێنەرو هیچ وپووچەکەیدا بەست، کە وەکو شتێکی گەندەڵیلە بەغدا بە جێیهێشت، تەنها یادەوەرییەکی بە ئێش و بکوژی هەست و نەستی بوو، لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی لە قوتابخانەدا بە توانایی و ڕەوشت بەرزی خۆی دەنوێنێت و قوتابییە نوێیە کوردەکان دەبنە مایەی ئیعجابی و لە پێشەوەیان دەوەستێت و یەك یەك خۆی پێیان دەناسێنێت و زمانی عەرەبییان پێ دەڵێتەوە، لە دڵی خۆیدا دان بەوەدا دەنێت کە ڕقبوونەوەی لە کورد ئەنجامی بیرو بۆچوونی حزبەکەی بووە، چونکە حزبە دواکەوتوو ناوەزەدیان دەکات و یاخیبوون لە شارستانی و مەدەنییەت، هەرکە چاوی بە سلێمانی دەکەوێت، دەکەوێتە گومانەوە لە چەمك و بیرو بۆچوونەکانی ئەو حزبە فاشییەو سەرکردەکانی، هەر کە لە ژووری مامۆستاکان



دادەنیشێت و گوێیان لێدەگرێت زۆر بەختەوەر دەبێت و دەیەوێت زمانی کوردی فێربێت بە زووترین کات، لەوێ ئاشنای مامۆستایەکی لاوی کوردی قۆز دەبێت و زمانی عەرەبی بە چاکی دەزانێت، ئەویش (شازاد)ە، ((دوای ئەوەی گەیشتمە سلێمانی هەستم بە قورسایی ئەو هەنگاوە کرد کە نابووم، هەر لەو یەکەم ساتەی گەیشتمە ئەوێ زۆر سەخت بوو، وەکو هەر هەنگاوێکی ژیانی مرۆڤ، هەست بە ئاسوودەییەکی تەواو و دڵنیایی دەکەم لە نێوان خەڵکێکی غەریبدا، گەلێك کە زمانەکەیان نازانم و هەوڵ دەدەم پەیوەندی دوستانەیان لەگەڵ ببەستم...) ل٢١.

لە کاتی بوونی لەوێدا تووشی نیگەرانی و ترس دەبێت، ئەنجامی بیستنی دەسەرێژ لە شەودا لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوەو ترسی لە نادیاریی، پاشان دەعوەت و دەعوەتکاریی (سەلاّح)و ژنەکەی شەوانە بۆ حزبییەکان، نزیکترین مامۆستا بۆ ئەویش (شازاد)بوو، لەگەڵیان باش بوەو و هەستی بەوە کردبوو، سۆزێکی رادەبەدەری بۆ ئەو مامۆستا لاوە کوردە هەبوو، سەرەڕای ئەوەی دەترسا سۆزەکە بە چیرۆکێکی دیکەی سەرنەکەوتوو کۆتایی پێ بێت وەکو ئەوەی پێشووی، ئەوە بوو پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێت و ئەم پەیوەندییە پەرەدەسەنێت، تا دەگاتە خۆشەویستییەکی پاك و بێگەردو شەریفانە (ئەم پەیوەندییە لە نێوان ئەو دوو دۆستە بە شێوەیەکی دروست دەستپێکردو دوور لە ڕێڕەوی پەیوەندیی بێ ئابڕووانە یان لە بازنەی فاسقی و داوێن پیسی، وەك ئەوەی دەروونە نەخۆشەکان لە ئارەزووی پڕ خرۆش و حەزو شەهوانییەتی نێوان پیاو و ژنێك وێنەیان دەکێشا، بە پێی بیروباوەڕی پێشینە، بەڵام ئەو پەیوەندییە

تونددوتۆڵ بوو، هیچ ئارەزوو و هەڵوێستی کوتوپڕ یان نیگای کینە لە دڵەکان و دەروونە نەخۆشەکان لە هەردوو رەگەزەکە جێ لەقیان نەدەکرد، ئەوانەی بە شێوەیەکی سەرنەکەوتوو پەروەردە کرابوون و منداڵەکانیان خستبوو ژێر کاریگەریی واقعێکی دواکەوتوو یان بارودۆخی سیاسییەوە..) ل٣٦.

ئەو دەیویست ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و (شازاد) شێوازێکی دیکە بگرێتە بەر، نەك وەکو ئەزموونەکەی پێشووی، لە کاتی ژیانی لە شارەکەو ئەو ئێش و ئازارەی گەلی کورد پێوەی دەناڵێنێت لەو ماوەیەداو دەرهاویشتەی کێشە سیاسییەکان و تێگەیشتنی لە قووڵایی مەسەلەکە و رەگوڕیشەکەی، ئیدی راڤەکانی حزبە فاشییەکەی دەدرێتە باوە لەبەرچاوی ئەودا. ئیدی دەکەوێتە گومانەوە لە زەیفی وتەو دروشمە درۆکانیانەوە. ئەو خۆی لە بنەڕەتدا بە دوای راستییەوە دەگەڕا کە لە کوێدایە، لەوانەیشە خۆشەویستی (شازاد) یارمەتی دابێت بۆ ئەم مەبەستە، ئەوە بوو سەرۆکی رێکخراوە حزبییەکەی لە شارەکەدا گڕو دەوری دەدات، هەرکە لە سەلاح و ژنە سۆزانییەکەیەوە (هیران) باسی جوانی و شۆخ و شەنگی و لەش و لاری دەبیستێت، بۆیە دەیەوێت لە رێی ژنەکەی سەلاحی بەکرێگیراوەوە بیخاتە داوەوە، بەڵام ئەو بە زۆرزانی و تەڵەکەبازیی خۆی لێ رزگار دەکات، بەوەش گوایە لە بەغدا خەڵکانی گەورە لەناو حزبدا دەناسێت و پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەیە، بۆ ئەوەی لە خۆی دووری بخاتەوە، هەر لە ساتەکانی یەکەمەوە نیازەکانی لێپرسراوی رێکخراوەکە بەرامبەر (حەنان) و حەقیقەتی پیاوانی حزبی بۆ رووندەبێتەوە، ئەوانیشی کە لە سێبەری رەشی



ئەواندا کرکەوتوون ،(جیاوازییەکی ئاسمانی و رێسمانی هەیە لە نێوان دوو ناخدا، کیژێکی بریتیی لە نەرم و نیان و هەستێکی جوان و خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرزی بێ وێنەو بەرپرسێکی بە ئالۆشیش و نەزان کە تۆسقالێك رۆشنبیریی تیا نییە، بگرە تاکە خەمی ئەوەیە ئارەزووەکانی خۆی تێربکات و رێکخستنی شەوانی سوور لەگەڵ کچانی لەشفرۆش و سۆزانییە هەرزانەکانی هاوڕەگەزی خۆی یان سۆزانییەکانی دیکە لە شارەکەدا...)ل٤٢.

جوانی خۆی بیردەکەوێتەوەو بایەخدانی ئەم بەرپرسە چاوچنۆکە بەو پشووی نامێنێت بەرامبەر بە تەڵەکەبازییەکانی پیاوان، سەرەڕای ئەوەی قێزی لە پیاوان و نیگاکانیان دەبێتەوە، (شازاد)ی بیری دەکەوێتەوە کە بە چاوێکی پاك تەماشای دەکات و خەسڵەتێکی جیاواز دەنوێنێت و پەیوەندییە تازەکەی لەگەڵیداو مەدلوودلێکی بێگەردو بێوەی دەنوێنێت، ئەم فێرکارە لاوە کوردە کاریگەرییەکی تایبەتی دەکاتە سەر هەست و دڵە بریندارەکەی کچەکە. کەسێکی بێوەی و لەش و شەهوەتی لێی ناوێت، ئەو بە جۆرێکی جیاوازتر لە هاوڕێی مامۆستاکانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات: (گوێم لێ نییە کە چۆن ئەم پەیوەندییە کۆتایی دێت، چونکە تۆ سەرچاوەی خۆشی و خۆشنوودی و ژیانی سەرلەنوێمی، من زۆر تۆم بە دڵە، بە راستی تۆ مرۆڤێکی قەشەنگی و هەست بە پەشۆکانیش ناکەم ئەگەر پێشت بڵێم بێوەیی و بێگەردی تۆم خۆشدەوێت، گەرچی دڵنیانیم لە هەستی خۆم بەرامبەرت، بەڵام هەر کە دەتبینم دڵم دادەخورپێت و حەز دەکەم ماوەیەکی دووروودرێژ پێکەوە بین.. ئەی شنەبای رۆح هەڵکە

سەرلەنوێ و دەتبینم بەم دۆستاییە نوێیە دڵت خۆشە، یان بۆ ئەم سوارە
راستەقینەیە بەختەوەریت)ل٤٥. هەستکردنی بەم راستییە حزبە
فاشییەکەی و بەرپرسەکانی دەوری گرنگییان هەبوو بۆ ئەم
هەستپێکردنەی و تێگەیشتن لە راستی مەسەلەکان و دوور لە
کارتێکردنی چەواشەی ئامرازەکانی راگەیاندن و قسەی بەرپرسە
نەخوێنەوارەکان، حزب لەبەرچاوی دەبێتە (رێکخراوێکی تیرۆریستی و
سەرکردەیەکی خوێنڕێژو کۆمەڵێك جەلادو فاشیل سەکردایەتی دەکەن و
دەبێت بارودرخەکە راگرێت، تا هەلی بۆ دەرەخسێت تەگبیری کاروباری
خۆی بکات و بە بیروباوەڕەکانی و پەیوەندییەکانی خۆیدا بچێتەوە)ل٤٦.
خۆشەویستی، نەرم ونیانی و هەست ناسکی دەداتێ، رۆژ لە رۆژ هەست بە
دڵخۆشی دەکات و بۆیە کاتی دەوامی قوتابخانە لەبەرچاوی بە خێرایی
بەسەر دەچێت، جارێکیان بۆ (شازاد) پێشنیاز دەکات کە بە خانەوادەکەی
خۆی بناسێنێت، ئەویش رەزامەندی نیشان دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو
خواستەی تا بە کەسوکارەکەی و ماڵە کوردییە ئاساییەکەی دەناسێنێت و
بە گەرمی و دڵفراوانییەوە پێشوازی لێدەکەن، ئەم پەیوەندییەش دەگاتە
ئەوپەڕی پاکی و بێگەردی لە ژیانی هەردووکیاندا، دواجاریش هەریەکەو
باسی رابردووی دەگێڕێتەوە لەمەڕ سۆزدارییەوە، (شازاد) باسی ئەو
چیرۆکی خۆشەویستیەی کە لەیەك لایەنەوە دەبێت بۆ دەگێڕێتەوەو
ئەنجامەکەی سەرنەکەوتوو بوو، کچەکەش بە راشکاوی باسی پەیوەندیی
خۆی دەکات بە کەسێکی چەپەڵەوەو دەڵێت: (من لە ریسواییەك
هەڵهاتووم، کەسێکی فێڵبازو ناکەسبەچەم خۆشویست، بەڵام دوای ئەوەی



خۆم پێی سپاردو خۆم دایە دەستییەوە، هەڵیخەڵەتاندم و چزەی لێدام وەکو
مارو پاشان بە ئاسانی بەجێیهێشتم، بێ ئەوەی سزای کردەوەکەی بدات..
من ئێستا لەلایەن کۆمەڵەوە وەکو سۆزانییەك تەماشا دەکرێم..)ل٥٣.
بەڵام فێرکارە لاوە کوردەکە قسەکەی زۆر بە رۆحێکی شارستانییەوە
وەردەگرێت و بەبێ هیچ کارتێکردنێکی بیری خێڵەکی لەسەری و بە
کچەکە دەڵێت: (تۆ شەریفترین کچی لە ژیانمدا کە ناسیبم و رێگا نادەم
بەم شێوەیە باسی خۆت بکەیت)ل٥٤. دوایی ئەوەیش خۆشەویستەکەی
لەبەرچاوی گەورە دەبێت رۆژ بە رۆژو سەبارەت بەو دەبێتە سوارەی
راستەقینەی و کچەکە پێیدەڵێت: (ئەی خۆشەویستی دڵ تۆ لەکوێ
بوویت؟! بە دواتدا دەگەڕام تا ئەو چەپەڵە چزەی لێدام، تۆ هەست
ناسکیت، رەوشت پاکی خۆشدەوێیت، شەرمت لێ ناکەم لە قووڵایی
دڵمەوە خۆشم دەوێیت...)ل٥٥. پاشان باری ئاساییش لەشار تێکدەچێت لە
ئەنجامی کردەوەی شۆڕشگێڕانە لەلایەن پێشمەرگەوە، رژێمیش بە توندی
وەڵامی ئەو کارانە دەداتەوە، ئەویش بە تۆپبارانکردنی لادێکان و
دانیشتوانە بێ تاوانەکانیان، بۆیە ژیان هیچ رەونەق و جوانییەکی
نامێنێت لە ژێر دەسەڵاتی رژێمداو بە هەزاران خەڵکی لە داپڵۆسینی
درندانەو راژەی سەربازی هەڵدێن و کار دەگاتە پۆپە، هەر کە دیکتاتۆر
فەرمان دەدات بە راگواستنی سەرجەم گوندە کوردییەکان، ئەنجامی
ئەمەیش (حەنان)رقی هەڵدەستێت و رقی لە حزب و دیکتاتۆرو هەر
کەسێك لەو حزبەدا بێت، بۆیە زۆر کەیف خۆشدەبێت بەو هەڵبژاردنەی و
بۆچوونە مرۆڤانەیەی و دوور کەوتنەوە لە بیروبۆچوونی نەتەوەیی تەسك و

نایەوێت لەگەڵ نەتەوەییە شۆڤێنییەکاندا بێت، چونکە دەبینێت کە پانتایی مرۆڤایەتی زۆر بەرینترە لە هەر پانتایەکی دیکە (چ شورەییەکە تووشی مرۆڤ دەبێت و لێ نابێتەوە لە هەر کوێیەك بێت، کە ڕێگا بە هەر بوونەوەرێك یان ڕێکخراوێك بدات گاڵتەی پێ بکات بیروباوەڕێکی بەسەردا بسەپێنێت کە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا درەوشاوەکەیەوە.. عیراق دیلی حزبێکی تاوانبارو سەرکردەیەکی شێتگیری مەزنایەتییە، ئەی ناکەسبەچەکان دوای ئەو ئەزموونە سەرنەکەوتووەم و هەڵاتنم لێی، ڕاستییان و زەیفی قسەو بیروباوەڕەکانتانم بۆ دەرکەوت).. شەوێکیان کۆمەڵێك بەرپرسی بەعسییەکان سەردانی ماڵی بەکرێگیراو (سەلاح)و ژنە سۆزانییەکەی (هیران) دەکەن و بە ئامانجی ڕابواردنی شەوێکی خۆش و پڕکەیف و سەفاو داوێن پیس و سێکس، لەناو ئەوانەش لێپرسراوی ڕێکخراوەکە بوو، داوا لە (هیران) دەکات کە کچە عازەبەکە (حەنان) بانگکات بۆ ئەوەی شەوچەرەیان لەگەڵ بکات، ئەویش بە پێی پلەوپایەی خۆی ئەو داوایە قبوڵ دەکات، بەڵام لەگەڵیان زۆر نامێنێتەوە بەو بیانووی ئەوەی نەخۆش و ماندووەو بەجێیان دێڵێت.. بۆ ڕۆژانی دواتر هەر بەیانی زوو دەچێت بۆ ماڵی (شازاد)و پێیدەڵێت کە ئەو خانووەی ئەوی لێیە سۆزانی خانەیە، (هیران)و کەسانی دیکە خۆیان هەرزان فرۆش دەکەن بۆ بەرپرسەکان، بە لێپرسراوی ڕێکخراوەکەشەوە، بۆیە داوای لێدەکات یارمەتی بدات بۆ دەرچوون لەو خانووە بەدناوە، ئەوە بوو لە پشووی نیوەی ساڵ کچەکە بە شێوەیەکی کاتی دەگوێزێتەوە بۆ ماڵی (شازاد)و بەماڵی (سەلاح)یش دەڵێت کە دەچێتەوە بۆ بەغداو پشووەکەی



لەلای کەسوکاری بەسەردەبات، لە ماڵی کەسوکارەکەی (شازاد) ئەویندارییی خۆی دەکات لە سایەی ئەدەب و دوور لە بەدڕەفتاریی و چیرۆکی ناشرین، نەك وەکو کە زۆربەی کیژە ئاشقەکان ئەنجامی دەدەن، بگرە لە سایەی خۆشەویستییەکی پاك و بێگەردو لە بالاترین هەست و جوانترین پەیوەندیی سۆزداری و خەمەکانی ڕابردووی لەبیر دەچێتەوەو لە نێو باوەشی ئەو خانەوادەیەدا دڵنیا دەبێت و دڵ و دەروونی بەر قەرار دەبێت، تەنانەت چیرۆکی خۆشەویستییەکەیان لە کاتی بۆردوومانکردنی شارەکەو بەسەردادانی ماڵەکان و گەڕەکەکان و دەستگیرکردنی بێتاوانان لەلایەن مەفرەزەکانی تەواری و ئیستیخباراتی تایبەتەوە، گەشە دەکات، بەڵام ئەم خۆشییە درێژەناکێشێت، ڕۆژێکیان لە ماڵەوە (شازاد) دەستگیردەکەن، ئەم مەسەلەیەش بۆ کچەکە گەورە بوو، بۆ هەست و سۆزی ناسکی ئەو، بۆیە هەر کە دەبیستێت خۆشەویستەکەی نامەیەك بۆ ئەمن دەنووسێت بەو پێیەی کچێکی عەرەبەو سەر بە حزبەو دڵسۆزە بۆ ئەو حزبە فاشییە، بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی بەرەڵلا بکەن لە ڕاپۆرتەکەیدا بەرگری لێدەکات گوایە کەسێکی پاکەو دڵسۆزو هاوکارە لەگەڵ ناوەندە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵاتدا لە شارەکەدا، هەر خۆی ڕاپۆرتەکە بەرزدەکاتەوەو داوا دەکات لە لێپرسراوی ڕێکخراوەکە کە هەوڵبدات بۆ بەرەڵلاکردنی مامۆستای ناوبراو، چونکە بە تەواوی هاوکاری حزب بوو.

بە پێی قسەی کچەکە بۆ ئەوەی لە مەرگ ڕزگاری بکات لە بەندیخانەکانی ڕژێمی فاشی، نەك وەکو ئەوانی دیکە تیا بچێت، پەنا

دەباتە بەر هەموو فێڵ و بیرکردنەوەیەك بۆ رزگارکردنی خۆشەویستەکەی، تەنانەت لافی ئەوەیش لێدەدات گوایە پەیوەندی لەگەڵ وەزیری پەروەردەو عودەی کوڕی دیکتاتۆردا هەیە بۆ ترساندنی لێپرسراوی رێکخراوەکەی حزب و راپۆرت دەنووسێت دەربارەی رۆڵی بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی حزب لەناو خەڵکی لە سلێمانی، بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەو بەعسییە نەخوێنەوارو ساویلکەو گەمژانە، لاف و گەزاف و درۆکانی بەسەریاندا تێپەڕ دەبێت، تەنانەت لێپرسراوی رێکخراوەکە پێی دەڵێ کە خۆی شوێنی فایلی مامۆستا دەستگیرکراوەکە دەکەوێت و هەوڵدەدات بەرەڵلای کات بەو نزیکانە، کچەکە وەها خۆی دەردەخات کە ئەندامێکی چالاکی حزبە لەقوتابخانەکەدا، بێگومان ئەمە پێچەوانەی راستییە، ئەم هەموو قسانە دەکات بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی و سوارەی خەونەکانی لە بەندیخانە رزگارکات، ئەو ئامادەیە ژیانی خۆی ببەخشێت لە پێناوی ئەودا، بەرپرسی رێکخراوە حزبییەکە ئیزنی سەردانکردنی خۆشەویستەکەی بۆ وەردەگرێت لە گرتووخانەی (ئەمنە سوورەکە) کە پێی دەوترا باستیلی کوردستان و بیری لە شێوەی ئەو مامەڵە کردنە دەکاتەوە لەگەڵیداو چۆن ئەو حەفتەیەی لە زیندانەکانی رژێمی خوێنڕێژدا بەسەربردووەو لۆمەی خۆی دەکرد بۆچی رێگای پێدان بیگرن و بیبەن و فڕێی بدەنە زیندانێکی تاریکەوە لە نێو خەڵکێکی گومانلێکراو و کەسانی شۆڕشگێڕدا؟ ئەو بێتاوانە بڕوای بە هیچ رێکخراوێك نییە، تەنانەت بە شۆڕشگێڕەکانیش ئەو لە بیرکردنەوەو بیروبۆچوونی خۆیدا ئازادە، بڕوای بە بەرگریکردنێکی ئاشتییانەو رۆشنبیرکردنی میللەت هەیە لە ناوەوەو ئاراستەکردنیان بەرەو



یاخیبوونێکی گشتی جەماوەری، کچەکە خەونی فانتازیای پێوە دەبینێت، لە زیندەخەونەکانیدا دەچێتە نێو زیندانەکەوەو لە چنگی مەرگ خۆشەویستەکەی رزگار دەکات، چونکە ئەو دڵسۆزیی بیروباوەڕو میللەتەکەی خۆیەتی، پاشان چەند وێنەیەکی کاڵی دێتە بەرچاو ئەویش وێنەی حاڵەتی دەستگیرکراوەکان کە یەك لە دوای یەك دەمرن، دڵتەنگ دەبێت بۆ حاڵەتی خۆشسەویستەکەی و دەڵێت (ئەگەر شتێکت لێ بێت دنیا بەسەریاندا دەرووخێنم، پارچە پارچەیان دەکەم، رێ نادەم لێمت بستێنن و لە بەختەوەری بێ بەشم بکەن بۆ هەتاهەتایە، خۆم لەوان بووم دەتوانم تۆڵەت بکەمەوە، تۆ سوڵتانی دڵ و رووناکی چاومی) ئەم کچە عەرەبە کە لەمەوبەر بڕوای بە بیروبۆچوونەکانی حزبی بەعسی فاشی هەبوو، دەبینین لێی هەڵدەگەڕێتەوەو دەیەوێت تۆڵەی خۆشەویستە کوردەکەی بکاتەوە ئەگەر بینە هۆی مردنی، دوای ئەوەی روخسەت وەردەگرێت بۆ سەردانی خۆشەویستەکەی لە (ئەمنە سوورەکە) و قسەکەی شازادی بیردەکەوێتەوە کە جارێکیان پێیوت و ئەو بینایەی بە باستیلی فەرەنسا لێك چوواند، چونکە هێندە ترسناکە. ئەم قەڵا ترسناکەی لە مێژوویەکی خوێناوی لە تاریکترین چەرخی فەرەنساداو خۆشەویستیە گەورەکەی بیردەکەوێتەوە بۆ (شازاد)، بۆیە سوور بوو بچێتە ناو ئەو بینایەتەوە، وەکو ژنە بەرپرسێکی عەرەبی و نێردراوی حزب و سەرکردە لە شارە پڕ ئاژاوەو گێرەشێوێنەکەدا هەڵسوکەوت دەکات. بە چاوی خۆی لە حەوشەی بینایەتەکەدا جۆرەها ئامێری ئەشکەنجەدانی دڕندانەو زرێپۆش و ژێرخانی بێ سەروبەر دەبینێت، لەگەڵ کابرایەکی ئەمندا دەچێت بۆ

ژووری ئەفسەری ئەمن، کاتی تێپەڕبوونی بە هۆڵ و قاوشەکانیدا گوێی لە هات و هاواری بەندییەکان دەبێت کە ئازاریان دەدەن لەلایەن جەلادەکانەوە، پاش ئەوە (شازاد) بە چاو بەستراوەی ئامادە دەکەن بۆ ژووری ئەفسەرەکە، کچەکە دان بەخۆیدا دەگرێت، ئەفسەرەکە پێی دەڵێت بەختی هەیە تاکو ئێستا کە بەزیندوویی ماوەتەوە ئەگەر هاوکار نەبووایە لەگەڵ حزب ئێستا لە ریزی مردووان بوو، ئەفسەرەکە بەڵێنی دەداتێ کە بەم نزیکانە بەرەڵا دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش دانی بەو تۆمەتەدانەناوە کە ئاراستەی کراوە، گەرچی ئەسڵەن ئەگەر تۆمەت هەبێت، پاشان (شازاد) بەرەڵلا دەبێت و کچەکە لەگەڵیدا دەمێنێتەوە بۆ تیمارکردن و خزمەتکردن و دڵدانەوەی، لە ژوورێکدا بە یەکەوە بە تەنیا دەبن و لە باوەشی دەگرێت و لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا هەمان هەست و سۆز دەگۆڕێتەوە، ئەویش بارودۆخی بەندیخانەی بۆ دەگێڕێتەوەو ئەو بەندیخانە ترسناکە لە شارەکەدا (حەنان، ئایا دەزانی بەر لەوەی دەستگیرم بکەن ئەو بندیخانەیەم بە باستیلی فەرەنسا لێکچواندبوو، ئەو قەڵایەی ناوی (ئەمنە سوورەکەیە)، بەڵام ئەوە بەبێ هیچ بینین و ئەزموونێکی لەمەوبەر بوو، تەنها قسەی خەڵکی و بەندییەکان بوو، بەڵام دوای ئەوەی دەستگیریانکردم، لە مرۆڤایەتی خۆم بێ بەرییان کردم، ئەو قەڵایە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروستکراوە بۆ لەناوبرنی مرۆڤایەتی، ژن و منداڵ و پیری تیایە، سەرەڕای گەنجێکی زۆر لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، بەڕێوەبەرانی و جەلادەکانی شارەزاترین خەڵکانێکی دەست سوورن بە خوێنی مرۆڤایەتی و تاوانبارانی لێهاتوو، بەڕێوەبەرایەتییەکە پێکهاتبوو



لە چەند گروپێکی تیرۆریست و لەژێر سایەی حزبدا تاوان ئەنجام دەدەن، ژوورەکانیان لە شێوەی ژووری بەندیخانەکانی نازییەکان و رووسیا دیزاین کراون، گرتووخانەکە بەستراوەتەوە بە سردابێکەوە بە چەند ژوورێکی نەزانراو و پشت گوێخراوەوە، کە چەند تاوانبارێکی لێهاتوو سەرپەرشتیان دەکەن، جۆرەها شێوەی ئەشکەنجەدانی دڕندانە بەکاردەهێنن، لێدان بە شێوەیەکی دڕندانەو بە ئووتوکردنی پێستەو سووتاندن بە ئاگرو فڕێدانی بەندییەکە بۆ ناو گۆمێکی سەهۆڵاو تا گیانی لەدەستدەدات)ل٩٤. پاشان پێشنیاز دەکات بۆ دەزگیرانەکەی شارەکە بەجێ بهێڵن و بڕۆن لە گوندێك لەلای کەسوکاری بژین، ئەویش رازی دەبێت، سەرەڕای ئەوەی ئەو کیژی پایتەختەو فێری ژیانی لادێیەکان و نەبوونی نەبووە، بەڵام پێی دەڵێت: (من لەگەڵتام بۆ هەرکوێ کۆسپەکان و تەگەرەکان دەبەزێنێت)، رێکدەکەون دوای هاتنەوەی لە بەغدا زەماوەند بکەن، گەرچی چەند مانگێکە بەغدای بەجێهێشتووە، هەر کە گەڕایەوە کەسێکی دیکەبوو، هەستی مرۆڤانەی پڕی دڵی بوو، مرۆڤ بۆتە تەوەری دیدو بۆچوونی بۆ نەتەوەو میللەتە جۆراوجۆرەکان، رقی لە حزب و بۆچوونە نەتەوەییە تەسکەکەی دەبووەوە، هەروەها ئەو مامەڵەو داپڵۆسین و سەرکوتکردنە زاڵمانەی کە دژ بە گەلی کورد بەکاردەهێنێت لە شارو گوندەکاندا، بە راگواستن و دەستگیرکردن و لەناوبردنی بێوچان.ل٩٧. هەروەها پێیوایە حزبەکە سەرچاوەی شەڕەنگێزییە لە عیراقداو مۆڵگەی تیرۆرو کاریگەری دروستکردنی نموونەی نامرۆڤانەیە لە ناوچەکەدا، وێنەکە لە مێشکی (حەنان)دا تەواو دەبێت و بیری کامڵ دەبێت و مەسەلەکان بە روونی وەکو

خۆر دەبینێت، بۆ باری لەمەوبەری خەمگین دەبێت کە بڕوای بەو بەعسییە فاشیل و نامرۆڤانە کردوە، چۆن دیوارەکانی ئەو چەپەڵیەو سەرکردە شێتەکەیانی رووخاند، هەر کە پێی خستە سەر خاکی کوردستان، دوای ئەوەی (حەنان) دەگەڕێتەوە بۆ ناو کەسوکاری دایك و خوشکەکانی و راستیی مەسەلەکەیان لێ تێدەگەیەنێت، کە دەویەێت شوو بە مامۆستایەکی کورد بکات و لەگەڵیدا بڕوات لە لادێ بژێت لە ترسی داپلۆسینی رژێم و کردەوە نا مرۆڤانەکانیان، لە سەرەتا دایکە ناڕازی دەبێت، بەڵام دواجار قایل دەبێت و مل دەدات بۆ خواستی کچەکەی، پاشان کەسوکارەکەی بەم شووکردنە دڵخۆشدەبن، زەماوەندەکەیش لە رۆژێکی باراناوی بەڕێوە دەچێت، پاشان مانگی هەنگوینی، کچەکە لە شەوی بووك و زاواییدا هەست بە ریسوایی و شەرمەزاری دەکات، چونکە کیژێکی پاکیزە نییە، بەڵام (شازاد) بە رۆحێکی شارستانییەوە مەسەلەکە چارەسەردەکات، لە شەوی بووك و زاواییدا شازاد پەنجەیەکی خۆی بریندار دەکات و خوێنەکەی دەتکێنێتە سەر پارچە پەڕۆیەکی سپییەوە، بۆ ئەوەی پیشانی کەسوکارەکەی بدات بۆ کچێنییەکەی و پێی دەڵێت: (ئەمە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە، من خۆم ژنم هێناوەو بەرپرسی ژنهێنانەکەم، ئەوان پرسی شتێك دەکەن تایبەت نییە بەوانەوە، خۆشەویستەکەم گوێ مەدەرێ و بڕوات بەخۆت هەبێت)، پاشان (شازاد) بڕیاردەدات کە لەگەڵ ژنەکەیدا بچن بۆ ناوچەی قەرەداخ، کە ئەوسا هەشتاو دوو ماڵێك دەبوو، خەڵکەکەی هەژارو دەستکورت بوون و تێدەکۆشن بۆ پەیداکردنی پارووی منداڵەکانیان و نەخوێنەواری و بێ بەشبوون و ناوچەیەکی خاڵی لە



سادەترین خزمەتگوزاریی مەدەنی، بەهۆی سیاسەتی بەدی دەسەڵاتی سیاسییەوە، سەرەڕای ئەوەی خاوەن سروشت و دیمەنی قەشەنگ و جوان و گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیە هەرگیز نەحەساونەتەوەو هەمیشە زوڵم و زۆری حکومەتەکانیان لەسەر بووە، کارەساتە گەورەکەش لەوەدا بوو کە هەمیشە تۆپباران کردن و بۆردومانی بەردەوامی رژێمی فاشییان لە سەربوو، پڕۆسە بەدناوەکانی ئەنفالیش دەستپێدەکات، ئەنجاش کچەکە فێرکردنی منداڵانی گوندەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، گەرچی پێشمەرگەکان سەرەتا تەگەرە دەخەنە بەردەم ئیشەکەی، چونکە گومانی ئەوەیان لێی هەبوو، کە هێشتا پەیوەندی بە رژێمەوە مابێت، لەبەرئەوەی کچێکی عەرەب و بەعسیی بووە بۆیە نووسەر دەڵێ: (چەندین بێ تاوان بە شۆڕشەکەو بە دروشمە بریقەدارەکانیان هەڵخەڵەتان و دوورن لە راستی و وردەکاریی و ئەمانەتەوە، زنجیرەی دروشمەکان هەرگیز تەواو نابن و بەردەوامن و بازاڕی حزبەکان گەرمە مادامێکی نەزانین زاڵە بەسەر خەڵکیداو رووحی دۆڕان و هەستکردن بە کەمی و رق و کینە تێیاندا باوە...)ل١٢٨. بەڵام (حەنان) سەرەڕای ئەوەش سوور دەبێت و بەرەنگاریی ئەو ئارەزووە ناجۆرە دەبێتەوە، هەڵوێست و دڵسۆزی خۆی دەنوێنێت، دایکی سەردانی دەکات لە گوندەکە و گلەیی لە حاڵ و وەزعی دەکات کە بەو جۆرەی لێهاتووە، ئەو جۆرە ژیانەی هەڵبژارد، بەڵام ئەو وەڵامی دایکی دەداتەوە، چونکە لە ترسی گرتنی (شازاد) و کوشتنی لە زیندانەکانی رژێم هەڵهاتوون بۆ ئەم گوندە، رژێمیش سوورە لەسەر ئەوەی ناوچەکە لە خەڵکی چۆڵ بکات و پەلاماری گوندەکان دەدات و هاوڵاتییە بێ

گوناهەکان دەستگیر دەکەن و رەوانەیان دەکەن بۆ ئۆردوگا زۆررەملێکان، یان بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان، لێرەدا رۆماننووس بەراورد دەکات لە نێوان ئەوەی لەوێ روودەدات، لەگەڵ ئەوەی لە دەوڵەتی (نارامسین) روویداوە: (بێگومان شارستانی کۆن لێرەدا کە بە هەڵاتنی (نارامسین) دەستپێدەکات و دروستکردنی فەرمانڕەوای دوور لە بابل کۆتاییەکی دڵخۆشکەر نەبوو.. ئەوانیش تووشی کارەسات و لەناوچوون بوون و فەوتان و نەمان، شارستانییەکەش وەکو تەنها بڕە گوندێکی لێ مایەوەو پەیکەرێك کە هێمای سەردەم و بوونیانە بەر لە دوو هەزار ساڵ پێش زایین، یان ئەو جەنگانەی کە نارامسین تێیاندا سەرکەوتوو نەبوو) هەر لەو کاتەدا خوشکەکەی (شازاد) (بەهرە) لە قەراخ سەردانیان دەکات، ئیدی دوایش رێگای گەڕانەوەی لێ دەگیرێت بۆ سلێمانی، چونکە سەرجەم ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی رژێمەوە گەمارۆ درابوو، دەستدەکەن بە کوشتن و بڕینی خەڵکی و مەڕومالات و سووتاندنی گوندەکان و راوەدوونانی زیندووەکان، لەم پرۆسەیەدا جاشە خۆفرۆشەکان بەشداریی دەکەن، سەرجەم خەڵکی ئەو گوندەی ئەوانی لێن دەستگیرەکرێن و بەرەو چارەنووسێکی نادیاریان دەبەن، لە نێوانی ئەوانیشدا (شازادو حەنان و بەهرە)و گوندەکان تووشی رۆژانێکی رەش دەبن لە مێژووی خۆیاندا.. دواجاریش دەکەونە بۆسەی جاشەکانەوەو وەکو نێچیر (حەنان) نێچیر دەکەن و بە جوانییەکەی شاگەشکە دەبن، هەروەها (بەهرە)ی خوشکی شازادیش، ئیدی هەردووکیان لە شازاد جیادەکەنەوەو چاوی شازاد لەگەڵ پیاوەکانی دیکەدا دەبەستنەوەو بەرەو ئاقارێکی نادیار دەیانبەن، ئەو جاشانە



بچووکترین واتای بەزەیی و رەحمیان تیانەبوو، ئێستا لە کوردستان تەراتێن دەکەن بێئەوەی هیچ لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن، دە با ئەم تاوانە چەپەڵەی ئەم جاشانە بخوێنینەوە کە دەرهەق ئەو دوو ژنە ئەنجامیان داوە، گەرچی دەیان تاوانی ئاوهایان بەبێ ویژدانانە ئەنجامداوە، باشە کێ سزای ئەو تاوانبارانە دەدات کە لە نێوانماندان ئێستاش دەژین کە بە قەد بەعسییەکان تاوانبارن؟ دوای هەموو جاشەکانی مەفرەزەکە دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر هەردوو ژنەکە، گەرچی (حەنان) سکی پڕبوو، دوای ئەوە دەیاندەنە دەستی سوپاوە، پاشان لەگەڵ ژنەکانی دیکە وەکو (سەبی) دەیانبەن و پێیان دەڵێن (هەموو حوکمێکتان بە سەرا دەدەین چونکە ئێوە ژنی ئەو خۆفرۆش و کافرانەن، ئێوە لە جەنگا دیلکراون بۆیە مامەڵەی (سەبی)تان لەگەڵدا دەکەین). ژنەکان نەیاندەزانی وشەی (سەبی) واتای چییە بە کوردی، بەڵام (حەنان) تێگەیشت ئەوە گەڕانەوەی مێژوو چینایەتی و شەڕەنگێزی خێڵەکییە لە چەرخی نوێدا، هەروەها شۆڕشەکانی کۆیلەکان و فرۆشتنی ژنان لە بازاڕی لەشفرۆشیدا بە پێی پەتی و هەرزان فرۆشکردنیان، هەروەها سووکایەتییکردن بە کەرامەتی مرۆڤایەتی و زۆر لەو کردەوانە کە مێژوو شەرم دەکات باسیان بکات و لێرەدا نووسەر پرسیار دەکات و دەڵێت: (سووچ و گوناهی ئەوان چی بوو کە دیکتاتۆر لە ئیسلام دەریانبکات و یاسای جەنگیان بە سەردا بسەپێنێت، بە تایبەتی ئایەتەکانی ئەنفال، ئەی زانایانی ویژدان زیندووەکان لە کوێ بوون؟ ئێوە لە کوێبوون ئەی رۆحی ژیان و رووناکایی کۆمەڵگاکان، ئایا دیکتاتۆر ویژدان و ئایینی ئێوەشی بە نرخێکی هەرزان

و کەلوپەلێکی لەناوچووی ژیان کڕیی؟ ببینن فیرعەونی عێراق چی بە میللەتێکی موسڵمانکردو بردنی بۆ ئۆردوگاکانی مەرگ و دەستدرێژکردنی سێکسی) ل١٦١.

(حەنان) لە ناو پاسەکانی مەرگدا لە ڕێگا منداڵی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، یەکێك لە سەربازەکان سونگیەکەی خۆی دەردەهێنێت و ناوکی منداڵەکەی پێ دەبڕێت، ئەنجا منداڵەکە دەبات و لە دایکی دووری دەخاتەوەو بێئەوەی گوێ بداتە گریان و هات و هاواری ژنەکان، بۆ گەڕانەوەی مەلۆتکەکە بۆ دایکی، سەربازەکە داوا لە سایەقەکە دەکات تا دەرگاکە بکاتەوە، لە دەرگا کراوەکەوە منداڵە مەلۆتکەکە تووڕدەداتە دەرەوە، ئەمانە چ دڕندەیەکن کە حزبی بەعسی فاشی و بیروباوەڕی عروبی توندڕەو سەدام و دەستوپێوەندە تاوابارەکانی پەروەردەی کردوون؟ ئەم کچە عەرەبە بە چاوی خۆی دەبینێت کە چۆن منداڵەکەی لەلایەن هاوخوێنە تاوانبارەکانییەوە دەکوژرێت و دواجاریش بەرەو قەڵای مەرگ (نوگرە سەلمان)دەیانبەن لەو بیابانە. پیاوەکان لە ناودەبەن و دەستدرێژیش دەکەنە سەر کچ و ژنەکان و دەسەڵات بە سەریاندا دەگرن وەکو کەنیزەو ئافرەتی دیلکراوی جەنگ.. بە درێژایی شەو ژنەکان خەویان لێ ناکەوێت، (هەر کە چاویش دەکەنەوە، زیندەوەری نا ئادەمییانەو دڕندەی کێوی هاروشێت دەبینن، (حەنان) ناسنامە عەرەبییەکەی خۆی لەجەلادو دڕندەکان دەشارێتەوە، لە نێوان ژنەکاندا دەژی وەکو نموونەیەکی بەرگری و خۆراگری و نائومێد نەبوون لە ژیان و ئەویش لە دەستدرێژی کردنی سێکسی رزگاری نابێت و زۆری لێ دەکەن، سەرەڕای ئەوەی باری زۆر خراپ بوو و



چەند جارێکیش لە مەرگ نزیك دەبوەوە، جوانییەکەی تووشی زۆر گیرگرفتی کردبوو لەوانی دیکە زیاتر، سەربازەکان بەردەوام دەبن لە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەرئەو و ژنەکانی دیکە لەو ئۆردوگای مەرگەدا، ئەوەبوو لە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارەوە بڕیار دەردەچێت بۆ فرۆشتنی ژنە جوانەکان وەکو کەنیز بە هەندێك دەوڵەتی کەنداو و بۆ تۆڕە سۆزانییەکانی رۆژهەڵات، هەندێك لەو ژنە جوانانە دەفرۆشن بە سەماخانەکانی یەکێك لەو ولاتانە، (حەنان و بەهرە)ناچار دەکەن لەگەڵ ژنەکانی دیکە کاری ناشرین ئەنجام بدەن، (بەهرە) هەر لە حەفتەی یەکەمەوە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت و لە یەکێك لە قاوشەکانی ئەو شوێنە تایبەتە گیان لەدەست دەدات و (حەنان) بە تەنیا دەمێنێتەوە بەو ئێش و ئازارەوە بتلێتەوەو ئەم دەست و ئەو دەستی بازرگانەکانی لەشفرۆش دەکات، هەر لەوکاتەدا ئەو راستییانەی کە دیویەتی تۆماریان دەکات تا بیگەیەنێتە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، یان بۆ هەر لایەنێکی نزیك، بۆ ئاشکراکردنی ئەو تاوانە دڕندانەیە، شەوێکیان بەرەبەیان دەتوانێت لە سەماخانەکەی و ئەو شوێنەی بۆ سۆزانییەکان دابینکرابوو رابکات و هەموو راستییەکانی تاوانی رژێمی فاشی لەلایە، بەڵام دەستی تاوان دەیگاتێ و لە چەند دەقیقەیەکدا دەیدۆزنەوەو بە ئوتومبێل دەیشێلن و دەیکوژن و بەمەش دەیانویست ئەو تاوانانە بشارنەوە.. ئەوەی ئەم رۆمانە بخوێنێتەوە، ئەگەر رۆمانی (سەعات بیست و پێنجی)ی کۆنستانتان جۆرجیۆی خوێندبێتەوە، ئاوا جیاوازییەکی ئەوتۆ نا دۆزێتەوە لە نێوانیاندا، جگە بە ژمارەی لاپەڕەکانیان نەبێت، ئەگەرچی

(جۆرجیۆ) زیاتر پەنای بردۆتە بەر خەیاڵ، بەڵام (رزگار کەریم) پەنای بردۆتەبەر راستییەکان، بە راستی ئەم رۆمانە شایانی خوێندنەوەیە بە تایبەتی بەدەقە عەرەبییەکەی بۆ ئەوانی عەرەبی دەزانن، هەروەها دەقە کوردییەکەشی.



# گۆرانی سیمرغ

## شەوێك لە شەوانی سیمرغ

چامەی (شەوێك لە شەوانی سیمرغ) یەکێکە لەو چامە شیعرییانەی کورد ، کە تا سەردەمێکی درێژخایەن هەلومەرجی هونەریی و فکریی خۆی لەدەستنادات، یەکێکە لە تاقیکردنەوە زیندووەکانی شیعری کوردی، لە شموولییەت و لە ناسکیی دەنگ و سۆزو بڕوای بە توانای هونەری، شاعیری ئەم چامە نەمرە شاعیری دوو رەوڵات (سەڵاح شوان)ە. سیمرغ، باڵندە خورافییەکەی نێو ئەفسانەکان، لە شیعردا بووە بە جێگرو هێمای نەمری و نوێبوونەوەو رەمزی موستەحیلیشە. وشەکە لە رەچەڵەکدا فارسییەو لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە (سی، مرغ) واتا لە زلیدا بە گوێرەی سی مریشکە هەروەکو فەریدەدین عەتاریش وەهای بۆچووە، بەدەم خوێندنەوە گڕ دەگرێت، بۆ ئەوەی بەردەوامیی و نەمرایەتی بە رەگەزەکەی خۆی بدات، مرۆڤیش دەمێکە سیمرغ ئاسا بە زمانی شیعرو هونەر بۆ

بەربەرەکانی مەرگ و نەمرایەتی خۆی ئەو نەعرەتەیە دەکێشێت و بێهوودە تاشەبەردەکەی (سیزیف)ی خستۆتە سەر نەرەی شانی، بەکارهێنانی لە نێو شیعردا واتای گەڕان دەگەیەنێت بە دوای موستەحیلدا، شاعیریش ئەو ئاگرە دەدزێت کە لە کلپەی پەرو باڵی سیمرغ دەکەوێتەوە، (پرۆمیتۆس)یش ئاگری لە خوداوەندێکی دڵڕەقی وەکو (زیۆس) دەدزێت، تا ڕێگای مرۆڤی پێ ڕووناکبکاتەوە بەرەو ئەو حەقیقەتە، شاعیرو ئەدیبی (مۆدێرنخواز)یش لەم هەموو چەمکانەوە شوێن پێ و فەلسەفەی خۆی هەڵدەهێنجێنێت و دیاریدەکات و کارە هونەرییەکانی ئەنجامدەدات، کە دەنگدانەوەی گۆرانی سیمرغەکەیەو لەبەر ڕووناکی ئاگرەکەی پرۆمیتۆسدا هەنگاو هەڵدێنێت..

سەلاّح شوان و شەوانی سیمرغ

تەمەنی ئەم چامەیە پتر لە بیست و پێنج ساڵە کە بەم سەرەتایە دەستپێدەکات:

ئەمشەو تەنها هەر من و تۆین
وەرە با باسی هیچ شتێك
بۆ یەکتری نەکەین و بیر
لە هیچ شتێ نەکەینەوە.. (شەوێك لە شەوانی سیمرغ).

شاعیر بەم سەرەتایە مەسەلە فیکرییەکە دەخاتەڕوو، واتا (استهلال) دەستپێکردن سەرجەمی تەنگژە فیکرییەکە ئاشکرادەکات.. بیر لەچی بکاتەوە؟ لە نەزۆکی و ژیان و مەرگی ڕۆح؟ لێرەدا شاعیرو سیمرغ بۆ نەمریی خۆیان دەخوێنن، سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن نەمریی لە نەزۆکی



ژیان و مەرگی ڕۆح بەولاوە چیدی نییە، بۆیە جێگۆڕکێ دەکەن، بگرە هەردووکیان جمکی یەکترن، هەردوو جووتێك گیانداری ئەفسانەیین و نایانەوێت پەروباڵی خۆیان بخەنە بەردەستی گۆشت خۆرەکان، دیاریشە سیمرغ و شاعیر گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە هاوارەکەی (فرانز کافکا) لە نامەکەیدا لە ساڵی ١٩١٤دا دەیسەلمێنێت کە دەڵێ: (ئەوەی دەینووسم جیایە لەگەڵ ئەوەی دەیلێم، ئەوەی دەیلێم جیایە لەگەڵ ئەوەی کە بیری لێدەکەمەوە، ئەوەی بیریلێدەکەمەوە جیایە لەگەڵ ئەوەی دەبێت بیری لێبکەمەوە بەو جۆرە کاروبار بەڕێوە دەچێت، دووروو دوورتریش تا دەگاتە تاریکاییەکی ئەنگوستەچاو). لەم برگەیەشدا شاعیر جۆرە موحاکاتێکی (وێرانە خاك)ی (ئەلیوت) دەکات:

ئەمشەو مێشکم ماندووە، بەڵێ ماندووە،
لەگەڵمابە
قسەم لەگەڵ بکە، بۆ هەرگیز لەگەڵما
نادوێی، بدوێ
لەچی بیردەکەیتەوە؟ بیری چی دەکەیتەوە؟ چی؟
نازانم هەرگیز بیری چی دەکەیتەوە،
بیر کەرەوە.. (وێرانە خاك.. ت. ئیس. ئەلیۆت).

لەم چامە شیعرییەدا هەرگیز دوانەی ناکۆکییەکان بەدی ناکرێت، واتا جەدەلییە دیالێکتیکەکە ڕەتدەکاتەوە، کە ئەنجامی دوو ڕای ناکۆك ڕای سێیەم بێتە کایەوە، بگرە چاوەڕوانی هیچ گۆڕانێك ناکات، شوورەیەکی ئەستوورە، ئەگەر ئەو شوورەییەش بڕوخێنێت، دەسا هەردوو دیوەکەی

دۆزەخەو شایانی ئەوە نییە جێگۆڕکێ لەگەڵ یەکدی بکەن، راستییەکی وجوودییانەش دەخاتەڕوو، کە راستییەکی دڵتەزێنەو دەربازبوونیش لێی مەحاڵە...

ئەم شوورەیە زۆر ئەستوورەو
هەردوو دیویشی دۆزەخە
ئیتر بۆچی جێ گۆڕکێ لەگەڵ کەسی تردا
بکەین..!

هەربۆیەش جارێك زیندانییەو جارێکی دیش ئۆردیانە.. تەنها لە جێگا وەزیفیەکە جێگۆڕکێ دەکەن، ئەگینا هەردووکیانیش یەکن (زیندانی، ئۆردیان) لێرەشدا دووانەکە ناکۆك نین، بگرە هەردووکیان ژیانی مادین و چ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە، ئەوەتا دەڵێت:

ئەمشەو سێ شەوە بە تەنیام
بە تەنیام و گوێم لە ترپەی پێی دڵی
زیندانییەکەمە..

لە بەشێکی دی ئەم چامەیەشدا دەڵێ:

ئەمشەو لە جێگای خۆمەوە
وەك هەمیشە زیندانییەك سەرهەڵئەبڕم..

شاعیر، کۆمەڵێك حەقیقەت هەن کە هەرگیز گۆڕانیان بۆ نییە ئاشکرایان دەکات و تووشی خەمە وجودییەکەی دەکەن و نایەوێت بیریان لێبکاتەوە، وەکو (خود)، بەڵام وەکو مەوزوع (بابەت) دەیاخاتە بەرچاو، ئەنجامیش پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە لەگەڵ هاودەمەکەی (دڵدارەکەی،



زیندانییەکەی، ئۆردیانەی، سیمرغەکەی)دا بدوێت و باسی شەوانی بەفرو مانگ و عەشقی خۆیان بۆ بکات، کە لەلای ئەو بوونەتە سیانەیەکی پیرۆز، وەکو سێ حەقیقەتیش گۆڕانیان بۆ نییە (بەفر، مانگ، دڵداریی)، هەرسێکیانیش رەنگی (سپی) نیشانەو ئاماژەیانە، ئەمەیش ئەو دەلاقەیەیە کە هێندێك دڵی دەداتەوەو وەکو بەنگێکیش لە هەمە وجوودییەکەی رەهای دەکەن و لە هەرسهێنانە رۆحییەکەی دووری دەخەنەوە، چونکە:

نە دەریا خەونەکەی جارانە
نە ئەو رووبارە خووڕیە
کە من خۆم دایەدەمییەوە
ئەو نەیبردم..

وا دیاریش دەکەوێت خۆزگە بە جاران دەخوازێت و ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکات راستییە تاڵەکەیە (ناو گەدەی نەهەنگەکە)، دەشیەوێت بەربەرەکانێ لەگەڵ وشیارییەکەی ئێستادا بکات، بەڵام دەرەقەتی راستییە تاڵەکان نایەت، لێرەدا گۆرانییەکی (داریوش)م دێتەوە یاد کە دەڵێت: (کاشکی وشیار نەبوومایە، چونکە وشیاری خەمێکی گەورەیە).. شتێکیش نییە ئەو بگەیەنێتە هەوارە مەبەست، ئۆدیۆییەو ئامانجی هەڵکردووەو ناگاتەوە ئەو وڵات و شارەیش (ئیساکا) کە لێوەی هاتبوو، بۆیە خۆی دەداتە دەم رووبارەوە، رووبار پشتی دەچەمێتەوەو خۆی دەداتە دەم زریانەوە، ئەویش دەبێتە کۆترێکی دەستەمۆو بۆ هێلانەکەی خۆی دەگەڕێتەوەو دادەکاسێ، سواری پشتی غەمی ساڵێکی برینگ دەبێت و

هەڵیدەگرێت و ئیدی گەڕانەوەی نابێت و چاوەڕوانی دەبن و هەر نایەتەوە، ژیان دەبێتە چاوەڕوانییە لەبن نەهاتووەکە بۆ (گۆدۆ)، هەموو وەرزەکان دەگۆڕدرێن و دەبنە وەرزی گڕوگەرمای سوتێنەر، تەنانەت لە زستانیشدا نەونەمامە تینووەکان وەکو هاوین دەپرووکێن، بەڵام رووبارو زریان و غەم و مەرگێکی ناکام لە رۆژێکی تۆف و سپی پۆشی بەفردا بە چوار دەستە لاشەکەی دەهێننەوە.. لەم چامەیەدا بەفریش بووەتە رەگەزێکی زیندوو.. بووەتە رەمزی بێگەردیی و لەناوچوونیش، تەنانەت بەفری تەنکی ژێر کراسی ئەو کچۆڵەیەش کە خوێنی بەهاری کچێنی بە فیڕۆ چوو، بوو بە کفنی.. هەموو شتێك لەم چامەیەدا ئاکامەکەی بێهوودەییە، وا دیاریش دەکەوێت لە گەڕاندا بە دوای جیهانێکی بێوەی تەرەوە سەری نابێتەوەو دیسان هیچ شتێك ناگاتە دوا مەبەست و هەموو شتێك بە نیوەچڵی دەگاتە ئەنجام و لەم گەردوون و ماهیەتەدا هیچ شتێك کامڵبوونی بۆ نییەو ناگاتە پۆپە، تەنانەت کۆڵەکەی خێوەتی عیشقیش دەبێتە قوربانی ئەو ئامانجە بە مەخسەدە نەگەیشتووەو لەگەڵیدا چاو لێکدەنێت:

**بەفریش سەراپا زنجی چۆڵی هەناوی**
**گرتووەتەوە**
**بەفری دێرینی عەشقەکەت**
**هەموو لوتکەو**
**نسێکانی دەروونمی داگیرکردووەو**
**بەری نادات...**



لەلای ئەو تەرازووەکان لاسەنگ بوون و هەستدەکات وێرانکارییەکە لە ئارادایەو سیمرغ پەروباڵی خۆی دەداتە گۆشتخۆرەکان و رووباریش دەبێتە کەڵەز بۆ نێچیری راوچییەکان و سیروانیش لە سیروانیی خۆی دەکەوێت و خۆی دەکاتە بەردەباز بۆ کاروانچییەکان:

***کەی بیستووتە؟***
***سیمرغێك پەروباڵی خۆی دابێت بە گۆشتخۆرەکان و***
***لە بەر دەستیان دانیشتبێت!***

**ئەگەر رووبار، لاشەی خۆی بکا**
**بە کەڵەزو**
**راوچییەکان بۆ ناو مێرگی ماچی**
**کارمامزەکان بەرێت و**
**خۆی لە خوێنی سپی چناران هەڵکێشێ،**
**رووبارنییە...**
**ئەگەر سیروان بواری کاروانی خەڵووز**
**بدات و بیپەڕێتەوە**
**سیروان نییە!**

هەمان ئەو راستیانە لە چەند شوێنێکی دی شیعرەکەدا بە وێنەی شیعری دووپات دەبنەوە، یاخود پتر دەکرێنەوە، سیمرغیش هەر حەقیقەتە ئەزەلییەکەیە لەناو دڵی سیمرغدا هەموو راستییەك و جەدەلییەتێك بەرجەستە دەبێت، شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت نابێت وەها تێبگەین کە دەریا خۆی رەنگی شینەو پڕە لە مرواری و گەوهەر، بەڵام حەقیقەتێکی ماددی

هەیە کە هەموو دیاردەیەك رەنگدانەوەی دیاردەیەکی دی سروشتییەو تەئویلێکی دی قبوولّ ناکات، ئەمەیش تەئکیدکردنی فەلسەفەی (فینۆمینۆلۆژیا)یە، کە فیکری وجودی لە سەری دامەزراوە، گوێچکەماسیش لە نێو دەریا ئەگەر تریفەی مانگەشەو هەڵنەمژێت، مرواری دروستناکات، رەنگی دەریا شینایی چاوی ئاسمانەو گەوهەرەکانی نێویشی ئەستێرەی دەستەمۆی دەستی شەپۆلن.. دەنا هیچ شیکردنەوەو بۆچوونێکی دی هەڵناگرن و هەموو شتێکیش لە مەداری ئەو عەبەسیەتەدا دەسورێتەوەو ئەستێرەکانیش یەخسیری بازنە بۆشەکەی مەدارەکانن و هەموو کەسێکیش سیمرغ و شاعیر نییە تا بەرگەی گڕی سوتێنەری ئەو حەقیقەتانە بگرێت:

**وەرە ئەمشەو لەگەڵمابەو لێم تێبگە**
**چۆن لەناو دڵی سیمرغا**
**رەنگی دەریا**
**شینایی چاوی ئاسمانەو**
**گەوهەرەکانی: ئەستێرەی دەستەمۆی**
**دەستی شەپۆلن...**

جارێکیش وەکو زیندانییەك سەرهەڵدەبڕێت و چاو دەبڕێتە ئەستێرەکان و ئاسمانیش وەکو گۆڕ، تاریك و لینجەو گۆڕەوشاری ئەستێرەکان دەدات و لچێکی خۆی داوە بە سەریانداو بە کپی تەماشایاندەکات، جارێکی دی دەبێت بە ماسی و لەگەڵ ئەستێرەکاندا گەمە دەکات، ماسیش لە ئەفسانەکاندا رەمزی ژیانەو هەروەها رەمزی



مەسیحیشە.. دیسانەوە لێرەشدا دووانەکە ناکۆك نین (زیندانی، مەسیح) هەردووکیان یاسای دڕندایەتی بە سەریاندا سەپاوە، بەڵام نە سیمرغێکیش فریای دەکەوێت و نە پەرییەکیش هەیە دەست بداتە بەری بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە بۆ نێو بیرە تاریکەکەی ئاسمان، یاخود جارێکیش دەبێتە (یوسف) و براکانی بە گورگان خواردی دەدەن و لە نێو چاڵە تاریکەکە بەجێیدێڵن، هەموو جێگۆڕکێکان دۆزەخن و ئەوانی دیش هەر دۆزەخن، هەروەکو (سارتەر) دەڵێت: بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەیەوێت وەکو دار بەڕوویەك رەگ لە زەوی داکوتێت و لە دڵی گەرم و نەمردووی خاکدا ئاو هەڵمژێت.. ئەگەرچیش لە ناو گەدەی لە زەمەن نەماوەو لەلای سڕاوەتەوەو هەستیپێناکات، ئاگای لە ئەستێرەو مانگ و هاتوچۆی ساڵەکان نەماوە، بگرە زەمەنیش هەر زەمەنە ئەزەلییەکەیەو چ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووەو چمکێکی حەقیقە وجوودییەکەیە... دار بەڕوویەکی وشك هەڵواسراوە.. چارەنووسی کەوتۆتە دەستی شەپۆلەکانی دەریاوە.. بەڵام دەریاش نە دەریاکەی جارانەو نە رووباریش خوڕە وەکو جاران.. ئەو رووبارە خوڕەی کە خۆی دایە دەمیەوەو نەیبرد، لێرەدا شاعیر دابڕانی وەعی خۆی دەخاتەڕوو لەگەڵ وەعی قۆناغێکی دیاریکراوی رابردوودا، ئەو رابردووەی کە لە بیرو هۆشی ئەوەدا دەژیاو ئێستاش ئەوە نییە، بگرە حەقیقەتێکی لە ئەقڵ بەدەرە (وێرانە خاکە)..

یەکێك لە سیفەتەکانی مۆدێرنێتە وشیارییەکی وردە بەرامبەر بە گرفتی هونەرو وشیارییەکی خودیی بەردەوامە.. حەقیقەتەکەش هێندە تفت و تاڵەو لە زەین بەدەرە، دەگاتە ئەوەی لە شێوەی مۆتەکەو لە

تابلۆیەکی سوریالیدا خۆی بنووێنێت، تەنانەت دڵی خۆیشی دەکات بە مانگ، بەڵام هەر لە کۆرپەییدا نەهەنگی شەو هەڵیاندەلووشێت، مەسەلەکەش نەخەون و نە مۆتەکەو نە ورێنەی دەم گەرمەتای تەنیاییە، راستیەو شەو وەکو رەشمارێکی بریندار خۆی لە تەرمەکەی ئاڵاندووەو خێرا خێراش پێوەی دەدات تاوەکو دوا تنۆکی بوونیش لەناو بدات، تەرمەکەیش تەرمی ئەو حەقیقەتەیە کە بە دوایەوە وێڵ بوو، ئەو داوە تیشکەش کە پێیدا هات و رێگەی لێوە گرتەبەر پساوەوە پێیدا هات و رێگەی لێوە گرتەبەرو هیچ رێگەیەکیش لەوێوە بەرەو جێگەی مەبەست ناڕوات و ئەو پەندەش بە درۆ دەخاتەوە کە دەڵێت: (هەموو رێگایەك دەچێ بۆ بانە).

دنیا تاریك و زەلكاوە
هیچ رێگایەك لێرەوە ناچێ بۆ بانە.

وەکو جۆرە وریاکردنەوەو تەئکید کردنیش لە چەند شوێنێکدا بۆئەوەی ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکات، چەند ئاماژەیەکی وریاکردنەوەی هاتوچۆیی لە بەردەمتدا دەچەقێنێت:

ئەو تروسکاییەی ئەیبینی
شەو چراغێکی دزراوی
گەردنی دیلە شازادەی
وڵاتی بەفرو هەتاوە...
لێت تێك نەچێ!
(ئەوە ئاگری شوان نییە)
(ماڵە هەژارێك نییە، رووی تێبکەی)



(ئەوە ئەوسەری ئەشکەوتی
دۆزەخەکەی دەورت نییە
رووی تێ مەکە)...

(سەلاح شوان)یش لەگەڵ (ئەلیوت)دا هاوقەناعەتەو هەست بە نەزۆکی بوون دەکات، بگرە لە هەلومەرجەی ئێستاو ئەم زەمەنەدا، هەست بە وێرانەیی گەردوون و لاسەنگی تەرازووەکان دەکات و هەستدەکات زەوی تینووەو پێویستی بە بارانە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیان بدات، هەستدەکات وێرانکارییە مەزنەکە لە ئارادایە، بۆیە دەخوازێت ببێت بە رەهێڵەو ئەو نمە بارانەی ئێستاش بەشی ئەوە ناکات قڵێشەکانی زەوی سارێژ بکات، چونکە سەلاح شوانیش وەکو (ئەلیوت) نەوەی دوای دوو جەنگی جیهانییەو کۆمەڵێك جەنگی دی بە چاوی خۆی دیوەو تێیاندا پڕوکاوەو ئەنجامی ئەم کۆمەڵە وێرانکارییانەش هەموو شتێك لەوتاوەو داتەپیوەو بەرەو لەناوچوون و وشکبوون ملدەنێت. تەنانەت لەم سەردەمەدا ئەو موعجیزەیەش روونادات کە تاشەبەردەکەی (موسا) هەبێت و دوانزە کانیاوی لێ بتەقێتەوەو دەمی زەوی تەڕبکات:

ئەم بایە بای باران نییە
گەر بشبارێت پەڵە نادات
ئەم خاکە زۆر تینووترە
لەوەی بەم نمە بارانە
قەڵەشەکانی سارێژ بێ...

ئەلیوت-یش دەڵێت:

ئەگەر ئاو لێرە هەبووایە دەوەستاین و
دەماخواردەوە...
لە نێو تاشەبەردەکاندا
مرۆڤ ناتوانێ بوەستێ و بیربکاتەوە...
ئارەقەی وشک و پێیەکان لەناو لمدان..
ئەگەر هێندێ ئاو لە نێو تاشە بەردەکاندا دەبوو..

بەڵام شاعیری (شەویك لە شەوانی سیمرغ) لە هێندێك شوێندا وەكو پشوودان و هەناسە هەڵكێشانێكی دوای ماندووبوونێكی بێئامان، دەوەستێت و بەرامبەر هێندێك لەو حەقیقەتە ماددیانەش دەكەوێتە گومانەوە، وەكو (ئەليوت) نەيتوانيوە ياخود نەيويستووە لە بنی كولەكەكە بدات، هەر بۆيەش ئەو گومانە بەلای گەشبينيدا رايدەكێشێت.. شەوەكانی ئەميش لەو شەوە دەچێت كە شاعيری نەمساوی (راينەر ماريا ريلكە) لە -شيوەنامەكانی دۆنيۆ-دا باسی دەكات، هەست بە تەنياييەكەی خۆی دەكات و كەسيش گوێ بۆ گۆرانييەكەی شەوی رانادێرێت. ريلكە دەڵێت:

کێ بە تاسەوە حەزی لەم شەوە نییە؟
کە بە سۆزناکییەوە نائومێدی دەچێنێ و
بە سەخاوەتەوە ئازارمان پێ دەبەخشێ..
بە دڵڕەقییەوە بەرانبەر دڵی هەموو خەڵکی
رادەوەستێ
ئایا دەبێ دڵی ئاشقان بسووتێ...؟.



ئەگەر لە گەدەی ئەو نەهەنگەش رزگاری ببێت زەحمەتە ئیدی چاوی لە رووی خۆردا هەڵبێت، چونکە ئەو چاوی لەگەڵ تاریکی راهاتووە و جەستەی لە دۆزەخدا خووساوە زەحمەتیشە هەست بە ئارامی بکات و بەرگەی گەرما ناگرێت، چونکە شتێك بەدی ناكرێت سێبەری لێ بکات، وێرانە خاکەکەی سەلاح شوانیش وەکو ئەوەی ئەلیۆت کاکی بە کاکییەوە هەتا چاو هەتەر بکات سێبەری تێدا بەدی ناکرێت، نە درەختی لێیەوە نە پەریە باڵدارەکانی (یونس)یش تا سێبەری لێ بکەن..

گەر ئەم ئەشکەوتە - نەهەنگە
هەڵیشت بهێنێتەوە
تازە چاوت بە رووی خۆردا هەڵنایەت و
لاشەی لە دۆزەخ خوساوی
ئەم وەرزە تەڕو تووشەی تۆ
بەرگەی گەرماکەی ناگرێ
تا پەرییە باڵدارەکانی یونسیش
ئەم ناوەیان جێهێشتووە
سێبەر لە لەشی ناکەن...

ئەلیۆت-یش دەڵێت:

کۆمەڵێ بتی شکاو، لەو شوێنەی
نە خۆری لێ دەداو
نە درەختی مردوو پەنا
دەداو نە زیکە زیك کەرەش

ئارامی دەبەخشیّ و
نە بەردی وشك دەنگی ئاوی هەیە.. (ویرانە خاك)

سەرەڕای ئەو هەموو راستییانەش شاعیر هێندێکجار پەنا دەباتە بەر بیرکردنەوەی رۆمانسییانەو دەیەوێت بە زۆری زۆرداری خۆی لەو چارەنووسە ترسناکە دەربازبکات (نەهەنگ، گەرما، بیّ سەرو دالّدەیی)...

ئەمشەو لە جێگای خۆمەوە
سەر هەڵئەبڕم
یەك یەك پەردەکانی دڵم
لە سەر خۆ دائەدەمەوە
مۆمی یادە بە سوێکانت/
هەڵئەکەم و
پڕ لە شەوە تەماوییەکانی بارانت
ئەکەمەوە...

کێشەکەش گەلێك لە توانای ئەو گەورەترەو هەموو هەوڵدانێکی (سیزیف) ئاسایەو بۆیە ناتوانێت بە هێندەی دروشمێك رادیکاڵی خۆی بجەڵەتێنێت و چارەسەرەکەش تەنها لە چێوەچێوەی (گریمانەو خۆزگە)دا دەمێنێتەوە، دیاریشە هیچ شتێك لە دەستی ئەودا نییەو گەلێك هێز هەن کە دەسەلاّتی ئەو دەمژن و نایەڵن ئەگەرو خۆزگەکانی شێن ببن و ببنە واقیع، تا ئێستاش ئەو هێزانەی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەلاّم ئەگەر دەسەلاّت لە دەستی شاعیردا بووایە، نەیدەهێشت ئەستێرەی کەس ئاوا بێت و چاوی کەسیش بە گریان ئاشنا بێت، ئەم دنیایەی دەکردە بەهەشتی سەرزەمین،



نەك وەکو دەسەلاّتداران کە کردوویانەتە دۆزەخی شاعیرو خەڵك، ئەمەیش پەیامە راستەقینەکەی شاعیرە هەر لەو سەردەمەوە کە (پرۆمیسۆس) ئاگری لە زیوس دزی..!

گەر ئاسمان دەبووم نەمدەهێشت
ئەستێرەکەی تۆ ئاوابیّ
گەر گریان ئەبووم
نەمدەهێشت
چاوەکانی تۆ پێم ئاشنا بیّ
گەر بە دەستی من بووایە هەرگیز
ئەم دنیایە
وەها نابوو..

لە بەشی دووەمی ئەم چامەیەدا (سەلاّح شوان) بەردەوام لە چاوەڕوانییە بیّ ئومێدییەکەی خۆیدایە، شەوەو بە تەنیا خۆی و منداڵییەکەی و پێکە شیعرێك لەبەردەمیانەو دەیانەوێت بە سەر درك و داڵی باخچەدا دابەشیکەن، بەلاّم نازانن چۆن دەپرسێت یان مەستە یاخود هەر لە سەردەمی سەهۆڵبەندانەو بە تەنیایەو چاوەڕێی کەسێکی نادیارو نەناسراو دەکات، بێگومان ئەوە خۆی و (پیکێت)ن کە چاوەڕێی (گۆدۆ) دەکەن، (فلادیمێر)و (ئیستراگۆن) لەژێر درەختێکی رووتاوە چاوەڕێی کەسێکی نەناسراو دەکەن، بەدەم گەمەکردنێکی بێهوودەوە، ئەمەیان بابەتی شانۆنامەکەی (پیکێت)ە، بە ناونیشانی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا)...

ئەمشەو تەنیا خۆم و
منداڵییەکەی خۆمم
پێکە شیعرێکی تا نیوە
لە پێشمانەو
نازانین چۆن بەسەر ئەم هەموو دڕکەی
ئەم باخچەیەدا بەشی کەین؟
یان من مەستم
یان ئەمشەو لە سەدەکانی
سەهۆڵبەندانەوە
بێدەنگ
بە تاقی تەنیا دانیشتووم
(نازانم ئەمشەو بۆ نەهات)..

بێگومان پێکی لە نیوە واتای بەسەر چوونی سەردەمێك دەدات بە دەستەوە، ئەو و گلگامش و ئەو سەردەمی چاوەڕوانییە بەدیار گۆمێکی مەمك خڕی بەهارەوە دادەنیشت، بە دەر لە گلگامش ئەو چاوەڕێی گوڵی شیعرێکی نەمریی- بوو نەك رووەکی نەمریی، دەیەوێت ئەو گوڵی شیعری نەمرییە چاو هەڵبێنێت و دەستبخاتە ناو دەستی و دەشپرسێت ئایا ئەو مەستە؟ یان ئەم دنیایە هەر یەك لە زەوی و ئاسمان بوون بە تای تەرازووەکەی و دڵی وەکو هەتاو هەڵاتووی دەهارێت، دەیکات بە تەرزەی تاوان و تەرزەی لەعنەت و تەرزەی نەفرەت و بەسەریدا دەیبارێنێت و چەتر عیشقێکیشی پێ نییە تا لەو هەموو تاوان و لەعنەت و نەفرەتە



بیپارێزێت، هەر کە دەستیشی بۆ پێکە ساردەکەی بەردەمی دەبات بەر لاشەی ئەلحەدی شەو دەکەوێت، ئەو کەس سەیری ناکات تەنها پشیلەیەکی سەر خڕی سمێڵ سووتاو نەبێت..

هیچ کەسێك سەیری من ناکا
تەنیا پشیلەیەکی سەر خڕی سمێڵ سووتاو نەبێ
لەبەر مەقاڵەیەکی پڕ خەڵوزدا
دانووساوە...

ئەو چاوەڕێی (ئەنکیدۆ)یە کاتی خۆی بە زەویشدا رۆچوو بوو نەهاتەوە، لێرەدا شاعیر کەرەسەکانی شیعری کردووەتە کەرەسەی برژان و مەزە، دوو شیش شیعر، چارەکە چیرۆکێك، پلە وشە هەرچەندێك شوێنی گوللەکانی سنگیانی پێ نیشانددەن هەروەکو چۆلەکە فڕی دەکەن، هەر کە دەیەوێت لەگەڵ ئەو چۆلەکانەش باڵ بگرێت و بفڕێت، پێیەکانی دەبن بە کۆنکرێت و بە زەویەوە دەنووسێن، چونکە خۆی دەڵێت ئەم زەمانە زەمانی هەڵفڕین نییەو با خەونەکانی فڕینیش ئاگر باران بکرێن، چونکە ئەم ئاسمانە لە قورقوشم دروستکراوەو هیچ مەلێکی ئاگریش ناتوانێت تیا هەڵفڕێت.. زەمانێکە زمانی شیعری تیا لاڵە، تەنها ئاسن دەزانێت قۆناغ لە کوێیە، واتا شیعر نازانێت قۆناغ لە کوێیە، بگرە شەق دەزانێت قۆناغ لە کوێیە!

هەرچی شیعر هەیە بیبەن
هەرچی شیعر هەبوو بردیان
تەنیا بەردێکیان دامەدەست

زەمان قات و قڕییەو

ئەگەر بڵێی:

بەردێکم دەنێ تاوەکو

سەری خۆمی پێ بشکێنم

ئەڵێن: نییە..

زەمانی قات و قڕی ئەم سەردەمە نوێیە، سەردەمی جەنگە تازەکان، سەردەمی جەنگە مەزنەکانە، نەك شیعرە مەزنەکان، سەردەمێك دژ بە ئارەزوو و خواستەکانی مرۆڤ، تەنانەت لە ئاسمانیش مانگ سەری خۆی هەڵگرتووەو دیار نەماوە، تا سەگێك پێی بوەڕێت:

و ئەمە مەیخانەیەکی درەنگە وەختە

هەرچی تیایە وەك لاشەی

دوکانی گۆشتفرۆشەکان

سەر بەرەو خوار هەڵواسراوە...

لێرەدا کۆنە شیعرەکەی (مەحوی)مان بیر دەخاتەوە:

شوکور هۆشیارە مەحوی تێ دەگا دونیا خەراباتە

کە بەدمەستی بکا ئەهلی خراپەی بۆچی لێدەگرم...

ئەو لە کەسێك دەپرسێت بۆ نەهاتووە، پێیوتووە تۆ لێرە دانیشە دەچم چۆلەکەت بۆ دەگرم، هەڵیخەڵەتاندووە، تۆ بڵێی (ئەنکیدۆ) بێت یان (گۆدۆ)بێت، دەبێت تووشی ئاگری عەشقێك بووبێت و نەیهێشتبێت بێتەوەو لێوە سوورەکانی بۆ کردووەتەوە تا ئەم دەمی تیا بنێت، ئەویش بۆ سکی دایکە هەمیشەییەکەی دەیگەڕێنێتەوە، دەشیەوێت خۆی لەم



بەئاگاییە مۆتەکەیە رزگارکات، بەڵام دەستەکانی دەبنە دوو دارخورمای چۆڵی بیابانێك و چنگ لە زەوی گیردەکات و نایەڵێت رزگاری بێت، هەرچییەك بکات مەحاڵە رزگاری بێت لەم مەرگەساتە:

کە دەرگام ئەکرێتەوە

گۆشتی لەشی رەشی دەرەوەی لێ ئەبێ

بە پەیکەری نێرەموکێکی زەبەلاح

چاوێکم لێ دائەگرێت و

سمتی خڕیم پیشان ئەدا

دەرگاکە دائەخەمەوە...

ئەو لەناخی خۆیدا بۆ ژێرزەمینێك، بۆ توونێلێك دەگەڕێت کە بیگەیەننە تەڕایی شیعرێك، گەرمی گریانێك، بە فێنکی مەرگێکی خۆش، بەڵام بێهوودەیە، ئەو پێویستی بە عەشقی کچۆڵەی مەرگە دوگمەی سینەی بۆ بکاتەوە تا بەدەم سەرخۆشیەوە بیمژێت و تا رەوە گورگەکانی دەوری بڕەوێنێتەوە، شاعیر لێرەدا مەرگ دەکاتە ئامڕازی ترساندنی رەوە گورگەکانی دەوروبەری کە هێمایە بۆ هەموو دڕندەیەتی ژیانی هاوچەرخ بە هەموو ئامڕازو میکانیزمەکانییەوە، شەوێك لە شەوانی سیمرغ ئەو شەوەیە کە خۆی و رووبارێکی مردوو بە دیار یەکەوە دانیشتوون و لاشەی یادگاری یەکتری دەپارێزن، ئەو رووبارەی کە جارێك ئەم چ خۆشەویستی لە دڵی شاعیردا هەیە لەگەڵ خۆیدا دەیبات، جارێکیش شاعیر لە تینواندا مژی پێوەی دەنێت و هەرچی عیشق لە دڵیدا بوو هەڵیمژی و بەرەو وشکیی بیابانێکی دوور بردی، ئێستاش چاوەڕێی

وەرزێکن جزمەو پاڵتۆکەی لێرە بەجێ هێشتووە، بە لای ئەوەوە ئەگەر بێتوو دەریایەك نەتوانێت دەستی پاییز لە یەخەی گوڵێکی سەرما بکاتەوە، دەریا نییە، یان رووبار بە دوای گوڵێکی تینوودا رێگای بیابان نەگرێت، رووبار نییە...

لێرەدا کەم چامە هەیە ئاوها پرسیارە ئەزەلییەکان لە خۆی کۆکاتەوە وەکو چامە شیعری (شەوێك لە شەوانی سیمرغ)، گەرچی سەلاح شوان بەرهەمێکی زۆری شیعرو چیرۆکی هەیە، بەلاّم ئەم قەسیدە درێژەی بووە ناونیشانی شیعری هاوچەرخ و مۆدێرنێتەی کوردی، ئەگەر خوێنەرو هەڵسەنگێنەری خۆی هەبێت، لێرەدا ئێمە چەند برگەمان لەو قەسیدەیە هێنایەوە، گەرچی تێهەڵچوون و راڤەکردنی زۆری دەوێت، تا ئێستا قەسیدە زیندووەکانی شیعری دنیا چەندینجار خوێندنەوەیان بۆکراوە، بۆیە بە رای من ئەم قەسیدەیە هەرچەنێك تەمەنی لە چارەکە سەدەیەك زیاترە، دیسان پێویست بە بلاّوکردنەوە دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێت شیعری چارەکە سەدەیەکی بەر لە ئێستای کورد چەند زیندوو و راچەڵەکێنەر بووە.



## داوەتێ بۆ گژوگیای دەریا
## رۆمانی داوەتەکانی هەرەسهێنانە شۆڕشگێڕییەکان

لەم وتارەدا هەوڵمداوە زیاتر چووم بەلای مەبەستو حیبکەی سەرەکی رۆمانەکەی(حەیدەر حەیدەر)ەوە(وليمة لاعشاب البحر)-داوەتێ بۆ گژوگیای دەریا-، کە لەگەڵ دەرچوونی چاپەکانی نەوەدەکان لە میسر، بوو بە هەلاّو زیاتر پارتی کاری ئیسلامی مەسەلەکەی وروژاندو هەندێك موفەکیری میسریو عەرەبیش کەوتنە ژێر کارتێکردنی ئەوو هەڵمەتەو تەکفیرکردنی وەزیری رۆشنبیری میسر، بە راستی زۆر سەیرە هەندێك خەڵکی رۆشنبیر لە کەناڵی ئاسمانی-الجزيرە-دەردەچنو زۆر بە رەهاییەوە دەڵێن، ئێمە چۆن ئەم کتابە-فاجيرە-دەخوێنینەوەو بانووسەرەکەی بچێت بۆ دۆزەخ..!! باشە تۆ ئەگەر شتێك نەخوێنیتەوە چۆن دەزانی ناوەرۆکەکەی

چییە؟! ئێمەش وەکو کوردێك خوێندنەوەی خۆمان هەیە بۆ ئەم ڕۆمانە.. من وای بۆ دەچم دوای ئەوەی گروپە ئیسلامییەکانو ئوسوڵییەکان لە میسر لەلایەن دەوڵەتەوە گوشار خراوەتە سەریانو راوەدوو دەنرێنو دەستگیر دەکرێنو چالاکیان قەدەغە دەکرێت، دەگەڕێن بۆ بچوکترین دەلاقە کە لێوەی هەناسە بدەنو بوونی خۆیان ئاشکرا بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەوەیش لە ڕێگای سەرکوتکردنی بەربلاوترین کەناڵی شارستانیەتو مەدەنیەتەوە بێت، (دەیان نووسەرو موفەکیر سەرکوتکران، (فەرەج فۆدە) یان تیرۆر کرد، دکتۆر(نصر حامد ابوزید)یان وڵات بەدەر کرد، وەختی خۆی (تەها حوسێن)یان تەکفیرکردو لە وەزارەت وەدەریان نا.. وەلێ شارستانیەت بەبێژنگ خۆری راستی لێناگیرێت). هەمیشە شۆڕشەکان پیاوانی خۆیان لە ناوبردووە، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا.

سەرکەوتنی شۆڕشەکان لەگەڵ خۆیاندا فەسادی ئیداریو ئەخلاقیو تێکچوونی ترازووەکانیان هێناوە..

(داوەتێکە بۆ گژوگیای دەریا-(سرودی مەرگ) لە نووسینی ڕۆمانووسی سووری(حەیدەرحەیدەر) باسی پتر لەو نسکۆ شۆڕشگێڕیانە دەکات لە گۆڕەپانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبیدا روویانداوەو کاریگەر بوون، یەکەمیان، شۆڕشی جەزائیر (شۆڕشی ملیۆن شەهید) هەر لە ڕۆژانی پیری تێکۆشەران عبدالقادر جەزائیرییەوە تا ئەحمەد بنبیلا کە هواری بومدین تالاوی پێی نۆشیو تووڕیدایە بەندیخانەوە، پاش ئەوە شۆڕش بووە بەڵایەك بە سەر ئەوانەی کە هەڵیانگیرساندو ئەو جەماوەرەیش کە بووە سوتەمەنی.



پاشان ئەو پاکتاوکردنە جەستەییەی کە دژی سەرکردەو شۆڕشگێڕەکان یەك لە دوای یەك ئەنجامدرا، دوا بازنەی زنجیرەی ئەو مەهزەلەیە (شۆڕشگێڕیە)ش (عەبدولعەزیز بوتەفلیقەیە) کە ئەندازیاری هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولی کورد بوو.

لەساڵی(١٩٧٥)، بە سازدانی بە یەکگیشتنی سەدام حوسێنو شای ئێرانومۆرکردنی ڕێککەوتنە شوومەکەی جەزائیر دژ بە شۆڕشی کورد.. ئەم کردەوانە دەرەنجامی بەدیان لێکەوتەوە،(فلە بو عناب) ژنە پاڵەوانی ڕۆمانەکە، ژنە شۆڕشگێڕێکی جەزائیری بووە کە بووەتە قوربانیی نەخۆشییەکانی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتدا، نیشتمانیان لێسەندەوەو بانسێۆنێکیان داپێیو بووە دالدەی مامۆستا دوورخراوەکانی نیشتمانی عەرەب، یان دەرکراو و دوورخراو یان راکردوەکان لە نوشستی، نوشستی شۆڕشەکانی وڵاتەکانیان، یان نوشست خواردوو لە ژیانی سیاسیاندا، لەوانەیش ئەو عێراقیانەی کە ڕۆژانی خۆیان دەژین وەکو بلێی سبەینێ دەمرن، هەر کە عیزرائیل دێت ڕۆحیان بکێشێت لە جەستەکانیان هیچ نادۆزێتەوە جگە لە ئێسكو پروسكو بەرداخی بەتاڵ نەبێت.

دووەمیان: نسکۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە عێراق کە بریتی بوو لە تێکۆشانی حزبی شیوعی عێراق، هەر لە(فەهد)ەوە تا دروستبوونی دووبەرەکی لە نێو ریزەکانیدا لە سەر دەستی(عزیز الحاج) کە پێیدەوترا(فەیلەسوفی حزب) لە کۆتایی شەستەکاندا، پاشان دەستگیرکردنی چاکترین سەرکردەکانی حزبی شیوعی عیراق- قیادەی مەرکەزی-لە سێدارەدانیان لە ژێرخانەکانی(قصرالنهایە)دا. پاشان

شۆڕشی زۆنگاوەکان- ئەهوار-کە لاوێکی قۆز(خالید ئەحمەد زەکی) سەرکردایەتی دەکردو کاتی خۆی یەکێك بوو لە سەرکردەکانی قوتابییە شیوعییەکانی عیراقو شاعیری گەورەی عیراق(موزەفەر النواب) بە چامەیەکی شیعر نەمری کردەوە، کاتێك بە نهێنی لە لەندەنەوە گەڕایەوە بۆ عیراقو ئەندامی دامەزراوی(برتراند راسڵ) بۆ بەرگریکردن لە بەنکراوەکان لە عیراق.. گیڤارایەکی سەرکێش بوو شێتگیری بیروباوەڕی چەپی ئەوروپاو سەرچڵییەکانی(تۆبامارۆس)و شەڕی پارتیزانی ئەمەریکای لاتین بوو، ئەو پیاوە ناسکە ڕۆمانسییە کە هاتبووەوە بۆ تاکە مەملەکەتی مەرگ، تێکەڵەیەك بوو لەگیڤاراو دانتۆن، ل١٣١.

پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە ئەمانەن: مەهدی جواد، مامۆستایەکی عێراقی خەڵکی شاری(بەسرە)یەو شیوعیەکی هەڵاتووە لە دۆزەخی شکستیە شۆڕشگێڕیەکانو سیاسیە کوشندەکانی باڵی راستی حزبی شیوعی عیراق گەیشتە کەنارەکانی (بوونە)ی جەزائیر تێکشکاو بوو، دوای شکستی شۆڕشی هاوڕێکانی لە(ئەهوار)و شەهیدبوونی زۆربەیان. (بوونە) ئەو شارە موسڵمانەی کە ڕەحم ناکات، چاوانی لە ئاگرو پۆلان، شارێکی بەربەریە لە سەرەخۆ لە ناو منداڵدانی بیاباندا ژان دەیگرێتو بەرەو کەنارەکان دەکشێت. خەریکی پیشەی وانەوتنەوەو بە عەرەبکردنی جەزائیرییەکان بوو، قولابەکەی دەکەوێتە سەر کچێکی جەزائیر(ئاسیا)کە باوکی لە شۆڕشی جەزائیریدا شەهید بوو بوو، پەیوەندی لەگەڵدا دەبەستێت.



(مهیار الباهلی)، کابرایەکی شیعی مەزەبو شیوعیەکی عیراقی خەڵکی شاری(نەجەف)ە، پیاوێکی نەخۆشی وەهمی سەرکەوتن، خۆیو مەهدی جواد ڕۆژگارێك بە ڕێکەوتو بە بێوادە هێنانی بۆ ئەو شارە نامۆیە.

لەو شۆڕشگێڕانەن هیچی دی شك نابەن جگە لە وڕێنەو خەونەکانیان نەبێت، دەتوانێت سەرجەم دنیای عەرەب گڕتێبەردات، ئەگەر هاتوو پێنج کەسی وەکو: ئەبو زەر الغفاریو علی بن محمد(خاوەنی پێستڕەشەکان)و حەمدان قرمتدای لەگەڵ بێت.. بەڵام(فولە بو عناب) ئەو ژنەی بووە بەندەری پشووی دۆڕاوەکان، ئەم خەونانەی پووچەڵ دەکاتەوە کە دەڵێت: (شۆڕشی ملیۆن شەهید، کە لە کۆتاییدا سەربازو بازرگانەکان تیرۆریان کرد)ل١١٥.

الباهلی بەرلەوەی پەیوەندی بکات بە شۆڕشی ئەهوارەوە لەگەڵ گروپەکەی خالید ئەحمەد زەکی، نسکۆی پێنجی حوزەیرانی ساڵی(١٩٦٧) پاڵی پێوە دەنێت لە زانکۆ ببێت بە مارکسی.. ڕۆمانەکە دوای ئەم هەموو دەرەنجامە بەدناوانە بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەکانی رزگاری خوازی عەرەبی پرسیارێك دەخاتەڕوو: (ئایا عەرەبەکان هەستیان بە پەشیمانی کردووە بەوەی کردویانە؟ ئایا لە گۆڕان دەترسن ئەگەر بکەونە سەر دەریاو بگەڕێنەوە خاڵی سفر تاخۆیان بدەنە پەنای صەدەفی رابردوو؟). ل٣٦.

ئەم ڕۆمانە(سروودی مەرگە)، ئەو مەرگەی کە هەزاران لاوی دروێنە کرد لە سەردابی بەندیخانەکانی جەزائیر پاش شۆڕش، یان لە سەردابی بەندیخانەکانی ڕژێمەکانی عیراق هەر لە سەردەمی پاشایەتیەوە تا

سەردەمی(شۆڕش!!) کە گەیشتە پۆپەو سەدان هەزار ئادەمیزادی عیراقی لە هەموو نەتەوەکانی درویێنە کرد لە میهرەجانەکانی خوێنی ترسناکدا،کە سیاسەتمەدارێکی کۆنی بەعسی لە کتێبی(عیراقی٨ی شوباتی١٩٦٣) لە دیالۆگی چەمکەکانەوە بۆ دیالۆگی خوێن پێداچوونەوە بە بیرەوەریی طالب شبيب-دا- عيراق٨ شباط ١٩٦٣، من حوار المفاهيم الى حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب- باسی دەکاتو لە نووسینی دکتۆر علی كريم سعيده. بە تایبەتی ئەو میهرەجانە خوێنەی دوای گوللەباران کردنی عبدالكريم قاسم لەکاتی کودەتای بەعسیەکان، کە فەسڵەکانی(٩) مانگی خایان لە مانگە گەرمەکانی عیراقو هەروەها دەرکردنی یاسای ژمارە(١٣) بۆ حەلاڵکردنی خوێنی شیوعییە عیراقییەکانو هەزاران لاشە تووڕدرایە دیجلەو فوراتەوەو بوون بە داوەتی گژوگیاو ماسیەکانی رووبارو دەریاکان. زۆر لە تێکۆشەران بوون بە داوەتی گژوگیای دەریا، دوای ئەوەی جەستەیان لە ژێر ئەشکەنجەدا پارچە پارچە کران، لەم جۆرە رووبارو دەریایانە زۆرن لە ولاتی عەرەبو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا..

رۆمانی(داوەتێ بۆ گژوگیای دەریا) چەند سەربردەو چیرۆکێکی باوی دەماو دەم لە سەر ئایینو پێغەمبەرەکان و خەڵكو دەگێڕدرێنەوە لە زمانی کتێبی دیکەوە. وەکو وتراویشە گەیەنەری کوفر کافر نییە، سەرەڕای ئەوەی لێرەدا تۆمارکراون دەمەتەقێی کارەکتەرەکانن یاخود بانگەشەو گاڵتەپێکردن نییە.. ئەم رۆمانە ساڵی(١٩٨٣) چاپی یەکەمی دەرچووە کە سەرەتاو پەیابوونی ئوسوڵییەکان بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو کەسیش ناوی نەهێناو رووبەڕووی رەخنەو هێرشی ئوسوڵییەکان نەبووەوە، بەڵام چاپی دووەمی لە میسر هەندێك گرووپی ئیسلامی وەئاگا هێنایەوە، ئەوانەی کە لە سەر بیروباوەڕی دادگاکانی پشکنینی ئەورووپا دەڕۆنو لاساییان دەکەنەوە، پەنا دەبەنە بەر تۆیکلێ بۆ ئیدانەکردنو دەرگا داخستن لە رووی هەموو بیروباوەڕێکی کراوەو پێشکەوتنخوازدا.. لەم رۆمانەدا لەم جۆرە دەربڕینانە هاتووە کە بۆنی ئەوەیان لێ نایەت سووکایەتی بە هیچ ئایینو باوەڕێك بکەن: (خواچووە جەستەی دەسەڵاتو بەهەشتو جەهەنەمەوە، هەر کەسێك تەوری بەدەستەوە بێت بە بێبەزەییانە سەردەبڕێت، هاوڕێ چەكو مەرگ بوون بە دوژمنی یەکدی گیانە شێتگیرەکان بە شەهوەتی دەڵات) ل١٠٣.. زۆردارەکان شەڕیان بەرپا کرد دژ بە ولاتانو میللەتانی خۆیان تووڕدایە ئەو جەنگانەوەو وتیان ئەمە لە پێناوی خواو نیشتمانە.

سەدام حوسێن عیباراتی(الله اكبر)ی خستەسەر ئاڵای عیراقو کردی بە ئاڵای خۆیو کوێتی پێداگیرکرد، زۆر لە گروپە ئیسلامییەکانی عەرەب پشتگیریان کرد لەوانە (بەرەی ئینقاز)، لە جەزائیرو بزووتنەوەی(حەماس) لە فەلەستینو ئیخوان موسلمین لە ئوردونو شوێنی دیکە.. رۆمانەکە وەکو رۆمانی(ئایەتە شەیتانییەکان)ی سەلمان روشدی نییە سووکایەتی بە ئایین بکات، پاڵەوانەکانی(جبريل فريشته) و (صلاح الدين چامۆرا) نین، یان کەسایەتی(ماهوند)، جگە ئەوە نەبێت چەند دەربڕینێك کە رۆمانەکانی دنیاو عەرەب پڕیەتی، زۆرن ئەو رۆمانانەی، یان لیستێکی درێژ هەیە لە ناوی رۆمان کە رووبەڕووی رەخنەی توندو قەدەغەکردن

بوونەتەوەو خاوەنەکانیان رووبەڕووی دادگا کراونەتەوە، لە سەر بابەتی سێکسو مەسەلەی ئاییینییەکان.

هەر لە رۆمانی(مەدام بۆڤاری)-فلو بێرەوە تا دەگاتە رۆمانی(زەویە بچووکەکەی خوا)ی- ئارسکین کاڵدوێڵ

- قەدەغەکراونو نارەزایی دەربارەی بەرپاکراو ئەنجامیش هەموو بوونە بلێی سەر ئاو و پەیامی رۆمانەکانیش بەرخوداربوونو سەرکەوتن. ئوسوولێەت لەم رۆژانەدا هەوڵ دەدات دەنکە نۆکێك بکات بە کێوێكو هەموو شتێك تەکفیر دەکات، بەڵام ئەوە لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە هەندێك گروپی ئیسلامی چ کوشتنو برینێك لە جەزائیر ئەنجام دەدەن بە ناوی ئایینی ئیسلامەوەوە، ئوسامە بن لادن نەیزانی چی لە بلیارە دۆلارەکانی بکاتو بە ناوی ئیسلامەوە دەستی دایە کاری تیرۆریستیو لە ئەفغانستان خۆی حەشاردراوەو خەریکی ژنوژنخوازیە، گوایە خۆی کردووە بە فریادڕەسی ئیسلام، ئەنجاش ژنو منداڵی بێتاوان دەکوژن بە ناهەقی بە ناوی ئیسلامەوە گوایە دژبە(شەیتانی گەورە) دەجەنگنو لە ئەفغانستان مرۆڤ دەگەڕێننەوە چەرخە تاریکەکانی مێژووی مرۆڤایاتی و ژنانو کچان لە خوێندن قەدەغە دەکەن.. خاوەن فەتواکان لە میسرو وڵاتانی دیکە مێشولەی هەڵەی هەندێك کەس دەبینن، وەلێ حوشتری هەڵەکانی هەندێکی دیکە نابینن. ئەم رۆمانە(داوەتێ بۆ گژوگیای دەریا) تۆمارێکی بەپێزە بۆ شۆڕشی جەزائیرو حزبی شیوعی عێراقو دووبەرەکی گێرمەو کێشەکانی شۆڕشی ئەهوار لەعێراقو باسکردنی ئەو میهرەجانە خوێناویانە کە لە عێراق سازدەکران بە تایبەتی دژ بە شیوعییەکان.. ئەم



رۆمانە لەگەڵ ئەو رۆمانانەدا پۆلێن دەکرێت کە باس لە جەزائیر دەکەنو وەکو رۆمانی(هەزارو یەك ساڵ لە سۆز) لە نووسینی رۆماننووسی جەزائیری(رەشید بووجدرە)و (زەماوەندی هێستر) لە نووسینی(تاهیر وەتار) کە ئەمیش رۆماننوسێکی جەزاییرە. رۆمانی(بەیروت، بەیروت) لە نووسینی(سەنعەڵا ئیبراهیم) و رۆمانەکانی عەبدل رەحمان منیف، بە تایبەتی(رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)و (درەختەکانو کوشتنی مەرزوق) کە باس لە چەوسانەوەی سیاسی دەکات لەنیشتمانی عەرەبدا. هەروەها ئەم رۆمانە لە جۆرە بەسەرهاتێکی ئاوها دێنێتەوە وەکو: بەسەرهاتی موقەددەم(عەتشان زێوی ئەیزرقاوی) کەلەژێر زەوی وەکو مشکە کوێرە تونێلی لێدەدا، شۆڕشگێڕێك بوو جارێکیان خەڵەتا بەوەی کە سەعاتێك زەمەن چەند دەقیقەیەك پێشخاتو خۆی تەیارکرد بۆ شۆڕش دژ بە(عەبدولکەریم قاسم)، دوای ئەوەی لە رێڕەو شۆڕشی١٤ی تەمووز لایدا بە نهێنی سەدان ئەفسەرو دەرەجەدار رێکدەخات، هەر لە باشووری عێراقەوە تا باکووری بە شێوەیەکی توندوتۆڵ لە ژێر ئاڵای حزبدا(ل٢٦٠)، پاشان لە ئۆزبەکستان لە سەر دەستی سۆڤیەتیەکان مێشکی دەشۆرنەوە لە شێتایەتی تێکۆشانی چەکداری، پاشان بۆ نەخۆشخانەی نەخۆشیە دەروونیەکان دواجاریش بۆ جەزائیر هەڵدێت، هەروەها سەربووردی شەمەندەفەری مەرگ کە دکتۆر عەلی کەریم سەعید لە کتێبی(عێراق ٨ی شوبات١٩٦٣لە دیالۆگی چەمەکەکانەوە بۆ دیالۆگی خوێن..) دوای شکستهێنانی بزوتنەوەی(حسن السریع) لە٣ی تەموزی ١٩٦٣. (٥٠٠) ئەفسەری شیوعی دەخەنە نێو شەمەندەفەرێکی بە قیر سواخ دراوەوەو تا

ڕەوانەی بەندیخانەی(نقرە السلمان) بکرێن، ئەم کارەساتە لە لاپەڕە(٣٠٢)ی کتێبەکەدا هاتووەو باسی ڕۆماننوس(حەیدەر حەیدەر)یش لەلاپەڕە(٢٦٩) تال٢٧٢ی ڕۆمانەکە باسی هاتووە، کەسایەتی(عەتشان زێوی)یش لەگەڵ کەسایەتی(حسن السریع) یەکدەگرێتەوە ئەو دەرجەدارەی سوپای عیراق کە یاخیبوونێکی ئەنجامدا لە سەربازگەی(الرشید) دژ بە کۆدەتاچییە بەعسیەکان.. سەرەڕای ئەوەی ڕۆمانەکە هەندێك زانیاری هەڵەی مێژووی تێدایە سەبارەت بە ڕووداوەکانی عیراق. بۆ نموونە: عەبدولکەریم قاسم لە ئاپارتمانی ئێزگەی بەغدا گوللە بارن کرا، نەك لە وەزارەتی بەرگری، بزووتنەوەکەی تەموزی ساڵی ١٩٦٣ لە وەزارەتی بەرگری و ئێزگە نەبوو، بەڵکو لە سەربازگەی الرشید بوو بۆ بەردانی(٥٠٠)ئەفسەری قاسمی و شیوعی لە بەندیخانەی ئەو سەربازگەیەدا..

ئەم ڕۆمانەش وەکو ڕۆمانی(غەڵبەغەڵبو توندوتیژی) ولیم فۆکنەر وایە دەڵێت: (سەربووردەیەك گێلێك بیگێڕێتەوە پڕیەتی لە غەڵبەغەڵبو توندوتیژی).. (وەهمە.. وەهمە مەتەڵێك گێلی دەیگێڕێتەوە دوای لێدانێکی موتەکە) ٣٧٦.. ڕۆمانەکە کۆتاییەکی عەبەسیانەی هەیە، مەهدی جواد پاڵەوانی شۆڕشی ئەهوار لە عێراقو پاڵەوانی ڕابواردنی سێکس لە تاراوگە(جەزائیر) دەبێتە داوەتێك بۆ گژوگیای دەریا، دوای ئەوەی بە ڕووتی خۆی فڕێدەداتە دەریاوە، لە دوا لاپەڕەکاندا ڕۆمانەکە نووقمی عەبەسیەتو بێ پەروایی دەبێتو هەوڵ نادات وانەیەك دادات لە پێناوی کێشەیەکی دیاریکراودا، جگە تۆمارکردنی هەندێك ڕووداوی سیاسی



نەبێت لە نیشتمانی عەرەبدا، کە لەومەبەر ئاماژەمان پێدان. ئەم ڕۆمانە جیاوازی نییە لە هەندێك ڕۆمانی دیکە کە لەمەوبەر باسی ئەمجۆرە بابەتانەیان کردووە، وەکو سێکس بە شێوە زەقەکەی وەکو لە ڕۆمانی(زەماوەندی هێستر)ی تاهیر وەتار و شکستی خواردنو ڕاکردن لە داپلۆسینو سەرکوتکردن لە ڕۆمانەکانی عەبدل ڕەحمان منیف، ونبوونی فیکری لە ڕۆمانەکانی(وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی تەیب ساڵحو، (گەڕان بە دوای وەلید مەسعود)ی (جەبرا ئیبراهیم جەبرا).

لە کۆتاییدا، (ڕەسوڵ حەمزاتۆف) دەربارەی ڕۆمانی(دکتۆر زیڤاگۆ)ی (بۆریس باسترناك) دەڵێت: ئەگەر ئەو ڕۆمانە لە یەکێتی سۆڤیەت قەدەغە نەکرایەو هەڵایەك دەربارەی بەرپا نەبووایە، ئێستا یەکێك دەبوو لە ڕۆمانە ئاساییەکان. بۆیە ڕۆمانی(داوەتێ بۆ گژوگیای دەریا) ئەو هەموو هەڵایەی ئوسوڵییەکانی لە سەر نەبووایە، چارەنووسی وەکو چارەنووسی چاپی یەکەمی دەبوو، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا خەڵك بە هەڵپەوە بە دوایدا نەدەگەڕا دەیان کۆمپانیای چاپکردنیش پێی دەوڵەمەند نەدەبوون، ڕۆمانی(کوڕانی گەڕەکمان)ی (نەجیب مەحفوز)یش لەم بارەیەوە لەم ڕۆمانە کەمتر نییە، کەچی هەڵای وەهای لە سەر نەنرایەوە.

ساڵی٢٠٠٠

## ڕەخنەگرو تیرۆریستی ئەدەبی...

بێگومان ئەم ناونیشانە لەوە هاتووە کە قسەیەکم خوێندەوە لە سەر ئینتەرنێت،کە دەڵێت، ئەگەر کەسێك شیعری شاعیرێکی دزی وکردی بە هی خۆی، ئەمە واتای تیرۆرکردنی ئەو شاعیرە دەگەیەنێت، یان خوێندمەوە کە دزیی ئەدەبی واتا تاوانی کوشتن بە قەڵەم. هەروەها نووسەرێکی ناوداری ئەم سەردەمە شێواوەی کورد وتویە: ئەگەر کەسێك نەتوانێت بیربکاتەوە یان بەهرەی نەبێت یان نەزانێت بنووسێت، دەبێتە ڕەخنەگر!! بێگومان لەلای هەموو ئاشکرایە کە زۆربەی خوێنەرانی کورد، ئێستا بەداخەوە، نازانن واقیعی ڕۆشنبیریی کوردی چۆنە، چونکە ئەم خوێنەرەی دوای ڕاپەرین بەدەگمەن لە زمانی کوردی، بگرە کوردیەکی هەندێکجار سەقەتیش هیچ زمانێکی دیکە نازانێت، بۆیە کە دەقێك شیعر بێت، یان چیرۆك بێت، یان ڕۆمان بێت، کە پێی شاگەشکە دەبێت نازانێت ئەو



شیعرە، یان ئەو چیرۆکە، یان ئەو ڕۆمانە، داهێنانی کوردی نین، بگرە ئەدەبی جیهانیەو نوسەرەکەی وەریگرتووە، لە فارسیەوە یان لە ئەدەبی جیهانیەوە، لە ڕێگەی یان زمانی عەرەبیەوە، یان لە زمانی دیکەی بیانیەوە، وەکو ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسیەوە، ئینجا کاتێك ئەو کەسانە لەلایەن خەڵکی ئاگادارەوە ئیشە دزیو وەرگیراوەکانیان ئاشکرا دەبێت، بۆیە ئەو کەسانە، بە شەڕانگێزو پەلاماردەرو ناشیرینکەری خەڵکی ناوزەد دەکەن، کە نازانن و دەیان ناتۆرەو جنێویان دەدەنێ، یان بەوە ناوزەدیان دەکەن، کە بیرکردنەوە نازانن و بە تەنها ئەو وەرگرانە خۆیان دەتوانن بە نووسینە وەرگیراوەکانیان لە نووسینی خەڵکانی دیکەوە، عەرەب و فارس و بیانیەوە، خۆیان بە ڕووداریەوە بە بیرکەرەوەو بیریار ناوزەد بکەن. بۆیە واقیعی ئێستای ڕۆشنبیریی کوردی بە هۆی بوونی ئەم خەڵکانەوە لە گۆڕەپانەکەدا وای لێهاتووە! بەڵام لە حەفتاکانەوە تا ڕاپەڕین خەڵکی بیرکەرەوەو چاك نووس و داهێنەرو دوور لە دزیکردنەوە هەبوون. بەڵام دوای ڕاپەرین، بە شایەتی زۆر لە ئاگاداران و خوێنەری چاك و زیرەك، گۆڕەپانەکە وەکو باری سیاسی گەندەڵ بووە. بەداخەوە ئەوەی ئێستا نیمانە ڕەخنەگرە. بۆیە گۆڕەپانەکە تووشی ئیسهالی نووسین و وەرگرتنی ئاشکراو بێ ئابڕووانە بووە. بەداخەوە بێگومان ئەم حاڵەتە کەشەکەی ئیفلیجکردوە، بۆیە ئەو جۆرە کەسانەی دەیانەوێت بوارەکە بێ ڕەخنەگر بێت، بۆ ئەوەی خۆیان لە بواری وەرگرتن لە ئەدەبی جیهانیەوە تەراتێن بکەن و بیهێنن و بە زمانێکی سەقەت بە خوێنەری کوردی بفرۆشن، کە تەنها زمانی دایك دەزانێت. کاتێکیش هەندێك زمانزان و

ئاگاداری بوارەکە وەرگرتنەکان و دزی و فزیەکان ئاشکرا دەکەن، رووبەڕووی لێشاوی تۆمەتی سیاسی و بوختان و جنێودان دەبنەوە. بەندەش وەکو نموونەیەك و بەڵگەکانیش لە بەردەستن کە لە بڵاوکراوەکاندا بوختان و درۆیان بۆ ریز کردم، بێگومان ئەم چەکە چەکی کەسی لاوازو خاوەن قەڵەمی لەرزۆکە، یان ئەوەتا برادەرێکی رادەسپێرێت ئەم ئەرکە ئەنجام بدات، بۆئەوەی خۆی لەلای خوێنەری دوای راپەڕین بە گەورە پیشان بدات، بەڵام رۆژگار کەفیلە بەوەی ئەم فرت و فێڵانە ئاشکرا بکات و زۆریشیان ئاشکرا بوون، ئیدی خۆ فشکردنەوەو وسووربوون لە سەر درۆکردن هیچ دادێك نادات، تەنانەت قسەکەی (گۆبلز)یش نەیتوانی ئەڵمانیا بکات بە هیچ، جگە لەوەی کاولی کرد و کردی بە دوو لەتەوە. وتەکەی گۆبلز برادەرێکی نووسەر بە هەڵە بەکاریهێناوەو نەشیزانیوە کە قسەی (گۆبلز)ە وەزیری راگەیاندنی ئەڵمانیای نازی کردبووی: (درۆبکە، درۆبکە، درۆبکە، تاخەڵکی بڕوات پێدەکەن).کەچی ئەو نوسەرە (گەورەیە) نووسیبووی (دەبێتە راست)،گەرچی درۆبە حەیاتی نابێتە راست، ئەگەر وابووایە (گۆبلز)یش دەیووت: (تا دەبێتە راست)، ئەگەر بیزانیبا درۆ دەبێتە راست! ئینجا وەرە سەیری بیرکردنەوەی ئەم جۆرە نوسەرانەکە چەند سەیر و سەمەرەن؟ بەداخەوە هەندێك نوسەری ناسراوی دوای راپەڕین هەن لە کوردستان، خەریکن ئەم دروشمە نازیە پەیڕەو دەکەن و دەیانەوێت بە قسەی قەبە قەبەو شوان خەڵەتێنە، قوم بکەنە چاوی خوێنەرەوە. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەکی گومان لێکراو و خەتەرناکە. پێمسەیرە کە لە هەندێك کەسەوە دەبیستم، یاخود دەنووسن: ئەگەر کەسێك نەزانێت



بنووسێت یان بەهرەی نەبێت یان نەتوانێت بیربکاتەوە، دەبێتە رەخنەگر..! نازانین ئەمەیان لە قووتوی چ عەتارێکدا هاتووە؟ یان لە چ وڵاتێکی بەدبەخت ئاوهایە؟ دەشێت لە شاری جابلوقا وەها بێت! دیارە ئەم جۆرە بیریارانە گەورە رەخنەگرانی وەکو بیلیخانۆف و باختین و بیلینسکی و جۆرج لۆکاش و فلادیمیر ناباکۆفیان پێ بێ بەهرە و بێتوانان! یان ئارنست فیشەر و رۆلان بارت و میشال بۆتۆرو ئەندرێ ژیدو و د.سوهەیل ئیدریس و د.ئیحسان عەباس و زۆری تر، کە زۆریان بوونە خاوەن قوتابخانەی رەخنەیی خۆیان! دیارە بە قسەی ئەم (بیریارانە)ی لای خۆمان ئەوانیش بیریان نەکردۆتەوەو بێ دەماغ و نەخوێنەواربوون!! ئەم جۆرە خەڵکەی کە ئاوها دەنووسن بە راستی خۆیان سەقەت بیردەکەنەوە، لە خووت و خۆرایی دەیانەوێت سەر لە خوێنەری کورد بشێوێنن و تووشی غەبائی رۆشنبیریی بکەن. لەو باوەڕەشدا نیم نووسین شێوازی، یان رێبازی پیاوە درۆزنەکان بێت، یان هی کەسانێك بێت خۆهەڵکێش و خۆ بەزلزانینێکی نەخۆشانە. من زۆر بە رەهاییەوە دەڵێم بڕوا ناکەم کورد بەرهەمی ئەوتۆی هەبێت خەڵکی بیانی ئاوڕی لێ بداتەوە، ئەگەر بۆ خاترانە و دڵڕاگرتن نەبێت، کە هاوتا بێت بە ئەدەبی جیهانی، ئەو ئەدەبەی کە ئێمە کاریگەریی لە سەرمان هەیەو لێی وەردەگرین تا رادەی دزیی لێوەی. -لێرەشدا مەبەستم ئەدەبی کلاسیکی کوردی نییە، چونکە تا رادەیەك شتی بۆ بەجێ هێشتووین-، بگرە هەر لە دوای چیرۆکی (لە خەوما) جەمیل سائیب و هەردوو گەشتە شیعریەکەی (گۆران) بترازێت. ئەگینا سەرومڕ کارتێکردنی زەقی ئەدەبی دەوروبەرو ئەدەبی جیهانیە. بەڵام دەبێت ئەوەش

بووترێت کە لە ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوو جموجۆڵێکی ئەدەبی هاوچەرخ پەیدا بوو کۆمەڵێك ناوی دیار پەیدا بوون وگوژمێکیان دایە ئەدەبی کوردی و بووە مایەی رووسووری، هەر ئەو رەوتەش بوو دلێرانە بەردەوام بوو تا پەیدابوونی راپەرین، گەرچی زۆریان تا ئیستاش بەردەوامن.. بۆیە هیچ کەس لافی ئەوە لێ نەدات کە لەشکرێك خوێنەر هەیە، من رێزم بۆ خوێنەواری کورد هەیە لە هەر ئاستێکدا بێت، ئەگەر کەسێك خەڵکێکی زۆر چەپڵەیان بۆ لێدا، ئەوە واتای ئەوە نییە کە شتەکەی ئەویان بە دڵە. دەڵێن کابرایەك لە وڵاتی میسر چووە سەر مینبەرو هەر لەخۆیەوە وتی (بڕوخێ فلان کەس) هەموو خڕ چەپڵەیان بۆی لێدا وتیان بروخێ. ئینجا گۆڕی وتی: (بژی فلان کەس)، دیسان خڕ چەپڵەی بۆی لێدا وتیان بژی فلان..! بە رەحمەت بێت شاعیرێکی میللیمان هەبوو ناوی (ئەحمەد شوکری) بوو، شیعری نەستەق و عەنتیکەی دەخوێندەوە، لە هەموو میهرەجانێکی شیعریدا، ئەوەندە چەپڵەیان بۆ ئەو لێدەدا، ئەوەندە چەپڵەیان بۆ(شێرکۆ بێکەس) لێنەدەدا، یان کتێبەکەی(مۆنیکا لیۆنیسکی) ئیمڕۆ لە جیهاندا پڕ فرۆشترین کتێبی، کە باسی فەزیحەتەکانی خۆی دەکات لەگەڵ کلینتون، بۆیە ئەگەر کتێبێکی کوردی زۆری لێفرۆشرا، واتای ئەوە نییە کتێبێکی باشە، دەشێت لەبەر ئەوەبێت کە نووسەرەکەی ئاماژەی پرسیاری لەسەرە، ئینجا ئەو نوسەرانەی بەو لەشکرە چەپڵە لێدەرە دڵیان خۆشە بە هەڵە لە هەموو شتێك گەیشتوون.



حەزدەکەم خوێنەری هۆشیاری کورد دڵنیابێت کە ئەدەبی کوردی لە باشووری کوردستان، تا چەندین ساڵی دیکە جووینەوەی گۆران و دەوروبەر نەبێت هیچی دیکەی پێ نییە، با خەڵکانی نەخوێنەواری خۆهەڵکێش بەهاریش بهێننە چۆکان. چونکە ئەوەی کە دەیخەنە بەر چاومان و پێمان دەڵێن، ها کوردیش (داهێنان)ی هەیە و فلان کردویەتی. کەچی دواجار دەردەکەوێت تالانکردنی ئەدەبی جیهانییە، لەو کەسانەوە کە ئەوان زمانەکەی ئێمە نازانن و مەبەستیان نییە بیزانن، ئەگەریش بە دزیکردنەکەشیان زانی، بەلایانەوە گرنگ نییە، چونکە بێ قەیدو شەرت ئەوان ئێمە بە میللەتێکی دواکەوتوو لە قەڵەم دەدەن و ئاساییە شتی وامان لێ بوەشێتەوە.! بەڵام ئێمە ئەدەبی کوردی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانی لێ دەردەکەین، چونکە ئەوان ناویان هەیە لە ئاستی ئەدەبی جیهانین، وەکو سەلیم بەرەکات و یەشار کەمال و محەمەد ئوزون و محەمەد بۆز ئەرسەلان و کەسانی دیکە. بەڵام واقیعی ئەدەبی کوردی بووەتە ئەمری واقیع و هەیە و مێژوویشی بۆ خۆی دروستکردوە.. لە دنیادا نوسەری داهێنەر قەت پێویستی بە زوڕناژەن نییە، چونکە نووسینەکانی خۆیان دەیناسێنن، بەڵام لەم بەشەی کوردستان هەن زوڕناژەن دەکرن و دەیخەڵەتێنن و درۆی بۆ دەکەن و وا لە خوێنەری کوردی دەست سپی دەگەیەنن، کە ئەوان وەکو کورد بیر دەکەنەوە، نەك وەکو بیانی! ئەوانە پێیانوایە دەبێت نوسەرانی لە بابەتی خۆیان، دەمیش بکووتن لە کاروباری شارەوانی و ئاساییش و رەخنەی توند لە دەسەڵات، گەرچی میللەت زۆر لەو جۆرە نوسەرانە ورياترە دەربارەی خراپیەکانی

دەسەڵات لەم وڵاتە، کەچی لە راستیدا ئەمە ئیشی ریپۆرتاژنووسێکی رۆژنامەیە، نەك هی کەسێك کە لافی رووناکبیری گەورە لێدەدات و خۆی بە بڕیار دەزانێت! بێگومان نوسەری بێ جورئەت و لە خۆ بەگومان بوو، یان دەزانێت ئیشەکانی خۆی دزێوەو ئاشکرایە لەلای خەڵکی بە ئاگا، بۆیە ناوێرێت بە قەڵەم رووبەڕووی ئەوانە ببێتەوە کە بە قسەی خۆی گوایە پەلاماری دەدەن و جنێوی پێ دەدەن، کەچی پێچەوانەکەی راستە! چونکە لە نووسین و موناقەشەی مەوزوعیانە، خاڵەکان دەخرێنە سەر پیتەکان و قاچی رەش و سپیش لە بوار دەردەکەوێت، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە خۆیان مات دەکەن و ناوێرن رووبەڕوو ببنەوە، پاکانەشیان ئەوەیە کە خۆیان بە وەڵامدانەوەی لاوەکیەوە خەریك ناکەن، راستیش دەکەن چونکە ئاگادارین بۆ چەند کەسێك نامەی پڕ جنێوی بازاڕیان نووسیوە، بەڵام کەسانی دیکە هەڵدەخرێنن، بەوەی فلانە خائینەو فلان نەخوێنەوارەو فلان کوردپەروەر نییەو دوژمنی کورد بووە، دیارە خەڵکێکی دەروێشش هەن خۆبەخش بە پێ خاوسی دێنە ناو ئیشەکەوەو خۆیان لە قوڕێك دەچەقێنن بە هەزار حاڵ لێی قووتار دەبن، یان هەر لێی قووتار نابن و ناچار دەستدەکەن بە قسەی بازاڕی و جنێودان، وەکو خوێنەر لە زۆر حاڵەتی لەم بابەتە ئاگادارە کە لە سەر رووبەری رۆژنامەو گۆڤارەکانی سلێمانی بەڕێوەچوون، تا کێشەکان هەندێکیان گەیشتنە دادگا. بە رای من لە کەلتوری ئەو کەسانەدا شتێك نییە ناوی ئازادیی بێت، بەڵگە بۆ ئەمەش هەر کەسێك ئەگەریش بە مەووزوعیانەو بە بەڵگەش لە سەر ئیشەکانیان بنووسێت، ئەوان هەیانە خەنجەری زمان و جنێوی ناشیرین و هەڵوێستفرۆشتنی درۆزنانە. بۆیە



ئەوانە بڕوایان بە بەرامبەرەکەیان نییە، لەو بوارەی خۆیان کەس نییە بەرامبەریان بێت، ئەگینا وای لە حاڵی، دیسان بەڵگەش هەن لە سەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی باشووری کوردستان و ماڵپەرە کوردیەکانی ئینتەرنێت، ئەوانە تەنها خۆیان بەوە دەزانن خاوەن بەرهەمی دەگمەن و جوان بن. کەسی دیکە نییە، چونکە ئەوان بە فکری خۆیان، خۆیان لەبەرەی گەورە بیریارەکانی دنیا دادەنێن، کەچی کاڵاکەشیان هی خویان و کوردیش نییە، بگرە مارکەی بیانی پێوەیەو مارکەیەکی ساختەی کوردی لێ دەدەن و لە بازاڕی ئازادی شێواوی کوردی دەیانەوێت ساغیکەنەوە... دواجار هەندێك لەوانە بۆ مەبەستی قسەی خۆیان هەندێك وتە دەهێننەوە بە ناوی نوسەرانی جیهانەوە، گومانت هەیە کە ئەو قسەیە دوور لە واقعیانە خەڵکی بیرکەرەوە جگە کورد بیکات، دیاریشە ئەو وتانە لە درووستکردنی خۆیانە، چونکە قسەکە رێك مەبەستی خۆیان دەپێکێت، بەرامبەر ئەو کەسانەی کە قسەی پێدەڵێن، بۆیە تەنانەت لەمەشدا بە ئەمانەت نین. بێگومان ئاشکرا کردنی حاڵەتی دزێو لە ناو کوردەواریدا واتای بوغزوکینە نییە، وەکو ئەو کەسانە تێیگەیشتوون، بگرە لێرەدا مەسەلەکە (اسقاطات)ی خۆیانەو بە کەسانی دیکەی دەفرۆشنەوە، چونکە نوسەرانی کورد ئەگەر جوانیان نەنووسیبێت، بەڵام جنێویان نەنووسیوە، شایەت بۆ ئەمەش با تەماشای ئەدەبی کوردی پێش راپەرین بکەین، با بزانین چەند رستەو پەرەگراف جنێویان تیایە، بڕوا ناکەم بە مووکێش بگەڕێی جنێوێکی تیا بێت، کە مایەی گلەییکردن بێت لە نوسەر. بەڵام شکوور دوای راپەرین و لە سەر دەستی ئەو جۆرە نووسەرانەی باسمان

کردن، ئێستا لە جنێودان هونەر بەکاردێنن، رۆژنامەکانیش خوا هەڵناگرێت قسوور ناکەن لە بڵاوکردنەوەی ئەو جنێوە مۆدێرنانە!! بۆیە دوای راپەرین جۆرە نووسین پەیدا بووە، پڕە لە بوغزوکینە، بەڵام دەگمەن خاوەنەکانیان سەر بە نەوەی بەر لە راپەرین بن، ئەو دەگمەنەش ناسراون و چونکە هەر لە بنەڕەتدا ئەوانە خۆیان هیچیان پێ نەبووە. کەس نییە لە دووجار زیاتر بەرهەمێك بخوێنێتەوەو لێی تێ نەگات، ئەگەر هاتوو سێ جار خوێندیەوە دیارە مەبەستێتی شتێکی لێ بدۆزێتەوە، ئەگینا چۆن تۆ دەزانی کەسێك دوو سێ جار شت دەخوێنیتەوەو لێی تێناگات؟ کەسیش لە دنیادا نییەو لە هیچ کوێکیش بێت لە ناو خەڵکدا بڵێ من فلان شیعر یان فلان رۆمانم سێ جار خوێندەوە لێی تێنەگەیشتم، ئەم قسەیە خۆی لە خۆیدا بووختانێکی رووتە بە خوێنەری کوردا دەکرێت، ئەوانە خوێنەری کوردیان پێ گەمژەیە، بۆیە ئاوها بیردەکەنەوەو دەنووسن و لە ناو ئەدەبی جیهانیدا تەراتێن دەکەن و وەردەگرن و بەو خوێنەرەی دەفرۆشن کە لەلای ئەوان گەمژەیە، بەڵام چەند نموونەی خوێنەری زیرەك و وریای دوای راپەڕینم بینی و گوێمان لێیان بووە، زۆر وریان و ئاگایان لە هەموو دیاردە دزێوەکانی نێو بواری ئەدەبی کوردی هەیەو قسە دەکەن و خەڵکێکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، بێئەوەی هیچ کەسێك و لایەنێك هانیان بدات یان پشتگیریان بکات، بۆیە ئەو خەڵکانە یاغنیشن ئەگەر بێتو خوێنەری ئێستای کورد بە گەمژە تێ بگەن.

زۆرن ئەو قسە هەلەق و مەلەقەی ئەو جۆرە نوسەرانە دەیکەن، تەنها خوێنەرێك وەکو خۆیان باوەڕیان پێدەکەن.کە هەمان پیشەیان هەیە و



لەسەر هەمان رێباز ئیش دەکەن. هەر بۆیەش هەندێك وشەی سواو لە فەرهەنگی ئەواندا بەرامبەر بە هەموو کەسێك دووبارە دەبنەوەو تەنانەت نازانن تازەگەریی بکەن لەو وشانەدا!! لەوەش سەیرتر ئەو کەسانە ئەگەر پرسیاری ئاویان لێ بکەیت باسی ئاگرت بۆ دەکەن و لەو بابەتە سەرکیە دەردەچن و لە پرسیارەکەی تۆ لادەدەن ،دەچنە سەر ئەو بابەتە کە خۆیان مەبەستیانە..! هەرگیز ناچنەوە سەر ئاوەکە.. چاوپێکەوتن لەگەڵ نوسەرێکی بیانی دنیای ئەدەبت لە پێش چاو جوان دەکات، بەڵام چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرێکی کوردا ئەدەبی کوردیت لە پێش چاو دەخات، چونکە هێندە قسەی بێ سەروبەر و فروفیشاڵ دەکات تەنها خۆی پێ نوسەرەو کەسی دیکەی پێ خوێنەوار نییە، بێگومان حاڵەتێکی نەخۆشانەیە لە نێو ئەدەبی ئێستای کورد لە باشووری کوردستان.. دیارە هەندێك کەس هەن بێ ئاگان، یان تووشی نەخۆشی لە بیرچوونەوە بوون، بۆیە نازانن لەو مێژووی ئەدەبی جیهاندا، هەبوون بەرهەمی خەڵکیان تالانکردوەو دواجار رەخنەگرەکان، یان ئاگاداران ئاشکرایان کردون، بۆنموونە (ئالیکساندەر دۆمای باوك) چاپخانەی هەبووە هەر کەسێك بەرهەمی بۆ ناردوە بە ناوی خۆیەوە بڵاویکردۆتەوە، یان دزیەکی ئەم ساڵانە دواییەی (فرانسوا ساگان)، یان ژنە رۆمانووسی جەزائیری(ئەحلام مستەغانمی) دەڵێت چەندین بەڵگەم لەلایە لە سەر دزی ئەدەبی نوسەرە جەزائیریەکان، چەندین نمونەی دزی ئەدەبی هەیە کە ئەوانە ئاگایان لێی نییە، یان خۆیانی لێ گێل دەکەن، پێیانوایە ئەوانەی کە دزان ئاشکرا دەکەن خەڵکی درۆزنن، چونکە خۆیان دزیان کردوەو ئاشکرا کراون.. نازانم

چۆن خەڵكێك هەیە بە فەلسەفەیەك قسەدەكات بەس خۆی لێی تێدەگات، چونكە نووسین لەگەڵ بیركردنەوە جمكن، چۆن دەبێت نووسینەكەم دژی بیركردنەوەم بێت؟! یەكێك لەوانە دەڵێت: ئەوانەی لەلا گرنگ نییە كە دژی دەنووسن، ئەوانەی بە لاوە گرنگە دژی بیردەكەنەوەین!!. ئەم قسەیە لەكام فەلسەفەی دنیادا هاتووە؟! بۆیە ئەم جۆرە كەسانە سەقەت بیردەكەنەوەو سەقەتیش دەنووسن.. بۆیە بوونی رەخنەگر لەم وەزعە ئەدەبییەی كورددا زۆر زەرورە، بۆ ئەوەی بە تیرۆریستی ئەدەبی و ئیتر بە میللەتی دواكەوتوومان لە قەڵەم نەدەن.



## رۆمان وبۆچوونە هەڵەكان

**(ئەی دۆست، ئەم دەڤەرە بۆنی گەندەڵی و نەخوێنەواری لێ دێت)**

**-وتەی دزگرێك-**

دوای ئەنجامدانی ئەو كۆمەڵە سمینارانەی كە لە هەولێر گرێدران لە سەر رۆمانی كوردی لە سەرەتای مانگی شەش، گوێمان لە زۆر بۆچوون و رای سەیروسەمەرە و هەڵە بوو لە سەر رۆمان و نووسینی رۆمان و مێژووی رۆمانی كوردی و رۆمان بەگشتی، لەوانەش:

-رۆمان بەرهەمی شارەو زادەی كۆمەڵگای كشاروەرزی نییە:

-رۆمان بەرهەمی كۆمەڵگای پیشەسازیە، ئەگەر كۆمەڵگایەك نەتوانێت شقارتەیەك بەرهەم بهێنێت ناتوانێت رۆمان بەرهەم بهێنێت..!

-رۆمان زیاتر لە سەدەكانی ناوەڕاست پەیدا بووە.

-ئەوەی رۆمان دەنووسێت دەبێت زۆربەی شوێنەكانی دنیا گەڕابێت!!

زۆر لەم بۆچوونە سەیرو نابەجێیانە..

ئێمە زیاتر لێرەدا لە سەر خاڵی یەکەم دەوەستین، واتا لەم بەشەدا، کە ڕۆمان زادەی شارە. وشەی(ڕۆمان) یان نۆڤل بە واتا ئەورووپییەکەی، دەشێت ئەو داستانانە بگرێتەوە کە هەموو توخمەکانی ڕۆمانیان تیا ئاوێتە کراوە، بێگومان لە سەردەمێك تۆمارکراون کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەنانەت نەیزانیوە شمشێرێکی ڕێکوپێك دروستبکات و شاریش ئەو واتایەی ئێستای نەبووە وەکو هەیەتی. بێگومان ئەو شارەی مەبەستیانە دەبێت هەموو ڕەگەزەکان و خەسڵەتەکانی ئێستای تیا بێت، مەبەست لە شار مەدەنیەت و ژیانی پێشکەوتووی کۆشك و تەلار و ساڵۆن جادەی قیرو بەدەر لە هەموو خەسڵەتەکانی ژیانی لادێ، بۆ نموونە داستانێکی دانسقەی وەکو(ئۆدێسا) ی هۆمیرۆس، هەموو خەسڵەتەکانی ڕۆمانێکی وەکو(جەنگ و ئاشتی) تیایە، یان وەکو ڕۆمانێکی(مۆبی دیك)ی هرمان ماڵڤێل، لە زۆر شوێن بە ڕۆمان دەڵێن(داستان) ئیدی ئەو داستانە دەماودەم بوویێت یان نووسراو بێت، بەڵام سەردەمانێك کە گۆمەڵگای کشاوەرزی و شار پەیوەست بوون، ڕۆمانێکی وەکو(دۆنکیخۆتە) ی-سێربانتس-ی بەرهەمهێناوە. گەرچی لە سەردەمی سوارەیی باوی هەبووە، کەسایەتی سوارچاك لەو کۆمەڵگایانەدا پێشەنگ و هەڵگری ڕۆحی سەردەم بووە، دیاریشە سوارەیی یان سوارچاکی(الفروسیە) زادەی کۆمەڵی کشاوەرزیە، گەرچی(دۆنکیخۆتە) زیاتر گاڵتە پێکردنە بە ڕۆحی سوارچاکی لەو سەردەمە، (سێربانتس) لەو ڕۆمانەدا دەیەوێت ستراتیجیەتی ئەو بیرۆکە هەڵوەشێنێتەوە لە ڕێگەی کەسایەتیەکی خەیاڵ پڵاوی وەکو(دۆن کیخۆتە)..



یان تۆ بڵێی ئەوانەی دەڵێن گوایە ڕۆمان لە شار بەرهەم دێت و هەر باسی ژیانی شار دەکات؟ یان ئەوەتا نوسەرەکانی شارنشین بووبن؟ کەچی هەر بۆ نموونە(جەنگیز ئایتماتۆف)کوڕی شار بووە، بەڵام بابەتی سەرجەم ڕۆمانەکانی لادێن، یان تۆ بڵێی ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت کە ڕۆمان لە کۆمەڵگای کشاوەرزی بەرهەم نایەت؟! ئەی بۆچی(دۆنکیخوتە)و زۆربەی ڕۆمانەکانی(لوی دیڤیگا) لە ئیسپانیا هاوزەمانی(سێربانتس)بوو لەو سەردەم و ئان وەختەدا بەرهەمهاتوون، نموونەکان زۆرن لە پێش سەردەمی(ڕێنیساس) و ئەو لاتریش، بۆیە پێموایە هیچ سەردەم و زەمانێکی دیاریکراو ڕۆمانی بەرهەم نەهێناوە، یان هیچ توێژو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، ئێمە ناتوانین ڕۆمانەکانی سەرەتای سەدەی ناوەڕاست بڵێین سەرەتای ڕۆمانن و(دۆزەخ) ی (دانتی) ڕۆمان نییەو داستانە، ئەی دەپرسین سەردەمی(هۆمیرۆس)کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ پێش لە دایکبوونی عیسا واتا (زایین) چ کۆمەڵگاو سەردمێك بوو؟ ئایا پیشەسازی بووە یان کشاوەرزی، یان شوانکاری، یان کۆیلەیەتی؟ لە کاتێکدا خەڵکی هەڵبژاردەی ئەوان(النخبە)بڕوای بە قەدەریەت هەبووە، بۆیە زۆربەی داستانەکانی گریك باس لەم قەدەریەتە دەکەن، واتا خواوەند چی دیاریکردبێت هەر ئەوەیە، بۆ نموونە داستانی( ئودیب)-سۆفۆکلێس، یان داستانی(سیزیف)، کە دوو کاری هاوچەرخانەیان لە سەر ڕۆنراوە وەکو (ئۆدیبی مەلیك)ی (ژان کۆکتۆ) و لێکۆڵینەوە قەشەنگەی (ئەلبێر کامۆ)، چیرۆکی(ئودیب)ئەوەیە کە یەکێك لە شایەکانی گریك پێی ڕادەگەنن کە ئەگەر ژنەکەی(کلیمنسترا)کوڕی بوو، ئەو منداڵە کە گەورە

بوو باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی خۆی مارە دەکات، بۆیە هەر کە باوکی ئودیب کوڕی دەبێت یەکسەر فەرمان دەدات بە مەلۆتکەیی منداڵەکە لە دەشتو دەر تووڕدەن تا گورگ بیخوات، یان دەفەوتێت، ئیدی فەرمانەکە جێبەجێ دەکرێت و منداڵەکە لە دەرودەشت تووڕ دەدرێت دواجار شوانێك دەیدۆزێتەوەو بەخێوی دەکات و دەیکاتە کوڕی خۆی تا گەورە دەبێت کوڕەیەش ئازاو توندوتۆڵ دەبێت، لە ئەفسانەکەدا واهاتووە کە مەلیکەکە زۆر زۆردار دەبێت و خەڵکی دەیانەوێت رزگاریان بێت، بۆیە ئەو کوڕە شوانە دێت وەکو قارەمانێك سەرکردەی سەرهەڵدان دەکات و پاشا دەکوژێت و ژنەکەشی دەخوازێت بێئەوەی بزانێت ئەمە دایکی خۆیەتی و کچێکی لێ دەبێت ناوی دەنێت (ئەنتیگۆن)، هەر کە دواجار دەزانێت دایکی خۆی خواستووە بە کوێری سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕوات، یاخود لەو سەردەمەی گریکدا داستانێکی وەکو(ئودێسا)بەرهەمهاتووە، نەکەس دەتوانێت لەگەڵ رۆمانێکی وەکو(جەنگ و ئاشتی)جیای بکاتەوە، نە کەسیش دەتوانێت لەگەڵ رۆمانەکانی (مارگریت دۆراس) بەراووردیان بکات، نموونە زۆرن بۆ ئەم مەسەلەیەو پێویستی بە کتێبێکی تایبەت هەیە، بەڵام کاتێکیش داستانێکی دانسقەی وەکو(ئودیب) نووسراوە، لەو بڕوایە نیم کە گریکەکان توانیبێتیان شقارتەیەك چییە دروستی بکەن، هەر بۆ ئاگرکردنەوەش بەردە ئەستێ و قاوویان بەکارهێناوە، ئەم قسەیەم بۆ ئەوەیە چونکە بەڕێز(خەسرەوجاف) لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا، پێیوایە چونکە کورد ناتوانێت شقارتە دروست بکات ناتوانێت داستان و رۆمان بەرهەم بهێنێت. باشە من پرسیارێکی زۆر سەرەتایی دەکەم ئایا



ئەحمەدی خانی کورد نەبووکە داستانی (مەم وزین) ی نووسی، گەرچی کورد لەو سەردەمەدا پێموایە نەشیتوانیوە چەقۆیەك دروست بکات؟! کورد دەیان داستانی داهێناوە، داستان و بەیتەکانی(توحفەی موزەفەریە) شایەتحاڵن، هەروەها دەیان ئەفسانەی تۆمار کردووە، بێگومان ئەفسانە پڕیەتی لە خەیاڵ و وەسف و جوانکاری و فەنتازیا، کە ئەمانەش توخمی زۆربەی رۆمانەکانی(مارکیز)ن. زۆربەی چیرۆکەکانی تەورات و ئینجیل رۆمانیان تیایە، بۆ نموونە چیرۆکی پەیامبەرەکان،کە هەریەکەو جۆرێکە لە داستان و ئەفسانە وەکو چیرۆکی(یوسف) یان چیرۆکی (ئیسماعیل)، کەچی لە سەردەمانێك هۆنراونەتەوە کە مرۆڤ توانیویەتی تەنها گۆچان لە دار دروست بکات، شاریش لەو سەردەمانە بە واتای ئەم شارەی ئێستا یان شارانی پێش سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا نەبووە، شاریش تەنها زۆروبۆری و بەیەکاچوونی بازاڕوکڕین و فرۆشتن نییە، بگرە زۆر خەسڵەتی ژیانی پیشەسازییش لەخۆ دەگرێت.. بەم بۆنەوەیە ئێمە دەتوانین ئەو قسەیەی(گۆنتەر گراس)سەبارەت بە رۆمان بە باڵای داستانیشدا ببڕین، کەدەڵێ: (رۆمان درۆیەکە حەقیقەت دەگێڕێتەوە) چیرۆکەکانی تەورات و ئینجیل و قورئانیش لە داستانەوە نزیکترن لەوەی لە ئەفسانەوە نزیك بن، بۆ نموونە چیرۆکەکانی(لوط پێغەمبەر) و(نوح)و داستانی( ئەبرهەی ئەشرەم) لە قورئاندا، پەیابوونی عیسا و رووداوی راوەدوونانی و دەستگیرکردنی و لە خاچدانی، هەر ئەو لە خاچدانە بووە هەوێنی شاکارێکی وەکو(لە خاچدانەوەی مەسیح)لە نووسینی(نیکۆس کازانتزاکی).

چونکه ئێمه خەسڵەتەکانی داستان و ئەفسانەیش دەزانین، یەکێك لەو خەسڵەتانە: دەشێت بابەتەکانی داستان رووبدەن، واتا ئەگەری رووداني‌یان هەیە، کەچی بابەتەکانی ئەفسانە زیاتر لە ئەقڵ واقیع بەدەرن و ئەگەری رووداني‌یان زۆر دەگمەنن، بەڵام ئەگەری دووبارەبوونەوەیان کارێکی هونەری شیاوە، بۆ نموونە مردنەکەی(ئۆڤیلیا)و هەڵچوونی بەرەو ئاسمان لە رۆمانی(سەد ساڵ تەنیایی)مارکیزدا، کە ئەمەشیان لە ئەفسانەی ژیان و مردنی(مەسیح دا) روودەدات، ئێمە ئەگەر لیستێك بۆ ئەو داستان و نمایشانە دروست بکەین، کە مرۆڤایەتی لە سەردەمێکدا بەرهەمی هێناوە، ئەو دەمەیش کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆمەڵەیەکی تێکەڵە بووە لە شوانکاری وکشاوەرزی، ئەوا لیستێکی دوورودرێژمان بۆ فەراهەم دەبێت، ئێمە دیسان بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین ئەوەی ئێستا پێی دەڵێین(رۆمان)لە منداڵدانی داستان و نمایشەکانی سەر تەختەی گریکەوە(شانۆ) سەرچاوەی گرتووە، ئەوەتانێ داستانی(ئودیبۆس)ی سۆفۆکلیس، وەکو لەمەوبەر ئاماژەمان پێی کرد و(ئەلیکترا)و (ئەنتیگۆن)و (سیزیف)و دەیانی دیکە، کە لەوانەیە رۆمانی ئێستا لە خەسڵەتەکانی ئەوانەوە سەرچاوەیان گرتبێت، هەر بۆ نموونە(جۆرج لۆکاش) رۆمان بەوە ناوزەد دەکات کە داستانێکی بورژوازیە. لێرەدا مەبەستمانە کە بڵێین کە رۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە کونی دیوارەوە نەهاتووەتە دەرێ، هەروەکو چەند کەسانێك وای بۆ دەچن، یان زادەی کۆمەڵگا وتوێژێکی دیاریکراو بێت، چۆن شیعر کۆنترین ژانری ئەدەبیاتی مرۆڤە، رۆمانیش دەگەڕێتەوە سەر کۆنترین ژانری کەلتووری مرۆڤایەتی،



کە ئەویش داستان و ئەفسانە و هەقایەتەکانی بەر ئاگردانە. ئەوەتانێ داستانی (ئۆدێسا)لەلایەن (جێمس جوێسەوە)وەکو رۆمانێکی هاوچەرخ داڕێژراوەتەوە بە ناوی(یولیسیس)ەوە، بۆیە رۆمان ناتوانی بیکەیت بە زادەو دەرهاویشتەی هیچ کۆمەڵ و بنەمایەك، یاخود وەکو رەگەزێك لە خوڕا پەیدابووبێت، سەردەمی کۆمەڵگای کشاوەرزی کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش بزووتنەوە(رێنیساس) زۆر رۆمانی بەرهەمهێناوە، یان جووتیار رۆڵی سەرەکیان هەبووە لە رۆمانەکانی سەدەی هەڤدەم و هەژدەم، بە تایبەتی لە روسیا لە سەردەمی سیزەریدا ،کە پتر کۆمەڵگایەکی کشاوەرزی بووە، نەك پیشەسازی بە واتای هاوچەرخانەی ئێستاو جوانترین شاکارەکانی پووشکین و تۆرجنێف و گۆگۆڵ و تۆڵستۆی و دۆستۆیفیسکی بەرهەمهێناوە،(لێنین) سەبارت بە(تۆڵستۆی) وتوویەتی (پێش ئەم نەبیلە جووتیاری راستەقینە نەبووە لە ئەدەبدا.) کەواتە هەڵەن ئەوانەی کە پێیانوایە رۆمان بەرهەمی کۆمەڵگای پیشەسازیەو دەبێت کۆمەڵگایەکی سەنعەتکار بێت، رۆمان کە سێ توخمی سەرەکی درووستی دەکەن (نووسەر و خوێنەرو پاڵەوان) پێویستی بە سەردەم و کۆمەڵگای دیاریکراو نییە، شوانکارەیی بێت یان کشاوەرزی بێت یان پیشەسازی بێت، بۆ نموونە جوانترین رۆمانە نەمرەکانی دنیا (دۆنکیخۆتە)یە لە ئیسپانیای پیشەساز لە دایك نەبووە، بگرە شایەتحاڵی سەردەمی سوارچاکی(الفروسیە)ی ئیسپانیە، کە وەکو بەشێکی ئەدەبیات، هەروەکو(سارتەر) دەڵێت: ئەدەب شایەتی سەردەمەکەی خۆیەتی. ئەگەر بوترێت رۆمان پتر پاڵەوانە، کەچی لەلایەکی دیکەوە دەشبینین داستانیش هەر پاڵەوانە، باس لە قارەمانیتیە تاکە کەسیەکان

دەکات، بۆ نموونە (ئۆدیسا) لە (ئەلیازە)ی هۆمیرۆسدا، داستانەکانی (رۆستەم و زۆراب)ی فارس، (ئۆدیسا)یان (عۆلیس) وەکو پاڵەوانێکی تاك بۆ موغامەرەکردن لە (ئیساکا) سەری خۆی هەڵدەگرێت، زۆربەی شەڕوشۆری گریکەکان و تەروادیەکان دەگێڕێتەوە (تۆرجانیەکان)، وەکو رۆمانێکی مێژوویی ئەو شەڕە خوێناویانە کە بە هۆی ژنێکی وەکو(هێلین)وە بەرپا دەبێت و ئەنجامیش دەبێتە هۆی شکستی تۆرجانیەکان و چیرۆکی (ئەسپی تەروادە)یش لەم شەڕەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم ئەسپە دارینە زەبەلاحە دەبێتە هۆی شکستێکی گەورە بۆ دەسەڵاتێك وەکو دەسەڵاتی تەروادیەکان کە گریکەکان بە دەستیەوە زەلالەتیان بوو، هەر کە(عۆلیس) دوای ساڵانێکی دوورودرێژ دەگەڕێتەوە بە مایەپووچی بۆ (ئیساکا) تەنانەت ژنەکەیشی (پینلۆپی) نایناسێتەوە. لێرەشدا لە رۆمان و بابەتی هاوچەرخدا رەنگیداوەتەوەو بابەتی گەڕانەوەی کەسی نامۆ بوو(عودە المغترب)هەیە. دەتوانین بڵێین رۆمان داستانی جیهانی نوێیە، یان رۆمان بە قسەی (فیلدنگ) داستانێکی پەخشانی گاڵتەجاریە، یان دەتوانین ناوی رۆمان بنێین پرۆسەی دووبارە خۆڵقاندنی ئەفسانەیە، یان رۆمان وەکو(کارلۆس فۆینتس) دەڵێت تۆمارکەری ئەو شتانەیە کە مێژوونووسەکان لە بیریانکردووە، چونکە مێژوونوسان تەنها رووداوە سەرەکی و کارەکتەرە سەرەکیەکان تۆمار دەکەن، یان سەرکەوتنەکان یان شکستیەکان و سەرکردەکان. کەسایەتییەکی وەکو شێخ مەحمودی حەفیدو شۆرشەکانی، هەمووی تۆمارکراون وەکو مێژوو. بەڵام چەندان کارەکتەر لەگەڵی بەشداربوون و کەس ناویان نازانێت. من



لە رۆمانی(کورژنی خوێن)دا کەسایەتیەکەم تۆمار کردووە لەو دەیان کارەکتەرانەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، کە مێژوونووسەکان لە بیریانکرددووە، کەسایەتی(سمایل دارەبانی) کەسێکە لەو قارەمانانەی بەشداری شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی کردووە، لە دەربەند بازیان قاچی دەپەڕێ، من کاتی خۆی ئەم چیرۆکەم یاخۆد ئەم بەسەرهاتەم لە خەڵکانی دیکەوە بیستووە، بەڵام بەناوێکی دیکە. دەیان کەس و سەدان قارەمان و کارەکتەری گرنگ لە شەڕەکانی ناپلیۆن لە بیرکراون. بەڵام(تۆلستۆی)لە شاکارێکی وەکو(جەنگ و ئاشتی) هەموو ئەو شتانەی تۆمارکردووە کە مێژوونووسەکان لە بیریانکردووە.

با ئاورێك لە رۆمانی کوردی بدەینەوە، شایانی وتنە کە بڵێین رۆمانی کوردی تا ئێستا لاساییکەرەوەیەو سەردەمی وەرگرتن و دزیمان تێنەپەڕاندوە، بگرە خەریکە دزیی ئەدەبی لە رۆمانی کوردیدا دەبێتە حاڵەتێکی گونجاو و تەپڵێشی بۆ لێدەدرێت. ئەو رۆمانانەی کە لە نێو ئەدەبی کوردیدا سەدایان هەیە، لە خەڵکی دیکەوە وەرگیراون و زۆر بەڕووداریشەوە دەفرۆشرێت، گەرچی تا ئێستا بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێدراوە یان لە سەریان نووسراوە کە نەك سوودیان وەرگرتووە لە رۆمانی دیکەی جیهانی، بگرە بە پەڕوباڵیشەوە دزیویانەو خەڵکی نەخوێنەواریش چەپڵەی بۆ لێ دەدەن ئەمەیش قسەکەی (گۆبلز)ی وەزیری ریکلامی نازیەکانمان بیر دەخاتەوە کە دەڵێ: (درۆبکە، درۆبکە، درۆبکە، تا خەڵکی بڕوات پێدەکەن) لەلای (روناکبیر)ی ئەم سەردەمەی کوردیش بابەتەکە وای لێهاتووە: (رۆمان بدزە، رۆمان بدزە، رۆمان بدزە. تا خەڵکی

نەخوێنەوار پێتدەڵێن رۆماننوسی (داهێنەر)!! بێگومان ئەمە نەخۆشیەکی کوشندەیە کە گۆڕەپانی کوردی هاوچەرخی تووشی هاتووە. ئێمە پرسیارێك دەکەین، لەوانەیە تۆقێنەر بێت ئەویش ئەوەیە: تۆ بڵێیت رۆمانی کوردی هەبێت؟ ئایا دەبێت دڵمان بەو چەند رۆمانە کوردیە خۆش بێ کە زۆریان گومانیان لە سەرە کوردی بن؟! ئەوانەی هەن خوێنەری کورد لە لاپەڕەکانی یەکەمدا لییان وەرز دەبێت و دەکەوێتە گومانکردنەوە لە توانای رۆماننوسینی کوردی!

ناوەکان زۆر قەبەو زەقن و ناوەرۆك فشۆڵ و تاسەی خوێنەری کورد ناشکێنن، ئەوانەی ناوی قەبەن گومان لێکراون و لە سەر وەرگرتنیان لە خەڵکی دیکەوە لە سەریان نوسراوە، نمونەکانیش زەقن مەسەلەکە وای لێدێت کە بڵێین دوکانەکەی بەکرو دووقاڵب سابوون، کام لەم رۆمانانەی خۆمان دەگاتە ئاستی هەرهیچ نەبێت وەکو (دایك) یان (پیرەمێردو زەریا)و کامیان لە مێشکی خوێنەری کوردا ماون؟ من لێرەدا خۆشم دەخەمە جوملەی ئەوانەوە، دەشێت بە ناو رۆماننووسمان هەبێت کە ئێستا زیاتر لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێك رۆمانی لە بازاڕی کەساسی کتێبی کوردیدا هەیە، بەڵام سەرەتا بە وەرگرتن (دزی) دەستی پێکردوە ئیدی خوێنەر چۆن بڕوای بە ئایندەی ئەو جۆرە رۆماننوسانە دەبێت، ئەوەی کە زۆربەی کات لە کۆڕو کۆبوونەوەکان باسیان لێدەکرێت لە بارەی رۆمانەوە تەنها باس باسی رۆمانی بیانی و عەرەبییە، نەك کوردی، چونکە بە هەقەت رووی ئەوەیان نییە باسیان لی بکرێت، هەموو تەمەنی رۆمانی کوردی دەکاتە (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەدو لە ژێر کاریگەریی



رۆمانەکانی (نەجیب مەحفوز) رزگاری نەبوە، یان رۆمانەکانی _ئیحسان عەبدلقدوس -لە نموونەی (في بيتنا رجل) — پیاوێك لە ماڵەکەمان — و رۆمانی (شار)ی حسێن عارف، کە جۆرە موحاکاتێکی رۆمانی(میرا مار)ی نەجیب مەحفوزە، هەر بۆ نموونە و هیچی دیکە، جگە لەوەش ئەو رۆمانانەی کە زۆر تەپڵیان بۆ لێدەدرێت وەرگیراون و لە سەریان نووسراوە کەچی بە لای خوێنەری کوردەوە هێشتا هەر مەسەلەی (بشفڕێ بزنە)کەیە..

هەندێك پێیانوایە دەبێت رۆماننوس زۆر وڵات و شاران بگەڕێت ئەوجا بۆی هەیە رۆمان بنووسێت. نووسین خۆی لە خۆیدا کردەوەیەکی زەینیەو دەتوانرێت لە ژوورێکدا ئەنجام بدرێت بێگومان روماننوس لە پڕێکدا نابێتە کوڕێ، بگرە ئەنجام بەسەربردنی تەمەنێکی زۆر لە دووتوێ کتێب و بە شێوەیەکی مەوسووعی و تێکەل بوونی لەگەڵ ئەزموونە گشتی و تاکە کەسیەکان دا. ئەگەر بە گەڕان بووایە کەسانی گەڕیدە دەبوونە باشترین رۆماننووسانی دنیا، یاخود فڕۆکەوانەکان و دەریاوانەکان چاکترین رۆماننوسیان لێ دەردەچوو، بێگومان لە رۆماننوسەکانی دنیا کە فڕۆکەوان بوو ناوی (سانت ئاگزۆبری)مان بە بیردێتەوە کە خاوەنی شاکاری وەکو(خاکی ئادەمیزاد)و (پۆستەی باشوور)و (فڕۆکەوانە بچکولانەکە)یە، یان لەوانەی شارەزای دەریا بوون (جوزێف کۆنراد)و پتریش دەریاوان بوو کە خاوەنی رۆمانی (ناوجەرگەی تاریکی)و (لۆرد جیم)ە، تارادەیەکیش (هیرمان میلڤل)یش کە خاوەنی رۆمانی (موبی دیك)ە. کە ئەمەیش دەکاتە ئەوەی رۆماننووسەکان تەنها بە پێی ئیشەکەیان چوونەتە ناو

بوارەکەی خۆیانەوە، بۆ نموونە (ئیرنست هەمنگوای) کە پەیامنێری جەنگی بووە سوودی زۆری وەرگرتووە لە شەڕەکانی ئیسپانیا بۆ نووسینی هەردوو رۆمانی (ئەی چەك ماڵئاوا)و (زەنگەکان بۆ کێ لێ دەدرێن)، بۆیە رۆماننوس بە پێوەست بوونی بە پیشەیەك ، یان بەشداربوونی لە دۆخ و باروزروفێکدا، وەکو بۆ نموونە بەشداربوونی (ئەریك ماریا ریمارك) لەشەڕی جیهانی یەکەم وەکو سەرباز زەخیرەی ئەوەی پێدا کە رۆمانەکانی، وەکو (هەموو شتێك لە بەرەی خۆراوا هێمنە) و (کاتێك بۆ خۆشەویستی کاتێك بۆ مردن)، (شەوی لیشبۆنە). مەرجیش نییە رۆماننووس دەبێت جەنگاوەر بێت تاوەکو لە بارەی جەنگەوە بنووسێت، بۆ نموونە (تۆلستۆی)کابرایەکی نەبیل بوو هەرگیز خزمەتی سوپای نەکردبوو، بەڵام جوانترین رۆمانی لە سەر کەش و هەوای جەنگ نووسی (جەنگ و ئاشتی )و (ئانا کارنینا)، هەروەها بڕواناکەم (مەکسیم گورکی) هەموو شارو وڵاتانی دنیا گەڕابێت تا رۆمانەکانی (دایك) و (لە پێناوی ناندا) بنووسێت، کە بابەتەکانی ئەم رۆمانانە سەرومڕ پەیوەندی بە ژیانی خەڵکی رووسیای سەردەمی سیزەریەوە هەیەو ژیانی خۆی و خێزانەکەی کردوەتە هەوێنی ئەو رۆمانانە کە پوختەی رۆمانەکانی لە کتێبی(ژیانم)دا هاتووە. لەو کتێبەدا باسی ژیانی خۆی و خێزانەکەی دەکات، ئیدی چ پێویستی بە گەڕانی شارانی وەکو لەندەن و پاریس و رۆما و دەلهی و بەغدا و تاران هەیە، تاوەکو رۆمانی سەرکەتوو بنووسێت. زۆر رۆماننووس هەن لە وڵاتەکەی خۆیان بەولاترەوە نەترازاوە، ئەگەریش ترازابێت چ سوودێکی لە گەڕانەکەی نەدیوە، بۆ نموونە (مارسیل پروست)



کاتێك شاکارێکی وەکو (گەڕان بە دوای زەمەنی ونبوەوە)ی نووسی نەخۆش بوو، بابەتی سەرەکی رۆمانەکەش کۆمەڵی پاریسیە لە ژوورەکەی خۆی نەدەهاتە دەرەوە، یاخود پتر سەربووردێکی خێزانی خۆیەتی، کەچی بە یەکێك لە شاکارەکانی دنیا دەژمێردرێت، ئەوەشمان لە بیرچوو بڵێین کە (تۆلستۆی) بۆ نووسینی شاکاریکی وەکو (جەنگ و ئاشتی) چ سەرچاوەیەکی هەبوو، دەڵێن بۆ زانیاری وەرگرتن لە سەر پەلامارەکانی ناپلیۆن بۆ سەر رووسیا پەنای بردوەتە بەر بەڵگەنامەو کتێبخانەکانی موسکۆو ئەو شاکارەی لەسەریان دامەزراندوە، یان دۆستۆیفسکی سوودی لە رۆژانی بەندی خویٚ وەرگرتووە لە سایبریا کاتێك سزای لە سێدارەدانی بە سەردا درابوو دواجاریش بەخشرا، بۆ نموونە لە کتێبی (بیرەوەریەکانی خانووی مردووان)دا باسی ئەو ئەزموونە تاڵەی دەکات لە زیندانەکانی سیبیریادا، خۆی دەڵێت زۆربەی پاڵەوانی رۆمانەکانی بە چاو بینیوە و لەگەڵیاندا ژیاوە، بۆیە مەرج نییە رۆماننووس گەڕیدەی شاران وڵاتان بێت، چونکە ئەو ئەدەبی گەشتوگوزار نانووسێت تا باسی هەموو کوچەو کولانی شاران و وڵاتان بکات، هەر وەکو (گۆنتەر گراس) دەڵێت: (رۆمان درۆیەکەو راستی دەگێڕێتەوە) لە بەرئەوە کاری رومانن‌وسین کارێکی زەینیە (مەکسیم گورکی)دەڵێت: چەندین سەعات لە پشتی مێزەکەمەوە دادەنیشتم بۆ ئەوەی دێڕێك بنووسم. واتا رۆماننوسین یادەوەری نووسین و گەشتوگوزار نییە تا پێویستی بە گەڕان و دنیا دیدەیی هەبێت و ببێتە رومانن‌ووسێکی چاك. بگرە پتر پێویستی بە ئەزموونی خودی خۆیی هەیە. پێویستی بە خوێندنەوەی مەوسووعی هەیە، پێویستی بە بیر تیژی هەیە

وردەکاریەکانی ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەی لە زەینی خۆی تۆماربکات و لە کاتی پێویست پەنایان بەرێتە بەر. لە بەشی پێشوو وتمان (کارلوس فۆینتس) پێیوایە رۆماننووس ئەو شتانە تۆمار دەکات کە مێژوونووسەکان لە بیریانکردوە، بۆ نموونە رۆمانی (گوندەکەم لە سایەی ئەڵمانەکاندا) کە چەند بە قەشەنگی وردە رووداوە کارەساتاویەکانی ژیانی کومەڵی فەرەنسی تۆمار کردوە لە کاتی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانەکانەوە. ژیانی پڕ ترس و دڵەڕاوکێ و برسیەتی و بەرگری و داوێن پیسی سەربازە ئەڵمانیەکان و ژنە سۆزانیە فەرەنساییەکان. یان رۆمانی(خامۆشی دەریا) –ڤیرکور- کە رۆماننوسێکی نەناسراوی فەرەنسایە باسی ئەو خامۆشیەی مرۆڤی فەرەنسی دەکات کە مێژوونوسەکان باسی ناکەن، ئەو بێدەنگیەی کە ورەی نازیەکانی رووخاند و شکستی پێهێنان لە هەموو بەرەکانی جەنگدا. یان (ئەمیل زولا) پێویستی بەوە نەبوو شارەکانی ئەورووپا بگەڕێت تا باسی سۆزانەکان و ژیانیان بکات، بەڵکو دەچووە سۆزانیخانەکان زۆربەی کاتی بە سەر دەبرد بۆ ئەوەی وێنای ژیانی سۆزانیەکان بکات، هەر بۆ نموونە (نەجیب مەحفوز)ی میسری زۆربەی کاتی لە چایخانەکانی (خان خەلیلی)بەسەر دەبردو هەموو قارەمانی رۆمانەکانی لەوێوە هەڵبژاردوە. (نەجیب مەحفوز )خۆی دەڵێت هەر کارەکتەرێك کە لەو شوێنانە دەیدۆزێتەوە فایلێکی تایبەتی بۆ دەکات، یان (مارکیز) دەڵێت لە رۆمانی (خۆشەویستی لە زەمنی کۆلیرەدا) ئەو جووتە ئاشقە باپیرەو داپیرەی خۆیین و نەچووە لە وڵاتەکانی دیکە بیانهێنێت، چونکە رۆماننووس لە گەڕاندا ناتوانێت



بچێتە بنج و بنەوانەی کارەکتەرەکانیەوە چونکە پێیان نامۆیە لە گەڕانەکانیدا دەتوانێت تەنها دیمەنەکان وەربگرێت یان کارەکتەرەکان و لەگەڵ کارەکتەرەکانی وڵاتەکەی خۆیدا بەراووردی بکات، بۆیە داهێنان لە خۆتەوە دەستپێدەکات و لە وڵاتی خۆت و گەڕەکی خۆت و ماڵی خۆتەوە سەرچاوە دەگرێتە بەر نەك گەڕانی شارانی وڵاتانی دنیا...

## سێ نەوەی داهێنانی شیعری کوردی

## خوێندنەوەیەك بۆ قەسیدەی(تۆ مەچۆ بۆ شەڕ)

ئەم بابەتە ئەنتۆلۆژیایەك نییە بۆ شیعری هاوچەرخی کوردی، بگرە پێشەکیەکە بۆ راستکردنەوەی هەندێك هەڵە لەلایەن هەندێك پرۆفیسۆرەوە دەنوسرێن سەبارەت بە شیعری تازەی کوردی، یان چیرۆکی نوێی کوردی، یان رۆمانی کوردی.. دەبێت ئەوەش بڵێم ئەم نووسینە تایبەتە بە شیعری هاوچەرخی کوردی، کە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو(سۆرانی) نووسراوە..

ئەم قەسیدەیە هی شاعیری لاو (ماردین ئیبراهیم)ە کە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٥٥٩ دا بلاوبووەتەوە.



یەکەم کۆمەڵە شیعری کە دەرچوو مژدەیێکی باشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، وەکو دەنگێکی نەوەی شیعری نوێ، هەر خۆشم لە سەر ئەو کومەڵیەیم نوسی و ئەوەم ئاشکرا کرد ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم.. بەر لەوەی بێمە سەر قەسیدەکە باس لەو سێ نەوە داهێنەرەی شیعری هاوچەرخی کوردی دەکەم، وەکو نەوەی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان و ئینجا دوای راپەڕینیش. گەرچی هەندێك لەو نەوەیانە تا نیوەی رێگاکە بڕیانکردو وەستان، هەندێکیانیش بەردەوام بوون بە نەفەسی جیا جیا. بێگومان شیعری نوێی کوردی لە دایکبووی سالآنی حەفتاکانی سەدەی رابردوو نییە، بگرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی نوری شێخ ساڵح و گۆران و تارادەیێك ئەحمەد هەردی و کامەران موکری، لە سەردەمی هەڵاوسانی بیرەباوەڕی پێشکەوتنخوازی و نەتەوەییدا. دواجار لە قۆناغی حەفتاکان زیاتر شیعری نوێی کوردی گەشەی کرد، گەرچی لە کۆتایی شەستەکانیش جوڵەیەکی بەرچاو هەبوو. دواتر هەر دوای بەیاننامە کورد خەڵتێنەکەی یانزە مارس، کەش و هەوایەکی هێنایە گۆڕێ و جۆرە سەربەستیەکی رۆشنبیریی و سیاسی دامەزرا. بە تایبەتی بواری رۆژنامە وکەلتوری وبلاوکردنەوەی کورد، کە تا ئەو دەمە لە شتە قەدەغەکانی سیاسەتی عێراقی بوو، ئیدی ئەو دەنگە شیعریانەی کە پێشتر هەبوون زیاترو بەرچاوتر دەرکەوتن. وەکو شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدولا پەشێو و سەلاح شوان و ئەنوەر شاکەلی (فەرهاد شاکەلی) و سەلام محەمەد، رەفیق سابیر، ئەنوەر قادر جاف، نەوزاد رفعەت، جەلالی میرزا کەریم، بێگومان ئەمانە وەکو دەنگە دیارە کانی شیعری نوێی کوردی ئەو قۆناغە، دواجایش ناوگەلێکی

زۆر دەرکەوتن، یان دەردەکەوتن، هەروەکو نەیزەك هەڵدەبوون و دەکوژانەوەو نەبوون بە دەنگی دیارو بەردەوام. ئەم خاریتەی شیعری کوردیە هەروەکو خاریتەی کوردستان پر پێچ و پەنا و خەتی ناڕاستە، ئەوە نییە هێڵێکی راستی گرتبێت و بەردەوام بوویێت، چونکە خاریتە سیاسیەکەیشی وابووە، هەمیشە رەوتی ئەدەبیاتی کوردی هاوشان و هاوتەریب بووە لە قۆناغ و جوولەی سیاسیدا. بۆیە دەبینین بارۆمیترەکە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە، شاعیرانی قۆناغی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، دەبینین هی وایان هەبوو بە هێڵێکی ئاسۆیی رێك بەردەوام بوون لە ئەزموونەکەی خۆیاندا، هەشبوون لە نیوەی رێگا وەستان، نەك وەستانێکی یەکجارەکی، بگرە وەستانەکەیان ناوە ناوە بوو. واتا پچڕپچڕ بوو، لەوانەی بەردوابوون بە هێڵێکی ئاسۆیی رێك، شێرکۆ بێکەس، هەرچەندە شێرکۆ ئەزموونەکەی دەبێتە دوو بەشەوە، یەکەمیان پێش راپەڕین، دووەمیان دوای راپەڕین-واتا راپەڕینی ١٩٩١-، دەتوانم بڵێم ئەزموونی شێرکۆ بێکەس پێش راپەڕین تۆکمەترو چڕتر بوو لەوەی دوای راپەڕین، لە کۆمەڵە شیعری (من تینوویێتیم بە گڕ ئەشکێ)و (دوو سروودی کێوی)، کە ئەم دووانە لەپۆپەدان. دەشتوانم بڵێم شێرکۆ بێکەس لێرەشدا هێڵێکی ئاسۆیی وەرگرت و تارادەیەك نەگۆڕ بوو، لەبەر باروزرووفی سیاسی پێش راپەڕین، کە پەیوەستێکی ژیانی هەبوو بە باروزرووفی داهێنانەوە، ئیدی شێرکۆ بێکەس لە ساڵی ١٩٨٤ کە خەڵاتی تۆخۆڵوسکی وەرگرت بارێکی دیکەی بۆهاتە گۆڕێ و دوای راپەڕین دیسان وەرچەرخانێك روویدا لە هەڵوێست و گەشەی شیعری ئەودا. زیاتر نەمەتێتیکی وەرگرت، کە ئەمەیش زیاتر



شیعری شێرکۆی ناساند، ئیدی رەوتی شیعریەتی قەسیدەی شێرکۆیی گۆڕاو هێڵێکی دیکەی تایبەتمەندیەتی وەرگرت، وەکو قەسیدە نووسین بە یەك نەفەس و یەك ریتم و یەك فەزا، هەروەها یەك بابەتی و یەك رەوتی، تارادەیەکیش وشەو دەستەواژەکانیش دووبارەن، واتا ناتوانێت تەنەوع بکات لە سەر هەموو ئاستەکانی مومارەسەکردنی نووسینی قەسیدەدا، کە ئەمەیان بووە کەلێنێك یان خەوشێیێك لە قەسیدەی شێرکۆییدا، بەڵام توانی دەیمومەت بە قەسیدەکەی بدات. هەرچەنێکیش زۆرجار دەبوو بە قەسیدەی موناسەبی (بۆنەیی)، وەکو ئەو شیعرانەی بۆ شەهیدانی دەنووسی یان شیعری سروود یان بۆ کەسە ناودارەکانی کورد وەکو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد (پیاوێك لە دار سێو). هەرچەنێ من ئێستا پێموایە کە شێرکۆ بێکەس زیاتر شیعر لە سەر ریتمی جوولەو دەنگی دادەنێت، کاتێك لە سەر مینبەر بێت یان بۆ مایك بێت. بۆیە شیعرەکانی (دەربەند پەپوولە)و (مارو خاچ..) و(رەنگدان) بەیەکە هێڵی راست شۆڕدەبنەوەو خوێنەری رەخنەگر بە یەك چامەیان تێدەگات، دەشێت لەلای هەندێك کەس ئەمە بەشتێکی باش بکەوێتەوە بۆ شێرکۆ بێکەس..

ئەزموونی دووەم، لەتیف هەڵمەتە، دیارە قەدەر یارمەتی نەدا ئەوەی بۆ شێرکۆ هەڵکەوت بۆ ئەو هەڵنەکەوێت، کەچی لە شاعیریەتیدا لە هاوشانی ئەودایە، گەرچی هەڵمەتیش جۆرە نەمەتیەتێك لە سەرجەم ئەزموونە شیعریەکەیدا هەیە، ئەگەر شێرکۆ بە (من تینیوێتیم بە گڕ ئەشکێ) خۆی وەکو شاعیرێکی نوێخواز راگەیاند، (هەڵمەت)یش بە(خوا و شارە بچکۆلەکەمان) خۆی راگەیاند، لەتیف هەڵمەت دوای (١٠)

ئەزموون، واتا دوای (١٠) دیوانە شیعر لە نێوان ساڵی ١٩٧١ تا ٢٠٠٠،کە لەم دواییە بە جەڵدێکی تەواو دەرچوون، بووە دیاردەیەکی بەرچاو لە شیعری هاوچەرخی کوردی، ئەزموونەکەی بەو (١٠) دیوانە ناوەزەد کرد: ١-خواو شارە بچکۆلەکەمان،٢- ئامادەبوون بۆ لە دایکبونێکی تر ٣-پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کویستانمە ٤-گەردەلوولی سپی ٥-ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ ،٦-ئەو نامانەی دایکم نایانخوێنێتەوە ٧-وشەی جوان گوڵە گوڵ.٨-سروودی هەژاران ،٩-ئەو رووبارەی وشك ناکات،١٠- گورگەکانی لەتیف هەڵمەت .. ئیدی بێکەس و هەڵمەت لە رەووتە شیعریەکەدا لە هاوشانی یەکدی بوون و زۆر جاریش وەکو مونافیس و دوودەنگی کێبرکێکەر مامەڵەیان لەگەڵ قەسیدەی کوردیدا کردوە. گەرچی ئەو ئەجندا شیعرییەی کە شێرکۆ هەیب و یان هەیەتی لە پێشەوەی ئەجندای شیعریی (هەڵمەت)ەوە بوو، دیاریشە ئەجندەی شاعیر زۆر کار دەکاتە سەر رەووتی ئەزموونەکەی و خاوی دەکاتەوە، یان تووشی دابڕانی مەعریفی دەکات. بۆیە جیاوازیەکی مەعریفی زۆر هەیە لە نێوان (خواو شارە بچکۆلەکەمان) و دوا دیوانی (هەڵمەت)دا. بە رای من ئەم گۆڕان و دابڕانی مەعریفیە لە ئەجندای شیعری هەڵمەت زۆر زیانی پێیگەیاند.. دواتر ئەزموونەکانی ئەنوەر قادر جاف و جەلالی میرزا کەریم و سەڵاح شوان و سەلام محەمەد، کە ئەم چوارە ئەزموونەکەیان پچڕپچڕو لە یەك دیوانە شیعر تێنەپەڕین، هەرچەندە کاریگەری گەورەیان هەبوو و هەیە لە سەر مێژوو و شیعری هاوچەرخی کوردی. بونەتە دەنگە دلێرەکانی ئەو شیعرە.



ئینجا ئەزموونی عەبدوڵا پەشێو و رەفیق سابیر، دەتوانم بڵێم ئەم دوو ئەزموونەش هێڵێکی دیکەن لە خاریتەی شیعری هاوچەرخ کوردی، زیاتر لە سەرەتادا پەشێو بە دیوانی (شەونامەی شاعیرێکی تینوو) خۆی راگەیاند، بەڵام پەشێو دواتر کەوتە ژێر کاریگەری تەوژمی شیعری مقاوەمەتی فەلەستینەوە، هەرچەندە پێش شەونامەی شاعیرێکی تینوویش لە ژێر کاریگەری (نزار قەبانی)دا بوو، لە دیوانی (بتی شکاو)دا. ئیدی پەشێو لەو چوارچێوەیەدا چەقی بەست، واتا چوارچێوەی لە ژێر کاریگەری شیعری مقاوەمەتی فەلەستینی و بەرگێکی کوردانەی کردە بەرو تارادەیەکیش جەماوەری بۆ خۆی پەیدا کرد، پێش ئەویش و دواتریش ئەنوەر شاکەلی (فەرها شاکەلی) دواتریش: کەپێشتر دەنگێکی روانگەیی بوو کە بە دیوانی (پرۆژەی کۆدەتایەکی نوێ) خۆی راگەیاند وەکو روانگەییەك، کەپێشتریش سەر بە قوتابخانەی کفری بوو لەگەڵ ئەحمەد شاکەلی و لەتیف هەڵمەتدا. دواتر ئەجندەی شیعری بەلایێکی دیکەدا وەرچەرخا، بەرەو ئەجندای سوفیەتی ئیسلامیەوەو تا ئێستاش. دواجاریش فریاد فازڵ، کاتێك باسی ئەنوەر و سەڵاح و سەلام و جەلالمان کرد، لەبیرمان چوو کە ناوی تاقە دیوانەکانیان بەرین، مەبەست لە سەرەتای ئەزموونە شیعریەکەیاندا، ئەنوەر قادر جاف (زریان)، کە دەتوانم بڵێم لەکاتی خۆی پۆپەی ئەزموونی شیعری کوردی بوو، سەڵاح شوان (دڵدارەکەم گەواڵە پاییزەیەك نییە)، کە چڕبوونەوەی ئەزموونی سەڵاحە. دواجاریش ئەزموونەکەی لە قەسیدە بەناوبانگەکەی (شەوێك لە شەوانی سیمرغ) خەست بوەوەو گەیشتە پۆپەی داهێنانی شیعری لەلای سەڵاح

شوان و ئێستایش یەکێکە لە قەسیدە زیندوە سەرمەدیەکانی شیعری کوردی هاوچەرخ و ناهاوچەرخیش. (سەلام محەمەد)یش لە ساڵانی ١٩٨٨دا ئەزموونی شیعری خۆی لە دیوانێکدا بە چاپ گەیاند، بەناوی (ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە)، بەڵام جەلالی میرزا کەریم یەکێك بوو لەوانەی کە بەیانی روانگەی مۆر کرد، ئەگەریش ئەزموونی خۆی لە دیوانێك بە چاپ گەیاندبێت ناوەکەیم لەیاد نییە.. ئیدی دوای ئەوانیش رەفیق سابیر دوای کۆچ و لەساڵانی هەنەراندا پەرەی بە ئەزموونە شیعریەکەی خۆی داو توانی ببێتە دەنگی دیاری شیعری هاوچەرخی کوردی و ئاماژەی پێ بدریچت. لە دواییش سەرجەم ئەزموونی شیعری خۆی لە جەڵدیکدا بلاوکردەوە. بێگومان لە دووتوێی ئەم دەنگانەدا دەنگی دیکە شیعری هەبوون، واتا لە ئەزموونی شیعری حەفتاکاندا، بۆ نموونە نەوزاد رفعەت، حەمەی حەمە باقی و نەجیبە ئەحمەد وەکو دەنگێکی ژنانە لە شیعری کوردی نوێ. ئینجا سەعدوڵا پەرۆش، کەنعان مەدحەت و سامی شۆرش و موحسین ئاوارەو جەمال شاربازێری، هەرچەندە ئەمیش لەو کەسانە بوو کە بەیانی روانگەی مۆر کردبوو بەڵام ئەمیش وەرچەرخا بەرەو کلاسیزم تا رادەیەك لە رەورەوەی شیعری نوێ نەمایەوە، هەروەها دڵشاد مەریوانی و مستەفا زەنگنە و نەژاد عەزیز سورمێ و جەمیل رەنجبەرو جەوهەر کرمانج.

❊❊❊

لە سەرەوەی ئەم باسە کورتەدا باسی شیعری نوێی کوردیمان کرد لە سەردەمی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بە تایبەتی دوای



راگەیاندنی بەیانی (روانگە) کە لە لایەن: شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شاربازێری، جەلال میرزا کەریم، کەمال رەووف محەمەددەوە. هەروەها پەیابوونی نەوەیەکی دیکەی شیعری نوێ دوای ئەوان کە ناوی زۆربەیمان هێنا، لەم بەشەشدا بە پەلەدوو نەوەی دیکەی داهێنانی شیعری کوردی بە سەر دەکەینەوە، کە زیاترلە ناوچەی هەولێرەوە سەرچاوەی گرتووە، دواتریش هەندێك ناوی دیکە لە سلێمانی وکەرکوك..

لە قۆناغی پێش راپەڕین. کە زیاتر ئەوانەی بە شیعری تەلیعی(پێشرەو) ناویان دەرکرد، لەوانە ئەنوەر مەسیفی، دڵشاد عەبدوڵا، سەباح رەنجدەر، هاشم سەراج و حەمەد باوەکر، عەباس عەبدوڵا یوسف، لەگەل ئەوانەشدا جەلال بەرزنجی کە بە دیوانی (سەمای بەفری ئێواران) شاعیریەتی خۆی راگەیاند، بەم دواییەش کۆمەڵە شیعری (ناوم بێنن ماڵەوە) بە چاپ گەیاند. بەڵام کەریم دەشتی و نەوزاد رفعەت و فەرید زامدار و ئیسماعیل بەرزنجی و دکتۆر فەرهاد پیربال و هەندرێن، کە ئەمیان ئێستا لە سوید دەژێت و ئازاد سوبحی و دانای سەعید سۆفی و تەڵعەت تاهیر و عەبدل موتەڵیب عەبدوڵا و ئیدریس شەیداهۆ، ئەزموونێکی جیاوازترن، دەشێت لە دووتوێی ئەم ناوانەدا ناوی دیکە هەبن، بەڵام هەر وەکو نەیزەکی پرتاو هەڵدەبن و دەکوژێنەوە، یان ئەوەتا کز دەسووتێن، گەرچی لە هەندرانیش شاعیرمان هەن و ناوەکان زۆرن کە لەم باسە کورتەدا جێی هەموویان نابێتەوە..

دواتر ئەزموونێکی تر لە دەشتی کۆیەوە کە ئەویش ئەزموونی (قوبادی جەلی زادە)یە، کە شێرکۆ بێکەس بە دیارترین دەنگی شیعری هاوچەرخی کوردی لە قەڵەمدەدات، کە زیاتر لە ساڵی ١٩٨٨ بە کۆمەڵە شیعری (قەڵەمێکی ردێن سپی) ئەزموونی خۆی راگەیاند، دواتریش کۆمەڵە شیعری(تەمتومان)١٩٩٠، پاشان دیوانی(هەمیشە روو لە خودا، هەمیشە مەست) ٢٠٠١، ئینجا (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات) ٢٠٠٥.. دواجاریش لە بەرگێکی تەواودا سەرجەم ئەزموونی شیعری خۆی کە پانتاییەکەی دەکاتە نزیکەی بیست ساڵ چاپ کرد لە ساڵی ٢٠٠٧ بە قەبارەی (٧٦٠) لاپەرە، بە ناونیشانی (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات). دەتوانین بڵێین لە هەردوو دیوانی (قەڵەمێکی ردێن سپی) و (تەمتومان) ئەزموونەکەی لەگەڵ ئەمانەدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام دواتر ئەزموونەکەی جیا بووەوە لێیان بەرەو ئاستێکی دیارتر هەنگاوی ناو شەقڵێکی دیارو نوێ تری وەرگرتووە. بابەتە سەرەکیەکانی بابەتی ئێرۆتیکی و مەسەلەی شەهیدی زیاتر گرتە خۆ. بۆیە قوبادی جەلی زادە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، و دەیەی یەکەمی دوو هەزاردا بووە دەنگێکی راچەنیو وجوداو کەس ناتوانێت پەراوێزی بکات، ئەگەریش بە دەستی ئەنقەستیش بێت. دواتر لە دەشتی گەرمیانی کەرکوکەوە، هەر هاوزەمان لەگەڵ قوبادی جەلی زادە، (ئەحمەدی مەلا) کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئەزموونی خۆی بە دیوانی (زەردك)، کە ناوی گوندەکەی خۆیەتی لە ناوچەی شوان ناساندو وەکو دەنگێکی



راچەڵەکێنەری شیعری هاوچەرخی کوردی. دواجاریش قەسیدە درێژەکەی (ئاقیقی زڕ)، کە بەندە کردوویە بە عەرەبی.

هەر لەو سەردەمە کۆمەڵێك دەنگی شیعری لە سلێمانیش هەبوون و شایانی ئاوڕدانەوەی رەخنەو لە سەر وەستانن، وەکو: سەلاح محەمەد، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، عوسمان شەیدا، محەمەد ئەمین پێنجوێنی و محەمەد عومەر عوسمان، کە بە دیوانە تاقانەکەی (لەغوربەتا) لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچوو خۆی راگەیاند، هەر منیش لە ساڵی ١٩٨٨ لە رۆژنامەی (هاوکاری) یەکەم کەس بووم لە سەرم نووسی، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم! کە وتومە: (لێرەدا من ناڵێم محەمەد عومەر عوسمان، دەنگێکی دلێرە، بگرە دەنگێکی مژدەبەرە، ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت ببێتە دەنگێکی دلێرو ئاوەڕۆێکی نوێتر بۆ خۆی هەڵکەنێت لە کاروانی نوێخوازی شیعری کوردیدا).

ئینجا جەمال غەمبار و دلاوەر قەرەداغی و عەبدلقادر سەرچناری وکەژاڵ ئەحمەد و ئەرخوان و شیرین .ك و ڤینۆس فایق، بەرزان هەستیار و عەباس ساڵح عەبدولا و سابیر سدیق.کە ئەمانە پێش راپەرین بوون. گەرچی دوای راپەڕینش کۆمەڵێك دەنگی شیعری پەیدابوون لە سلێمانی لە نێر ومێ، هەرە دیارەکانیشیان ئەمانەن: ئیسماعیل خورماڵی، بەختیار عەلی، کە پێش راپەڕین زیاتر بابەتی رەخنەیی بڵاو دەکردەوەو دوای راپەڕینیش دیوانی (گوناە وکەرنەڤاڵ)ی دەرکرد. ئینجا هێمن حەمە جەزا و ئارام ئیسماعیل و حەمە عەلی خان، گەرچی زیاتر ئەم هونەرمەندەو هەندێکجاریش قەسیدەی جوان دەنووسێت، هەروەها ئاوات حەسەن ئەمین

و عیرفان ئەحمەدو سەلاحە رەش و فەریدون پێنجوێنی و ئیدریس عەلی و ئەنوەر حسێن و دڵسۆز حەمە و کۆسار کەمال و ڕۆژ هەڵەبجەیی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر و ماردین ئیبراهیم و لازۆ و تریێ مەحموود و بەهار مەحموود و لە کەرکوکیش مارف عومەر گوڵ و دانا عەسکەر و بورهان محەمەد و گوڵاڵە نوری و زۆری تر کە ناوەکانیانم لەیاد نییەو داوای لێبوردن دەکەم، هەروەکو لەمەوبەر وتم ئەم نووسینە ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی نییە تا هەموو ناوەکان ریز بکەم. ناوەکانیش ئەوەندە زۆرن دەبێت خەرمان بەرەکەت بکەین.

### تۆ مەچۆ بۆ شەڕ

ئەکتافیۆ پاز، دەڵێت: (ئەگەر قەسیدە جەژنێکی پێ بێت، کەواتە خۆی بەرامبەر وەرزەکان رادەگرێت، لەو شوێنانەی کەس بۆیان ناچن، جەژنی ژێر زەوی. بەڵام چالاکی شیعریی دۆزینەوەی هەموو کاولکاریە دێرینەکان بەم سڕقاییمیە توندە دووبارە دەکاتەوە، کە تێرە لە شەهوانیەت، ئەو تەحەدایەکە بۆ قەدەغەکردن و هیچی دی، ریسواکردنە بەو پێیەی بە راشکاوی ملکەچی یاسا نییە، ئەو شیعرەی تا دوێنێ داواکراو بوو هەوای دەرەوە هەڵمژێت بۆ بەشداربوونی گەردوونی، بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە دوعا و نووشتەیەك تا لە جادووی هێزو ژمارەکان بمانپارێزێت..).

بوونی شەڕ لە شیعری کوردی تازە نییەو وەك بابەتێکی کارەساتاوی بەکاربراوە، ئەو دەمەی (مەلا حەمدوون) باسی جەنگی یەکەمی جیهانیی



کردووە، کەس وەکو ئەو وەکو کابرایێکی کوێر هیچ چاوساغێك ئاوها ناتوانێت باسی شەڕ بکات. شەڕ وەکو ماڵوێرانیەکی دژ بە پانتایی شیعر دەوەستێت، گەرچی لە شیعری کوردی کەم بەکارهاتووە، سەرەڕای ئەوەش شەڕ بووە بابەتێکی زیندوو تاڕادەیەك، شەڕی دووەمی جیهانی دەیان دیوانە شیعری جیهانی بە هەموو زمانەکانی دنیا هێنایە بەرهەم، بە تایبەتی لە شیعری نوێی ئەمریکی، هەروەها شیعری ئینگلیزی (جورج ماکبس) دیارترین شاعیرانی جەنگی دووەمی جیهانی لە (چوارینەکانی جەنگ)و جێمس شیڤڵ لە (شیوەنەکانی ستالینگراد) و ولفرید ئەوین و کەیس دوگلاس و زۆری دیکە، هەروەها شیعری نوێی رووسی و فەرەنسی و ئیتالی، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی ئەو جەنگە یەخەی پێگرتن، دواجاریش شیعری عەرەبی عێراق لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، واتا ساڵانی جەنگی عێراق ئێران. لەم ساڵانەی دواییەش لە شیعری کوردیدا بە شێوەیەکی بەرچاو پەیدا بوو، بە تایبەتی کاتی سەردەمی شەڕی ناوخۆی کوردستان. زیاتریش لەلای (قوبادی جەلی زادە)، کە زۆر لە شیعرەکانی لە بابەتی شەڕەوەن، وەکو: (بەرلەوەی گوڵ بچێ بۆ شەڕ)، (مەمکەکانی تفەنگ)، (فیشەکی رەحمەت)، (عەردی حەرام) و زۆر شیعری دیکەی بۆنی شەڕیان لێ دێت و لە کارەساتی شەڕ دەدوێن. بۆ نموونە لە شیعری (بەر لەوەی گوڵ بچێ بۆ شەڕ)دا دەڵێت:

ئەو.. ئەو
لە سەنگەرێکی (دوژمن)دا لاشەیەك، هێشتا گەرم

رادیۆکەی بۆ من
نارنجۆکەکەی بۆ ئەو
قەمسەڵەکەی بۆ ئەو
چەکەکەی بۆ شۆڕش
تەرمەکەی بۆ سەگ.

(ماردین ئیبراهیم)یش کە شەڕ هەڵگیرسێت دڵی دەزگیرانەکەی وەك زەنگێك بە کڵیسایەکەوە دادەکوتێ بۆ ئەوەی نەچێت بۆ شەڕ، ئەو وەکو پیاو شەڕ بە ئیشی خۆی دەزانێت، چونکە شەڕ هەر لە سەرەتاوە نێرینە دروستیکردووە، دەزانێت شەڕ قڕکردن و ماڵوێرانیە، کۆست کەوتنە، ئەو نایەوێت ئەوەی کە دەیدوێنە بچێت بۆ شەڕ، چونکە شەڕ تەڕو وشك دەسووتێنێت، هیچ لە دوای خۆیەوە جێناهێڵێت، دەیەوێت دوای لە ناوچوونی ئەو کەسێك هەبێت دەست بە سەر هەورەکاندا بێنێت و نازی پشیلەکان هەڵبگرێت، ئەو چونکە شەڕ وەکو پیاو دەسکردی خۆیەتی و جوانی دەکوژێت، بۆیە دەیەوێت لە جوانی بێ بەش بێت و با لەدوای خۆیەوە کەسێك هەبێت سەیری هەورەکان بکات. ئەو پیاوێکی بەدخوەو هەرکە شەڕ هەڵگیرسا دەچێت بۆ شەڕ، ئەم وەکو هێزی شەڕ دەزانێت کاتی هەڵگیرسانی شەڕ کەس ئاگای لە کەس نامێنێت، رقی لە منداڵی خەوتووی ناو جۆلانەیە، ئەو خۆی بە میراتگری شەڕ دەزانێت و ئەو شەڕە تەواو دەکات کە باو باپیرانی هەڵیانگیرساندوە، ئەو دەیەوێت هەموو شتێك لەکاتی جەنگدا شاراوە بێت:



رۆژێك دێت کەس ئاگای لە کەس نامێنێت
من پەست دەبم بە منداڵی خەوتووی ناو جۆلانەکان
کە شەڕ هەڵگیرسا تۆ لە یادمکە
بە کەس مەڵێ تۆفانێك لەناو منداڵیە ژێر نابێتەوە
.....
پەنگرەکانی فیتنە دەگەشێنمەوە
شەڕ دەبەمە ماڵی دۆستەکانم
......
جەنگێکی گەورە دەقەومێت
خزمەکانم لە سەر کوشتنی دیلەکان دەبێتە شەڕیان
.....

ئەو دەزانێت جەنگ نەعلەتێکی گەورەی مرۆڤەو لیێ نابێتەوە، هەر لە سەرەتای شەڕە ئەفسانەییەکەی قابیل و هابیلەوە بەردەوامە، ئەو وەکو دەسەڵاتی نێر شەڕ دەسپێرێتە خۆی و نایەوێت ئەویدیکە، یان خۆشەوسیتەکەی لەم شەڕەدا بەشدار بێت، هەموو شتێك ناخۆش بێت دەیکات، گەشانەوەی پەنگری فیتنەو کوشتنی دیلەکان، ئەو جەنگە دەقەومێت وەکو هەموو جەنگە سەرەتاییەکانی دیکە. وڵات پڕ دەبێت لە پەیکەری ناپاکان، نایەوێت دەزگیرانەکەی بچێت بۆ شەڕ، دەیەوێت کەسێك هەبێت دوا کوژرانی ئەوی بیرکەوێتەوەو دەست بە سەر هەورەکاندا بێنێت و نازی پشیلەکان هەڵبگرێت، ئەستێرەکان بژمێرێت، واتا هەرچی پێچەوانەی شەڕە ئەو بیکات، ئەگەر هەموو پێکەوە بچن بۆ شەڕ کێ

گولّی سەر گۆڕەكان ئاو دەدات و كێ هەورەكان باوەشێن بكات. دەزگیرانەكەی هێمای بێتاوانی و بێوەیی و رۆح سووكییە، ئەو خەریكی ئاودانی ئینجانەكانە، شەبەنگێكی نوور لە دەورێتی، بەلاّم خۆی قافڵەیەك لە پیاوكوژانی خوێنتالّ وان بە دوایەوە. هەرچەندە ئەم شیعرە ئەزموونی لاوێكی دوای راپەڕینە. یەكێكە لە قەسیدە تازە جوانەكانی دوای راپەڕین، یان چاكتر وایە بلێین شیعری كوردی لە هەزارەی سێیەمدا.

دوای شەڕیش
دوای ئەوەی لافاو فانۆس و بەلەمەكان دەبات
دوای ئەوەی ئاگر دەستنووسە گرانبەهاكان دەسوتێنێت
من لە زیندانێكدا پۆكەر دەكەم
لە بەندیوانەكان دەپاڕێمەوە
چا و جگەرەم بۆ بێنن
كە شەڕ تەواو بوو،
یان لە خەستەخانەیەكدا بە زەلیلی دەمرم
یان دەچمەوە گوندەكەی خۆمان
باسی ئەو رۆژانە دەكەم
كە شەڕێكی گەورە لە شار قەومابوو.

لێرەدا شاعیر باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە ئەو شەڕانەی كردمان ئێمەی گۆڕی، ئەمەیان حەقیقەتێكە كەم كەسی هونەرمەند باسی لێوە كردوە، لەوانەیە شیعری رۆژئاواش بە رووكەشیەوە باسی بەرەكانی جەنگی كردبێت، وێنەكانی وەكو خۆی گواستبێتەوە:

ئیتر نالّێین ئەم هەموو تەرم چۆن بنێژین؟
دەگەڕێینەوە ئەسپی بەدكاران نالّدەكەین
باسی ئەو دیاریانەی دەستگیرانەتی ناكەین كە لێمان دزرا
دەگەڕێینەوە خەنە دەگرینەوە بۆ پەنجەی خائینان..

بە جوانی وەكو كەسێكی هونەرمەند باسی قێزەونی شەڕ دەكات، كە چۆن شەڕ هەموو ئەخلاقیەتێك دەگۆڕشێت بەرەو وەحشەتگەریی:

باسی ئەو تفانە ناكەین كە بە تەوێڵی ژنەكانەوەن
وەك سەگی قوڕاوی دەگەڕێینەوە
وەك دالّە كەرخۆرە ئێوارەی گەڕەك پڕدەكەین لە شوومی
دەگەڕێینەوە و دوعای خێر بۆكەس ناكەین.

دەمێنێتەوە بلێین ئەم ئەزموونەی (ماردین ئیبراهیم) یەكێكە لە هەولّە جوانەكانی بۆ نووسینی قەسیدەی جوانی كوردی لە هەزارەی سێیەمدا هیواداریین كەسانی وەكو خۆی زۆر بن...

## رۆمانی (بەفر) نێگێتیڤانە لە کورد دەدوێت..!

رۆمانی(بەفر)ی ئۆرهان پاموك-ی تورك كە خەلاّتی نۆبلّی ساڵی ٢٠٠٦ی وەرگرت لە كاتێكداو لە هەلومەرجێكی چاوەڕوان نەكراودا بوو، ئەگەرچی-ئەدۆنیس – ئەو ساڵە بۆ ئەو خەلاّتە خۆی ئامادە كردبوو، كەچی ئەكادیمیای سویدی بە بێ هیچ پێشەكیەك دای بە نوسەری تورك ئۆرهان پاموك..

ئەلفرێد نۆبلّ كە لە كۆتایی سەدەی نۆزدەم كۆچی دوایی كردوەو داهێنەری دینامێت بوو، وەسیەتی كرد سامانەكەی بكرێتە خەلاّت و



ساڵانە بە سەر پێنج بواردا دابەش بكرێت، لە بواری فیزیك و كیمیاو پزیشكی و ئەدەب و ئاشتیدا، ئەم خەلاّتە لە ساڵی ١٩٠١وە لەلایەن ئەكادیمیای سویدیەوە دراوە لەو پێنج بوارەدا.. ئەو ناوە دیارانەی كە تائیستا خەلاّتی نۆبلّیان وەرگرتووە لەئەدەبدا ئەمانەن:

١-رابندرانات تاگور(هیندستان)١٩١٣

٢-جۆرج برناردشۆ(ئیرلەندە)١٩٢٥

٣- تۆماس مان (ئەلمانیا)١٩٢٩

٤- لویژی بیراندیلۆ(ئیتالیا)١٩٣٤

٥- یوجین ئۆنیل (ئەمریكا)١٩٣٦

٦- بیرل باك (ئەمریكا)١٩٣٨

٧- هیرمان هیسە(سویسرا١٩٤٦

٨- ئەندرێ ژید (فەرەنسا)١٩٤٧

٩- ولیّم فۆكنەر (ئەمریكا) ١٩٤٩

١٠- برتراند راسل (بەریتانیا) ١٩٥٠

١١-ئیرنست هەمنگوای (ئەمریكا) ١٩٥٤

١٢-ئەلبیّر كامۆ(فەرەنسا)١٩٥٧

١٣- سان ژۆن پیّرس(فەرەنسا)١٩٦٠

١٤- ژان شتاینبێك(ئەمەریكا)١٩٦٢.

١٥- ژان پۆل سارتەر (فەرەنسا)١٩٦٤ خەلاّتەكەی رەتكردەوە.

١٦-میكائیل شۆلۆخۆف (رووسیا) ١٩٦٥

١٧- میگیل ئەستوریاس (گواتیمالا)١٩٦٧

١٨- ياسونارى كاواباتا (ژاپۆن)١٩٦٨

١٩-سمۆئيل پيكيت (ئيرلەندە)١٩٦٩

٢٠-سۆڵجەنيستن (رووسيا)١٩٧٠

٢١-پاپلۆ نيرۆدا (چيلى)١٩٧١

٢٢- ماركيز (كۆلۆمبيا١٩٨٢

٢٣-كلۆد سيمۆن (فەرەنسا)١٩٨٥

٢٤-وول سوينكا (نايجر) ١٩٨٦

٢٥- نەجيب مەحفوز (ميسر)١٩٨٨

٢٦-ئەكتاڤيۆ پاز (مەكسيك)١٩٩٠

٢٧- دۆريس ليسينگ (بەريتانيا)٢٠٠٧

بۆ يەكەمجار درا بە نووسەرێكى نەناسراوى فەرەنسى(رێنێ سۆلى پرۆدوم) ساڵى ١٩٠١ . كەچى نەدرا بە داهێنەرێكى هەر فەرەنسايى وەكو(مارسيل پرۆست)، كە خاوەنى يەكێك لە شاكارەكانى ئەدەبياتى جيهانە، بەناوى (گەڕان بەدواى زەمەنى ونبوودا)، كە ساڵى ١٩٢٢ كۆچى دوايى كردوە، هەر ساڵێك دواى وەرگرتنى ئەو خەڵاتە لەلايەن هاوڵاتى خۆى (ئاناتۆل فرانس)ەوە ساڵى ١٩٢١ ، هەروەها خاوەنى شاكارێكى وەكو (سەعاتى بيست وپێنج) –كۆنستانتان جۆرجيۆ – كە لەو رۆمانەدا هەردوو بەرەى رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە جەنگى دووەمى جيهان ريسوا دەكات. يان داهێنەرێكى وەكو (نيكۆس كازانتزاكى)، كە ساڵى ١٩٥٧ كۆچى دوايى كرد، خاوەنى شاكارانى وەكو (زۆربا) و (برا دوژمنەكان) و



(لە خاچدانەوەى مەسيح) و(دوايين وەسوەسەى كريست) و(كاپتن ميكائيل) و(پەيامێك بو گريكستان)ە. كەچى ئەو خەڵاتەى پێ ڕەوا نابينن و دەيدەن بە (بۆريس باسترناك) لە سەر رۆمانى (دكتۆر زيفاكۆ)، كە شاعيرى ئاڤارى (رەسووڵ هەمزاتۆف) دەڵێت فاشيلترين رۆمانە لە سۆڤيەتدا. لەبەر ئەوەيش پێى درا چونكە دژى رژێمى سۆڤيەتى بوو، ساڵێك بەر لەمردنى (كازانتزاكى) رۆماننووسى ئيسپانى (خوان راموون خيمينيز) وەريگرت، هەروەها (جەنگيز ئيتماتۆف) كە زۆربەى رۆمان و چيرۆكەكانى وەرگێردراون بۆ سەر زۆربەى زمانەكانى دنيا، وەكو: (يەكەم مامۆستاو جەميلە و قولێنگەكانى بەرەبەيان و پاپۆڕە سپيەكەو سەگە بازەى ئاسۆى دەرياو رۆژێك درێژتر لە سەدەيەك.. كەم نوسەرى چەپ ئەم خەڵاتى نۆبڵەى وەرگرتووە، بگرە هەموو بێلايەن بوون يان راستڕەو بوون و كارەكانيان لەبەرژەوەنى رۆژئاوا بووە، بۆچى( مەكسيم گۆركى) خاوەنى رۆمانى(دايك) كە وەرگێڕدراوەتە سەر هەموو زمانەكانى دونيا بە زمانى كورديشەوە، ئەم خەڵاتەى نەدرايێ! كەچى دەيدەن بە (سۆڵجەنيستن) خاوەنى رۆمانى(ئەرخبيلەكان)كە دژى سۆڤيەتە. بۆچى (ئيزابێل ئەلەندى) خاوەنى جوانترين رۆمانەكانى ئەمەريكاى لاتينە و لەهاوشانى ماركيزەو يەكێكە لە پێشەنگەكانى رياڵيزمى ئەفسوونى، پێى نەدرا، چونكە ژنێكى چەپە و خزمى نزيكى(سلڤادۆر ئەلەندى) سەرۆكى چەپڕەوى (چيلى)ە و (سيا)ى ئەمريكى لە كۆدەتايەكى سەربازيدا شەهيدى كرد. بۆ بەداهێنەريكى عەرەبى وەكو (عەبدل رەحمان مونيف) يان (ئەدۆنيس) نەدرا، كەچى دايان بە (نەجيب مەحفوز) ، لەبەر ئەوەى

سەردانی ئیسرائیلی کرد. بێگومان ئەوەی زانراوە کە دەستەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ زۆریان سەر بە لووبی جوولەکەن و ئەوەی لە بەرژەوەندی ئیسرائیل بێت و دژی چەپ و عەرەب بێت ئەو خەڵاتەی دەدەنێ. یان بۆ بە داهێنەرێکی بەرازیلی وەك (پاولۆ کۆیلۆ)ی نادەن، کە تا ئێستا (٧٥)ملیون دانە لە رۆمانەکانی فرۆشراون و کراون بە زۆربەی زمانەکانی دنیا بە زمانی کوردیشەوە؟

بۆیە ئەم خەڵاتە خەڵاتی سیاسیە سەر بە روژئاوایە، نەك هی داهێنان، بە تایبەتی لە ئەدەبدا.

باشە کێ لە ئێمە ناوی ئەم نوسەرانەی بیستوە یان شتی خوێندونەتەوە کە خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە:

١-دیریك واڵکوت(سانتا لوچیا)١٩٩٢

٢-کینزا بوروا ئوی (ژاپون)١٩٩٤

٣-شموس هینی (ئیرلەندە) ١٩٩٥

٤-داریو فۆ (ئیتالیا) ١٩٩٧

٥- گاو کیسنجیان (فەرەنسا) ٢٠٠٠

٦- ڤی. س. نایبول (بریتانیا) ٢٠٠١

٧-جۆن ماکسوێل کوتری (باشووری ئەفریقیا) ٢٠٠٣

٨- ئەلفرێد یەلینیك (نەمسا) ٢٠٠٤

٩-ئیمیری کریتس(مەجەر)٢٠٠٥..؟!

دیاریشە بەخشینی ئەم خەڵاتە بە (پاموك) هۆی خۆی هەیە، بە تایبەتی لە سەر وەدەنگهاتنی پاموك لەسەر کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان،



لە ساڵی ١٩١٥ لە لایەن تورکە عوسمانیەکانەوە. دوای بە رۆژئاوابوونی تورکیاو دوای بەستنەوەی بە پەیمانی (ناتۆ)وە، رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ناساندنی کەلتورو ئەدەبیاتی تورك بە ئەوروپا، ئەمەیش وەکو کرانەوەیەك وابوو بە رووی رۆژئاواوەو دواتریش سەرجەم ئەدەبیاتی تورك بە چاك و خراپییەوە، وەرگێردرانە سەر زمانە ئەوروپاییەکان، ئەگینا هیچ پەیوەندیەکی دیکەی نەبووە، وەکو بەهێزی ئەدەبیاتی تورکەوە، هەروەها چەپەکانی ئەوروپا لە بلۆکی شۆسیالیزم دەورێکی گرنگیان هەبوو بۆ وەرگێڕان و ناساندنی بەرهەمی شاعیرو نوسەرە چەپەکانی تورکیا بە ئەوروپاوە، وەکو نازم حیکمەت و یەشار کەمال و عەزیز نەسین. ئەمە هۆی سەرەکیە بۆ ناساندنی ئەدەبیاتی تورك پتر لە ئەدەبیاتی عەرەب و فارس بە ئەوروپا...

(پاموك) لە رۆمانەکانی یان ئەوەتا باسی هەوڵدان دەکات بۆ نزیك بووەنەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، یان بە بارێکی دیکە نزیك بوونەوەی تورکیای روژهەڵاتی لە ئەوروپا، وەکو لە رۆمانی(قەڵای سپی) و(ناوم سوورەیە)، یان ئەوەتا بە خراپی باسی ئەو گروپ و رێکخراوانە دەکات کە لە تورکیا دژی رۆژئاواو بە رۆژئاوابوونن، وەکو گروپە ئیسلامیە ئسووڵیەکان، چەپەکان، کەمالیە ئەرمەنی کوژەکان. ئەمەیش هۆی سەرەکیە کە نوسەرێکی وەکو (پاموك) ئەمریکا و لووبی جوولەکە ئیشی بۆ بکەن، تا خەڵاتی نۆبڵ وەرگرێت. (جۆرج بۆش) لەتورکیا لەکاتی ئامادەبوونی لە کۆنگرەی دەوڵەتە پیشەسازیەکان باسی پاموکی کردبوو، وەکو نوسەرێك هەوڵدەدات بۆ نزیك بوونەوەی روژهەڵات و رۆژئاوا. ئەمە

ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمەکانی لە خزمەتی رۆژئاوایە. ئەوەی لێرەدا سەیرە هەندێك نوسەری لای خۆمان بێئەوەی رۆمانی (بەفر) بە تەواوی بخوێننەوە، کەچی قسەی قەبەو زل دەکەن و چوواندنی زۆر سەیر دەکەن بۆ بەرهەمەکانی، چەندین خوێنەری چاکی لای خۆمانم دیوە، کە دەڵێن نەیانتوانیوە رۆمانی (ناوم سوورەیە) تەواو بکەن، چونکە هیچ تەشویقێکی تیا نییە، (پاموك)یش وەکو (نادین گۆردیمەر) ژنە نوسەری پێست سپی ئەفریقیای باشوور، کە چیرۆکەکانی دەخوێنیتەوە زۆر هەست بە بەدبەختی کورد و چیرۆکنووسانی کورد دەکەیت، کە چەندین چیرۆکی کوردی هەن، زۆر لە چیرۆکەکانی (گۆردیمەر) سەرکەوتوترن. ئەم ژنە نوسەرەیش لە بەرهەمەکانیدا خزمەتی رۆژئاوای کردوە، بە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی لە ئەفریقیای باشوور. بێگومان ئەوانەی لای خۆمان کە قسەی قەبەو زل دەکەن بەرامبەر (پاموك)، من دڵنیام کە زۆرینەی ئەو قسانەیان لە ئینتەرنێت لە لینکەکانی پامۆکەوە وەرگرتووەو خوێندویانەتەوەو بە ئێمەی دەفرۆشن، ئەگینا پاموك ناگاتە ناوقەدی نوسەرێکی گەورەی وەکو(یەشار کەمال)، کە بە تورکی دەنووسێت، کەچی چونکە بە رەچەڵەك کوردەو چەپیشە، ئەو خەڵاتەی نادەنێ. زۆر لە رەخنەگرانی دنیا بە یەشار کەمال دەڵێن: (داستانی گەلی تورکیا).. ئەوەندەی (عەزیز نەسین) بەرهەمەکانی کراون بە کوردی بە رۆمان و چیرۆك و شانۆنامەکانیەوە، هیچ نوسەرێکی دیکە نەکراوە بە کوردی، کەچی خەڵاتی نۆبلشی وەرنەگرتووە. بەڵام پاموك بە دەگمەن خوێنەر دەیناسێت بەر لەوەی ئەم خەڵاتە وەربگرێت! پێم سەیر بوو برادەریك



رۆمانی (قەڵای سپی) پاموکی بە رۆمانی (رۆبنسن کرۆزۆ)ی-دانێل دیڤۆ-چواند بوو! کە دوو جیهانی زۆر جیاوازن، دانێل دیڤۆ نەخشە دەکێشێت بۆ یوتوپیا دروستکردن و توانای مرۆڤ، (رۆبنسن کرۆزۆ) دەریاوانەو دوای ئەوەی گەشتیەکەی تێکوپێك دەشکێت دەکەوێتە دوورگەیەکی چۆڵ و هۆڵەوە، ئیدی دوای ئەوەی کە بێ ئومێد دەبێت لە رزگار بوون، هەوڵدەدا لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیە خۆی بگونجێنێت و تارادەیەکیش سەرکەوتوو دەبێت. ئیدی چ پەیوەندیەکی هەیە بە پاشایەکی عوسمانی و کۆیلەیەکی ئیتالیەوە؟ ئەوی لەلام روونە کە چۆن دەیان رۆمانی دانسقەی دنیا شتت لەلا بەجێ دەهێڵن و بەزەحمەتیش لە بیرت دەچنەوە، کەچی بە پێچەوانەوە رۆمانەکانی پاموك هیچی ئەوتۆت لەلا بە جێناهێڵن، تەنها ئەوە نەبێت چەند کێشەیەکی تایبەت بە تورکیا دەوورووژێنن و هیچی دیکە، کە پاموك توانیویەتی زیرەکانە ئیشیان لە سەر بکات، وەکو مەسەلەی ململانێ لە نێوان عیلمانیەت و ئیسلامیەکان و مەسەلەی لەچکردنی ژنان و دیاردەی خۆکوژی کیژان و ژنان، کە ئەمەیان دیاردەیەکی زۆرینەی کومەڵە رۆژهەڵاتیەکانن و لەمەوبەریش ژنە نووسەری بەنگالی (تەسلیمە نەسرین) باس لێوە کردوە، هەروەها لە نێوان نەژادپەرستەکانی تورك و لایانگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان.. بەڵام کێ هەیە خۆی لە کەسایەتیەکانی رۆمانی(ماڵی رووحەکان)ی ئیزابێل ئەلەندی نەبینێتەوە، گەرچی ئەوانە ئەمریکی لاتینینن و ئێمەیش روژهەڵاتی؟ چ تاکێکی رۆژهەڵاتی ناوین هەیە کە خۆی لە ئیشەکانی یەشار کەمال و عەزیز نەسیندا نەدوزیتەوەوە؟

گەرچی پاموك بە شێوەیەکی شەرمنانە ئاماژە بە پاشماوەی بوونی ئەرمەنیەکان دەدات، وەکو پاشماوەی خانووبەرەی چۆل و تەلاری بەتەمەن و داتەپیوی ئەرمەمنیەکان لە شاری قارسدا. یان دژایەتیکردنی کەمالیە نەژادپەرستەکان بەرامبەر بە گەریلاکانی پی کەی کەی، بەلام لە زۆر شوێنی دیکەی ئەم رۆمانە ئاماژەی نگێتێڤانەی تیایە سەبارەت بە کورد، وەکو لە شوێنێکدا سەردار بەگی تورك باسی کەسێکی وەکو موختار بەگ دەکات کە کوردەو سەر بە حزبی رەفای ئیسلامیەوە دەڵێت کەمێك بێ ئەقڵە، بەلام کوردە، کوردەکان لەسەدا چلی ئەم شارە پێکدێنن، بۆیە پارتی خودا لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت. یان (شینە)کابرایەکی کوردە و توندرشەوی ئیسلامیەو لە وێنەی کەسێکی وەکو ئەبو مەسعەب زەرقاوی وایە، بەپێی نوسەرکە گوایە (شینە) کوردێکی دیاربەکر(ئامەد)ە، شاری ئامەدیش شارێکی کوردستانیەو زۆرینەیان سەر بە (پی کەی کەی)ن، یان سەر بە (دەتەپە)ن. برواناکەم ئیسلامی توندڕەوی وەکو ئەمیان تیا هەڵکەوێت، کە سەرپەرشتی هەموو کارە تیرۆریستیەکان دەکات لە تورکیا! ئەوەی مایەی سەرنجە کە وەرگێری کوردی کاك (بەکر شوانی) دیارە ناوەکانیشی وەرگێراوە، چونکە ئەوەی سەرنجداوە لە وەرگێرانە عەرەبیەکەی (شینە) بە (ازرق) هاتووە، بۆیە دەبێت بە تورکیەکەی ناوی(ماڤی) بێت، ئەوەشی زانراوە کە ناوی عەلەم وەرناگێڕدرێت. یان کەسێکی نەگەتێڤی وەکو شیخ سەعادەدین ئەفەندی کە کوردێکی شاخاوی بووەو لە قارس تەکیەی کردووەتەوە بۆ خەڵك فریودان و دیاریشە سیخوری (میت)ە، بەوەی کە مایکرفۆنیان لە



دیوەخانەکەی داناوە بۆ ئاشکراکردنی خەڵکی دژ بە دەوڵەت. هەروەها ناساندنی شۆڕشگێرانی کوردستانی باکوور وەکو تیرۆریست. یان خەڵکی تێکوشەری کورد لە باکوری کوردستان بە ترسنۆك و سەرلێشیواو لە قەڵەم دەدات( ل ٢٤٦). یان پەتای خۆکوشتنی ژنان وکچان لە شارێکی کوردنشینی وەکو باتمانەوە بۆ قارس دەگوێزرێتەوە، ئەگەریش لە هەندێك شوێن بە شێوەیەکی شەرمنانە باسی پی کەی کەی یش بکات، ئەوا وەکو عەرەب دەڵێ (قول حق یراد به باطل) واتا قسەیەکی هەقە و مەبەستی ناهەقە. یان پاموك لە زاری سەردار بەگەوە دەڵێت: (ئێمە کوردەکان بە هۆزو عەشیرەت ناو دەبەین ئەوان لە رابردوو بە کوردبوونی خۆیان نەدەزانی).. ئەمە هەڵە و بوختانێکی گەورەیە دەرهەق بە کورد، ئەی ئەگەر وایە ئەو هەموو شۆڕشانە چی بوون کە دژ بە عوسمانیەکان و کۆماریەکان بەرپابوون، ئەی ئەوە ئەنجامی بیری کوردایەتی نەبێت ئەنجامی چیە؟ یان باسی گەنجێکی کورد دەکات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوایە تیرۆریستە (فەرهاد کە بەختەوەرترین دوورخراوەی سیاسی بوو لە ئەڵمانیا و پەیوەندی کردبوو بە ریزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوەو لە ئەڵمانیا بە بۆمب و مۆلۆتۆڤەوە پەلاماری قونسڵخانەکان و نووسینگەکانی هێڵی ئاسمانی تورکی دابوو.)

بەرهەمەکانی پامۆك ئەمانەن:

١-تاریکی و رووناکی ١٩٧٩

٢- جەودەت و کوڕەکانی ١٩٨٢

٣-ماڵی بێدەنگی ١٩٨٣

٤- قەڵای سپی ١٩٨٥

٥-کتێبی ڕەش ١٩٩٠

٦- ناوم سوورەیە ٢٠٠٠

٧- بەفر ٢٠٠٢

٨- ئەستەمبووڵ.

دەڵێن پاموك دوای وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دۆلارەکانی هەڵگرت و تێبیتەقاند بۆ ئەوروپا لە ترسی کوشتنی لەلایەن ئیسلامیەکانەوە نەك لەلایەن کەمالیەکانەوە.

ئەوەی سەرنج دەدرێت کە ڕۆمانەکانی (پاموك) چەمکێکی هەرە بچووکی تورکیا دەگرن، وەکو ڕۆمانی (ناوم سوورەیە) کە زیاتر ڕۆمانێکی مێژووییەو بایەخدانی بە نەقش و نیگاری عوسمانی و ئەوروپی، لەم ڕۆمانەدا پاموك بە پەنابردنە بەر ئەو هونەری شێوەکاریە، دەیەوێت خۆی لە ململانێی سەخت و هاوچەرخەکانی گەلانی تورکیا خۆی بەدووربگریت، بۆیە شوێنێکی هەرە بچووکی تورکیای گرتووە، وەکو ئەستەمبوول و قارس، بەڵام ڕووبەرێکی گەورەو هەژاری تورکیای پشت گوێ خستووە، وەکو ناوچەی ئەنادۆڵ و باشووری ڕوژهەڵاتی تورکیاش. چونکە لەم شوێنانەدا ئەفسانەو داستانەکان درووست دەبن و بوون، یان توێژێکی شارستانی گرتووە، کە هەندێك پێیانوایە توێژی هاوچەرخن، گەرچی دژە هاوخاوچەرخیەتین وەکو کەمالیەکان و ئیسلامیەکان! کەچی (یەشار کەمال) کە ئەو خەڵاتەی پێ ڕەوا نەبینراوە، گەرچی پتر لە چارەکە



سەدەیەکیشە بۆ ئەو خەڵاتە کاندید کراوە، ژیان لە ناوجەرگەی ئەنادۆڵەوە دەردێنێت لە چووکورئاوە، باسی قوڕبەسەری و مەینەتیەکانی جووتیارە هەژارەکانی تورك و کورد دەکات، بە دەستی ژیانەوە لە چوکورئۆڤا، بۆ نموونە لە چیرۆکی (زەردە گەرما) و(ئاسمان مس و زەوی ئاسن). یان باسی ململانێی و گیانبازی جوتیارانی ئەنادوڵ دەکات، لە ڕێگەی ڕۆمانی (ئینجە مەمەند)ەوە، یان باسی ژیانی داستاناوی خەڵکی چیانشینی ئارارات دەکات لە ڕێگەی ڕۆمانی (ئەفسانەی چیای ئاگری)ەوە.. (عەزیز نەسین)یش باسی ژیانی فیلاوی و ساختەچیەتی وقوڵبڕین و چەوەساندنەوەی خەڵکی هەژار دەکات لە لایەن بازرگانەکانی ئەستەمبووڵەوە، لە سەردەمی ڕژێمی تۆتالیتاری تورکدا، لەڕێگای ڕۆمانی(گێلە پیاو) و (برایم زەبوك) و دەیان چیرۆکی دانسقەی وەکو (پەین) و شانۆنامەی (دڕندەی تۆرۆس)ەوە..

ئەوەی لەم ڕۆمانی(بەفر)ەدا ڕەچاوم کردوە هیچ چیرۆکێکی دراماتیکی، یان پاڵەوانیکی دراماتیکی سەرنجڕاکێشی تیا نییە کە درەنگ لە بیر بچێتەوە. کەسایەتیەکان کەسی سادەی ناو کومەڵگای تورکیان، وەکو بەگەکانی پاشماوەی عوسمانی، (کا) ی ڕۆژنامەوان و شاعیرە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ئەستەمبووڵە، یان کوردە ئیسلامی و شێخانی خاوەن تەکیەی کوردی موشەعویزو گەریلاکانی پی کەی کەی..

لەم ڕۆمانەدا ململانێکان لە شێوەی کارێکی هونەری، یاخود چەند کارکتەرێکی هێمایی نەخراونەتەڕوو، پاڵەوانێکی تایبەت نییە لەم ڕۆمانە، نوێنەری ڕاستەقینەی گرووپ و توێژیك بێت. (کا)ڕوژنامەوانەو

بگره هاتووه وەکو رۆژنامەوانێك رووداوەکان وەك راپۆرت ئامێز نیشانی داوون، نەك وەکو هونەرمەندێکی کارامەو رۆماننووسانە. (پاموك) کارەکتەرێکی درووست نەکردوە وەکو (گێلە پیاو)، یان وەکو (برایم زەبۆك)ی عەزیز نەسین و، (ئینجە مەمەد)ی یەشار کەمال، کە نوێنەری چین و توێژێکی دیاریکراوی گەلانی تورکیا بێت، تەنها چەند کەسانێکی ناکاریگەر هەن کە نوێنەری عیلمانیەت و ئیسلامی سیاسین، وەکو سەردار بەگ و تورگۆت بەگ و موختار بەگی حزبی (رەفا)و شینە..

ناوی (کا) یەکەم پیتی هەردوو ناوەکەیەتی (کەریم ئالاقۆش). من سەیرم لەوەدێت کە هەندێك کەس چەند لاپەڕەیەکی ئەم رۆمانەیان خوێندوەتەوە، واتێدەگەن (ك.ا)، (ك)ی هەردوو رۆمانی (فرانز کافکا)یە، (کۆشك) و(دادگا)، دوو شاکاری پڕ رەمزیەتی دنیا. یان رۆمانێکی سادەی پاموك وەکو (بەفر) بچوێنن بە دوو شاکاری —ئیمبەرتۆ ئیکۆ- (ناوی گوڵ) و (پەندۆلی فۆکۆ)! دوو جیهانی جیاواز، دوو بۆچوونی جیاواز، دوو قەڵەمی جیاواز لە دنیای ئەدەبیاتدا.

زۆر رۆمان هەن بە ناوی (بەفر)، وەکو رۆمانەکەی (ماکسێنس فێرمین) ی فەرەنسی بەناوی (بەفر)، هەروەها رۆمانی (بەفری کلیمانجارۆ)ی هەمەنگوای، زۆربەی چیرۆکەکانی چیخەف و جاك لەندەن بەفر رووبەرێکی زۆری داگیرکردوون، چونکە زێدی خۆیان بەفراویە. بەفرەکەی ئەم رۆمانەی پاموکیش، ئەو بەفرە ئاساییەیە کە لە سیبریاوە هەڵدەکات و ناوچە شاخاویەکانی تورکیاش دەگرێتەوە، کە قارس ناوجەرگەیەتی، وشەی قارس دەشێت هەر لە عەرەبیەکەوە هاتبێت بە



واتای زۆر سارد. لەوانەیە (پاموك)یش وەکو (فێرمین) ویستوویەتی گەشتێك بکات بە ناو رەنگی سپیدا لە رێگای بەفرەوە. نەك وەکو هێمایەك بەکارهاتبێت.

ئەم رۆمانەی پاموك-بەفر- کراوەتە (٤٤) بەشەوە، هەر بەشێکیش ناونیشانێکی دووردرێژی هەیە. من پێموایە ئەگەر ئەو ناو نیشانانە نەبووایە، رۆمانەکە هەندێك روح سووکتر دەبوو. زیاتر ئەم ناونیشانەش رۆژانامەوانیە..

کەریم ئالاقوش(کا)، کەسێکی شیوعی بووەو لە ترسی راوەدوونان هەڵهاتووە بۆ ئەڵمانیا، شاعیرەو لەوێ کاری هەمەجۆری کردوە، بۆ ئەوەی بژی، دوای دوانزە ساڵ کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ، رۆژنامەی (جمهوریەت) ی تورکی رایدەسپێرێت تا بچێت لە قارس لە سەر هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکان و خۆکوشتنی ژنان بنووسێت. رۆماننوس یان راوی پێمان دەڵێ:(نەمگەرەکە فیڵتان لێ بکەم، من هاورییەکی دێرینی (کا)م و بەرلەوەی دەست بە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەیش بکەم، دەزانم لە قارس چی بەسەر دێت).. دیاریشە (پاموك) هەر لە سەرەتاوە دەستپێك و کۆتایی و رووداوەکان و مەبەستەکانی خۆی دیاریکردووە. نەك وەکو زۆربەی رۆماننووسی دیکە کە نازانن چیرۆکەکانیان چۆن کوتایی دێت.. بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی قارس و دیاردەی خۆکوشتنی ژنان روو لە قارس دەکات. ئیدی هەرکە لە ئەرزرۆمەوە، پێشتریش لە ئەستەمبولەوە بەرەو قارس بەرێدەکەوێت، دنیاکەی دەوروبەری سەرومڕ بەفر داپۆشیوە. هەروەها رۆمانەکەی (حەنا

مینا) —بەفر لە پەنجەرەوە دێت-، تارادەیەك هەردو رۆمانەكەی پاموك و مینا لە وروژاندنی بابەتەكان زۆر لە یەك دەچن، لە رۆمانی (بەفر لە پەنجەرەوە دێت)یش بابەتەكانی وەكو راكردن لە گۆڕەپانی رووبەڕووبوونەوەی سیاسی و تێكۆشان لە تاراوگەو دوور لە نیشتیمان و نامۆیی و پەیوەندی كەسی رووناكبیر بە تاكی سادەو كرێكارەوە، هەروەها كێشەی ژن و هەڵوێست بەرامبەری و هەروەها ململانێی چینایەتی. رۆمانەكەی (حەنا مینا)ش پڕە لە رووداو و گۆڕانی بۆ ئەو كەسانە دەڵێت رێگای دوورو درێژ دەبڕن. پاڵەوانەكەی ئەمیش لە ژوورەكەیدا بەفرو سەرما دەورەی داوە ئەویش دوای چەندین ساڵ لە تاراوگە دەگەڕێتەوە بۆ دیمەشق.

(كا) لە قارس لە هوتێلی(بەفر پالاس) دادەبەزێت، لە شارەكە بەفرەكە بە قوڕو چڵپاوەو ئیدی دیمەنی سپی و جوانی بەفری لەلا نامێنێت و چایخانەی سیخناخی لە بێكارانی كورد دەبینێت، خەڵكیش بە چاوی رۆژنامەوانێكی بە ناوبانگی ئەستەمبووڵی لێی دەڕوانن و لەوێ سەردار بەگ كە نوێنەری ئەتاتوركچیەكان و سەرنوسەری رۆژنامەی(شاری سەرحەد) و سەد و بیست دانەی لێ دەفرۆشرێت، (كا) بە قارسیەكان دەناسێنێت، لەوێ خوی بە بنكەی پۆلیس دەناسێنێت وەكو نەریتی باوی هەر دەوڵەتێكی شمولی تاكڕەو، بەرلەوەی بگاتە ئەوێ سەرۆكی شارەوانی قارس كوژرابوو، بە پێی قسەی (شینە) بە دەستی كوردێكی عارەبانەچی كوژرابوو، چونكە سەروكی شارەوانی عارەبانەی لەو شارە قەدغەكردبوو. قاسم بەگ جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس تێیدەگەیەنێت گوایە شارەكە لە



شوێنێكی ئارامدایەو تیرۆریستە جوداخوازەكانیان لەوێ وەدەرناوە. دیارە مەبەستی پارتی كرێكارانی كوردستانە. بەڵام دڵنیاش نییە كە چی دەقەومێ و ناقەومێ، لەوێ باسی كۆمەڵێك بەسەرهاتی خۆكوشتنی ژنان و كیژانی بۆ دەكەن، پێشیانوایە كە ئەو پەتایە لە شارێكی كوردنشینی وەكو (باتمان) ەوە گەیشتووەتە ئەوێ، ئەوەی شایانی وتنە (پاموك)یش وەكو (عەلائەسوانی) میسری خاوەنی رۆمانی (تەلاری یاقووبیان)، تەلارێك دەكاتە جێگای زۆربەی پاڵەوانەكانی كە ئەویش (بەفر پالاس)ەو خاوەنەكەی تورگۆت بەگ و هەردوو كچەكەی(ئیپەك وقەدیفە)یە. تەمەنی ئەو تەلارەیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدو دە ساڵ، واتا گرێدانی هەردوو مێژووی كۆنی توركیای سەردەمی عوسمانیەكان و مێژووی نوێی توركیای سەردەمی كۆماری، كە لەكۆندا جێی حەوانەوەی پرۆفیسۆرێكی رووسی شەیدای رۆژئاوایی بووە، هەروەها ئەرمەنیەكی بازرگانی گاوگۆتەڵ، یان هەتیووخانەیەكی رۆمیەكانیش بووە. (ئیپەك) كە پێشتر لە ئەستەمبووڵ لە زانكۆ لەگەڵ (كا) یەكتری دەناسن و پەیوەندی خۆشەویستی دروست دەكەن. دیارە دوای هەڵاتنی (كا) بۆ ئەوروپا لەبەر هۆی سیاسی، ئەو خۆشەویستیە هەڵدەوەشێتەوە. دواتریش (ئیپەك) مێردەكات بە كابرایەكی كوردی شیوعی كە دواتر دەبێتە ئیسلامی، ئەویش موختار بەگەو دواجار داوادەكات لە ئیپەك سەرپۆش بپۆشێت، ئەویش رازی نابێت و لە یەك جیادەبنەوە. لێرەدا ململانێی نێوان ئیسلامی سەلەفی و عیلمانیەت نیشان دەدات، كە هیچیان مل بۆ ئەوی دیكە نادات..

له لاپەرە(٦٣)دا (پاموك) له زاری سەردار بەگەوە دەڵێت: ( ئێمە کوردەکان بەهۆزو عەشیرەت ناو دەبەین ئەوان لە رابردوو بە کورد بوونی خۆیان نەدەزانی) ئەمەیان هەڵەو بوختانێکی گەورەیە بۆ کوردی باکوری کوردستان دەکرێت، ئەی ئەگەر وایە ئەو دەیان شۆڕشە چی بوون کە کورد بۆ سەرفرازی خۆی دژ بە عوسمانیەکان و کۆماریەکان کردوویانە؟ هەروەها پاموك تورکمان لە ناو تورکیا وەکو نەتەوەیەکی جیا ناودەبات.. یان باسی ئەوە دەکات کە حزبە ئیسلامیەکان وەکو حزبە ئیسلامیەکانی لای خۆشمان دەچن لە گەڕەکە هەژارەکاندا، پیتاك بەسەر هەژاراندا دەبەخشێننەوە بۆ لەخشتەبردنیان و پێیان بڵێن دەنگ بدەن بە حزبی خودا، یان روو دەکەنە لاوە بێ کارو کاسبی و هەژارەکان بۆ ئەوەی رایانبکێشن بۆ لای حزبەکانی خۆیان. لە زۆر شوێنیدا رۆمانەکە دەبێتە خیتابی سیاسی و باسی گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی دەکات لە تورکیا. (پاموك) لەم رۆمانەدا بە چەند ئاماژەیەکی لەرزۆك باسی تاوانی کۆمەڵکوژیەکەی ئەرمەنیەکان دەکات لە ساڵی ١٩١٥ لەلایەن تورکەکانەوە، ئەویش لە رێگای مۆزەخانەیەکی شارەکەوە، کە لە لاپەرە (٧١) دا دەڵێت: (بەشی تایبەت بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنیەکان لە مۆزەخانەکەدا- هەندێك لە گەشتیاران لە سەرەتادا واحاڵی ببوون کە ئێرە جێگەیەکە سەبارەت بە کوشتنی ئەرمەنیەکان لەلایەن تورکەکانەوە، بەڵام دواتر پێچەوانە تێگەیشبوون). لە توێی ئەم رۆمانەدا پاموك دەقاودەق ژیانی رۆژانەی خۆی دەگێڕێتەوە لە ئەڵمانیا، کە دەکاتە دەیان لاپەڕەی رۆمانەکە، کاتێك باسی شیعرو شاعیریەتی خۆی دەکات. بە رای من ئەو لاپەڕانە بوون و نەبوونیان وەکو



یەك وایە. گەرچی لەم رۆمانەدا شیعر پانتاییەکی زۆری داگیرکردوە، زۆر لە پاڵەوانەکان شیعر دەنووسن، تادەگاتە تیرۆریستێکی وەکو (شینە)یش. من لەم رۆمانەدا زانیم کە ئەتاتورکیش شیعری نووسیوە. یان لەبەشی پێنجەمدا، دەمەتەقێیەکە لە نێوان مامۆستایەکی عیلمانی وەك (نوری یەڵماز)، کە بەڕێوەبەری پەیمانگای پەروەردەیەو نایەڵێت کچان بە سەرپۆشەوە بچنە پۆلەوە لە قوتابخانە. لەگەڵ لاوێکی ئیسلامی توندڕەو (واحید سوێزمە)دا، دواتر لە شیرینەمەنیخانەیەك دەیکوژێت، بێگومان ئەم دەمەتەقێ سادانە رۆژانە روودەدەن لە وڵاتی ئیسلامیدا، لە نێوان گەنجە ئیسلامیە توندڕەوەکان و عیلمانیەکاندا. بێشك دەمەتەقێی بێتام و بێلەزەت، کە هیچ لایەك لەم دوولایە خاوەنی لۆژیکی بەهێز نین بۆ یەکلایی کردنەوەی بابەتەکانی ناکۆکی نێوانیان. لاوە ئیسلامیەکان قەناعەتیان بەو لۆژیکە نییە کە (ئایین بۆ خوایەو نیشتیمانیش بۆ هەمووانە)، بەڵام دەیانەوێت بە لۆژێکی خۆیان نیشتیمان بۆ خوا بێت و ئایینیش بۆ هەمووان بێت.. کە ئەمەیان لە دنیادا قبووڵ ناکرێت، تەنانەت لە وڵاتە ئیسلامیەکانی خۆشیاندا، گەرچی ئەم گرووپە ئیسلامیانە لە هەر کوێ بن ئەمە بیرو بووچوونیانە، تەنانەت لەلای خۆشمان.. پاموك لێرەدا دەیەوێت بڵێت دەوڵەتی تورکیا تۆتالیتارەو وەکو سەردار بەگ و .دمێرکۆڵ و سۆنای زایم و لە مارکسیەت هەڵگەراوەتەوەو بووە بە ئەتاتورکچی و ئیسلامیەکانیش تیرۆریستن، وەکو (شینە) کە چووە بۆ بۆسنەو لەگرۆزنی لە چیچان بریندار بووە، دەشیانووت بۆیە هاتبوە قارس بۆ پاراستنی جەماوەرو نهێنیەکانی کەسانی سەر بە تاقمێکی

ئیسلامی کورد، یان واحید سویزمەو نەجیب و دکتور فازیل و
کوردەکانیش یان ئەوەتا خێڵەکین یان بە ئیسلامی و پەکەکەیانەوە
تیرۆریستن. پاڵەوانێکی دیکەی ئەم رۆمانە (موختار بەگ)ە کە کوردە و
کاتی خۆی لەگەڵ (کا) لە ئەستەمبوڵ لە زانکۆ خوێندکار بووە،
هەردووکیان ئەو دەمانە کۆمەنیست بوون، بەڵام موختار کە شاعیرێکی
فاشیلەو مێردی (ئیپەك) بوو، لەبەر ئەوەیش لەچك و سەرپۆشی
نەپۆشیوە تەڵاقی خۆی لێی سەندوە، چونکە موختار ببووە ئیسلامی. کە
لەگەڵ (کا) پێکەوە دەبن یادی چەند دۆست و برادەرێکیان دەکەنەوە.
لەوانە بۆ نموونە (فەرهاد) کە بەختەوەرترین دوورخراوەی سیاسی بوو لە
ئەڵمانیا و پەیوەندی کردبوو بە ریزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوەو
لە ئەڵمانیا بە بۆمب و مۆلۆتۆڤەوە پەلاماری قونسڵخانەکان و
نووسینگەکانی هێڵی ئاسمانی تورکی دابوو. یان باسی ئەو برادەرانەی کە
هەندێکیان پەیوەندیان کردبوو بە گرووپی بچووکی چەتەوە، یان ئەوانەی
ببوونە سیخوری (میت)، یان هەندێکیان کاری رەشیان دەکردو تیاچوون،
یان بێ سەر و شوێن کرابوون و بێکەس کوژرابوون و توورِ درابوونە
ئاوەڕۆکانەوە.. کاتێك (کا) دەبەنە بەندیخانە بۆ ئەوەی بکوژی بەڕێوەبەری
پەیمانگەی پەروەردە دەست نیشان بکات، لە ڕێگای وێنەکانی ئەو
کەسانەوە کە هێزەکانی (میت) دەستگیری کردبوون و زۆربەیان لاو بوون
یان کوردبوون. بە گوێرەی نووسەر کە گوایە (شینە) کوردێکی دیاربەکر
(ئامەد)ە، بە پێی وەسفی چاپەمەنیە عیلمانیەکان شینە کەسێکی ریشن،
لادێی شەریعەتخوازەو شەڕانگێزە، بە دەستێکی تەزبیح و بە دەستێکی



دیکە چەکی هەڵگرتووە. ئەم وەسفەش کوت مت وەسفی کەسایەتی
(ئوسامەی کوڕی لادن)ە کە دیومانە. یان چاوپێکەوتنەکەی (کا) لەگەڵ
شینە، چاوپێکەوتنەکەی رۆژنامەنووسی عەرەب (عەبدل باری عەتوان)
مان بیردەخاتەوە، کە لەگەڵ ئوسامەی کوڕی لادن لە تورابورا ئەنجامی
دابوو. لەو چاوپێکەوتنەدا (پاموك) لەزاری (شینە)وە داستانی(رۆستەم و
زۆراب)ی فارسی بۆ(کا) دەگێڕێتەوە دیارە نوسەر دەیەوێت (شینە) بکاتە
داستانێك بۆ گرووپە ئیسلامیەکان لە تورکیا، گەرچی شینە خواستێك لە
دڵیدا هەیە بۆ کوشتنی باوك، ئەمەیش یەکێکە لە شزوزە دەروونیەکانی
ئیسلامیە توندڕەوەکان، بەوەی کە خۆی بە(زۆراب) لێك دەچوێنێت کە
باوکی دەکوژێت، پێیدەڵێت: (باشترین رێباز بۆ کوشتنی باوکی ئەوەیە
بیئەوەی بیناسێتەوە، بیکوژێت).

لە بەشی دوانزەهەمی رۆمانەکەدا بەسەرهاتی غەمگینی برادەرێکی
ئیسلامی(کا)یە کەناوی –نەجیب–ە، باسی ئەو رۆمانەی بۆ دەکات کە
بەتەمایە بینووسێت، گوایە رۆمانێکی خەیاڵی زانستیە، هەروەکو چیرۆکی
خۆشەویستی فلیمی هیندی (سەنگام) وایە، کە راجندەررا کۆمارو راج
کابور و ڤیجانتی مالا نمایشیان کردوەو دەشێت پاموك لە سەردەمی
هەرزەکای ئەم فلیمە هیندیەی لە ئەستەمبوڵ دیبێت و پێی سەرسام
بووبێت. پاموك لەم رۆمانەدا دەیەوێت ئەو هەموو بیرو بۆچوون و
ئەجندایانە بخاتەڕوو، کە لە واقیعی ئێستای تورکیادا هەیە، کە ئەمەیان
لایەنی هەرە پۆزەتیڤی رۆمانەکەیە، لە ڕێگەی ئەو دەمەتەقێ و
گفتوگۆیانەی نێوان (کا) و (شێخ سەعادەدین ئەفەندی) لە بەشی

یانزەهەم و لە نێوان (کا) و(نەجیب) و (دکتۆر فازیل) لە بەشی دوانزەهەم. مەسەلەی سەرپۆشی و لەچکی ژنان و وکچان و هۆی کوشتنی ژنان و کیژان لە دەمەتەقێیەکی نێوان (کا) و (قەدیفە)، کە خوشکی (ئیپەك)ەو سەرپۆش دەپۆشێت، سەرەڕای ئەوەی لە باوکێکی کۆنە شیوعی عیلمانیە، بەڵام باوەڕدارەو سەرەڕای پەیوەندی سێکسی لەگەڵ (کا) و (شینە)دا، دیارە پاموك یش وەکو (دۆریس لیسنگ) خۆی لە بابەتی فینیمیزم داوە، کە ئێستا لە ئەوروپا بۆتە مۆدەو باو و کاری جیدی بۆ دەکرێت، بۆیە لەم ڕۆمانەدا زۆر لەو بابەتە ورد بووەتەوەو زۆربەی ڕۆمانەکەی داگیرکردوە. لەو چیرۆکە زۆرانەی خۆکوشتن کە لەم ڕۆمانەدا وەکو خۆکوشتنی (تەسلیمە) یان (خەندە) کە لە بەر گوشاری خێزانەکەی سەرپۆش فڕێدەدات، ئەگەرچیش لە ڕاستیدا سەرپۆشکردن دابونەریتێکی ئیسلامی نییە، بگرە هی جووەکانەو لەوانەوە هاتووەتە ناو ئیسلامەوە. (پاموك) لە زمانی (خەندە)وە دەڵێت: (ویستی خۆکوشتن بەلای زۆر لەو کیژانەوە لەم ڕەوشەی ئێمەدان، بەواتای خۆ بەخاوەنکردنە لە هەبوونی خۆمان. ئەو کچانەی لە خشتەدەبرێن و پەردەی کچێنی دەدڕێنن، یاخود ئەو کچە عازەبانەی کە بەزۆر بە شوو دەدرێن، هەموویان لەو سونگەیەوە خۆیان دەکوژن) ل ١٨٤. واتا خۆکوشتنی کچان هیچ پەیوەندیەکی بە لەچککردن و ئیسلامی بوونەوە نییە..

لەبەشی حەڤدەمدا نوسەر دێتە سەرباسی شانۆنامەیەك دەربارەی ئەو کچەی سەرپۆشەکەی خۆی دەسووتێنێت، بە ناونیشانی(نیشتیمان یان سەرپۆش)، ئەم شانۆنامەیە کە پشتیوانیکردنە لە دەوڵەت بۆ بە



ڕۆژئاوایی بوون و دوور ڕاگرتنی ژنان لە سەرپۆش پۆشین و گوشاری ئایین. ئەم شانۆنامەیە (فۆندا ئەسەر) ڕۆڵی تیا دەبینێت، دیارە پاموك لە خۆشی ژنە ئەکتەری چەپی ئەمریکی (جین فۆندا)ئەم ناوەی هەڵبژاردوە، کە ئەویش سەردەمانێك فینیمنیزم بوو، دژ بە چەوساندنەوەی ژنان کاری کردوە.. (فۆندا ئەسەر) لەسەر شانۆ وەکو تەحدایەك سەرپۆشەکەی سەری دادەماڵێ و ئاگری تێبەردەدات، ئەمەیش ئیسلامیەکان پێیانوایە وەستانە بە ڕووی فەرموودەکانی خوداوە. ئەوە بوو هەندێك لە ریش پان و کڵاو بە سەری ئیسلامی، پەت و خەنجەر بەدەست دەچنە سەر شانۆو دەیانەوێت سزای بدەن، ئیدی لە شانۆی گەل دەبێتە هەرا لە نێوان ئیسلامیەکان و قوتابیانی ئامادەیی پێگەیاندنی پێش نوێژ و وتارخوێنان و ئەتاتورکچیەکاندا.. سوپایش دێتە ناوەوەو دەست بە تەقەکردن دەکرێت و دەقەومێت، هەر لەوێ چەند ئیسلامیەك دەکوژرێت، لەوانەیش (نەجیب) برادەری (کا)، دیارە ئەم ئاژاوەیەش کەسانی وەکو (ز. دەمیر کۆڵ) کۆنە شیوعی و دواتر ببوو بە ئەتاتورکچی لەگەڵ دوو کەسی دیکەی نەژادپەرستی تورکدا نابوویانەوە. ئیدی دوای ئەو ڕووداوە هاتوچۆ قەدەغە دەکرێت و شێوە کودەتایەکی سەربازیش لە شارەکە ڕوودەدات، بۆ ڕێگرتن لەوەی ئیسلامیەکان لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکان سەرنەکەون. لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکە جارێکی دیکە (کا) دەبەنەوە بۆ دەزگای (میت)، بۆ ئەوەی دەسنیشانی بکوژەکەی بەڕیوەبەری پەیمانگای پەروەردە بکات، چونکە کاتی کوشتنی لە شیرینیخانەکە لەلایەن کابرایەکی ئیسلامی تیرۆریستەوە، ئەو و ئیپەك لەوێ بوون و کابرای بکوژی دیبوو.

دواجاریش لە بەشێکی دیکە دێتە سەر هونەرمەندی شانۆ (سۆنای زایم)، کە کاتی خۆی هونەرمەندێکی چەپ و برادەری (کا) بووەو بەوە ناسراوە کە دەقە شانۆییەکانی (برێشت) ی پێشکەش کردوە لە تورکیا، بەڵام دوای کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ی (کەنعان ئەفرین)، سەرجەم شانۆکانی چەپ پەکدەخرێن، دەوڵەت دەیەوێت فیلمێك لە سەر ئەتاتورك دەربکات، کە بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کە کابرایەکی تورك دەوری ئەم کابرا قژزەردەو چاو شینە، قارەمانی ڕۆژئاوایی بوونی تورکیا بگێرێت. سۆنای زایم هەوڵدەدا دەوری ئەتاتورك بگێرێت، لێرە ناوی چەند ئەکتەرێك دەهێنێت وەکو (لۆرانس ئۆلیڤەر)، کە دیارە ئەمە یان هەڵەی نوسەرە یان هەڵەی وەرگێرە، یان هەڵەی چاپە، هەر کەسێك بێت ڕاستیەکەی (لۆرانس ئۆلیڤێ) یە، کە بە ئەکتەری شانۆنامەکانی شەکسپیر ناسرابوو. بەڵام (زایم) لێدوانێکی دابوو کە دەتوانێت دەوری حەزرەتی محەمەدیش بگێرێت، کە ئەمەیان بە بۆچوونی ئیسلامیەکان کفرو گوناهە، بۆیە دەکەوێتە بەر هێرشی ڕۆژنامە و میدیا ئیسلامیەکان و دەیان بوختان و تومەتی بۆ دروستدەکەن و ناچار دەبێت خۆی بشارێتەوە.. پاموك لەم ڕۆمانەدا ئەتاتورکی بەلاوە گەورەیە، بۆیە لە زاری کەسێکی وەکو (سۆنای زایم)وە دەڵێت: (ئایا ترسی ئەوەت هەیە ئەوروپاییەکان ڕەفتارەکانی ئێرەمان ببینن و شەرمت بە خۆتدا بێتەوە؟ گەلۆ دەزانی ئەوان چەند مرۆڤیان هەڵواسی تاکو ئەو جیهانە هاوچەرخەیان بەدی هێنا، کە ئێستا تۆ شەیدای بوویت؟ ئەتاتورك کەسێکی مێشك چۆڵەکەی وەکو تۆی هەر لە ڕۆژی یەکەمدا هەڵدەواسی) ل٢٨٩. ئەمەیش پاکانەکردنە بۆ



هەڵسوکەوتی ئەتاتورکچیەکان. یان پاکانە بۆ سوپا دەکات کە هەر لە زمانی(زایم)ە وە دەڵێت: (پێویستیان بە سوپایەکی لایسیست هەیە، ئەگەرنا ئەوا ئیسلامیەکان خۆیان و ژنە دەموچاو بۆیاخکراوەکانیان، بە چەقۆی کول لەتوپەت دەکەن، کەچی ئەو زمان درێژانە خۆیان بە ئەوروپایی دەزانن و پۆز بەسەر ئەو سوپایەدا لێ دەدەن کە لە ڕاستیدا ئەوان دەپارێزێت . بۆچی تۆ پێتوایە ئەو ڕۆژەی ئێرەش وەکو ئێرانی لێدێت، کەس ئەوەی بیردەکەوێتەوە، کە لیبرالێکی دڵنەرمی وەکو تۆ فرمێسکی بۆ لاوەکانی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژو وتارخوێنان هەڵڕشتووە؟ ئەو کاتە لەبەر ئەوەی کەمێك ڕۆژئاواییت، لە ترساندا بیسمیلات کردوە، لووت بەرزی، کراڤاتت گرێداوە، یاخود لەبەر ئەوەی پاڵتۆت پۆشیوە، دەتکوژن). بێگومان (کا) دەڵێت ئەو پاڵتۆیە لە هەموو خراپەکاریەك دەیپارێزێت، ئەمەیش پاڵتۆکەی (ئاکاکی ئاکاکیڤچ) مان بیردەخاتەوە لە چیرۆکی (پاڵتۆ)ی–گۆگۆڵ-دا. یان دەڵێت: (ئەگەر میللەت لە ئیسلامیەکان نەترسێت و پەنا بۆ دەوڵەت نەبات، ئەوا وەکو هەندێك هۆزە دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا دەکەوێتە باوەشی دواکەووتوویی و توندوتیژییەوە). یان نوسەر هەر لە سەر زاری (سۆنای زایم)ەوە پێیوایە کە هاندانی کوردە نەتەوەپەرستەکان، لەلایەن دوژمنانی دەرکی تورکیا و هەوڵی بێپەروای سیاسەتمەدارە ڕەمەکیەکان، بۆ بە دەستهێنانی دەنگی ئیسلامیەکان شاری قارسی خستوەتە سەر لێواری تەقاندنەوە.. یان باسی ئەو ژنە کوردە دەکات کە خواردنەوەی دارچینی بە تورکەکان دەفرۆشێ و تورکەکان قاوی ئەوە دادەخەن گوایە ئەو ژنە ژەهر

دەگرێتەوە، بۆ ژەهرالووکردنی سەربازەکانی تورك، وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك بەرامبەر ئەو تاوانانەی سوپای تورك دەیکات، دەرهەق بە گەریلاکانی پەکەکە لە باکووری کوردستان...

شینە پەیامەکەی خۆی لە ڕێگای (کا)وە بۆ ئەوەی لێدوانی خۆی بۆ سەرتاسەری ئەوروپا رابگەیەنێت، بۆ ڕۆژنامەی (فرانکفۆرتەر روندشاه)، کە خاوەنەکەی (هانز هانزن)ە، داواش لە(کا) دەکات چیتر لە ڕۆژنامە ئەڵمانیەکان لە سەر خۆکوشتنی کچانەوە نەنووسێت، هەروەها دەیەوێت بۆ (کا) باسی کۆدەتاکەی شانۆی گەل بکات و چەند کوژرابوون و چەند پێکرابوون، ئەم چاوپێکەوتنە (قەدیفە) کە دۆستی (شینە)یە سازی دەدات، لەو چاوپێکەوتنەدا ڕۆماننووس باسی هەندێك وردەکاری ئیسلامیەکان و دەوڵەت و بابەتی کۆمەڵایەتی رووت و بێتام دەکات، لەوانە دەپرسێت کە ڕەنگی رایەخی سەر مێزی ماڵەکەی هانز هانزن چۆن بوو، یان چەندەها جار (کا) لە ئەڵمانیا چووەتە ماڵیان، شتێکی زۆری لەم وردەکاریانە لە ڕۆمانەکەدا هەیە، بە رای ئێمە زیادەن و بوونی و نەبوونیان هیچ کارێك ناکەنە سەر ڕەوتی رووداوەکان و زۆریش درێژدادڕی تیایە، بۆنموونە چەند بارەکردنەوەی باسی ژنانی سەرپۆش لەسەر و خۆکوشتنیان و هۆیەکانی، یان لە بەشێکی دیکە (کا) دەیەوێت تۆرگۆت بەگ بەشداری ئەو راگەیاندنە بکات، دژ بەو کۆدەتایەی کە لە شانۆی گەلەوە سەرچاوەی گرتبوو، تۆرگۆت بەگ لە جیاتی ئەوە بڕیار دەدات تەماشای زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی مەکسیکی بکات، وەکو ئەو زنجیرە درامایە مەکسیکیە دوبلاژکراوانەی لای خۆمان. ڕۆماننووس هەندێك بە



تان و پۆی ئەو زنجیرە درامایەدا دەچێت و بەوەش خۆی لە بەشدارییکردنی ئەو راگەیاندنەی دژی کۆدەتای سەربازیەکە بدزێتەوە.. (کا) یش لە هەموو بۆنەو نابۆنەو دانیشتنێکدا شیعری بۆ دێت و خەریکی نووسینەوەی دەبێت و زیاتر شیعری موناسەباتە. یان ئەو بەشەی باسی (ئیپەك) و(کا) دەکات کە پێکەوە دەبن لە ژووری هوتێلەکە، لەوێدا مومارەسەی سێکی دەکەن.. لە بەشێکی تردا ڕۆماننووس دێتە سەر باسی کوشتنی (کا) لە ئەڵمانیا، دوای گەڕانەوەی لە تورکیا بە دەستی چەند نەناسراوێك کوژرا بوو، گەرچی دوایی دەردەکەوێت بە دەستی گرووپە ئیسلامیەکان کوژراوە، چونکە پێیانوابووە کە دەستی هەبووە لە کوشتنی شینەدا، هەروەها گێڕانەوەی ژیانی ڕۆژانەی (کا) لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی کە لە فرانکفۆرت بوو، ئەو شوێنانە کە(کا) بۆی چووبوو و تیا گەڕابوو، باسی لەشفرۆشی لەو شەقامەی کە خانووەکەی (کا)ی لێ بوو. ئینجا باسی هەوڵ و کۆششی (کا) بۆ تەواوکردنی دیوانە شیعرەکەی، بە ناوی(بەفر) کە بووەتە ناونیشانی ڕۆمانەکەی پاموك.. گەرچی نوسەر لە بەشی (٢٩)یەمی ڕۆمانەکە باسی کوشتنی (کا) دەکات، بەڵام لە بەشەکانی دواتر دێتەوە سەر باسی (کا) کاتێك لە ژیاندا بووەو لەبەشی دواتر درێژە بە دیمەنی پێکەوە نووستنەکەی (کا) و (ئیپەك) دەدات لە ژووری ئوتێلەکەدا.. پاشان کۆبوونەوەی هوتێلی ئاسیا، کە شینە و تورگۆت بەگ و قەدیفە و چەند لاوێکی کورد و دکتۆر فازیل و چەند لاوێکی ئیسلامی ببوون، لەو کۆبوونەوەیەدا باسی رەوشی ئەوروپا دەکەن، سەبارەت بە ئیسلام و خەڵکی ڕۆژهەڵات و تورکیا، دەیانەوێت

راگەیاندنێك دژی ئەو كۆدەتا سەربازیە دەركەن، كە لە شارەكە روویداوە. دیارە لەوەدا رێك ناكەون.. ئامادەبووانی كۆبوونەوەكەش هەر یەكەو رایەكی هەیە بەرامبەر بە ئەوروپا، لاوێكی كورد دەڵێت: لە ئەوروپا هیچ كەسێك وەكو ئێمە هەژار نییە. توركگۆت بەگیش دەڵێت: بەڵام هەموومان دەزانین كە ئەوروپا چ واتایەك دەگەیەنێت. ئەوروپا لە داهاتوودا جێگای ئێمەیە لە ناو مروڤایەتیدا. شینەش دەڵێت: ئەوروپا داهاتووی من نییە من بیر لەوە ناكەمەوە بە درێژایی ژیانم لاسایی ئەوروپاییگەل بكەمەوەو خۆم بە كەم بزانم لەبەر ئەوەی لەوان ناچم.. دیارە ئەمەیش ئەو مقۆمقۆیەی ئێستا كە لە توركیادا هەیە سەبارەت بە چوونە ناو یەكێتی ئەوروپاوە. پاموك، لەلاپەرە ٣٩٢ دا باسی ئەوە دەكات هەركەسێك باسی كۆمەڵكوژیەكەی ئەرمەنیەكان بكات گێرە شێوێنە. دیارە ئەمەیش بۆچوونی دەسەڵاتی ئێستای توركیایە: (با دەسبەرداری توركایەتی و ئاینەكەمان نەبین، وتەیەكی درێژی سەبارەت بە هەڵمەتی خاچپەرستان، كۆمەڵكوژیی جووەكان، كوشتنی چەرمسوورەكانە لە ئەمەریكاو كوژرانی موسڵمانانی جەزایەر لەسەر دەستی فەرەنسیەكان پێشكەش كرد. لەو كاتەدا گێرەشێوێنێك لەناو ئاپورەی ئامادەبووانەوە لە ژێرەوە پرسیبووی، كوان ئەو چەند ملێون ئەرمەنییەی قارس و سەرانسەر ئەنادۆڵ؟ كابرای هەواڵدزی نووسەرەوەی رەوتی كۆبونەوەكە، لەبەر ئەوەی بەزەیی بە كابرادا هاتەوە، ناوەكەی تۆمار نەكرد). لە شوێنێكی دیكە باسی تیرۆركردنی ئەو رۆژنامەوان و نووسەرانە دەكات كە بە دەستی ئیسلامیەكان دەكوژرێن، (وەكو نوسەران و رۆژنامەنووسەكانی شارە گەورەكان بە نانەوەی بۆمبا



نەدەكوژران، بەڵكو لەلایەن هەندێك ئایندارانی توورەو گەنجەوە، كە بگرە دەمانچەشیان بە دەستەوە نەبووە، بە دەستی رووت لە گۆشەی كوچە تاریكەكاندا دەخنكێندران، یاخود بەر چەقۆ دەدران). یان باسی هەڵمەتی دەستگیركردنی ئیسلامی و كۆنەپەرستەكانی قارس لەلایەن سوپاوە. دوای ئەوەی شینە دەسگیردەكەن (كا) هەوڵ دەدات سازش لە گەڵ شینە بكات، بۆ ئەوەی (قەدیفە) بەشداری نمایشێك بكات كە تیایدا لەوێ سەری رووت دەكات، بە مەرجێك شینە ئازاد بكرێت. لەم بارەیەوە (كا) و قەدیفە دەكەونە گفتوگۆوە. دواجار بە نیازی ئەوەی (كا) بچێت سەردانی شینە بكات بە مەبەستی سازشكردن لەگەڵیدا، تا رێگە بدات (قەدیفە) لە نمایشێكدا سەرپۆش فرێدات، بە مەرجێك شینە ئازاد بكرێت. لە ژێر جلەكانیەو ریكۆردێك دەبەستن بە لەشیەوە بە مەبەستی تۆماركردنی قسەكانی شینە. لەوێدا دەكەونە دەمەتەقێوە سەبارەت زۆر مەسەلەی هەنوكەیی، دواجاریش بە نووسین رێكەوتنێك مۆردەكەن ، بە رازیبوون بە سەرپۆش فرێدانی قەدیفە بەرامبەر بەرەڵاكردنی شینە. ئینجا تەدارك كردن و وردەكاریەكانی نمایشەكە. نمایشەكەش لە شانۆنامەیكی ئیسپانیەوەیە لە بابەتی تۆڵە كردنەوەیە. دواجار ز.دەمیركۆڵ (كا) دەڕفێنن و لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا دەكەن، لێرەدا پاموك بە زمانی ز.دەمیركۆڵەوە باسی دووفاقی رۆشنبیر دەكات: (دەزانی بۆ چی ماریانەم خۆشدەوێت؟ چونكە دەزانێت چی دەوێت، بەڵام ئێوەی رۆشنبیر خۆشتان نازانن چیتان دەوێت و ئەمەیش من دەهری دەكات. دەڵێن دیموكراسی، كەچی دوایی لەگەڵ شەریعەتخوازاندا هاوكاری دەكەن، دەم لە مافەكانی مرۆڤ دەدەن،

کەچی لەگەڵ تیرۆریست و مرۆڤکوژاندا دانوستان دەکەن.. دەڵێن ئەوروپا، کەچی مامەحەمەیی بۆ ئیسلامییەکانی دوژمنی ئەوروپا دەکەن.. باس لە فەمینیزم دەکەن، کەچی پشتیوانی لەو پیاوانە دەکەن کە بەزۆری سەرپۆش لە سەری ژنان دەکەن). دواتر ئیپەك و(کا) لە ژوورێکی ئوتێلەکەدا، دواتر شینە ئازاد دەکرێت و لە شوێنێکدا خۆی حەشار دەدات. لە بەشی چلویەکەمین رۆمانەکەدا رۆماننوس (پاموك) وەکو شێوە تەغریبێکی (برێخت)ی دێتە ناو چیرۆکەکەوەو باسی ئەو دەفتەرانەی (کا) دەکات، کە دوای کوژرانی بەر دەستی دەکەون و لەوانە دەفتەرە سەوزەکە، کە دەفتەری شیعرەکانی (کا)یەو دەربارەی (کا) چەند دیدەنیەك دەکات لە فرانکفۆرت، لەگەڵ ئەو کەسانەی (کا) یان ناسیوەو باسی کەسایەتی ئەو دەکەن، دیاربوو پێش کوژرانی، (ئیپەك) بەتەما بووە لەگەڵیدا بچێت بۆ ئەڵمانیا، بەڵام دوای کوژرانی شینە پەشیمان دەبێتەوە، چونکە پێیوابووە کە دەمی داوە لە حەشارگاکەی شینە و هەڵیان کوتاوەتە سەری و لەگەڵ خەندە پێکەوە کوشتوویانن. لە کاتی نمایشکردنی شانۆنامەی (تراژیدیا لە قارس) کە لە شانۆنامەی (تراژیدیای ئیسپانیا)وە وەرگیراوە، فرێدانی سەرپۆش لەلایەن قەدیفەوە، دواجاریش لە کاتی دەورەکەیدا تەقە لە سونای زایم ئەکتەر دەکات، بێئەوەی بزانێت کە دەمانچەکە فیشەکی راستی تیاییە، لەوێ سۆنای دەکوژرێت، پاشان تاقمەکەی ز.دەمیرکۆڵ دەیگرن بە مەبەستی پاراستنی، قەدیفە بە هۆی ئەو تاوانەوە سی ساڵ و مانگێکی زیندانی بۆ دەبڕنەوەو هەر لە قارسیش ماوەی زیندانیەکەی بەسەر دەبات. دوای بەربوونی، مێرد بە فازیلی ئیسلامی مەشرەب



دەکات، گەرچی وازی لە گرووپە توندڕەوەکان هێنابوو. سوپایش دوای سەرکوتکردنی کۆدەتای نەتەوەپەرستە توندڕەوکان، کۆمەڵێك خەڵکی دەستگیر دەکات و بە ماوەی بەندکردنی جیاجیایان بۆ دەبڕێتەوە. دوا لاپەڕەکانی رۆمانەکە، بە هاتنی (پاموك) خودی رۆماننوس کۆتایی دێت، هاتبوو بۆ گەڕانی بە دوای شیعرە ونبووەکانی(کا) لە قارس و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە (کا) یان ناسیوە، بۆئەوەی یارمەتی بدەن بۆ نووسینی کتێبەکەی. دواجایش دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیاو لەوێ دەست بە گریان دەکات و ئەوە دوا رستەی رۆمانەکە بوو...

## خوێندنەوەیەکی کتێبی
## (ئەو خوداوەندەی کە هەمیشە شکستدێنیٚ)ی
## ئەدوارد سەعید

ئەم کتێبە کۆمەڵە باسێکی مەیدانی و فیکری تۆکمەیە لە بارەی روناکبیرەوە، بە شێوەیەکی گشتی و پیشاندانی وێنەکانی روناکبیرە. ئەمە کۆمەڵێك وتارە کە ئەدوارد سەعید لە ساڵی ١٩٩٢ وەکو موحازەرە پێشکەشی کردوون و لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کتێبێکدا چاپیکردوون، بە ناونیشانی (ئەو خوداوەندەی کە هەمیشە شکستدێنیٚ). لە بارەی رووناکبیرو رۆڵی رووناکبیر نووسیوونی. نوسەر پێیوایە کە یەکێك لە



ئەرکەکانی رووناکبیر، هەوڵدانە بۆ شکاندنی پۆلینە لە قاڵبدراو و کورتکراوەکان(ئیختیزالکراوەکان)، کە لە رێگای بیرکردنەوەو رایەڵەی مرۆڤایەتیەوە دەکرێت. لەم باسانەیدا پێیوایە رووناکبیران بە چەپ و راستیانەوە، بە وردی ئەو کەسانەن کە ناتوانرێت پێشبینی رەوشتی گشتیان بکرێت، نەبخرێنە ژێر درووشمێکەوە، یان لە هێڵی راستی حزبێکدا، یان لە بیرو باوەڕێکی چەسپاودا، یان هیچ شتێك رەوشتی گشتی رووناکبیر تێك نادات، بەقەد ئەوەی بریق وباق و بێدەنگیی و لاف و گەزافی نیشتیمانی تێکیدەدات. هەوڵدانی پابەندبوون تاکە پێوەرێکی گشتیە وەکو بیرۆکەیەکی سەرەکی رۆڵێکی، گرنگ دەبینیٚ بە پێی بۆچوونی نوسەر، کۆمەڵێك هەڵبژاردەی واقیعی هەیە کە رووبەڕووی رووناکبیر دەبنەوەو لە موحازەرەکانی یەکەمیدا دیاری کردوون، بیرۆکەکەیش ئەوەیە کە هەموو رووناکبیران شتێك پێشکەش بە جەماوەری خۆیان دەکەن و ئەمەش وەکو ئەوە وایە خۆیان پێشکەش بە خۆیان بکەن. ئەگەر ئەکادیمی بێت، یان وتارنووسێکی بۆهیمی بێت، یان راوێژکارێکی وەزارەتی بەرگری بێت، بەلای ئەوەوە رووناکبیر نەفیکراوەو پەراوێزەو ئارەزوومەندە (هاوی)ەو دانەری زمانەو هەوڵدەدات راستی بە دەسەلات بڵێت. بە تەئکید رۆڵی رووناکبیر ئەوەیە کە ئەو ئینتیمای نییە، ئەوەی لە مێشکدا بووە کە مرۆڤ چەند دەستەوسانە، زۆرجار لە بەرامبەر تۆڕێك لە دەستە کۆمەڵایەتیە بێهێزەکان و بە شێوەیەکی سەرتاسەری، یان ئامرازەکانی میدیای حکومی و کۆمپانیا گەورەکاندایە، کە ئەگەری دەستەبەرکردنی هەموو گۆڕانێك

دووردەخەنەوە، ئینتیمانەبوونی بە ئەنقەست بۆ ئەم هێزانە، واتای ئەوەیە کە لە زۆر ڕێبازدا نەبوونی توانست هەیە بۆ ڕوودانی گۆڕانی ڕاستەوخۆ..

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بە ناونیشانی(وێنەکانی ڕووناکبیر)، باسی ڕووناکبیر دەکات کە کێیە؟ دەنووسێت: لە سەدەی بیستەم دوو وەسفی جیاوازی زۆر گرنگ هەبوو، بە شێوەیەکی گەوهەری دەربارەی ئەم کێشەیە: (ئەنتۆنیۆ گرامشی) مارکسیەکی ئیتاڵی و تێکۆشەرو ڕۆژنامەوان و بیرمەندێکی پرشنگدار بوو، کە مۆسۆلینی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٣٧ بەندی کرد، لەنامەکانی بەندیخانەدا نووسیویەتی: (هەموو خەڵکی ڕووناکبیرن، لەبەر ئەوەش مرۆڤ دەتوانێت بڵێت: کەچی هەموو خەڵکی لە کۆمەڵگادا مومارەسەی ئەرکی ڕووناکبیران ناکەن). ئیشەکەی "گرامشی" خۆی نموونەیەك دەداتە دەستەوە، بۆ ئەو ڕۆڵەی کە ڕووناکبیر دەیگێڕێت: ئەو زانایەکی زمانی بەتوانابوو، ڕێکخەری چینی کرێکاری ئیتالیا بوو، لە نووسینە ڕۆژنامەوانیەکانیدا یەکێك بوو لە لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتیە بیرمەندەکان، خەمی ئەوەی هەبوو، کە نەك بە تەنها بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بکات، بگرە پێکهاتەیەکی ڕووناکبیریی تۆکمەیش پەیوەند بەو بزووتنەوەیەوە دروست بکات. "گرامشی" هەوڵیدەدا ئەوە ڕوونبکاتەوە، ئەوانەی کە مومارەسەی ئیشی ڕوناکبیریی دەکەن، دەکرێت بکرێنە دوو بەشەوە: یەکەمیان، ڕووناکبیرە تەقلیدیەکان: وەکو مامۆستایان و پیاوانی ئایین و کارگێڕەکان، کە بە بەردوامی نەوە لە دوای نەوە هەمان ئیشدەکەن، دووەمیان، ڕووناکبیرە ئۆرگانیەکانە، ئەوانەی کە گرامشی دەیبینین ڕاستەوخۆ پەیوەندن بە



چینەکانەوە، یان بە دامەزراوە بازرگانیەکانەوە، کە ڕووناکبیر بەکاردەهێنن بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندیەکانیان و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی گەورەترو پەیداکردنی سانسۆرێکی بەربلاوتر. بەو شێوەیە "گرامشی" بە ڕووناکبیری ئۆرگانی دەڵێت: (بەڵێندەری سەرمایەداریی لە پاڵ تەکنیکی پیشەسازی و پسپۆڕی لە ئابووری سیاسی و ڕێکخەری ڕووناکبیریی نوێداو ئەوانیدی دەخوڵقێنێت، بۆ سیستمێکی یاسایی نوێ). شارەزای ڕیکلام یان پەیوەندیەکانی گشتی، کە تەکنیك دادەهێنێت بۆ ئەوەی کۆمپانیایەك ژنانی پاککەرەوەی دەست بکەوێت، یان کۆمپانیایێکی ئاسمانی بەشێکی زۆرتری هەبێت لە بازاڕدا، بە پێی "گرامشی" ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیە. ئەو مرۆیە کە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا، هەوڵدەدات ڕەزامەندی کڕیارە گریمانەییەکان و ڕازیبوویان بەدەست بهێنێت و کڕیارو هەڵبژێرەکان ئاڕاستەبکات. "گرامشی" پێیوابوو کە ڕووناکبیرە ئۆرگانیەکان بە شێوەیەکی کاریگەر پەیوەندن بە کۆمەڵگاوە، واتا، ئەوانەی بە بەردەوامی تێدەکۆشن بۆ گۆڕینی ئەقڵ و فراوان کردنەوەی بازاڕەکان، بە پێچەوانەی مامۆستاو کاهینەکانەوە، ئەوانەی کە دیارە ناچارن تا ئەم ڕادە، یان ئەو ڕادەیە بۆ مانەوە لە شوێنکدا بن، ساڵ لە دوای ساڵ هەر هەمان کار ئەنجامدەدەن، وەلێ ڕووناکبیرە ئۆرگانیەکان هەمیشە لە جووڵانەوەو نوێبوونەوەدان. لە لایەکی ئەولاترەوە پێناسە بە ناوبانگەکەی (جۆلیان بیندا) هەیە بۆ ڕووناکبیران، کە دەڵێت: ئەوان گرووپە شاهێکی دانەرو خاوەن بەهرەی ڕادەبەدەرو هەستێکی بەرزی ڕەوشتن و خۆیان تەرخانکردووە بۆ درووستکردنی ویژدانی مرۆڤایەتی. لە کاتێکدا کە ئەمە ڕاستە، وەلێ

باسەکەی —بیندا-**خیانەتی ڕووناکبیران**- بەدرێژایی نەوەکان مایەوە، وەکو هێرشکردنێك بۆسەر ئەو ڕووناکبیرانەی کە دەسبەرداری بانگەشەکەیان بوون و بیروباوەڕی خۆیان خستە بەردەم گومانەوە، پتر وەکو شیکردنەوەیەکی تۆکمە بۆ ژیانی فیکری، ئەو لە واقیعدا ژمارەیەکی بچووك دەهێنێتەوە، لە ناو و خەسڵەتی سەرەکی ئەوانەی بە ڕووناکبیری ڕاستەقینەیان دادەنێت. بە شێوەیەکی دووبارەوەبوو ئاماژە دەکات بە "سوکرات" و "کریست"(عیسا)و هەروەها بە" سیپینۆزا" و ڤۆڵتێر و "ئارنست ڕێنان" لە چەرخی نوێدا. ڕووناکبیرە ڕاستەقینەکان هەڵبژاردە پێکدەهێنن، لە ڕاستیدا بوونەوەری دەگمەنن، مادامێکی هەڵگری بەهای نەمری ڕاستی و دادپەروەرین، بە وردی سەر بەم جیهانە نین. لێرەدایە زاراوە ئایینیەکەی "بیندا" بۆ ئەوان —پیاوانی ئایین- خەسڵەتی جودایان هەیە لە پایەو ئەنجامداندا، کە هەمیشە بەو دووانە ڕووبەڕووی خەڵکی ڕەمەکی دەبنەوە، ئەو خەڵکە ئاساییەی کە بایەخ بە سوودی مادی و پێشکەوتنی کەسایەتی دەدەن و ئەگەر بشێت بە شێوەیەکی موتڵەق بێت، پەیوەندی توندوتۆڵیان بە هێزی دنیاییەوە هەیە. ڕووناکبیرانی ڕاستەقینە وەکو دەڵێت: (ئەو کەسانەن چالاکی پلە یەکیان هەیە، شوێنکەوتنی ئامانجە پرۆسەیەکانیان نییە، ئەوانەن هەوڵ بۆ دۆزینەوەی خۆشی خۆیان لە مومارەسەکردنی هونەر، یان زانست یان تێڕامانی میتافیزیکیدا دەدەن، بە کورتی بۆ بەدەستهێنانی خەسڵەتی نامادی و لەبەر ئەم هۆیە بە شێوەیەکی دیاریکراو دەڵێن: (مەملەکەتی من لەم جیهانەدا نییە). بەهەر حاڵ لەگەڵ ئەوەشدا نموونەکانی —بیندا- ئەوە ڕووندەکەنەوە بە تەواوەتی



ئەو بڕوای بە ڕووناکبیرانی قووڵەی عاجی نییەو لە جیهانی واقیعی دابڕاوداو بە تەواوی پابەند نین. بە خەستی دوورەپەرێزن و ئەوانەی خۆیان بۆ بابەتی ئاڵۆزو دەشێت ئەفسووناویش تەرخانکردوە. ڕووناکبیرانی ڕاستەقینە هەرگیز لە باشترین حاڵەتدا نابن، جگە لە سۆزێکی میتافیزیکدا کە بیانجوولێنێت، یان بیروباوەڕێکی پاکیزە بۆ دادپەروەریی و ڕاستی و ریسواکردنی گەندەڵی و بەرگریکردنیان لە چەوساوەکان و تەحەدای دەسەڵاتی ناشەرعی یان ستەمکار. ئایا پێویست بە بیرخستنەوە هەیە؟ (بیندا دەڵێ)، کە چۆن —فنلیون و ماسیلۆن جەنگە دیاریکراوەکانی لویسی چواردەمیان ریسواکرد؟ چۆن "ڤۆڵتێر" کاولکاریی بەڵاتییەکانی ریسواکرد؟ چۆن "ڕێنان" کردەوە توندوتیژەکانی ناپلیۆنی ریسواکرد؟ یان چۆن "بکلی" دەمارگیریی ئینگلتەرای ریسواکرد بەرامبەر بە شۆڕشی فەرەنسا؟ لە سەردەمی ئێستاشماندا (نیچە) کردەوە دڕنەییەکانی ئەڵمانیای ریسواکرد دژ بە فەرەنسا؟ گرفتەکە لەگەڵ کۆمەڵە ڕووناکبیری ئەم سەردەمەیە بە پێی-بیندا-، کە ئەوانە دەسبەرداری دەسەڵاتی ئەخلاقی خۆیان بوون، بۆ بەرژەوەندی ئەوەی بانگەشەی دەکەن، بە دەربڕینێکی پێشبینانە"ڕێکخستنی سۆزی کۆمەڵی" وەکو تایەفەگەریی و بیروباوەڕی سۆزداری جەماوەرو ڕەوشتی دوژمناکاریی نەتەوەیی و بەرژەوەندی چینایەتی. "بیندا" ساڵی ١٩٢٧ دەنووسێت، واتا پێش چەرخی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گشتی، بەڵام هەستی بەوە کردبوو، کە چەند بۆ حکومەتەکان گرنگ بوو ئەو ڕووناکبیرانە بەکاربهێنن، لەوانەیشە بانگەشە بکرێن، نەك سەرکردایەتی

بکەن، بگرە بۆ چەسپاندنی سیاسەتی حکومەت و دژ بە دوژمنە فەرمیەکان پڕوپاگەندە بکەن و بە دەربڕینی چاك، لەسەر ئاستێکی فراواندا، لە چەند دەستگایەکی تۆکمەدا، بە زمانێکی ئۆرویلانەی ئالۆز، کە دەتوانێت لەژێر ناوی "سوودمەندایەتی" دامەزراوەیی" یان "شەرفی نیشتمانپەروەریی"دا ئەو راستیە بشارێتەوە.

بەهێزی گازندەکەی –بیندا- لە خیانەتی رووناکبیران لە توندی سەلماندنەکەیدا نییە، نە بە تەواوەتیش لە زۆرداریە مەحاڵەکەیدا بێت، کاتێك مەسەلەکە دێتە سەر ئەو رایەی کە شیاوی رەدەڵ و بەدەڵ نییە سەبارەت بە پەیامی رووناکبیر. رووناکبیرانی راستەقینە بە پێی پێناسەی "بیندا"، دەبێت قوربانی بدەن بە مەترسی لە سووتاندن و ترۆکردن یان لە خاچدان، ئەوان کە بەخۆدوورخستنەوەی چەسپاو لە بایەخە پرۆسەییەکاندا کەسایەتی پایەبەرزی هێمایی ناسراون. بۆیە نابێت ژمارەیان زۆر بێت و نابێت بە شێوەیەکی رۆتینی پەرەبسەنن. دەبێت تاکەکان وردبین بن و خاوەن کەسایەتی بەهێز بن و لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبێت بەشێوەیەکی نیمچە هەمیشەیی لەگەڵ ئەو دۆخەی کە هەیە لە حاڵەتی دژایەتیدا بن. لەبەر ئەم هۆیانە هەموو رووناکبیرانی - بیندا - بەشێوەیەکی حەتمی کۆمەڵێکی بچووکی پیاون و زۆر ئاشکران- لە مەدا هەرگیز ژنانی تێنەخستووە-، ئەو پیاوانەی دەنگیان زولاڵەو نەفرەتە توندەکانیان لە ئاسمانی بڵندی خۆیانە بە سەر ئادەمیزادا دەبارێنن. بیندا ئاماژە نادات بەو پیاوانە، کە چۆن ئەو راستیەیان دەستکەوتوە، یان دیدە درەوشاوەکەیان چییە کە دەچێتە ناو بیروباوەڕە



نەمرەکانەوەو تەنها وەهمی تاکە کەسی بێت، وەکو ئەوەی دۆنکیشۆت. بەڵام گومانم نییە بەلانی کەمەوە لەو وێنەی رووناکبیرە راستەقینەی کە "بیندا" خەیاڵی کردوە، وێنەکە بەدڵفڕێنی و بەهێزەوە خۆی دەسەپێنێت. زۆربەی نموونەکانی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ و باوەڕپێکراون: وەکو بەرگریکردنی _ڤۆلتێر- لە خێزانی کالاس، یان لەلایەنی بەرامبەرەوە- نەزعەی نەتەوایەتی ترسێنەر لەلای نوسەرانی فەرەنسا، وەکو -مۆریس باریێ- کە بیندا نەمرکردنی (رۆمانسیەتی توندوتیژی و رق لێهاتنەوە) بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، بە ناوی شەرەفی نیشتیمانی فەرەنساوە. "بیندا" لەگەڵ کێشەی "دریفۆس" و جەنگی یەکەمی جیهانی رۆحیەکەدا تێکەڵ بووە، هەردووکیان دوو ئەزموونی سەخت بوون بۆ رووناکبیران، ئەوانەی کە لە سەریان بوو ئازایانە دەربڕینی خۆیان هەڵبژێرن، دژ بە کردەوەیەك لە کردەوە ستەمەکانی سەربازی، دژ بە سامیەت و حەماسی نەتەوەیی، یان ئەوەتا وەکو مەڕ بکەونە تەك مێگەل و بەریگریکردن لە "ئەلفرێد درفۆس" رەت بکەنەوە، ئەو ئەفسەرە جوولەکەیەی کە بەشێوەیەکی ناعادیلانە حوکمدرا، دروشمی شۆڤێنیانە بڵێنەوە بۆ وروژاندنی جەنگ، دژی هەموو شتێکی ئەڵمانی. -بیندا- دوای جەنگی دووەمی جیهانی دیسان کتێبەکەی بڵاوکردەوە، ئەمجارەیان ئەو هێرشانەشی خستە سەری، دژ بەو رووناکبیرانەی کە لەگەڵ نازیەکان هاوکاریان کردو دژی ئەوانەیشی کە بەشێوەیەکی ناپاکانە دڵگەرم بوون بۆ شیوعیەکان، بەڵام بەقووڵی لە رەوانبێژی و بەپەرۆشی بۆ کارەکەی "بیندا" زۆر موحافیزکارانەو بە شێوەیەکی بنەڕەتی بوو، وێنەیەکی رووناکبیر هەیە

وەکو بوونەوەرێکی قێزەوەن، کەسێکە لە توانایدا هەیە راستی بە دەسەڵات بڵێت، درانەو بەرەوانی، ئازایانە بە شێوەیەکی خەیاڵی وەکو تاکێکی توورە، چونکە بەلای ئەوەوە دەسەڵاتێکی دنیایی گەورەو زۆر بەهەیبەت نییە، کە رەخنەی لێ نەگیرێت و بەتوندی لۆمە نەکرێت. شیکردنەوە کۆمەڵایەتیەکەی –گرامشی- بۆ رووناکبیر، وەکو کەسی کۆمەڵێك فەرمان ئەنجام دەدات، زۆر نزیکترە لەو واقیعەوە کە لە هەرشتێکدا کە – بیندا- پێشکەشمان دەکات. بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، کاتێك پیشەگەلێکی نوێ پەیدابوون، وەکو دەنگبێژەکان، ئەکادیمیە لێهاتووەکان، شیکارانی کۆمپیوتەر، پارێزەرانی یاریە وەرزشیەکان و میدیاکان و راوێژکارە کارگێریەکان و شارەزایانی سیاسەت و راوێژکارانی حکومەت، راپۆرتنووسانی پسپۆری بازاڕو لە راستیدا لە سەرجەم مەیدانی رۆژنامەوانی میللی نوێدا ، راستی دیدی گرامشییە. لەم رۆژانەدا کە هەموو مرۆیەك لە بوارێکدا کاردەکات و پەیوەندە بەبەرهەمهێنان، یان بە دابەشکردنی مەعریفەتەوە، بە پێی واتای – گرامشی- رووناکبیرە...

لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا، بە ناونیشانی(دیسپلینکردنی نەتەوەکان و دابونەریتەکان لە دۆخێکی شپرزەدا)، دێتە سەر باسی کتێبە بەناوبانگەکەی(جۆلیان بیندا) – خیانەتی رووناکبیران- . ئەم کتێبەی – بیندا- بۆچوونێکی وەها دروستدەکات، کە رووناکبیران لە جۆرە پانتاییەکی گەردونیدا دەژین و پەیوەندی نییە بە سنووری نیشتیمانپەروەری یان ناسنامەی رەگەزیەوە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر باسی



رووناکبیرانی ئەمرۆ بکەین واتای ئەوەش دیسان بە شێوەیەکی سنووردارە لە بارەی جیاوازیە نەتەوەیی و ئایینی و تەنانەت کیشوەریش لە بابەتەکەدا باس بکەیت، وادیارە هەریەك لەوانە پێویستی بە باسێکی جیاواز هەیە. نموونەی رووناکبیرە ئەفریقیەکان و عەرەبەکانی هێناوەتەوە، کە هەر یەکەیان دەخرێنە سیاقە مێژوویە سنووردارەکەی خۆیانەوە، بە گرفتە تایبەتیاکانیان و سەرکەوتنەکانیان و نەخۆشیەکانیان و تایبەتمەندیەکانیانەوە. هەروەها (ماتیۆ ئەرنۆڵد)یش دەڵێت: دەبێت رۆڵی رووناکبیر هاوکار بێت بۆ کۆمەڵی نەتەوەیی، بۆ زیاتر هەستکردن بە ناسنامەی هاوبەش کە هەستێکی باڵاو بە واتایە. ئەنجەتەکەی "ئەرنۆڵد" ترسە لە بە دیموکراسیبوونی کۆمەڵگا بەزۆری و بە بوونی خەڵکانێکی زۆر کە داوای مافی دەنگدان دەکەن و مافی ئەوەش کە چییان پێخۆشە بیکەن و ئەمەیش دەبێتە پتر دابەشبوونی کۆمەڵگا، وایلێدەکات کە فەرمانرەواییکردنی زەحمەت بێت. ئالێرەوە پێویستی ناوەرۆکیانە هەیە بۆ رووناکبیران تا خەڵکی هێوربکەنەوەو بۆیان روونبکەنەوە کە بیروباوەرە ئەدەبیەکان باشترن و کارە ئەدەبیەکان جوانترن، کە رێبازی ئینتیمابوونیان بۆ کۆمەڵی نەتەوەیی بۆیانی پێکهێناوە. -بیندا- پێشنیازی ئەوەی کردوە، دەبێت رووناکبیران لەبیرکردنەوە بوەستن بە زمانی سۆزی کۆمەڵ و لە جیاتی ئەوە خوو بدەنە بەها باڵاکان، ئەوانەی لەلای هەموو نەتەوەو میللەتان شیاوی پراکتیزەکردنە. یان زانای کۆمەڵناسی –ئەدوارد شیلز- پێناسەیەکی یاسایی هەیە بۆ رووناکبیری نوێ، دەڵێت: لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەندێك کەس هەن خاوەن هەستێکی رادەبەدەرو پیرۆزن.

تێڕامانێکی نائاسایی هەیە دەربارەی سروشتی بوونیان و ئەو بنەمایانەی کە فەرمانڕەوای کۆمەڵگاکەیان دەکەن و لە هەموو کۆمەڵگایەکیشدا کەمینەیەکی کەسایەتیەکان هەیە براکانیان بەرز رادەگرن و دەگەڕێن و ئارەزوومەندن کە پەیوەندیەکی بە سۆزی تێکچڕژاویان هەیە، لەگەڵ هێماکانی بەربلاوی دۆخە مەلموسە راستەوخۆکانی ژیانی رۆژانەداو دوورترە لە ئاماژەی شوێنکاتەکان. لەم کەمینەیەدا پێویستیەك هەیە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم توێژینەوەیە لە خیتابی زارەکی و نووسراودا، لە دەربڕینی شیعری بێت، یان شێوەکاری بێت لە بیرکردنەوەدا، یان لە نووسینی مێژوویی بێت، لە ئەدائی داب و بۆنەکان بێت یان لە کردەی پەرستندا بێت. ئەم پێویستیە هەناویە بۆ چوونە پشتەوەی شاشەی ئەزموونێکی مەلموسی راستەوخۆوەیە، کە بوونی رووناکبیران لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دیاریدەکات. ئەمەیش بەشێکی دارشتنەوەی رایەکەی — بیندا-یە، کە دەڵێت: رووناکبیران جۆرێکن و کەمینەیەکی ئەکلیریکیزمن و بەشێکن لە وەسفی گشتی کۆمەڵایەتی. دواجار —شیلز- ئەوەی دەخاتەسەر کە رووناکبیران لە دوو سەرەوە دژن: ئەوەتا یان دژی بیروباوەڕی باون، یان بە شێوەیەکی دیکە خۆگونجانە کە شێوەیەکی ریشەییان هەیە بۆ ئەوەی (سیستمێك و بەردەوامبوونێك لە ژیانی گشتیدا دابین بکەن).

یان لە بارەی رووناکبیرو ئایینی ئیسلامەوە دەڵێت: گەرچی ئیسلام ئایینی زۆرینەیە دوای هەموو شتێك پیموایە رۆڵی رووناکبیر ئەوەنیە بڵێی بە ئاسانی کە"ئیسلام رێگایە" و چارەسەرکردنی هۆیەکانی ناکۆکی و جیاوازی ئیسلام ئایین و کەلتورە. هەردووکیان مورەکەبن و زۆر دووریشن



لە پەیوەستبوونی تاکلایەنی، لەگەڵ ئەوەشداکە ئایین و ناسنامەی زۆری گەلێکەو رووناکبیر پابەند نییە بچێتە نێو ئەو جۆقانەوە کە ئیسلام سەروەر دەکەن، راستتر وایە بچێتە ناو ژاوەژاوەکەوەو شرۆڤە پێشکەش بکات بۆ ئیسلام و، تەئکید لەسەر ئالۆزبوون و سروشتە دوو رووەکەی بکات، یەکەم :

- ئیسلامی فەرمانڕەواکان، شاعیرو رووناکبیری سوری "ئەدۆنیس" دەپرسێت، یان هی شاعیر و یاخیەکان و گرووپەکانە؟ دووەم داواکردنی دەسەڵاتە ئیسلامیەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەمینە نائیسلامیەکان و مافی ژنان و خودی مۆدێرنێتە بۆ بە ئاگابوونەوەی مرۆڤایەتی و دووبارە هەڵسەنگاندنێکی پاك و بێگەرد نەبیروباوەڕەکان و نە سوودە مییللیە موزەیەفەکانەو گەوهەری ئەمەیش سەبارەت بە رووناکبیر لەناو ئیسلامدا زیندووکردنەوەی ئیجتیهادەو شرۆڤەی کەسایەتیە، نەك تەنازولێکی ترسنۆکانە بۆ زانایانی ئایینی خاوەن خواستە بنەڕەتیەکان بکات. یان سەرکردە لێهاتووە خاوەن کەسایەتیە کاریزمیەکان. بێگومان ئامانجی رووناکبیری نیشتیمانپەروەر کە ناتوانێت بە ئاسانی پۆلیسی سپی بگۆڕێت بە هاوشێوەکەی کە نیشتیمانپەروەر بێت. بەڵکو راستتر وەکو لە(ئیمیە سیزار)ەوە وەریگرتووە خولڤاندنی رۆحێکی نوێیە. لە چەند وشەیەکی دیکەشدا سەرەڕای هەندێك بەها کە بە نرخ دیاری ناکرێن، بەوەی کە رووناکبیر دەیکات بۆ زامنکردنی مانەوەی کۆمەڵ لە ڕێڕەوی قۆناغە نائاساییەکانی ئەوپەڕی نیشتمانیدا. وەلائی رووناکبیر نابێت تەنها تایبەت بێت بە بەشدارییکردن لە ڕێڕەوی کۆمەڵگاییدا، رووناکبیرانی وەکو

"تاگوور" له هیندستان، یان "خۆسێ مارتیێ" له کوبا دوو نموونه بوون لەو بواردا. هەرگیز ڕەخنەی خۆیان هێواش نەکردەوە له بەر نەتەوەیی بوون، سەرەڕای ئەوی نەتەوەییش بوون.

یان باسی ئەوە دەکات که زۆر له رووناکبیرە ژاپۆنیەکان دوای جەنگی دووەم به پێی قسەی "واساومایۆشی" پێیانوابوو که گەوهەری ئەرکە نۆیێەکە، بگرە دروستکردنی نەزعەیەکی خودی تاکەکەسی لیبریالیه، که ئامانجی کێبڕکێ بێت لەگەڵ رۆژئاوادا. زۆرجار له سەردەمه تاریکەکاندا، تاکەکانی گەل چاوەڕێیان دەکرد له رووناکبیر، به بێترس وێنابکات و دەربڕێت و شایەتی ئێش و ئازارەکانی ئەو گەله بێت، بێگومان رووناکبیرە گەورەکان هەمیشه پەیوەندیەکی هێمایان هەبووە به زەمەنەکانیانەوە، لێرەشدا بۆ نموونه وەسفەکەی "ئۆسکار وایڵد" هەیه سەبارەت به خۆی که دەڵێت: چونکه ئەوان له هوشیاریی گشتیدا نمایندەی دەستەبەرکردن و ناوناوبانگن، دەتوانرێت به بریکاریی ئامادەبکرێن بۆ تێکۆشانیکی پەرەسەندو یان ئەو کۆمەڵەی که رووبەڕووی جەنگ دەبێتەوەو به پێچەوانەوە زۆرجار وادیاردەکەوێت که رووناکبیران وەك بلێی شوورەیی کاری شەرمەزاراوی کۆمەڵەکەیان دەکەوێته ئەستۆیان.. بێگومان ئۆسکار وایڵد هەستی کرد که تاوانی هەموو بیریاره پێشڕەوەکان له ئەستۆی ئەوەدایه، ئەوانەی وێرایان ڕکابەری پێوەرەکانی کۆمەڵگای چینی مامناوەند بکەن. یان لەم سەردەمەدا پیاوێکی وەکو (ئیلی ویزڵ) بووە هێمای ئێش و ئازاری شەش ملیۆن جوولەکە، که له هۆڵۆکۆستی نازیەکاندا جینۆساید کران. بۆیه ئیشی رووناکبیر نواندنی ئێش و ئازاری



به کۆمەڵی گەلەکەیەتی و شایەتیدانه لەسەر ئازارەکانی و دووپاتکردنەوەی بوونه چەسپاوەکەی بتەوکردنی بیرو هزریەتی، دەشێت رووناکبیر به تەنها ئەوە بەدیبهێنێت، وەکو چۆن "بیکاسۆ" و "نیرۆدا" ئەزموونی مێژوویی گەلەکەیان لەکاری جواندا بەرجەستەکرد.. به رای ئەو ئەرکی رووناکبیر به شێوەیەکی راشکاوانه تەعمیمکردنی تەنگژەکەیەو بەخشینی مەودایەکی مرۆڤانەی مەزن بەو ئێش و ئازارەی، که تووشی رەگەزەکەی یان نەتەوەکەی بووەو بەستنەوەی ئەو ئەزموونه به ئێش و ئازاری ئەوانی دیکەوە. ئەزموونەکەی کەسێکی وەکو(فانون) سەبارەت به جەزائیر کردی و ئەو ئازارانەی بەستەوە به ئێش و ئازاری گەلێکی دیکەوە، ئەمەیش واتای له دەستدانی تایبەتمەندیەتی مێژوویی نییه.. یان مەسەلەی (بۆیریەکان) له باشووری ئەفریقیا ئەوانەی قوربانی دەستی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا بوون، دوای رزگاربوونیان هەستیان کرد کۆمەڵێکن به نمایندەی (دانیل فرانسوا مالان) ئامادەن بۆئەزموونه مێژووییەکەیان، به دامەزراندنی جیاکردنەوەی رەگەزپەرستی (فصل عنصری)، له رێگەی بیروباوەڕی پارتێکی نیشتیمانیەوە، ئەمەیش هەمیشه ئاسان و میللیانەیه سەبارەت به رووناکبیران، که بکەونه دوای رێبازی پاکانەکردن و چاکەخوازیەوە، که له بەرامبەر خراپه کوێریان دەکات، له قۆناغه نائاسایی و تەنگژەکاندا..

له بەشی سێیەمی کتێبەکەدا به ناونیشانی (تاراوگای رۆشنبیریی و دوورخراوەکان و پەراوێزخراوەکان)دا، باسی ئەوە دەکات که تاراوگه بەلای رووناکبیرەوە لەم واتا میتافیزیکیه، نیگەرانیەو بزاووتنه، ناجێگیربوونه به

شێوەیەکی بەردەوام و نیگەرانکردنی ئەوانی دیکەیە، ئەو ناتوانێت بگەڕێتەوە حاڵەتی پێشووی خۆی، وەکو قسەکەی (ئەدرۆنۆ)کە دەڵێت: ماڵی رابردوو نەما تەواو بوو. رووناکبیر وەکو نەفی کراو حەزی لەوەیە بە بیرۆکەی کلۆڵی بەختەوەر بێت، بۆ نموونە —جۆناسان سۆیفت- خاوەنی شاکاری (گەشتەکانی کلیڤەر)، دوای نەمانی دەسەلاتی موحافیزکارەکان ساڵی ١٧١٤، دەسەلات و هەیبەتی خۆی لە ئینگلتەرە نەگەڕانەوەو دواساڵەکانی تەمەنی لە تاراوگە لە ئیرلەندە بردەسەر. زۆرجار نموونەیەکی ئەفسانەیی بۆ تاڵیی و تووڕەبوون هەیە، لێرەشدا نموونەی -ئەدۆرنۆ-ی هێناوەتەوە وەکو نموونەیەکی زۆر شیاو بۆ رووناکبیری نەفیکراوی هەمیشە. رووناکبیر وەکو ئەوەی بە دوای مەعریفەوە بە سەربەستی بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگەڕێت، بۆیە رووناکبیر دەشوبهێنێن بە کەسێك کە پاپۆڕەکەی نووقم بووبێت، فێردەبێت چۆن بەواتایەکی دیاریکراو لەگەڵ خاکدا بژیت، نەك وەکو —رۆبنسن کرۆزۆ- کە ئامانجی ئەوە بوو دوورگەکەی ئاوەدان بکاتەوە، بگرە وەکو —مارکۆ پۆلۆ-یە کە هەمیشە هەست بە شەرمەزاری نەکرد بەرامبەر بە شتە جوانەکان، هەمیشە کۆچبەرو میوانێکی راگوزاری بوو، نەك توفەیلی و داگیرکەر بێت، یان چەتەی دەریا بێت..

لە بەشی چوارەمی کتێبەکەشدا بە ناونیشانی (پیشەزانەکان و ئارەزوومەندان)، دەگەڕێتەوە سەر باسی وێنەکانی رووناکبیرو دەڵێت لە راستیدا رووناکبیر نابێت زۆر سازشکاربێت، یان مایەی هەست بە ئاسوودەییکردن بێت، وەك بڵێی بە تەنها بە شێوەیەکی تەکنیکی رۆخۆش بێت و نابێت بە درێژایی کات رووناکبیر هەوڵبدات _کاساندرا- ئاسا بێ



، کە نەك تەنها قێزەوەن بوو، بگرە لە راستیدا کەسیش گوێی لێ ناگرت، دەبێت رووناکبیر لەلایەن خەڵکەوە گوێی لێ بگیرێت، سەرەڕای ئەوەیش دەبێت رووناکبیرە ئەکادیمیەکان- مێژوونووسەکان بۆ نموونە، پێکهاتەی فیکریان بە تەواوەتی دەربارەی مێژوونووسین و جێگیربوونی دابونەریتەکان و رۆڵی زمانیان بۆ کۆمەڵگا گەڕاندەوە. رووناکبیر بۆیهیمی نییە، یان فەیلەسووفی چایخانە نییە. بگرە کەسایەتی تەواو جیاوازە، نمایندەی جورەها بایەخدانە، وێنەکانی خۆی بە رێگای زۆر جیاجیا پێشکەشدەکات و گۆڕاوە بە شێوەیەکی درامی و رووناکبیر وەکو بتێك پەرستراو نییە، بگرە بانگەوازێکی ناوەوەی تاکە کەسەو وزەیە، هێزێکی کەللەڕەقی ماندووە، وەکو دەنگێکی مولتەزیم و جیاواز لە زمان و کۆمەڵگادا بە ژمارەیەکی گەورەی کێشەکان. یان دەگەڕێتەوە سەر (سارتەر)، کاتێك ئەو بەرگری لەو فیکرەیە دەکات کە پیاو ئازادە چارەنووسی خۆی هەڵبژێرێت، گەرچی ئاماژە بە ژن نادات، پێشیوایە کە دۆخ مومارەسەی تەواوەتی ئەم ئازادیە پەکبخات، سەرباری ئەوەش هەروەها سارتەر دەڵێت: هەڵەیە بڵێین ژینگە و دۆخ بە شێوەی تاکلایەنی بڕیاری نوسەرو رووناکبیر دەدەن، راستتروایە بزووتنەوەیەکی بە بەردەوامی لە هاتوچۆ لە نێوانیانیدا هەیە، گەرچی "سارتەر" زیاتر لە جیاتی رووناکبیر، ناوی نوسەر دەهێنێت، دیاریشە ئەو مەبەستی رووناکبیرەو رۆڵی لە کۆمەڵگادا، "سارتەر" ناڵێت کە رووناکبیر جۆرێکە لە موڵکی فەیلەسووفی بەسەرخۆ هەڵکورماودا.. رووناکبیر بە شێوەیەکی بەردەوام ملکەچە، نەك بۆ داخوازیەکانی کۆمەڵگاکەی، بگرە بۆ هەموارکردنە گەوهەریە تەواوەتیەکان، لە پایەی رووناکبیردا وەکو

ئەندامانی کۆمەڵەیەکی جیاواز.. تا ئێستا کۆمەڵگای ئەمڕۆ ئابلووقەی رووناکبیری داوە، هەندێکجار بە خەڵات و پاداشت و لە زۆر حاڵەتیشدا بە شێواندنی ناو و ناتۆرەی، یان گاڵتەپێکردن پێی، وەکو کردەوە کە روناکبیرە، هێشتا لە زۆر حاڵەتدا رووناکبیری راستەقینە دەبێت موحتەریف و شارەزا بێت بە تەنها لە بوارەکەی خۆیدا. "سارتەر" دەڵێت: رووناکبیر، رووناکبیر نییە جگە لە کاتێك کۆمەڵگا ئابڵوقەی دەدات و تەفرەی دەدات و باوەشی پیا دەکات و زۆری لێدەکات، دەبێت شتێك بێت یان هەر شتێکی دیکە، چونکە ئەوسا لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانێت کاری فیکری خۆی بنیاتبنێت ، کاتێك "سارتەر" ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی نۆبڵی رەتکردەوە، بە پێی بیروباوەڕکانی بە شێوەی ورد کاری دەکرد. یان نووسیویەتی و دەڵێت: رووناکبیر لە سەریەتی لەم رۆژانەدا ئارەزوومەند بێت "هاوی"، مرۆڤێك بەو پێیەی بۆئەوەی بیروباوەڕی بایەخدەر بێت بە کۆمەڵگا، دەبێت شیاو بێت بۆ پێشکەشکردنی پرسیاری ئەخلاقی، چونکە لەگەرمەی چالاکی زۆرترو تەقەنیدا، پابەندە بە وڵاتی مرۆڤەوەو بەهێزی و تێکەڵبوون لەگەڵ هاوڵاتیەکانی و کۆمەڵگاکانی ترەوە، رۆحی رووناکبیر وەکو ئارەزوومەند دەتوانێت بێتە ژوورەوەو رۆتینی پیشەیی رووت بگۆڕێت، کە زۆرمان بە دەستیەوە دەناڵێنین.. چونکە رووناکبیر جەماوەر و لایەنگرانی خۆی هەیە، ئەگەرهاتوو ئەو جەماوەرە بۆ هەبێت تا تێربکات، دەشێت مەعمیلەکە بە بەختەوەریی بمێنێتەوە، یان ئەوەتا هەیە بۆ ئەوەی رووبەڕووی تەحدا بێتەوەو ئەنجامی هانی ئۆپۆزسیۆنی ئاشکرا دەدات، یان ئامادەکاری بۆ بکات، بۆ بەشداری دیموکراسی بەربڵاوتر لە ناو



کۆمەڵگادا. لەم دوو حاڵەتەیشدا هیچ دەربازبوونێك نییە لە دەسەڵات و هێز و لە خۆدوورخستنەوەش لە پەیوەندی روناکبیر بە هەردووکیانەوە، ئەگینا رووناکبیر چۆن دەتوانێت قسە لەگەڵ دەسەڵاتدا بکات: وەکو موحتەریفێکی لێهاتوو، یان وەکو ویژدانێکی ئارەزوومەندو پاداشت پێنەدراو؟

لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەیدا بە ناونیشانی ( وتنی راستی بە دەسەڵات): نووسەر پێیوایە کە رووناکبیران پەیوەندیان هەیە بە داڕشتنەوەی سیاسەت و ئەوانەی توانای مومارەسەی مەحسووبیان هەیە، لە جۆری ئەوەی کە وەزیفەو فەرمان و مووچەو مەرتەبە بەرزکردنەوە دەدەن، یان قەدەغەی دەکەن، بە شێوەیەکی زۆر لێهاتووانەو تۆکمە، بۆ چاودێریکردنی ئەو تاکانەی کە پابەند نابن بە هێڵی پیشەیی خۆیان و لە دیدی سەرۆکەکانیانەوە پەیتا پەیتا کۆتاییان دێت، بۆ بەرپاکردنی کەسێك لە ناکۆکی و یاخیبووندا، یان رووناکبیر خۆبەدەستەوەدەری تەواوەتی بێت، بۆ ئامانجە سیاسیەکانی حکومەت یان کۆمپانیایەکی گەورە، گەرچی زۆر لە رووناکبیران بە تەواوی خۆیان دەدەنە دەستی ئەو ئیغرائاتانەوە، یان پرسیارێك هەیەلە رووناکبیر دەکرێت: مرۆڤ چۆن راستی دەڵێت، یان کامە راستیەو بۆ کێ و لەکوێیە؟ یان دەڵێت کە سیستمێك یان رێبازێکی روون و دووپاتکەرەوەی تەواو نییە، بۆ ئەوەی راستەخۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیت بە رووناکبیر، لەم دنیایەدا، لەم جیهانەدا، جیهانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کە بە تەقەلای مرۆڤانە درووستی بوون، رووناکبیر تەنها رێبازی عیلمانی پێیە ئیشی پێبکات، دەڵێت دەبێت

رووناکبیر بە درێژایی ژیان خەریکی ململانێ بێت، لەگەڵ هەموو پاسەوانەکانی دیدو دەقی پیرۆزدا، ئەوانەی زۆریان دزی و ئەوانە دەستیان ئەستوورە، کە بە تەئکید بێ تەوافەقی و جۆرایەتی قبووڵ ناکەن. ئازادی بیروڕاو دەربڕین رەقەو قەڵای عیلمانی سەرەکی رووناکبیرە: ئەگەربێتو واز لە پاراستنکردنی بهێنێت، یان لێی گەڕێت گەمە بە هەر بنەمایەك لە بنەماکانی بکرێت، لە راستیدا ئەمە واتای ئەوەیە کە خیانەت لە پەیامی رووناکبیر دەکات، بۆیە بەرگریکردن لە ئیشەکەی "سەلمان روشدی" ئایەتە شەیتانیەکان، کێشەیەکی ناوەندی موتڵەق بوو، خۆی لە خۆیدا لە پێناوی ئەوەدا بوو و دژی هەموو پێشێلکردنێکی ئەویدیکەش بوو، بۆ مافی دەربڕین بۆ رۆژنامەوانەکان و رۆماننووس و وتارنووسان و شاعیرەکان و مێژوونووسان وەکو یەك.. سەبارەت بە رووناکبیر کە گفتوگۆی ورد و رەند ناوکی چالاکیەکەیەتی، شانۆی ئیشی رووناکبیرو شوێنکاتێتی، بە بێ سروش یان ئیحادان، گەرچی دەگەڕێتەوە خاڵی دەستپێکردن، یان ئەو راستی و بیروباوەڕانە چین کە مرۆ دەبێت شینیان بۆ بکات و پشتگیریان بکات و پێشکەشیان بکات؟ ئەمەیش پرسیارەکەی (بیلاتیس نەبتی؟) نییە، بۆ دەست شووشتن لە کێشەیەکی قورس، بگرە پێشەکیەکی پێویستە بۆ پشکنینی جدیانەی ئەو شوێنەی کە لەم رۆژانەدا رووناکبیر لە سەری وەستاوەو چ کێڵگەیەکی مینی نادیار دەوری داوە.. بە پێی بۆچوونی ئەو یەکێك لە چالاکیە سەرەکیەکانی رووناکبیر بۆ سەدەکەمان لێپێچینەوەیە، نەك هەڵپێچینی دەسەڵات. ئەو مەملەکەتە گشتیەی کە رووناکبیران تائەوپەڕی وێنەی ئاڵۆزی خۆیانی تیا دروستدەکەن و سەروسیمای



ناشیرینی تیایە، بەڵام واتای خۆتێهەڵقورتاندنی ئەکتیڤانەی لەو مەملەکەتەدا دەبێت پشت بە بیروڕای پتەوی رووناکبیر ببەستێت، لە بیرۆکەی دادپەروری و ئینسافدا، کە رێگا دەدات بە جیاوازی لە نێوان نەتەوەکان و تاکەکانداو گرفتەکەیش بەلای رووناکبیرەوە ئیشکردنە لە سەر ئەو چەمکانە لە هەلەمەرجی کارکردندا، لەو شوێنەی کە دەلاقەیەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان دانپیانان و یەکسانی و دادپەروەری لەلایەك و راستیەکی تاڕادەیەك کەمتر درەوشاوە لەلایەکی دیکەوە. ئەو بە پێی دیدی خۆی دەپرسێت، ئایا رووناکبیری هاوچەرخ، کە لە زەمەنێکی مشەوەشدا دەژی، لە نادیاریدا، وەکو پێوەرە ئەخلاقی و بابەتیەکان و دەسەڵاتێکی درکپێکەر، کە بە شێوەیەکی کوێرانە پشتگیری هەڵسوکەوتی وڵاتەکەی خۆی بکات و چاوپۆشی بکات لە تاوانەکانی. یان لە شێوەی هیمەتکردنێکی ساردوسڕدا تارادەیەك دەڵێت: "پێموایە هەموویان ئەوە دەکەن، ئەمەیش رێگای جیهانە". ئەوەی کە دەتوانرێت بووترێت ئەوەیە رووناکبیران موحتەریف نین، کە خزمەتی مامەحەمەیانەی دەسەڵاتێکی زۆر داتەپیوو بکەن، کە مەسخی کردوون، بگرە ئەوانە رووناکبیری خاوەن هەڵوێستی ئەڵتەرناتیڤی زۆر مەبدەئیانەن و لە راستیدا دەتوانن یان دەنووسن، کە بە تەئکید رووناکبیر مرۆڤێکی ئامێرێکی ئاڵۆز نییەو ئەو یاساو بنەمایانەی کە بە شێوەیکی بیرکاریانە دەریهێناون، بۆ هەر کەسێك داوای لێبکات هەڵیانبدات.. بێگومان ترس و سنووری ئاسایی هەیە بۆ کاتی مرۆڤ و بەئاگابوونی، وەکو دەنگێکی تاك دەتوانێت بە ئەکتیڤبوونێکی ترسناکەوە کاربکات. بەڵام ئێمە هەقی خۆمانە بۆ

لەناوچوونی ڕێکەوتنێك بەرامبەر بە پێکهاتە بابەتیەکان، لە بەر هەمان هۆیش ڕووناکبیر تاسەی نەزعەیەکی خودی ئاسانکار نابێت لەگەڵ خودی خۆیدا، یان پەنابردنەبەر پیشەیەك، یان بەر بیری نەتەوەیی، کەجگە لە پاساوێك هیچی دیکە نین. ئەو چارەسەرەی ئەو درزیاژنکردنە نییە کە بە هۆی خوێندنەوەی هەواڵەکانی ڕۆژانە لە بەیانیاندا تووشی دەبێت. ئەو خووڕەوشتانەی کە بە ئیمتیازەوە ڕووناکبیر گەندەڵ دەکەن و لە ئەنجامدا ژیانی ڕووناکبیر دەکوژن، شەخصەنەکردنی ئەو خووانەیە، کە وەکو ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاواتی ئەوەبێت پایەیەکی فەخری وەربگرێت، یان خەڵاتێکی گەورە وەربگرێت، یان لە وانەیشە پۆستی باڵیۆز بێت. ئەم خووڕەوشتانەیش ڕووناکبیر فریودەدەن، بۆ ئەوەی دووری بخەنەوە، بە تایبەتی دوورخستنەوەی لە هەڵوێستی قورس و مەبدەئی، کە دەبێت هەڵوێستی ڕاست بێت، بەڵام ئەوەی بڕیادراوە دەبێت لەسەری بڕوات، ئەو نایەوێت وەکو سیاسیەکی زۆر دەربکەوێت، دەترسێت لەوەی خۆی بە جیاواز دەرخات، دەیەوێت ناوناتۆرەی خۆی بپارێزێت و لەنگەری خۆی بپارێزێت و بابەتی و میانڕەو بێت، ئومێدەوارە پرسیاری لێ بکەن و ڕاوێژی پێ بکەن و لە نێو ئەنجوومەنێکدا بێت، یان لەناو کۆمیتەیەکی بە ئیعتیبار، بەم جۆرەش لە نێو تەوژمی سەرەکی بەرپرسیاریەتیدا دەمێنێتەوە.. یان ڕووناکبیر نایەوێت بە چیادا هەڵگژێت، یان بچێتە سەر مینبەرێك لە بەرزاییەوە وتار بۆ خەڵکیبدات، دیاریشە دەیەوێت ڕای خۆی دەربڕێت، لەو شوێنەی دەکرێت بە چاکی گوێی لێ بگیرێت. دواجار وتنی ڕاستی بە دەسەڵات ئایدیایەکی ڕادەبەدەر نییە بە گەشبینی، ئومێدەوارێکی هۆشدارە بە ئەڵتەرناتیڤە



لەبەردەستەکان و هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤی ڕاست، پاشان پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی ئەقڵانی لەو شوێنەی کە دەتوانرێت سەرکەوتوو بێت و گۆڕانێکی لەبار بخولقێنێت...

لە بەشی شەشەمی کتێبەکەیدا، بە ناونیشانی( ئەو خوداوەندەی هەمیشە شکستدێنێ). ئەو پێیوایە دەبێت ڕووناکبیر دژی ڕێپیشاندەر بێت و هەروەها بڕوابوون بە خوداوەندێکی سیاسی لە هەر شێوەیەك بێت، کە ڕەووشتێکی ناجۆرە بۆ ڕووناکبیر، دەڵێت ئەمەیش واتای ئەوە نییە کە ڕووناکبیر لە لێواری ئاوەکە بوەستێت و جارناجارێك پەنجەی پێی دەدات لە ئاوەکە، زۆر کات بە تەڕنەبووی بمێنێتەوە.. یان پیشەی هەموو ڕووناکبیرێك ڕوونکردنەوەو پێشکەشکردنی بیرۆکەکان و دیدەکان و ئایدۆلۆژیە دیاری کراوەکانە، بە شێوەیەکی لۆژیکی خواستی ئەوەیە لە کۆمەڵگادا سەرکەوتوویان بکات و ئەو لە پێناوی زانیاریەکی ڕووتدا، یان زانستێکی موجەڕەداو نابێت باوەڕی پێ بکرێت، هەروەکو نوسەری گەورەی سەدەی بیستەم (ژان ژێنێ) جارێکیان وتی، لە ساتێکدا کە تۆ وتار دەنووسیت لە کۆمەڵگادا بەمەیش دەچیتە ژیانە سیاسیەکەیەوە، بەو جۆرە ئەگەر ناتەوێت ببیتە سیاسی، وتارمەنووسە یان بە ئازادی ڕای خۆت دەرمەبڕە.. یان وێناکردنی جیاوازیی لە نێوان ڕووناکبیری موحتەریف و ئارەزوومەندا(هاوی)، کە ڕووناکبیری موحتەریف بانگەشەی سەربەخۆیی دەکات، لەسەر بنەمای پیشەو خۆی بە بابەتیانە دەردەخات، لە کاتێکدا ئارەزوومەند(هاوی) بە پاداشت ناوروژێت و نە بەدەسکەوتی خێرا بۆ پێدانی ئیشێك، بەڵکو بە پەیوەندبوونی مولتەزیم بە بیرۆکەکان و

بەهاکانەوە لە کەشێکی گشتیدا. وەکو مارکس وتوویە گۆڕانی ڕووناکبیر بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە تەئویلکردنی مەسەلە ناپەیوەستبووەکانە، بۆ ئەو مەسەلانەی کە زۆرتر گرنگیان هەیە بۆ گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی. دەشڵێت کە ڕووناکبیر زیندەوەرێکی عیلمانیە، هەرچەنێك زۆر لە ڕووناکبیران لافی ئەوە لێدەدەن، کە ئەوان نمایندەی شتە بەرزەکانن، یان بەها موتڵەقەکان. دەبێت ڕووناکبیر بگەڕێت و چاوی بە خەڵکی بکەوێت و دەبێت شوێنێکی هەبێت لەسەری بوەستێت بۆ وەڵامدانەوەی دەسەڵات، چونکە پاشکۆی تەواوەتی بۆ دەسەڵات لە جیهانی ئەمڕۆدا گەورەترین مەترسیە لەسەر ژیانی فیکری ئەخلاقیە چالاکەکەی. دەبێت ڕووناکبیر بەردەوام بیری خۆی بخاتەوە، کە ئەو ڕووناکبیرە و دەتوانێت هەڵبژێرێت لە نێوان پۆزەتیڤ و نیگەتیڤدا، پۆزەتیڤ، بەوەی وەکو ڕاستی پێشکەش بکات بە جوانترین شێوە کە بتوانێت، نێگەتیڤ ئەوەی ڕێگا بدات بە سەردارێك یان بە دەسەڵاتێك کە ڕێنیشاندەرت بێت، بەلای ڕووناکبیری عیلمانیشەوە ئەو خوداوەندەیە کە هەمیشە شکستدێنێ..



## کافـــــــکا
## خوێندنەوەیەکی سەرجەم بەرهەمەکانی فرانز کافکایە..

(هەر شتێك ئەدەب نەبێ ئاسوودەییم نیگەران دەکات و بەرامبەری هەست بە رق و کینە دەکەم..) (کافکا)

کافکا لە ماوەی یانزە ساڵ و نیودا سەرجەم ئەدەبەکەی داهێنا، لە نێوان ئەیلوولی ١٩١٢ بۆ ئاداری ١٩٢٤، لەسەر ئەم ئەدەبە تەنها لە ئەڵمانیا شانزە هەزار لێکۆڵینەوەی لە سەر نووسرا، چ وەکو نووسین یان وەکو کتێب، پتر لە دوو هەزار ئەترۆحەی دکتۆرا بوو، (ئەلبرتۆ مۆرافیا)

رۆماننووسی ئیتالّی (١٩٠٨- ١٩٩٠) دەلّێت: (وا بزانم هەموو نووسەرێك کلیلی تایبەتی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتن لە واقع، بۆ کردنەوەی ئەو دەروازەیەی کە دەچێتە سەر واقیع، بۆ نموونە با (بەلزاك) بگرین، ئەو بە سامان هەموو شتێکی شیدەکردەوە، تەنها سامانی شینەکردەوە، بگرە سیاسەت و کۆمەلّگایشی شیدەکردەوە، تەنانەت خۆشەویستی و ئەدەبیش، سەبارەت بە دۆیستۆیڤیسکی تاوان ئەو کلیلە بوو، بەوە توانی هەموو شتێك راڤەبکات. لەلای جۆزێف کۆنڕادیش دەریابوو، لەلای منیش سێکس کلیلەکە بوو، دەتوانم زۆر شتی پێ بکەمەوە کە پەیوەندی بە سێکسەوە نییە)، دیارە لەلای کافکاش کلیلێکی دیاریکراو نەبوو، بەلاّم خوێنەر ئەو کلیلە لەلای کافکا دەدۆزێتەوە، کە قفلّی هەندێك لە دەقەکانی بکاتەوە، ئەو کلیلەش پەیوەندی کافکایە بە باوکیەوە.. کافکا مندالّیەکی گۆشەگیری بەسەربردووەو بڕوای بە خۆی نەبووەو لە سەرنەکەوتن ترساوە، بە درێژایی ژیانی کەوتبووە ژێر دەسەلاّتی باوکێکی بەزەبرو سەرکەوتووەوە، بۆیە کارە ئەدەبیەکەی وا دادەنا کە هەولّدانی هەلاّتنە لە باوك.... (سەرەڕای هەموو شتێك دەنووسم.. بە هەرحالّ دەنووسم، ئەوە خەباتی منە، لە پێناوی پاراستنی خوودا..) لە نامەیەکیشدا بۆ (ڤیلیس پاوەر)ی دەزگیرانی دەنووسێت: (ئەرکی من ئەوەبوو ئاگاداری کارەکەی خۆم بم، کە ئەو بە تەنها مافی ژیانم دەداتێ..) کافکا ناوبانگێکی جیهانیی ئەوتۆی پەیداکردبوو، کە هیچ نووسەرێکی دیکە بە زمانی ئەلّمانی پەیدای



نەکردبوو، هیچ شاعیرێکی جیهانیش لە شاعیرەکانی سەدەی بیستەم بە قەد کافکا بایەخ و گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، زۆر لە رەخنەگران پێیانوایە کافکا گرنگترین شاعیرە لە سەدەی بیستەم بە زمانی ئەلّمانی، هەندێکیش پێیانوایە یەکێکە لە دیارترین چیرۆکنووس و رۆماننووس لە سەدەی بیستەمدا، بگرە لە هەموو چەرخەکانیشدا.

فرانز کافکا، ٣ی تەمووزی سالّی ١٨٣٣ لە براگ بە رەچەلّەك چیکی و ئەلّمانی زمان لەدایکبووە، لە خانەوادەیەکی بازرگان و دەولّەمەند، سپینۆزاو داروین و نیچەی بە حەماسەوە خوێندوەتەوە، بڕوای بە بێدینی و سۆسیالیست هێنا، گۆتەو کلایست و گریلبرتسرو شتفتر، باشترین شاعیرانی بوون، ئەدەبی ئەلّمانی و یاسای لە براگ خوێندووە، لە سالّی ١٩٠٣ رۆمانی منالّ و شارو شیعرەکانی نووسی و ونبوون، سالّی ١٩٠٤- ١٩٠٥ (راڤەی خەبات)ی نووسی، هەر لەو دەمەشەوە دەستی بەخوێندنەوەی، هبل و گریلبرتسرو بایرۆن و فلۆبێرو هۆڤمانستالّ و تۆماس مان و ستاندال و شتفتر، هیرمان هیسە، دیستۆیسفسکی و تۆلّستۆی و ستریندبێرگ کرد، سالّی ١٩٠٥ یەکەم پەیوەندی و دلّداری کردو لە کاتی خوێندنی زانکۆییدا دۆستایەتی تەمەنی لەگەلّ (ماکس بروودا) بەست، هەروەها لەگەلّ شاعیرێکی کوێری وەکو (ئۆسکار پاووم)یشدا، لە حوزەیرانی ١٩٠٦دا نازناوی دکتۆرای لە یاساناسی وەرگرت و تا ١/١٠/١٩٠٧ لە راڤەی یاساناسی بوو، لە دادگای تاوانەکان و دواتر لە

دادگای شارستانی لە براگ، ساڵی ١٩٠٨ بۆ یەکەمجار هەشت پارچە پەخشانی لە گۆڤارێکدا بڵاوکردەوە، ساڵی ١٩٠٩ دەستیکرد بە نووسینەوەی یاداشتەکانی رۆژانەی خۆی، ساڵی ١٩١٢ یەکەم رەشنووسی رۆمانی (ونبوو)ی نووسی، کە دواتر بەناوی (ئەمریکا) بڵاوبوەوە، ساڵی ١٩١٢ رۆمانی (دەعەجانی- المسخ)ی نووسی، ساڵی ١٩١٣ رۆمانی (ونبوو)ی نووسی، بۆ یەکەمجار بەشدارییی ئێوارە کۆڕێکی کرد لە براگ و لەوێ چیرۆکی (مەحکومکردن)ی خوێندەوە.

هەر لەو ساڵەدا لە کشتوکاڵی دارستانەکانی نزیک براگ دەست بەکاربوو، سێ جاریش سەردانی (ڤیلیس پاوەر)ی کرد، لە مانگی ئایار چیرۆکی (ئاگردەر)ی بڵاوکرایەوە، هەروەها بەشێکیش لە رۆمانی (ونبوو)، لە حوزەیرانیش چیرۆکی (مەحکومکردن) لە گۆڤارێک بڵاوکردەوە، لە سەرەتای ئابی ساڵی ١٩١٥ رۆمانی (دادگا)ی نووسی، لە تشرینی یەکەمدا چیرۆکی (لە ئۆردوگای سزادان) نووسی و لە کانوونی دووەمی هەمان ساڵ چیرۆکی (مامۆستا قوتابخانەی گوندو بیرەوەری هێڵی شەمەندۆفیری کاڵدا)ی نووسی، هەر لەو ساڵەدا چیرۆکی خۆشەویستی لەگەڵ (گرتە بلووخ)و دەستپێکردو کوڕێکی لێی بوو و ساڵی ١٩٢٢ مرد، کافکا هەرگیز بەمەی نەزانی، ساڵی ١٩١٥ چیرۆکی (دەعەجانی) بە چاپگەیەندراو بڵاوکرایەوە، ساڵی ١٩١٦ پەیوندی لەگەڵ ڤیلیس پاوەردا بەهێزبوو، چیرۆکی (مەحکومکردن)ی لە کتێبێکی جیاوازدا



بڵاوبووەوە، دووەم ئێوارە کۆڕی بەست لە میونخ و لەوێ چیرۆکی (لە ئۆردوگای سزا)ی خوێندەوە، هەروەها هەندێک لە چیرۆکەکانی (پزیشکی لادێ)ی نووسی، ساڵی ١٩١٧ چیرۆکەکانی دیکەی (پزیشکی لادێ)و چیرۆکی (راوچی گراخۆس)ی نووسی، هەر هەمان ساڵ مارەی (ڤیلیس پاوەر) بۆ جاری دووەم بڕی، لە مانگی ئەیلولدا دەرکەوت کە تووشی نەخۆشی سیل بووە، لە کانوونی یەکەم بۆ جاری دووەم مارە بڕینەکەی هەڵوەشانەوە، ساڵی ١٩١٨ چووە لادێ و لەوێ کتێبەکانی (کیرکگارد)ی خوێندەوە، هەر لە هەمان ساڵدا چیرۆکی (دروستکردنی شورای چین)ی نووسی، ساڵی ١٩١٩، گەڕایەوە بۆ براگ و چیرۆکی (لە ئۆردوگای سزا) بڵاوبووەوە، مارەی (یولی فوریتسک) دەبڕێت، دوای هەڵوەشاندنەوەی وادەی زەماوەند (نامەیەک بۆ باوک)ی نووسی.

ساڵی ١٩٢٠ کۆمەڵە چیرۆکی (پزیشکی لادێ)ی بڵاوکردەوەو دواتر مارەبڕینەکەی لە یولی فوریتسک هەڵوەشانەوە، چەند چیرۆکێکی دیکەی نووسی، لەوانە (بوزایدون، لەشەودا، دەربارەی مەسەلەی یاساکان، کڕکڕاگە) ساڵی ١٩٢١ برادەری لەگەڵ خوێندەکاری پزیشکی رۆبەرت کلۆپچوک (١٨٩٩-١٩٧٢) دروستکرد، چیرۆکی (ئازارەکانی یەکەم)ی نووسی، بیرەوەرییەکانی خۆی دایە (میلینیا)، ساڵی ١٩٢٢ لە لادێ لەماڵی خوشکەکەی رۆمانی (کۆشک)ی نووسی، هەروەها چیرۆکی (هونەرمەند برسیەتی) نووسی، لە هاوینی ئەو ساڵەش چیرۆکی

(لێکۆڵینەوەکانی سەگ)ی نووسی، دەستنووسی رۆمانی (کۆشك)ی سپاردە (میلینیا)، کە کیژێکی برادەری بوو. ساڵی ١٩٢٣ لەبراگ (دۆرا دیامانت) دەناسێت تا ئەیلوول لە بەرلین لەگەڵێدا بەسەردەبات، تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ چیرۆکی (ژنێکی گچکەڵە) دەنووسێت، دواجار چیرۆکی (دروستکردن) و پاشان کۆمەڵە چیرۆکی (هونەرمەند برسیەتی) دەداتە چاپخانە، ساڵی ١٩٢٤ دەگەڕێتەوە بۆ براگ، چیرۆکی (یوزوڤینەی ژنە گۆرانیبێژ) یان (میللەتی مشك) دەنووسێت، لە نیسان لەگەڵ دۆرا دیامانت و رۆبەرت کلۆ بچۆك لە نەخۆشخانەیەکی نزیك لە ڤیەنناو لەوێ لە ٣ی حوزەیران کۆچی دوایی دەکات و تەمەنی چل ساڵ و یانزە مانگ بوو، کلۆ بچۆکی پزیشك و برادەری کە لە دوارۆژەکانی تەمەنی سەرپەرشتیدەکرد نووسیویەتی: (سەرو چاوی وشك، توندوتیژ، لووت بەرز، وەکو چۆن ئەقڵیشی بێگەردو توندبوو، سەروچاوی هی پاشایەك بوو کە لە رەچەڵەکی میرخاسان و دێرین بێت)...

لە ١١ی حوزەیران تەرمی کافکا بەخاکسپێردرا، دوای چەند هەفتەیەك کۆمەڵە چیرۆکی (هونەرمەند برسیەتی) دەرچوو.

١٩٢٥ رۆمانی (دادگا) بڵاوبووەوە، ساڵی ١٩٢٦یش رۆمانی (کۆشك) و ساڵی ١٩٢٧ رۆمانی (ونبوو)ی بڵاوبووەوە.. لەمەوبەر هەندێك زانیاری هەڵە هەبوو سەبارەت بە کافکا گوایە بەر لەمردنی داوایکردبوو، لە (ماکس بروود)ی هاوڕێی تەمەنی بەرهەمەکانی بسووتێنێت و گوایە



کافکا لە ژیاندا هیچی بڵاونەکردبووەوە! خۆم یەکێك بووم سەرەتا بڕوامکردبوو، بەڵام دوای خوێندنەوەی نووسینە هەوەڵینەکانی راستیم بۆ دەرکەوت کافکا لە نامەیەکیدا بۆ دەزگیرانەکەی (ڤیلیس پاوەر) دەنووسێت و باسی یەکەم چیرۆکی خۆی دەکات بە ناوی (مەحکومکردن)ەوە، کە باسی کەسایەتی کیژی ئەو چیرۆکە دەکات، کە ناوی (فریدا براندنفلد)ە، گوایە پیتی یەکەم و یەکەمی پیتی ناوی دووەمی، لەگەڵ پیتەکانی ناوی دەزگیرانەکەی یەکن و پاکانەی بۆ دەهێنێتەوە کە بە هیچ شێوەیەك ناوی ئەو کیژە پەیوەندیی بە ناوی ئەوەوە نییە: (ئەو پەڕەکەی بەهار لە چاپەمەنی رۆڤۆڵت لە لایبزگ)، (کتێبی ساڵانەی هونەری شیعر)م دەردەچێت کە (ماکس) سەرپەرشتی دەکات، ئەم کتێبەشم چیرۆکێکی تیایە بەناوی (مەحکومکردن)و پێشەکیەکەشی بۆ (خاتوو ڤیلیس. پ) دەبێت، بەم بۆنەیەشەوە ئەم چیرۆکە لە ناوەڕۆکدا، بەوەی کە بتوانم ببینم، هیچ پەیوەندیەکی بە تۆوە نییە، تەنها ئەوە نەبێت بە شێوەیەکی راگوزاری ناوی کچەکە بە(فریدا براندنفلد) هاتووە، واتا وەکو سەرنج دەدەیت، تەنها پیتی یەکەمی ناوەکانتان یەکە، یان تاکە پەیوەندی دەشێت تەنها ئەوەبێت کە ئەم چیرۆکە بچووکە هەوڵدەدات لە دوورەوە شایستەی تۆ بێت، وەکو پێشەکیەکەش دەیەویت دەربڕی ئەوەبێت....

ئەو چیرۆکە یەکەم بەرهەمی (کافکا) بووە، گەرچی نووسینەکانی پێش ئەوەی هەموو دەیووت هەروەها لەبەر دڵی خۆیشی خۆشەویست بووە، سێ جار لە ژیانی خۆیدا چاپکراوەتەوە، ئەم چیرۆکە بە شەوێك تا بەیانی نووسیویەتی، شەوی ٢٢\٢٣/٩/١٩١٢ لە سەعات (١٠)ی شەوەوە تا سەعات شەشی بەیانی، یەکەمجار لە گۆڤاری (ئەرکادیا) ساڵی ١٩١٣ بلاوکراوەتەوە، پاشان ساڵی ١٩١٦ لە کتێبێکی تایبەتدا، لە چاپەمەنی (گۆرت ڤۆلت) بە ناوی (رۆژی قیامەت)ەوە بلاوبووەوە، دواجار لە ساڵی ١٩٢٠ لە هەمان چاپەمەنیدا چاپکراوەتەوە، چیرۆکەکەیش ئەمەیە (جێورج بەندمان)، بەرەبەیانیەکی رۆژی یەکشەممە جوانترین رۆژانی بەهار، لە نهۆمی دووەم لە ژوورە تایبەتیەکەی خۆی دانیشتووە، نامەیەك بۆ برادەرێکی منداڵیی خۆی دەنووسێت، کە چەند ساڵێك لەمەوبەر هەڵاتبوو چووبوو بۆ رووسیا، کە بووەتە خاوەن دوکانێك لە بترسبۆرگ و لە نامۆییدا تێدەکۆشێت، هەر لەوێش ئیشی دوکانداریەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت و دەیەوێت (جیۆرج)یش رابکێشێت بۆ رووسیا، هەر لە نامەکەیدا پێی رادەگەینێت کە (فریدا براندفلد)ی مارەکردووەو داوای لێدەکات سەردانی وڵات بکات و ئامادەی زەماوەندەکەی بێت، دواجاریش دەردەکەوێت کە ناتوانێت ئامادەی بێت، دواجار (جیۆرج) دەچێتە ژوورەکەی باوکی کە لە پێ کەوتووەو دایکیشی مردووە، باسی ئەو برادەرەی بۆ دەکات کە چووە بۆ رووسیا، لە پێشدا باوکەکە وا خۆی دەردەخات کە نایناسێت، بەڵام دواجار



دەردەکەوێت دەیناسێت و بە دزیی کوڕەکەیەوە نامەی بۆ ناردووە، هەموو شتێکی ئاگادارکردووەتەوە کە کوڕەکەی مارەی ژنی بڕیوە، لێرەدا باوکەکە وەك بڵێی کوڕەکەی تاوانبارەدەکات بەوەی کە ژنی مارە بڕیوەو برادەرەکەی ئاگاداردەکاتەوە، هەروەها مردنی دایکی و ئیفلیجبوونی خۆی (واتا باوکەکە) دەخاتە ئەستۆی، پێیدەڵێت تائێستا منداڵێکی بێ گوناه بوویت و لە راستیدا تۆ مرۆڤێکی ئەهریمەنی، بۆیە باوکەکە مەحکومی دەکات بە مردن بە خنکان، نقوومبوون، ئیدی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەڕوات و لە سەر پردێك خۆی تووڕ دەداتە رووبارەوە.. وەکو وتمان زۆربەی ئەو نووسینانەی پێش چیرۆکی (مەحکومکردن) نووسیونی هەموو لەناوبردوون، هۆیەکەشی ئەوەیە وەکو خۆی وتوویەتی: (ئەو هەموو شتانەی بە مێشکمدا دێن لە رەگ و ریشەوە نایەنە دەرێ، بگرە لە شوێنێکەوە لە ناوەڕاستەوە دێنە دەرێ).

هەندێك راو بۆچوون هەن سەبارەت بەوەی یەکەم کە گوایە (کافکا) رابەری یان باوکی شەرعیی ئەدەبی بوونگەرایی (وجوودیەت)ە، وەکو چۆن (کیرکگارد) باوکی شەرعی فەلسەفەی وجوودیەتە، یان (کافکا) وەکو (هرتزل)ی زایۆنی کەسێکی زایۆنیە؟ هەوڵدەدەین هەندێك بۆچوون بخەینەڕوو سەبارەت بەم دوو پرسیارەو مەسەلەیە.. ئەمانەیش پرسیاربوون کە مێشکی کۆمەڵێك لێکۆڵەرەوەی قاڵکردبوو، سەبارەت بەم داهێنەرە چیکیە کە بە زمانی ئەڵمانی دەینووسی، دەبێت کافکا داهێنەری ئەدەبی

وجوودیەت بێت؟ ئەلبێر کامۆ پێیوابوو، بەڵێ هەروەها ئەم قەناعەتەش گەیشتبووە داهێنەری قوتابخانەی ڕۆماننووسی نوێی فەرەنسایی (ئالان ڕۆب گرێیە)، بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات زۆری لەسەر نووسی، زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەدەبی وجودییەتەوە، کە لە ڕێگەی کافکاوە پێیگەیشتبوو، ئەو دوو بەرهەمەی (کافکا)یش کەوای لە ئەلبێر کامۆ کردبوو، بڕیار بدات ئەدەبەکەی ئەدەبێکی وجوودییە، ئەویش هەردوو ڕۆمانی (دادگا)و (کۆشك) بوو، کامۆ لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) نووسیویەتی: (لە راستیدا ڕۆمانی (دادگا) گرفت دەخاتەڕوو، بەڵام ڕۆمانی (کۆشك) ئەو گرفتە چارەسەردەکات، (دادگا) دەستنیشانی دەکات، کەچی (کۆشك) چاریدەکات، ئەمیش بەڵگەیەکە، کە لە ڕاستیدا وامان لێدەکات ئەو شتانەمان خۆشبوێت، دەمانپلیشێنێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هیوا دەخولقێنێت لە جیهانێکدا کە هیچ دەربازبوونی تیانییە، ئەمەیش ئەو (بازدانە) کتوپڕەیە کە لە سایەیەوە ئەو گۆڕانە لەلامان ڕوودەدات، دواجاریش ئەو نهێنییەیە کە لە باکگراوندی شۆڕشی وجوودیەتدا خۆی حەشارداوە، بە شێوەیەکی دیاریکراویش ئەو ڕۆڵەی (کۆشك) دەیبینێت، لێرەدا ناکۆکییەکانی بیری وجوودیەت بەدی دەکەین، بۆ نموونە، وەکو (کیرکگارد) نووسیویەتی: (لەسەرمانە تا مردن لە هەموو هیوایەکی دنیایی بدەین، چونکە ئەوە تاکە ڕێگایە بۆ قوتاربوونمان، لە ڕێگای هیوای ڕاستەقینەوە)..



دەتوانین ئەمەیش ئاوها وەربگێڕین، دەبوایە نووسەر (دادگا) بنووسێت، تا بتوانێت (کۆشك) بنووسێت.

بۆ مەسەلەی زایۆنی بوونی کافکا، (کامل یوسف حسێن) وەرگێڕی (لە ئۆردوگای سزا)دا نووسیویەتی ستوونی دابەشبوون لە سەر هەموو ئیشەکانی کافکا، دەڵێن بەو پێیە کە کافکا نووسەرێکی جوولەکەیە، کارتێکردنی بیری زایۆنی پێوەدیارە، هەندێکیشیان دەڵێن، کافکا نەك نووسەرێك نییە ناتوانرێت بەکاربهێنرێت، بگرە دەتوانێت بیرەکەی بخرێتە ژێر ئاڵای زایۆنییەوە، بەڵکو سەکۆیەکە بۆ زایۆنیزم، ئەم دوو تیمەیش دوو چیرۆکی (چەقەڵەکان و عەرەب) و لە ئۆردوگای سزایان کردووەتە دەسکەلای دەستیان، ئەم وەرگێڕە دەڵێت: ئەو دوو دەقە دەخەینە بەردەستی خوێنەران بۆ ئەوەی حوکمی خۆیان بدەن، ئەویش حاشا هەڵنەگرە کە هەردوو دەقەکە دەخەینە بەردەستی خوێنەران بۆ ئەوەی حوکمی خۆیان بدەن، ئەوەیش حاشا هەڵنەگرە کە هەردوو دەقەکە بەزرترین تەقلیدی ئەدەبی جیهانیەو پڕ لە بلیمەتی و داهێنانن، کافکا خۆی نووسەرێکی چیکیەو چیکیەکان بە نووسەرێکی گاڵتەجاڕی لەقەڵەمدەدەن، کەچی (ماکس بروود)ی برادەری و بڵاوکەرەوەی بەرهەمەکانی و (ئەدوین مویر)ی وەرگێڕی بە ڕۆماننووسێکی مەسیحی لەقەڵەمدەدەن، گونتەر ئەندریز نووسەری کتێبی (کافکا) کە بەهێزترین لێکۆڵینەوەیە لەسەری بە نووسەرێکی گومڕاو بەدگومانی لەقەڵەمدەدات، شیوعییەکان و

فرۆیدییەکان بێ دوودڵی سەر بەخۆیانی دەزانن، چونکە بلیمەتیی ئەم کابرایە هێندە بەهێزبوو، پۆلینکردنی گەلێك سەخت بوو کە سەر بەچی گروپێکە، یان چ قوتابخانەیەك.

کافکا سەر بە کەمایەتیەکی جوولەکە بوو، کە بەزمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد لە چیکۆسلۆڤاکیا، کەواتە ئەو ئەندامی کەمینەیەك بوو لەنێو کەمینەیەکدا، بەڵام گەشتی نامۆبوونی لەم سنوورە ناوەستێت، ئەو کوڕی خانەوادەیەکی بازرگان بوو، پارە بەهایەکی بەرزی هەبوو لە ژیان و بوونی ئەو خانەوادەیەدا ، کە ناکۆکە لەگەڵ هەڵوێستە ڕاگەیاندراوەکانی لە ڕۆمانەکانیداو خۆیشی لەبەربەرەکانیکردنی باوکیدا دەردەخست، کە لەنامە بە ناوبانگەکەی بۆ باوکی دەریبڕیوە، بە ڕێکەوتیش نییە کە زۆربەی ژیانی بە کارکردن لە دامەزراوی تەئمین بۆ کرێکاران بەسەر بردووە لە هەنگاریا.

کافکا لەگەڵ دژوارترین گۆڕانکارییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژیا، وەکو ملنانی سەرمایەداری بەرەو ئیمپریالیزم، دەرکەوتنی شۆڕشە گەوەرەکانی ڕزگاریخوازیی، بێگومان ئاگاداری ئەوەش بوو، کەچی ڕوودەدات لە گۆڕەپانی جیهانی و عەرەبیدا، بە پێچەوانەی لافوگەزافی ڕابەرانی زایۆنیزم، وەکو مێژوو هیچ بەڵگەیەك نییە کە (کافکا) سەر بە تەوژمێکی سیاسی دیاریکراو بووبێت، گەرچی زۆرجار سۆزداری خۆی بۆ سۆشیالیزم ڕاگەیاندووە، هەر لەم بارەیەوە (کافکا) بە توندی وەڵامی



برادەرێکی خۆی داوەتەوە، کە دەرباری ئەزموونی سوشیالیزمی لە یەکێتی سۆڤیەت لێی دەپرسێت و کافکا دەڵێت: (بێشك بەرقەرار دەبێت)، هەر ئەم نووسەرە عەرەبە خۆی دەڵێت: (بێشك پێموایە کافکا نەك تەنها ڕەتکەرەوەی بیری زایۆنی بوو، بگرە بە ئاشکراو ڕاشکاوانە دوژمنایەتی خۆی بۆ ئەم بیرە ڕاگەیاندووە، بە تایبەتی لە ڕێگەی ئەم دوو بەرهەمەوە لەم کتێبەدا هەیە)، مەبەستی لە هەردوو چیرۆکی (لە ئۆردوگای سزا)و (چەقەڵەکان و عەرەب)ە.

سەرجەم چیرۆکە کورتەکانی کافکا بیست و پێنج چیرۆکەو ئەمانەن:

(خەون، حیکایەتێکی بچووك، لەبەردەم یاسادا، دراوسێ، چەقەڵەکان و عەرەب، لە ڕیواقی سێرکدا، نامەیەکی قەیسەریانە، ڕاپۆرتێك بۆ ئەکادیمیایەك، ڕیسواکردنی فێڵبازێك، دەربارەی مەسەلەی یاساکان، پزیشکی لادێ، لێکۆڵینەوەکانی سەگ، کۆچ، هەڵۆ، کرکڕاگە، پرد، پیاوی دەفە، لە شەودا، سەیرانێکی کوتوپڕ، ڕاستی دەربارەی سانشۆ پانسا، پاشکۆکان، گەڕانەوە، بابەتێکی کۆن، بێدەنگی پەرییەکانی دەریا، دروستکردن.

سەرجەم بەرهەمەکانی (کافکا) بە زمانی عەرەبی هەشت جەڵدە:

١-مەحکوومکردن، دەعەجان- مسخ، ئاگردەر، نامەیەك بۆ باوك،

٢-دادگا.

٣-لــەئۆردوگای ســزا، ئەشــکەنجەکانی یەکــەم، ژنێکــی گــچکەڵە، هونەرمەند برسیەتی، یوزفینە... ئەمانە هەموو بە شیعرەکانی کافکا لەقەڵەمدەدرێن.

٤-چیرۆکەکانی تر.

٥-ونبوون: کۆمەڵگای پیشەسازی.

٦-کۆشك: گەردونی ئادەمیزاد.

٧-بیرەوەرییەکان.

٨-نامەکان..

کافکا لەماوەی شەش هەفتەدا چوار جەڵدی یەکەمی ئیشەکانی نووسیووە، وەرگێرە عەرەبیەکەی لە ئەڵمانییەوە (ئیبراهیم وەتفی) دەڵێت لەماوەی نۆ ساڵدا ئەو بەرهەمانەی لە کتێبێکدا ئامادەکردووە.

هەندێك رەخنەگری ناسیۆنالیستی عەرەب، کە پێیانوایە کافکا سەر بە بیری زایۆنی بێت، بۆیە ئەدەبەکەی بە مشەوەش و گرێچن و ئالۆزو ئاژاوە لە قەڵەمدەدەن، کەچی کەسانی وەکو ئەلبێر کامۆو سارتەریش بە باوکی روحی و داهێنەری ئەدەبی وجودی دادەنێن! کافکا هەموو رەخنەگرو توێژەرانی جیهانی پێیانوایە کافکا یەکێکە لە لوتکە بێوێنەکانی ئەدەبی مرۆڤایەتی، چونکە کافکا بیزانیبا بەرهەمەکانی لە خزمەتی بیری زایۆنیە، هەرگیز داوای لە (ماکس بروود) نەدەکرد دوای خۆی بەرهەمەکانی بسووتێنێت...!



چیرۆکی (ئاگردەر) دووەم چیرۆکی کافکا بوو، ساڵی ١٩١٣، زۆر نووسین بڵاوبووەوە لەسەر ئەو چیرۆکە، بەمەش نووسەر ناوبانگی دەکرد، ساڵی ١٩١٦ (هانیریش یاکوپس) دەنووسێت کەوا بابەتی چیرۆکەکە سادەیە، بەڵام لە رووی داهێنانی کافکاوە (لەوانەیە پارچە چیرۆکەکەی چارلز دیکنزی بیردەخاتەوە، ئەوە بوو دواجار کافکا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیبووی، لە بەرواری ٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٧، کۆپرفلییدی دیکنز، ئاگردەر لاساییکردنەوەیەکی ئاشکرای دیکنزەو رۆمانە زیاتر، بێگومانیش شێوازەکەی، بەتەما بووم رۆمانەکەی دیکنز بنووسم...).

ماکس بروود ساڵی ١٩٢٧ رۆمانی (ونبوو)ی بەناونیشانی (ئەمریکا) بڵاوکردەوەو پێشەکییەکی بۆ نووسی: (رەشنووسەکەی فرانز کافکا هیچ ناونیشانێکی نییەو لە قسەکانیدا لەسەر ئەوە راهاتبوو، کە ناوی بنێت - رۆمانە ئەمریکیەکەم- لە ساڵی ١٩١٣بەشی یەکەمی بڵاوبووەوەو ناوی لێنا (ئاگردەر).

چیرۆکی (ئاگردەر) پاڵەوانەکەی (کارل رۆسمان)ە تەمەنی شانزە ساڵە، باوك و دایکە هەژارەکەی رەوانەی دەکەن بۆ ئەمریکا، دوایی کارەکەرێك فریوی دەدات و منداڵێکی لێی دەبێت، بە سواری پاپۆرێك کە بەرەو بەندەری نیویۆرك دەڕوات، کارەکەرەکەیش ناوی (یوهانا پرۆمەر)ەو تەمەنی سی و شەش ساڵە، بێگومان ئەمەیش کەسایەتی (ئانا بۆ

زارۆفا)یە، کە بۆماوەی ساڵێك کارەکەری خێزانەکەی کافکا دەبێت، وەکو لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات، تەمەنی بیست و یەك ساڵ و ژنێکی جوان و بەلە باریك بوو، ئەوسایش کافکا تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو، لەوێ لە ناو پاپۆڕەکە ئاشنای ئاگردەری پاپۆڕەکە دەبێت و دەبێتە برادەری و شوبال و کەبتانی پاپۆڕەکەو ئەمینی سەندوق، لەوێ تووشی مشتومڕی زۆر دەبێت لەگەڵ ئەوانەی لەسەر شتی زۆر بێبایەخ، بەڵام کافکا چۆن توانیویەتی ڕێگەبدات خەڵکی قسەبکەن، بیروباوەڕی خۆیان بگەیەنن و دژایەتەی هەستیان دەربڕێت، هەزار سەرنجی سادە لە رووکەشدا یەکدەخات، بۆ یەکیەتیەکی سروشتی، تا مرۆڤایەتیەکی دیاریکراوی پاك و بێگەرد سەرهەڵدەدات، بێگومان ئەم هونەرە جیاوازە شێوەی چیرۆك گێڕانەوەی تەقلیدیی و شێوازی شۆڕشگێڕی هاوچەرخی دەمارگیریە، ئەمیش روئیایەکی ئاڵۆزە، هی شاعیرێك لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی شاراوە داهێنان دەکات، ئیدی دوای ئەوە ئافرەتێکی کارەکەر لە نێو پاپۆڕەکەدا بەکەین و بەینەکە دەزانێت و خاڵۆی (کارل) کە ناوی یاکوبەو لە ئەمریکا دەژی ئاگاداردەکاتەوە بۆ ئەوەی فریای خوشکەزاکەی بکەوێت، کە خەریکە سەرگەردان دەبێت، دوای ماوەیەك خاڵۆی پەیدادەبێت، سیناتۆرەو فریای دەکەوێت.. ئەوەی شایانی وتنە، پەیوەندیەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان هەردوو رۆمانی (دادگا و کۆشك)، کە لەبەشەکانی دیکەی ئەم نووسینە دێینە سەریان، ئەم سێ رۆمانە سیانیەی تەنیایین و



بابەتی سەرەکییان تەنیایی و گۆشەگیرییە، لە نێو مرۆڤەکانداو هەروەها ڕێکخستنی تاك لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، هەستدەکەین چۆن ئەم کوڕە لاوە میهرەبانە (کارل رۆسمان) ئامانجی خۆی بەدەستدەهێنێت، سەرکەوتن لە ژیان وەکو مرۆڤێکی راستوڕەوان و ئاشتبوونەوە لەگەڵ دایك و باوکیدا.. لەم چیرۆکەدا کەسایەتیی (ئاگردەر)ی پاپۆڕەکە وێنەی باوکی راستەقینەیە، بێگومان باوکی (کافکا) خۆی، کابرایەکی زەبەلاح بووە، هەروەکو باوکی تۆقێنەرە لە چیرۆکی (مەحکومکردن و مەسخ)دا، بەڵام وەکو باوکێك پێشکەش دەکرێت کە بچووکەو سکاڵاکانی دەربارەی پێشێلکردنی مافی ئەڵمانەکان، لەسەر پشتی پاپۆڕێکی ئەڵمانی هاوتەریبە لەگەڵ دەرکردنی کارل لە ماڵی کەسوکارەکەی بە شێوەیەکی زاڵمانە، وەکو چۆن ئاگردەرە ئەڵمانیەکە لەسەر پاپۆڕە ئەڵمانیەکە رەفتاری بەدی لەتەك دەکرێت، (کارل)یش کوڕی بنەماڵە دۆخی هەروایە، لە دەرەوەی دەرگا وەکو پشیلەیەك دەرکرایە دەرەوە بۆ جیهان.

(ڤاڵتەر سوکلێ) دەنووسێت: (رەگەزی بونیادی دووەم لە چیرۆکەکەو رۆمانەکەدا ئەمریکایە، ئەم رەگەزەش ناکۆکە لەگەڵ رەگەزی ئاگردەرەکە، کەوا لە(کارلێ)دەکات ونبوو بێت، ئەمریکا قەدەرێتی، چونکە ئەو لەماڵ دەکرا، بەڵام ئەم دەرکردنە قوتاری دەکات، چونکە سەربەخۆیی پێ دەبەخشێت و هەلی یاخیبوونی بۆ دەرخسێنێت، لەو شوێنەی کە یاخیبوون پێویستە بۆ رزگاربوون لە نەفرەتی ژیانێکی خاڵی لە کەرامەت، ئەمریکا

بەلای کارلەوە وڵاتێکی بێباوکە، راستە بەسەریدا سەپێنراوە، بەڵام دەتوانێت خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت، ئەو ئەمریکایە نوێنەری کردنەوەیە بە رووی جیهانداو توانای جیابوونەوەیە لە رەگەوە، ئەو دژی سۆزە، ئەوەی جودایە کە ئاگردەرەکە ناچێتە ناو ئەمریکاوە، بگرە لەبەردەم دەرگاکانی وندەبێت، هەرکە کارل لەگەڵ خاڵی لە پۆاپۆڕەکە هاتنە خوارەوە، بە راستی وەزعەکە وابوو، وەك بڵێی ئاگردەرە هەر بوونی نەبووە، خاڵۆکەی نوێنەری بیروباوەڕی ئەمریکیە بۆ پاراستنی خودو رێکخستنی هەموو هێزەکانیش، کە ئەو هێشتا لە سەر پاپۆڕەکەیەو لە ژووری لێخوڕینە، بە پێچەوانەی ئەو ئاگردەرەی کە لە خوارەوە هاتووە، لە هەزار لۆغانەکەوە، ئەو رووبەڕووی مەبدەئی دادپەروەری وەستاوە، کە ئاگردەرەکە بە خۆرسکی هەست بە مەبدەئی ئەو سیستمە دەکات، کە دەتوانرێت بە گشتیی پراکتیزە بکرێت).

بەرهەمەکانی کافکا راڤەکردنی واقیعی مرۆڤە لە سەدەی بیستەمدا، راڤەکردنێکی شیعرییانە، ئەوەی پێیدەوترێت ئاڵۆزو گرێچن لە شیعری کافکادا، دەربڕینێکی پێویستە دەربارەی راستیەك ئەویش ئەوەیە، کە هەمووومان خۆمان ئاڵۆزو گرێچنین، ئاڵۆز بێگومان بە پێی ئەو بۆچوونانەی مرۆڤ خۆی بەندکراوی barوودۆخە سنووردارەکەی خۆیەتی.

(کارلۆس فۆنیست) رۆماننووسی مەکسیکی دەڵێت: (پێموایە فرانز کافکا رێپیشاندەرو رێنمایە، کە لەسەدەی بیستەم ناتوانین دەستبەرداری



بین، ئێمە دەتوانین بەبێ فۆکنەرو بەبێ پرۆست و بێ جۆیس لەم سەدەیە تێبگەین، بەڵام ناتوانین بەبێ کافکا لێی تێبگەین، ئەگەر بە وردی تەماشای کافکای سوریالی و خەیاڵی بکەین، تەماشا دەکەین واقیعترین نووسەرە لەسەدەی بیستەمدا)... کافکا چەوساندنەوەی تەواوی مرۆڤی هاوچەرخی دۆزییەوە، هەروەها نامۆبوون لە خودی خۆی و لە قۆناغێکدا تێدا هەموو دەستە تەقلیدییەکان، لە خێزانەوە تا بیرۆکراتیەتی دەوڵەت هەمووی چاك و تەواوبوون، دەبینین لەلای کافکا ئەشکەنجەدان بەڕێوە دەچێت، وەکو تەقسێکی هێمن لە(ئۆردوگای سزا)دا، بەرهەمەکانی کافکا تێڕوانینی ترسناکی تیایە، باوکێك کوڕەکەی مەحکوم دەکات بە خۆکوشتن، بە نقوومبوون، مرۆڤێك دەبێتە مۆرانەیەکی زەبەلاح، لەناو دەچێت بەهۆی دڵڕەقی کەسوکارەکەی و ساردوسڕیان و نەبوونی خۆشەویستی لە دڵیاندا، ئامێرێك بۆ ئیعدامکردن بە دەرزییەکانی بڕیاری حوکمدان لەسەر جەستەی قوربانیەکە دەنووسرێت، کافکا شاعیری جیهانێکە تاکەکەس بوونی تایبەتی خۆی تیا لەدەستداوە، لە جیهانێك بیروباوەڕەکانی مرۆڤایەتی هیچ بەهایەکیان نییەو مەرجەکانی کەرامەت نازانێت.. ئەم چیرۆکە (لە ئۆردوگای سزا) بەم رستەیەی ئەفسەرەکە دەستپێدەکات (ئامێرێکی قەشەنگە) ئامێری ئیعدامکردن، لە دۆڵێکی بچووکی لمدا، شیوێکی قووڵەو لە هەموو لایەکیەوە تاشەبەرد گوریچەی داوە، سەرەڕای ئەفسەرێك و دۆزەوەرێك و حوکمدراوێك و سەربازێك، کەسی

دیکە لەو ئۆردوگایەدا نییە، وادیارە لەو ئۆردوگا بچووکەدا فەرماندە وەکو دکتاتۆرێك خۆی هەموو شتێك ئەنجامدەدات، هەر خۆی سەربازەو دادوەرەو میکانیکیەو کیمیاییەو وێنەکێشە، ئەفسەرەکە بە دۆزەرەوەکە دەڵێت: (حوکمەکەمان پێناچێت زۆر سەخت بێت، ئەگەر حوکمدراوەکە سەرپێچی هەر ئامۆژگارییەکی کردبێت، لە دە ئامۆژگارییەکە، واتا دە ئامۆژگارییەکەی مەسیح، مەدزە، مەکوژە، زینامەکە، درۆ مەکە، تاد... لێرەدا حوکمدراوەکە بە ئیعدام، بێئەوەی بزانێت تاوانەکەی چییە، نوێنەری ئەو مرۆڤە چەوساوە حوکمدراوەیە بە تەنیایی و دوورەپەرێزی و ئەشکەنجەدانە، کاتێك دۆزەرەوەکە لە ئەفسەرەکە دەپرسێت: ئایا دەزانێت ئەو حوکمەی دەرهەقی دراوە چییە؟ دەڵێت (نەخێر) پێیدەڵێت پێویست ناکات حوکمەکەی پێ ڕاگەیەنیت، هەر کە بە جەستە بەسەریدا پراکتیزەی دەکەیت، ئەوسا دەزانێت....! لەم حاڵەتانەدا بۆچوونی وجوودییانەی کافکا دەردەکەوێت و بە باوکی رۆحی ئەدەبی وجوودی لەقەڵەم دەدرێت، هەموو گوناهی حوکمدراوەکە ئەوەبوو کاتێك پاسەوان و خزمەتکار بووە لە بەردەرگای ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە، دەبێت بەئاگا بێت بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکەی، کەچی خەوی لێکەوتووە، کە ئەفسەرەکە دێتە دەرەوە بە خەوتوویی سەربازەکە دەبینێت بەو شێوەیە بە قەمچی بەردەبێتە سەروگوێلاکی، سەربازەکەش پەلاماری قاچی ئاغاکەی دەدات و رایدەوەشێنێت و پێیدەڵێت: ئەو قەمچیە فڕێدە، ئەگینا بەزیندوویی



دەتخۆم. ئەمەیش دەبێتە بەڵگەی تۆمەتبارکردنی و حوکمی ئیعدام دەدرێت و ئەفسەرەکە دەڵێت دەبێت رژێمی سەربازی بەوپەڕیەوە پراکتیزە بکرێت... ئەفسەرەکە دەستدەکات بە وەسفکردنی سیستمی ئیشکردنی ئامێرەکە لەکاتی جێبەجێکردنی حوکمەکەداو چۆن درەوشەکە جەستەی قوربانیەکە خاڵکوت دەکات و چۆن دەرزییەکی دیکە خوێنی کونەکان دەشۆرێت بۆ ئەوەی خاڵە کوتراوەکە پاکبکاتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەسفی سیستمی هەموو رژێمە تۆتالیتاریەکانە لە دنیاداو هیچ حیسابکردنێك بۆ مافی مرۆڤ نییە، لێرەدا جەللادو قوربانی هەردوکیان یەکن، ئەو سەرەبازەی کە حوکمدراوەکەی زنجیرکردووەو حوکمدراوەکەش سەربازە.. ئەوەی لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێت، کە لە دوورگەیەکی لم روودەدات وەکو دوورگەی عەرەبی، لەدیالۆگی نێوان ئەفسەری سەرپەرشتیاری ئامێرەکەو دۆزەرەوەکە دەردەکەوێت، دۆزەرەوەکە کەسێکی ئەوروپاییەو لەو پرۆسەیە ناڕازییە، دیاریشە کافکا بۆیە ئەو شوێنەی هەڵبژاردووە وەکو شوێنی یەکەمین لانکەی مرۆڤایەتی لە ناوچەکەداو شوێنی سەرهەڵدانی پێغەمبەرەکان و ئایینە هەموو جۆرەکان لە رۆژهەڵاتی ناویندا، هەروەها دەڤەرێکیشە یەکەم کوشتنی مرۆڤ و یەکەم چەوسانەوەی لێوە سەریهەڵداوە.. بۆیە ئەفسەرەکە بە دۆزەرەوەکە دەڵێت: (تۆ شێوازی ئەوروپی لە بیرکردنەوە بەرێوەتدەبات) (لەوانەیە بڵێیت لە وڵاتی ئێمە شێوازی دیکە هەیە بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەریی)، (یان لە وڵاتی

ئێمەدا بەندکراو هەلی بەرگریکردن لە خۆی هەیە بەر لەحوکمدان بەسەریدا) یان (ئێمە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئەشکەنجەدان بەکارنابەین)... ئەفسەرەکە باسی ئەوەشی بۆدەکات کە سەرۆکی فەرماندە ئامادەی ڕێوڕەسمی جێبەجێکردنی ئیعدامکردنەکە دەبێت، بەو ئامێرەو ستایشی ئامادەبوونی دۆزەرەوەکە دەکات کە لە ئەوروپاوە بۆ دورگەکە هاتووە، دیاریشە ئەم ئاماژانەش وای لە هەندێك ڕەخنەگری ناسیۆنالیستی عەرەب کردووە، کە تۆمەتی زایۆنیزم بدەنە پاڵ کافکا.. کەچی کافکایش خۆی بە دوژمنی سەرسەختی زایۆنیزم دەزانێت، هەر بۆیشە وڵاتانی بلۆکی سوسیالیزم و بە تایبەتی لە وڵاتەکەی خۆی چیکۆسلۆفاکیا، هەموو ساڵێك میهرەجانی تایبەت بۆ کافکا ڕێکدەخرا.... بەڵام دواجار بەبێ هیچ پێشەکییەك و دوای ئەوە دۆزەرەوەکە، یان ڕاستتر لێکۆڵەرەوەکە قایل نابێت بە شێوازی فەرمانڕەوای ئەم دەستەوتاقمە، ئەفسەرەکە بە حوکمدراوەکە دەڵێت: (تۆ ئازادی)، (بەڵێ تۆ بەرەڵڵا کرایت) دوای ئەم کەینوبەینە ئەفسەرەکە کاغەزێکی قەمچکراو لەگیرفانی دەردێنێت و پیشانی لێکۆڵەرەوە بیانیەکەی دەدات، تیای نووسراوە (دادپەروەربە) بۆیە لێکۆڵەرەوەکەش پێیدەڵێت: (ئامادەم ئێستا بڕوات پێبکەم)! لەو کاتەشدا حوکمدراوەکەو سەرەبازەکە دەدەنە قاقای پێکەنین، واتا جەللادو حوکمدراو گاڵتە بە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر دەکەن، حوکمدراوەکە دوای ئەوەش شڕەوپڕە پیس و پۆخڵەکانی لەبەردەکاتەوە، بە دەوری خۆیدا هەڵدەبەزێتەوە، بۆ



ئەوەی خۆشی بخاتە دڵی سەربازەکەوە، هەر لەوێدا ئەفسەرەکە جلوبەرگەکانی خۆی دادەکەنێ و ڕووت دەبێتەوەو شمشێرەکەی لەکالان دەردێنێت و دەیشکێنێت و تووڕی دەداتە چاڵەکەوە، ئەمەیش واتای ڕووتبوونەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری داپڵۆسێنەرە.. دوای ئەوەی ئەفسەرەکە ڕووت دەبێتەوە دەچێتە نێو بەشێکی ئامێرەکە، کە پێیدەوترێت (دیزاینەر) و لەوێ درێژدەبێتەوەو ئیدی دەرزییەکان دەکەونە کونکردنی جەستەی، واتا هەڵگەڕانەوەی دەسەڵات دژ بە دەسەڵاتدار وەکو بەدرێژایی هەموو ئەمەمان خوێندووەتەوەو دەزانین، دواجار سەربازەکەو حوکمدراوەکە پێشی دۆزەرەوەکە دەکەون بەرەو ئەو چایخانەیەی کە لە خوارەوەیەو پێیدەڵێن پیاوە پیرەکە لێرە لەگۆڕ نراوە، ئەویش کوڕی فەرماندە دێرینەکەیەو پێیانوایە ڕۆژێك دێت زیندوو دەبێتەوەو سەرکردایەتی لایەنگرانی خۆی دەکات بۆ گێڕانەوەی ئۆردوگاکە.. دیارە ئەم ئاماژەیە وای لە ڕەخنەگرانی عەرەب کردووە، کەوا تێبگەن مەبەست لە (داود شا)ی جولەکەیە زیندوو دەبێتەوە بۆ وەرگرتنەوەی فەلەستین، دواجاریش حوکمدراوەکەو سەبازەکە دەیانەوێت بکەونە تەك دۆزەرەوەکەو لەگەڵیدا بە سواری پاپۆڕەکە بڕۆن، بەڵام ڕێگەیان پێنادەن و چیرۆکەکە لێرەدا تەواو دەبێت.. بەراووردکردنی (مەحکومکردن) لەگەڵ (ڕاپۆرت بۆ ئەکادیمیە) ڕووندەبێتەوە کە کافکا هەوڵدەدات، سەرەڕای شکست هێنانی (جیۆرج) پاڵەوانی (مەحکومکردن) بۆ دۆزینەوەی خود، کە ناوجەرگەی گرفتەکەیەو

روونیدەکاتەوە کە چۆن ئاژەڵێك لەپەرۆسەی بوونی بە مرۆڤ دەگەڕێت بۆ قووتاربوونی لە کردەی زۆرەملێ بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی، کە تەگەرە دەخاتە بەردەم بوونی بنیادەم، بەڵام (لەئۆردوگای سزا) لە روویەکی دیکەوە بەهایەك بە دەستدێنێت بە بەراوردکردنی لەگەڵ (مەحکومکردن)دا، لە (مەحکومکردن)دا لەلایەنی یاسایی لە کەسایەتی باوکدا خەست دەبێتەوە، کە دانی پیادەنێت مافی پیادەکردنی ژیان و مردنی هەبێت.

بەڵام (لەئۆردوگای سزا) ئەو لایەنە سەربەخۆییەکی پیشەیی بەدەستدێنێت، چونکە میکانیزمی سزاکە سەربەخۆ دەبێت و تارادەیەك کەسەکە بە شێوەیەکی ئازاد ملکەچی دەبێت، لە (مەحکومکردن) جیۆرج خۆی دەداتە دەستەوە بۆ زۆرەملێیەکی بێدەنگ، بەڵام لە (لە ئۆردوگای سزا)دا، ئەفسەرەکە خۆی دەسپێرێتە ئامێری ئەشکەنجەدانەکە بە هەموو سەربەستیەکی خۆیەوە، بەو شێوەیە ئۆردوگای سزا دەبێتە سێیەم هەوڵدانی کافکا بۆ چارەسەرکردنی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ لە کێشەیەکی خەیاڵکراودا، لە (مەحکومکردن)دا ئەم پەیوەندیە وەکو دابەشکردنی بیۆلۆژی بۆ کوڕو باوك دادەڕێژێتەوە، لە راپۆرت بۆ ئەکادیمیە وەکو بەرامبەر بوونی ئاژەڵ و مرۆڤایەتی، لە ئۆردوگای سزا وەکو ناکۆکی لە نێوان مرۆڤ و ئامێردا، لە(مەحکومکردن)دا ستراتیژیەتی باوك لە سەر بنەمای ئیدانەکردنە لەسەر بنەمای خۆشەویستی کەسوکار، بەڵام لە (لەئۆردوگای سزا) ستراتیژیەتی ئیدانەکردن کە قەوارەی دەوڵەت بەکاری دەبات، لە سەر بنەمای بیروباوەڕی بەدیهێنانی خودە، لە رێگای ئەوەی کە پێیدەڵێن (سەربەستی و یەکسانی) رێگای یاساو سیستەم.

لە چیرۆکی (راپۆرت بۆ ئەکادیمیە) رۆت پیتەری مەیموون دەبێتە مرۆڤ، ئەم مەیموونە یەکەم خولقاو و دوا خولقاوی رەگەزەکەی خۆیەتی، ناتوانی وەکو (جیۆرج) پاڵەوانی (مەحکومکردن) ئارەزوومەندی بکەیت بە مردن، ئەو حوکمدانی مرۆڤی پێ قبووڵ نییە، ناسنامە سروشتیەکەی بەبێ دەست لێدراوی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، هەلی مەیموونەکە کەبووە بە مرۆڤ لە دەگمەنیەکەیدایە، بە پێچەوانەی بنیادەمەوە کە لە جیهانی کۆمەڵایەتی لە دایکدەبێت، لە کاتێکدا خەسڵەتی بنیادەم بە پلەی یەکەم پشت بە لەناوچوونی مرۆڤایەتی دەبەستێت، کەچی ناسنامەی ئەو مەیموونەی بۆتە مرۆڤ بۆ سروشتی بوونە دەگمەنەکەی دەگەڕێتەوە، ئاسانە لەلای، بە پێچەوانەی (جیۆرج)ەوە پێویستی بە دانپیانانی هاوشێوەی خۆی نییە، بگرە ئەم جۆرە دانپیانانەش نییە، بە هۆی خۆی هاوشێوەی خۆی، ناشبێت خەسڵەتی مەیموونەکە خۆی بچەسپێنێت لە رێگای پووچەڵکردنەوەی خیتابی ئەوانی دیکەوە، بگرە تا رادەیەك سروشیە، واتا دەبێت تەئکید لە دەگمەنی خۆی بکات، مەیموون ملکەچی پێویستیی سەلماندنی ناسنامە نابێت و بۆی نییە هیچ شتێکیش بڕیاربدات، بەڵام بۆی هەیە راپۆرت پێشکەش بکات، کافکا بەوردی درکی بە دیالێکتی

مەیموون و مرۆڤ کردبوو، لە نامەیەکدا بۆ (ڤیلیس پاوەر)ی دەزگیرانی دەستنیشانی کردبوو، هەر یەکسەر دوای نووسینی چیرۆکی (مەحکومکردن) بە پێچەوانەی مەیموونەکەوە کە درك بە ڕەچەڵەکی خۆی ناکات و کە ئەفسانەی دروستبوونی لە چیەوە هاتووە، دیاریشە بنیادەم هەر لە سەرەتاوە شێوەی دایك و باوکی وەرگرتووەو ناشتوانێت لە مێژووی خۆی و ئەوان رزگاری ببێت: (هەمیشە هەستمکردووە دایك و باوکم راوەدووم دەنێن، لەوانەیە تا بەر لەساڵێك گوێم پێیان نەدەدا، بگرە گوێم بەجیهان نەدەدا، هەروەکو شتێکی بێ گیان، بەڵام مەسەلەکە وەکو ئێستا دەبینم تەنها ترس و وەهم و خەمە، دایك و باوك هیچیان ناوێت، جگە ئەوە نەبێت کە کوڕەکەیان بۆ خوارەوە رابکێشن، بۆ زەمەنەکانی رابردوو، کە مرۆڤ دەیەوێت لێیان بێتە دەرەوەو هەناسەیەك هەڵبکێشێت، بێگومان ئەمەیش لەبەر خۆشەویستی کوڕەکەیان دەکەن، بەڵام بە راستی ئەمە ترسناکە).

ڕەخنەگرێك دەڵێت: (کافکا ناواقیعی بەرزدەکاتەوە بۆ پلەی واقیعی، بەوەش ناچارمان دەکات جیهانمان سەرلەنوێ ببینینەوە، ئەو بۆمان ڕووندەکاتەوە کە شتێك هەیە شیاوی درك پێکردن نییە، ئەو شتەیش دەشێت بەهێزتر بێت لەوەی بتوانین مەنتقیانە ڕوونی بکەینەوە کە ژیانمان بەڕێوەدەبات). کافکا لە چیرۆکی (چەقەڵەکان و عەرەب، دروستکردنی شورای مەزنی چین ، دەعجانی-مەسخ-) ئەوەمان پیشاندەدات. چیرۆکی



(چەقەڵەکان و عەرەب) کە بووە هۆی ئەوەی عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بە نووسەرێکی زایۆنی لە قەڵەمی بدەن: کۆمەڵە خەڵکێك لە دۆڵێك رەشماڵی خۆیان هەڵدەدەن، وەکو بە زمانی یەکێکیانەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، زۆربەیان خەویان لێدەکەوێت، تەنها ئەوەی ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: باڵابەرزێکی سپی پۆشی عەرەب بەلامدا رەت بوو، سەری دەدا لە حوشترەکانی، لە سەر پشت کەوتبوو، کابرای چیرۆك گێڕەوەو پاڵەوانی چیرۆکەکە لەسەر گژوگیاکە دەیویست چاوی بچێتە خەو، بەڵام خەوی لێناکەوت، لە دوورەوە گوێی لە دەنگی چەقەڵ دەبێت، لە پڕێکدا زۆر لێی نزیك دەبنەوەو چەقەڵەکان دەورەی لێدەدەن و چاویان بە ترووسکاییەکی زەرد دەدرەوشێتەوە، یەکێك لە چەقەڵەکان لێی نزیك دەبێتەوەو دەکەوێتە قسە لەگەڵیداو پێی دەڵێت: (من گەورەترین چەقەڵم لەم دەڤەرە، پێم خۆشە لێرە چاوم پێت کەوت ئاخیرەکەی، خەریك بوو بێئومێد بم، چونکە ساڵانێکی دوورودرێژە چاوەڕێت دەکەم، هەروەها دایکم و دایکیشی و هەموو دایەکەکان و لەیەکەم دایکی سەرجەم چەقەڵەکانەوە چاوەڕێی تۆ بوون، بڕوام پێبکە ئەمەیان راستە!) ئەویش بەلایەوە سەیرە کە گوێی لە شتی وا دەبێت و ئەویش بە ڕێکەوت لە باکووری دوورەوە بۆ ئێرە هاتووەو گەشتێکی بچووك دەکات بەو ناوچەیەدا، دیارە مەبەست لێرە عەرەبەکانی باکووری دوورگەی عەرەبەو بەلای چەقەڵەکانەوە لە ناو عەرەبدا بێوێنەن و راستگۆن و پێیدەڵێت عەرەبەکان ئاژەڵ سەردەبڕن و

دەیخۆن و دواجار ئێقی دەکەنەوە، ئەویش پێیدەڵێت دەنگ هەڵمەبڕە عەرەبەکان لێرەوە نزیکن و چەقەڵەکە پێیدەڵێت تۆ نامۆی لێرە، بەڵام لە مێژووی جیهاندا چەقەڵ لە عەرەب نەترساوە، بێگومان ئەمەیان ئاماژەیەکی سەیرە، چونکە دەڵێن چەقەڵ لە سێبەری خۆی دەترسێت، کەچی ئەوان لە عەرەب ناترسن! ئیدی چەقەڵەکان زۆر لێی نزیك دەبنەوە تا وای لێدێت کەڵبە لە لەشی گیردەکەن، ئەویش داوایان لێدەکات کە ئەوان چییان لەو دەوێت تا بۆیان بکات و ئەوانیش دەڵێن، دەمانەوێت ئەم شەڕە کۆتایی پێبهێنین کە دنیای کردووەتە دوو بەشەوە، ڕێك تۆ ئەو کەسەی کە باپیرانمان وەسیەتیان کردووە کە لەدایك دەبێت و ئەم ئەرکە ئەنجامدەدات، ئیدی لەمڕۆوە نامانەوێت عەرەب سەرچاوەی تەنگەتاوکردنی ئێمە بن، بوارێکمان دەوێت تا هەناسە هەڵبکێشین، دەمانەوێت ئاسۆیان لیێ پاك بکرێتەوە، ئیدی گوێمان لە بارەی ئەو مەڕانە نەبێت، کە عەرەبەکان سەریان دەبڕن، دەبێت ئاژەڵ سرووشتیانە مردار ببنەوە، دوای ئەوەی لاشەکە دەچۆڕێنین و دوای ئەوەی گۆشتەکەی دەدزین و ئیسقانەکانی دەلێسینەوە، ژیانێکی پاك و تەمیزەو ئەمە هەموو ئەوەیە کە چەقەڵەکان لەویان دەوێت. چەقەڵەکان دەست بەگریان و هات و هاوار دەکەن و، پێیدەڵێن، ئەی خاوەن دڵی میرخاس و دەروون ناسك، چۆن دەتوانی لە جیهانێکی ئاوهادا پیس و پۆخڵی سپێتی و ڕەشیانە تەحەموول بکەین، هەروەها ریشە زبرەکەیان و بینینی چاوە بەقووڵا چووەکانیان، کەوا



لە مرۆڤ دەکات ئارەزووی تف کردنی هەبێت، هەر کە بەدەم باوێژگدانەوە باڵەکانیان هەڵدەبڕن، تاریکی دۆزەخی بنباڵیان دەردەکەوێت، بۆیە داوای لێدەکەن کە بەو مەبەستە سەریان ببڕێت، سەرکردەیەکی عەرەبی کاروانەکە لەو دەمەدا هاواردەکات و پێیان دەڵێت: (ئەوەتا مەقەسەکەو کاتی وەستان هات)... چەقەڵەکان لە ترسان رادەکەن، کابرای فەرماندەی کاروانەکە دەڵێت: کە بێگومان مەسەلەیەکی زانراوە بۆ هەمووان، مادامێکی عەرەب بوونیان هەیە، ئەم مەقەسە بە بیاباندا دەسوورێتەوەو تا دوا رۆژەکانی تەمەن لەگەڵیان دەبێت، پیشانی هەموو ئەوروپییەك دراوە کە کارێکی مەزن ئەنجامبدەن و هەموو ئەوروپییەك ڕێك ئەو کابرایەیە کە چارەنووس بۆ ئەم ئاژەڵانەی هەڵبژاردووە ، توندترین هیوای شێتانەیان جێگای گیرۆدە بوونیانە، ئەوانە ئاژەڵی گەمژەن، ئەوانە تەنها ئاژەڵی زۆر ئەحمەقن، دواجار حوشترێك شەوی رابردوو مردار دەبێتەوەو کابرای عەرەب فەرمان دەدات لاشەکەی بهێنن و چوار زەلام دەهێنن و فڕێیدەدەنە بەردەمیان و ئیدی چەقەڵەکان دادەبارێنەسەری و لەسەر لاشەکە بوونە چیایەك، فەرماندەی کاروانەکە بە قەمچی تێیان بەردەبێت، بەسەر پشت و سەرو گوێلاکیان، لە خۆشیاندا سڕببوون، دیتیان عەرەبەکان وان بەسەر سەریانەوە، هەندێك پاشەکشەیانکرد، بەڵام خوێنی حوشترەکە گۆمی بەستبوو، لە هەموو لایەکەوە لاشە گەناوەکەیان هەڵدڕی، جارێکی دیکە فەرماندەی کاروانەکە قەمچیەکەی بەرزدەکاتەوە، بەڵام لەدەستی دەگرێت

و نایەڵێت، ئەویش پێیدەڵێت: تۆ لە سەر هەقی بەڕێز لێیان دەگەڕێین خەریکی ئیشی خۆیان بن، ئێستایش کاتی ڕۆیشتن هاتووە، باشە بینیت، ئەو گیانلەبەرە عەجایبانە، ئایا وانین؟ زۆریش ڕقیان لێمانە.

ئەمە پووختەی ئەو چیرۆکەیە کە (کافکا)ی پێ تاوانبار کراوە، گوایە زایۆنییەو ئەدەبەکەی ناساندنی جوولەکەیە، بێگومان ئەوانەی ڕقیان لە سامییەکانە بە خراپی باسی کافکا دەکەن و ئەدەبەکەی بە ئەدەبێکی مۆتەکاوی و شێواو ئاڵۆز لەقەڵەم دەدەن، کەچی سەدان نووسەری وەکو (ساراماگۆ) دەڵێت: ئەگەر بپرسن لێم باشترین نووسەری تۆ کێیە، ئەویش دەڵێ (کافکا)یە، ئەگەریش لێم بپرسن نووسەری تایبەتی من کێیە، دەڵێم (کافکا)یە، جۆن ئەبدایك، دەڵێت لەو پێشەکیەدا کە بۆ سەرجەم چیرۆکەکانی کافکا نووسیویەتی: دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر لەدایکبوونی (کافکا)دا، هێشتا لە سەرووی هەموو داهێنەرەکانی دنیاوەیە، دیارە ئەم قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣، کەچی ئەوەتا بوو بە سەدو بیست و پێنج ساڵ کە بەسەر لەدایکبوونیدا تێپەڕی، هێشتا کەس جێگای کافکای پڕنەکردووەتەوە.

ئێستا لە جاران باشتر کافکا دەخوێنرێتەوە، لەم سەردەمە جەنجاڵەی مرۆڤایەتیدا، زیاتر کلیل و هێمای چیرۆك و ڕۆمانەکانی کافکا دێن بە دەستەوەو نەوەکانی دیکەی سەدەی بیست و یەك زیاتر پێشوازی لە ئەدەبەکەی ئەم بلیمەتە جوولەکەیە دەکەن.



جوولەکە بوون تاوان و گوناه نییە، تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە ڕقی لە سامییەکان دەبێتەوە، ئەمەش گرفتی مرۆڤایەتیی نییە. چونکە کافکا تا سەر ئێسقان سەر بە مرۆڤایەتی بوو، کافکا هەرگیز دانی بە جوولەکەیەتی خۆیدا نەدەنا، مەگەر ناچار بووایە، با بزانین کافکا لە نامەیەکیدا چی نووسیوە بۆ (میلینا)ی کچە برادەری: (ڕات بەرامبەر بەو جوولەکانەی دەیانناسی زیاد لە پێویست چاکە، زۆرجار ئاواتەخوازم هەموویان بخەمە دەرەگێکەوە (بەخۆشمەوە)و، چاوەڕێبم، پاشان دەرەگەکە رادەکێشم تۆزێك بۆ ئەوەی بزانم کە هەموویان خنکاون، ئەگەر ئەوە نەبووبێت، دەرەگەکە دادەخەمەوەو ئەو کردەوەیە تاکۆتایی دووبارە دەکەمەوە).

یان کافکا ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: (دەستی مەسیحییەت ڕێ پێشاندەرم نەبوو لەژیاندا وەکو کیرکیگارد، وەکو زایۆنییەکانیش چمکی بەرماڵێکی جوولەکەم نەگرتووە).

بۆیە ئەو نووسەرە عەرەبانەی (کافکا) تاوانبار دەکەن بە زایۆنیزم، سەریان دای لەبەرد.. بۆیە لە سەرجەم بەرهەمەکانی کافکادا تاکە کەسایەتیەکی جوولەکە نییە، لە ئەڵمانیاش تاقە لێکۆڵینەوەیەك نییە وەکو عەرەبەکان باسی زایۆنیزمی کافکا بکات.

## رۆمانی (دەعەجانی) یان-مەسخ-

بەیانیەکیان کاتێك (کریگۆر سامسا) لە چەند خەونێکی ئاجرو باجڕ بە ئاگاهاتەوە، بینی خۆی بووە بە مۆرانەیەکی زەبەلاح و لەسەر پشت کەوتووە، بە چەند قاچ و قولێکی زۆرەوەو لە دەسەپاچەییدا لەبەرچاوی شەپۆلیان دەدا، لەخۆی پرسی چیم بەسەرهاتووە، خەون نەبوو، چونکە ژوورەکەی ژوورێکی نووستنی ئادەمیانەیە، (سامسا) نمایندەی بازرگانی گەڕۆك بوو، چ وەزیفەیەکی شەکەتی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، گەڕان بە شاران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئەگەر دایك و باوکی نەبووایە هەرزوو دەچوو بۆلای سەرۆك ئیشەکەی وازی دەهێنا، بەلام کافکایش دایك و باوکی ببوونە مۆتەیەکەو هەمیشە بەدوایەوە بوون، ئەو دەبێت قەرزەکانی دایك و باوکی بداتەوە، ئەمەیش پێنج ساڵی دەوێت، ئەوجا دابڕانە گەورەکە دێتە دی، بەلام ئەم بەیانیە دەبێت ئەو هەڵێت و بگاتە شەمەندۆفێرەوە، سەیری سەعاتەکە دەکات شەش و نیوە، خەریك بوو لەحەوت نزیك دەبووەوە، ئەو دەبێت هەر هیچ نەبێت بگاتە شەمەندۆفێری سەعات حەوتەوە، لەو دەمەدا زۆر خەیالاتی بۆ دێت دەربارەی دواکەوتنی لە ئیشەکەی و بۆڵەبۆڵی خاوەن ئیشەکەی، بێئەوەی بتوانێت لە نوێنەکەی بێتە دەرەوە، سەعات بوو بە حەوت چارەك کەم، دەرگا لێدراو دایك بوو ئاگاداریدەکاتەوە کە سەعات حەوت چارەك کەمەو ئایا نایەوێت سەفەربکات، ئەندامانی خێزانەکەی ڕەچاوی ئەوەیاننەدەکرد کە هێشتا



گریکۆر لە ماڵەوە بێت، باوکی لە دەرگا دەدات و دەپرسێت چی لێقەوماوە، هەروەها خوشکەکەیشی، بەلام ئەو پێیاندەڵێت پاش تۆزێکی دیکە دێمەدەرەوە، هەوڵدەدات خۆی لە نوێنەکەی دەربهێنێت و نابێت بێسوود لێی بمێنێتەوە، زۆر تەقەلادەدات بێتە دەرەوە، بەلام دواجاریش نابێت هۆشی خۆی لە دەستبدات و پێی باشتر بوو لە نوێنەکەیدا بمێنێتەوە، دواجار گەورەی فەرمانبەرەکانی ئەو کۆمپانیایە دێت کە (کریگۆر سامسا) کاری لێدەکات و دەپرسێت بۆ لە ئیشەکەی دواکەوتووە، دەبوایە پێش سەعات حەوت لەوێ بووایە، زۆر هەوڵدەدات دەرگا لە خۆی بکاتەوەو بێسوود دەبێت، چونکە ناتوانێت بەو شێوە ئاژەڵیە خۆی پێیان نیشان بدات، هەرچەنێك دایك و باوکی و گەورەی فەرمانبەرەکان، داوای لێدەکەن کە چی لێقەوماوەو بۆچی دەرگایان لێ ناکاتەوە، دواجار دایکی دەڵێت دیارە تووشی نەخوشیەکی ترسناك بووە، بۆیە داوا لە کچەکەی دەکات بچێت پزیشك بهێنێت، دەرگاکەی لەودیوەوە لە سەر خۆی داخستووە، بۆیە خێزانەکە دەیانەوێت قفڵسازێك بێت و قفڵەکە بشکێنێت، گریکۆر لەگەڵ کورسیەك بە هێواشی پاڵ دەنێت بەرەو دەرگاکە، لەوێ قەپاڵ گیردەکات لە کلیلەکە، هەرچەندێك دانی نەماوە، بەلام هەردوو کاجێرەی بەهێزن و هەوڵدەدات کلیلەکەی ناو کێلۆنەکە سووڕبدات و لەو دەمەدا شلەیەکی ڕەش لەدەمی دێتە خوارەوەو دڕژێتە سەر زەوییەکە، هەرکە بە هەزارحاڵ دەرگاکە دەکاتەوە هەموو بەبینینی

بەوشێوەیە دەحەپەسێن، دوای ئەوەی باوکی رۆژێکیان راوی دەنێت و سێو بارانی دەکات سێویك بەر پشتی دەکەوێت و لێی دەچەقێت و لێی نابێتەوە، ئەنجام رۆژێکیان لە ژوورەکەی بە مۆرانەیی خۆی گیان لەدەستدەدات.

دوو نووسەری گەورەی وەکو (پیتەر بایکن) ساڵی ١٩٨٣ و (فیلهلم ئەمریش) لەسەریان نووسیوە، هەروەها پێنج پسپۆڕی بواری ئەدەبیش کە ئەمانەن، فلادیمێر ناباکۆف و مارتن فالزرو ڤۆلڤانگ ماتزو ڤۆلڤ کیتلەرو گرهاد نۆیمان....

فلادیمیر ناباکۆف دەڵێت: رۆمانی دەعجانی- مەسخ- یەکێکە لە چوار شاکاری ئەدەبی لە سەدەی بیستەمدا، بابەتی مەسخ بوون لە هەردوو کەلەپووری ئەورووپی و عەرەبیدا هەیە، وەکو چۆن (جیۆرج بندمان) چۆن هێمایە بۆ کافکا، لێرەشدا (گریگۆر سامسا)یش دیسان هێمایە بۆ کافکا، بابەتی مەسخ بوون وەکو ئەفسانەو چیرۆکە خورافیەکان کۆنە لە ئەدەبی زۆربەی گەلاندا، وەکو چیرۆکی (ئۆڤید) کە مرۆڤێك دەبێتە جالجالۆکە، کافکا ئەم چیرۆکەی لە کتێبی قوتابخانە خوێندووەتەوە، لەم چیرۆکەدا نەیویستووە شیبکاتەوە وەکو چیرۆکی (مەحکومکردن)، بەلام لە بارەیە هەندێك حوکمی زۆر دیاریداوە وەکو لەو نامانەی کە بۆ (ڤیلیس پاوەر)ی دەسگیرانی ناردووە، (بگری، خۆشەویستەکەم بگری، ئێستا کاتی گریانە، پاڵەوانی چیرۆکە بچووکەکەم بەر لە تۆزێك مرد، ئەگەر



مەسەلەکە دڵت دەداتەوە، بزانە کە ئەو بە رۆح سووکی و ئاسوودەیی و لەگەڵ هەمووان بە ئاشتەواییەوە مرد) جیاوازی لە نێوان چیرۆکی (ئۆڤید)و (مەسخ) ئەوەیە، کە ئۆڤید پرۆسەی مەسخ بوونەکە وەسفدەکات، بەلام کافکا ژیان و چارەنووسی ئەو کەسە پیشاندەدات کە بووەتە (دەعجانی)، گوایە هەندێك لێکچوون هەیە لە نێوان هەردوو چیرۆکی (گۆگۆڵ)، (لووت)و (پالتۆ)و (دەعجانی)دا، هەر سێ چیرۆکەکە جیهانێکی بێ خۆشەویستی پیشاندەدەن، جیهانێکی بێ بەزەیی، کۆمەڵگەیەکی بیرۆکراتی چەوسێنەر، کە تاك ملکەچی پرۆسەی مردن دەبێت، وەکو جەستەو رۆحیش ناتوانێت پەیوەندی مرۆڤانە دروست بکات، وەکو ئەوەی دەردەبڕێت: (پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان هەمیشە لە گۆڕاندان، هەرگیز بەردەوام نین، کە هەرگیز نابنە دۆستایەتی).

نەبوونی خۆشەویستی لە شێواندن بەرجەستە دەبێت، بەرهەمەکانی کافکا پڕن لە کارەکتەر لە جیهانی مرۆڤ و ئاژەڵداو بێ گیان، گۆڕانی شیاو بۆ شتی نامۆو نامۆ بۆ ترسناك، هەردەمێك بوو کافکا لە ناخی خۆیدا بۆ شتی نادیار دەگەڕا، بۆ (ڤیلیس پاوەر) دەنووسێت: (بەو پێیەی کوڕی نۆبەرە بووم وێنەیەکی زۆریان بۆ گرتووم، ئەمەیش واتای ئەوەیە زنجیرەیەکی گەورەی گۆڕان هەیە، دواجاریش بەچاوی خۆت دەبینیت، لە وێنەی دواتردا ئەوەندەی پێناچێت دەبمە مەیموونی دایك و باوکم).

(فلادیمیر ناباکۆف) دەڵێت: (پاڵەوانی مەسخ، گریگۆر ساما، کوڕی خانەوادەیەکی مامناوەندی براگیەو ئەندامانی ئەم خانەوادەیەش ئاسۆی بیریان تەسکە، وەکو لەلای فلۆبێریش ئەمە ڕەچاودەکەین، خەڵکانێکی خاوەن زەوقی بەگڕن، هیچ شتێك بەلایانەوە گرنگ نییە، جگە لە کاروباری مادی نەبێت، بەری پێنج ساڵ باوکی زیانێکی سامانی زۆری لێکەوت، بۆیە گریگۆر دەستبەکار بوو لەلای یەکێك لە خاوەن قەرزەکانی باوکی، خوشکەکەی هێشتا وادەی ئیشکردنی نەبوو تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی ببوو، گریگۆری لاو پاروی خانەوادەکە دابیندەکات و سەرەڕای ئەوەیش لە ئاپارتمانێك بەکرێ تیادەژین، زەمەنی چیرۆکەکە ساڵی ١٩١٢یەو ڕووداوەکانی لە براگ ڕوودەدەن لە ئەوروپای کۆن و لەوێ کرێی خزمەتکارو کارەکەر کەمە، بۆیە خێزانەکەی سامسا دەتوانێت کارەکەرێك رابگرن، ناوی (ئانا)یە تەمەنی شانزە ساڵەو لە کچەکەیان بە ساڵێك منداڵترە، سەرەڕای کارەکەر ژنە چێشتلێنەرێکیش، گریگۆر هەمیشە لە سەفەردایە، بەڵام ئەو شەوەی ڕووداوی چیرۆکەکە دەست پێدەکات، لە ماڵەوە دەبێت).

(فیلهلم ئەمریش) دەنووسێت: (کارەکتەرەکانی کافکا لە ئاژەڵ لە شێوەی ئەسڵی خۆیاندا ئەو واتا پۆزەتیڤە رزگارکەرەیان تێدایە، نوێنەری جیهانی خەونن لە ئەقڵی ناوەوەدا، حاڵەتی مرۆڤ پێش بیرکردنەوەی، حاڵەتێکی هەوەڵینەو بەر لە حاڵەتی مرۆڤە، ئەو حاڵەتەی هەمیشە لە



قولایی ڕۆحی خۆیدا هەبووە، بەڵام ئیشوکارە هاوچەرخەکان زۆر دژوارن، چونکە خۆی دەداتە دەستیانەوە، ئەو نکوولی سەرچاوەی خۆیدەکات و تەگەرە دەخاتە بەردەم قووتاربوونی خۆی).

(گریگۆر سامسا) تەنها بە مردنی دەتوانێت سوود بگەیەنێتە خێزانەکەی، مردنیشی تەنها شتی پۆزەتیڤە، مردنی کۆتاییەکی بەختەوەرە، کەواتە چیرۆکەکە تەنها چیرۆکی ئەو شێواندنە نییە، کە ئەنجامی چەوساندنەوەیە، بگرە چیرۆکی ئەو شێواندنەیە کە بە هۆی مەسخ بوونەوە ڕوودەدات لە نێو خانەوادەکەیدا، دەشبێت ئەو مەسخ بوونە بەردەوام بێت، بەردەوام بوون لە بەختەوەریدا، کاتێك خانەوادەکەی لە گریگۆر رزگاری دەبێت ئەو گریگۆرەی، کە ئیدی کارناکات و دەستکەوتی نابێت و چەوسێنراوە تا ڕادەی ئاژەڵی، ئەو مەسخ بوونە لە دوای مردنی گریگۆریش بەردەوام دەبێت، چونکە پێش سەرەتای چیرۆکەکەیش دەستی پێکردبوو، نمایندە گەڕۆکەکە لە خۆی نامۆیە، ئەنجامی پیشەکەی کە ڕێگای نادات پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی دروست بکات، بەڵام تەقەلا دەدات لەلای خۆیەوە بۆ ئەوانی دیکە کە هێشتا مرۆڤن، لە سەرەتای چیرۆکەکەوە دەست بە چەوساندنەوەی گریگۆر دەکرێت، وردە وردە لە ڕێگای پەیداکردنی پارەوە، وەکو مۆرانەیەك لە خەو بە ئاگادێتەوە، بەڵام لە سەریەتی بۆ ئیش بڕوات، کافکا دەڵێت: (بە ڕاستی ژیانێکی دوو

**رووەو ترسناکە، پێموانیە ڕێگایەکی دەربازبوون هەبێت لە شێت بوون بەولاوە).**

**هەندێك پێیانوایە کافکا پێشبینی کردبێت بۆ گەوهەری سەردەمی سەرمایەداری لە قۆناغی داتەپین و بۆگەن بوونیدا، بە تایبەتی لەم سەردەمەی کە ئێستا پێیدەڵێن سەردەمی عەولەمەو ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات لە جیهاندا، بەرەبەرە مرۆڤ دەبێتە بچووکترین ئاژەڵ، وەکو کریگۆر سامسا لە بەیانیەکیاندا کە بە ئاگادێتەوە بۆتە مۆرانەیەکی نابووت، بەڵام مەسخ بوونەکە دەستی پێکردبوو، لەو ساتەوەی کە هەستی بە بێ ئومێدیی و تێکشکان کردبوو، ئەشکەنجەکێشانی بە دەستی چەوساندنەوە لە سایەی پێوەندییەکی سەرمایەداری نامرۆڤانەدا، بۆیە لەگەڵ خەستبوونەوەی ئەو پەیوەندییە نامرۆڤانەیە لە جیهانی سەرمایەداریدا جەماوەری کافکەوی لە زیادبووندایە.**

**ڤۆلڤانگ مەتس دەڵێت: (بە راستی گریگۆر چی لێ قەوما؟ شتێکی رادەبەدەر بە گورزێك لە ریزی ئادەمیزاد دوورخرایەوە؟ هەر خۆیشی دیارە گریمانەی ئەمە دەکات، چونکە بەرگەی مەسخ بوون دەگرێت، وەکو شتێك لە ژیانیدا مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوە ناگۆڕێت، ئەوەی لە گریگۆرو هەموو ئەوانی دیکە کەمە، پێش هەموو شتێك، تێگەیشت لەوەی کە لێی قەوما: هیچ نییە، هیچ نییە. واتا مەسخ بوون، بگرە ئاشکراکردنی ئەوەیە کە هەبووە، بێزهاتنەوەو دڵهەڵشیوان کەڵەکەبوونی ریسوایی و زەلالەتە، کە گریگۆر لە مەوبەریش ناسیبوونی...**

**گریگۆر لەنزیکەوە دەبینێت بە بێ هیچ سوککردنێك، کە واتای چییە پیاو ببێتە مۆرانەیەکی زیاد لە پێویست، سەرکەوتوویی ئەفسانەیی باوك دەبینێت، کە وەکو ئەسپێك دەیپلیشێنێتەوەو زاڵبوونی رابردووی دووبارەوە بوو، کە گریگۆر لێی قوتارنابێت، تاوانیشی ئەوەیە لە یاخیبوون و رزگارکردن شکست دەهێنێت، ئەو گۆشە نیگای ئەوانی دیکە بەکاردەبات، بۆیە لەلای خۆی دەبێتە مۆرانەیەك، ئەم بە پێچەوانەی (پیتەر)ەوە کە لە فیلمی (پیاوی جاڵجاڵۆکە)دا دەبێتە مۆرانەیەکی زەبەلاح و بە دەسەڵات و بەهێزو شتی رادەبەدەر لە خزمەتی خەڵکدا ئەنجامدەدات، ئەویش دوای ئەوەی جاڵجاڵۆکەیەك پێوەی دەدات زۆر لە خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت و دەبێتە مۆرانەیەکی خارق، ئەگەر (پیتەر) ببێتە جاڵجاڵۆکەی سەرمایەداری وەکو چەکێکی کاریگەر بەکاری دەبات بۆ خزمەتی ئەجندای خۆی، بەڵام (گریگۆر سامسا) دەرهاویشتەی ناکۆکیەکان و چەوساندنەوەکانی ئەو سەرمایەدارییەیە، کە باوکی رۆڵی دەگێڕێت و دەیچەوسێنێتەوە، ئەنجامیش کە بێکەڵك دەبێت لێدەگەڕێت بمرێت.**

**(گێرهارد نوێمان)یش دەڵێت: (ئەوەی دەینووسم کەس نایخوێنێتەوە)... ئەم رستەیە لە چیرۆکی (راوچی گراخۆس)دا هاتووە، ئەم چیرۆکە کافکا**

زۆر سەرەتای بۆ داناو بێئەوەی تەواوی بکات، بێگومان ئەم رمڵەی کافکا نەهاتەدی و دەقەکانی خوێنرانەوە، یەکەمجار لەلایەن نوخبەیەکی ئاگادارەوە لە ئەڵمانیا، پێش سەرهەڵدانی نازیزم، پاشان پێش جەنگی دووەمی جیهان لە فەرەنسا هەر لە ساڵی ١٩٢٦وەو لە بەریتانیا لە ساڵی (١٩٢٨)ەوە، هەروەها لە ئیتاڵیاو ئەمریکاش، هەروەها لە کاتی جەنگەکەیشدا، دواجاریش گرنگیدان بە بەرهەمەکانی کافکا لە زیادبووندا بوو، ئەم بەرهەمانە بوونە هێمای چەرخ و بگرە هی سەرجەم سەدەی بیستەمیش، کافکاوی واتە حاڵەتی جیهانێك کە خەسڵەتی دەردەبەدەریی ونبوونی بوونگەرایانەو بیرۆکراتی و ئەشکەنجەدان و ناماقووڵی و ونبوونی مرۆڤایەتیە، بۆیە بەرهەمەکانی کافکا گەلێك راڤەکردنیان بۆکرا لە هەموو لایەکەوە: ئایینی و فەلسەفیی و دەروونی و ناخی و کۆمەڵایەتی و مارکسیانە.

ئەم چیرۆکی مەسخ بوونەی کافکا لە هەموو بەرهەمەکانی دەردەکەوێت، باشترین نموونەیش چیرۆکی بوونی (رۆت پیتەر) لە مەیموونەوە بۆ مرۆڤ بۆئەوەی لە دیلبوون رزگاری ببێت، دەست بە قسەکردن دەکات و هەوڵدەدات ببێتە هونەرمەند.

هەوڵدانێکە کافکا ئەنجامیدەدات و داهێنانی مرۆڤ خۆی لە دەرەوەی دارِشتنی خێزان و لە دەرەوەی دەسەڵاتی باوك و دوور لە پەروەردەیەکی



رووخێنەر، بۆئەوەی تاك خودی خۆی بەدی بهێنێت، هەوڵدانی ئاژەڵەکە بێ خانەوادەو باوك دەژی...

کافکا نووسینی بە مەسەلەیەکی کەسایەتی دەزانی و مەبەستی کەس نییە، گەرچی خۆی کردبوو بە رێگای قوتاربوون، هەر کە ئەوەی کە هەستی پێدەکرد لەسەر کاغەز تۆماری دەکرد، تا هەستی دەکرد پێویستی بە لەناوبردنی ئەوە هەیە کە نووسیویەتی، دەڵێن ئەوەی کافکا لە نێوان ساڵی ١٩٠٤و ١٩٠٨دا نووسیبووی هەمووی فەوتاندووە، گەرچی هەمووی پارچەو دەقی کورت بوون، (نامەیەك بۆ باوك) کلیلێك بوو بۆ تێگەیشتن لەو هەموو چیرۆك و رۆمان و پارچە پەخشان و یادگاری رۆژانەی و بۆچوونەکانی، بگرە مامەڵەی توندوتیژی باوکی دەربارەی لە سەرەتای لاوێتیدا، وای لێکرد چەند بەیاننامەیەکی سۆسیالیستانەی ئاژاوەئامێز بڵاوبکاتەوە، بۆ نارِەزایی دەربرِین دژ بە دەسەڵات، بەهۆی ئەم زاڵبوونە پەترIارکیە وایکرد لەسەرجەم بەرهەمەکانیدا بەرزەخێکی گەورە هەبێت لە نێوان کەشێك کە راستیەو لە نێوان ئەوەی لەودیوی دەرگای داخراوی زمانەوە هەیەو پەخشانی کافکایش لە نێوان ئەم دوو قوتبە دێت و دەچێت، نووسینەکانی کافکا لە ماوەی لاوێتیدا هەموو پارچە کورتە پەخشان بوون، یان چەند دێرِێك بوون، یان دووسێ لاپەرِە بوون، زۆربەی دوای مردنی بڵاوبوونەوە، بەڵام چیرۆکەکانی یان (پەندەکانی) و لەم پارچە پەخشانانە (نامەی ئیمپرِاتۆر)بوو کە دواتر لە کورتە رۆمانێکی وەکو

(شوورای مەزنی چین)دایڕشتەوە، (لەبەردەم یاسا)شدا لە رۆمانە بە ناوبانگەکەی (دادگا) دایڕشتەوە، وەك بلێی هەردووکیان کورتکردنەوەیەکی چڕی ئەو دوو بەرهەمە درێژە بن، هەموو ئاگادارن تاکە رەگەزێکی ئەدەبیی زۆر لێی شارەزابوو، ئەویش پەند یان قسەی نەستەق بوو، چونکە کافکا زۆر بایەخی بەم لایەنەدەدا، هەروەکو دەیان لاپەڕەی رۆژانەکانی ئەوە دووپات دەکەنەوە، چونکە جوولەکە بوو، بالادەست بوو لە کەلەپووری جوولەکەکانی ئەوروپای ناوەڕاست، کە بە زمانی بیدیچی نووسرابوون، کافکا ناسراوبوو بە پەخشانە شیعرو زۆریش پەخشانە شیعرییەکانی (بۆدلێر) کاریان تێکردبوو. گەرچی کافکا لە باوەشی بنەماڵەیەکی جوولەکەدا پەروەردە بوو، بەڵام ژیانی ئایینی جوولەکەی رەتکردەوە، چونکە بە رای خۆی ئەو ئاینە لەسەر دوو فاقی دامەزراوە، پتر لەوەی لەسەر ئیمان دامەزرابێت، کافکا لە جیهانێکی سەرسوڕمان ژیا، نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئایینی باووباپیرانی خۆی، چونکە ئەقڵی بڕوای بەو ئاینە نەبوو، لە کاتێکدا لە سەرسوڕمانێکی دیکەدا دەژیا، ئەویش سەرچاوەکەی پەیوەندیی بوو بە باوکیەوە، ئەوەبوو نکۆڵی لە سەربوردەی ئاینی باوکی کرد لە خێزانەکەیدا، چونکە بە رای ئەو لەسەر خۆسەپاندن و داڕووخانی بەڵێنەکان و رەوشت ئەو باوکایەتیە دامەزرابوو، کافکا لەو نامەیەی بۆ باوکی نووسیویەتی، کە باوکی ئەو نامەیەی نەخوێندبووەوە، زیاتریش سەربردەیەکی کافکا خۆیەتی، لەو نامەیەدا کافکا شکستبوونی



لە ژیان و راکردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و بگرە نکووڵی کردنیشی لە دامەزراوی ژنهێنانی دەگەڕێنێتەوە بۆ باوکی، مەینەتیەکانی ژیانی کافکا بوون بە خێرو بەرەکەت بۆ ئەدەبی جیهانیی، شاکاری بێوێنەی داهێنا، پەنای بردە بەر نووسین بۆ ئەوەی لە دۆزەخی ئەوانی دیکە رابکات، لە دنیایەك کە نەخۆشویستی تیابوو و نەشیزانی بۆ تیادەژی، کافکا دەڵێت: (بنیادەم لە بلّقی سەرئاو بەولاوە هیچی تر نین و یەك لە دوای دەتەقێن لە سەر رووی زۆنگاوێك کە ناوی بوونە)... کافکا لەم دەستەواژەیەوە بەرەو ژیان دەڕوات و وەها تەماشای بنیادەم دەکات کە گوایە بلّقی سەر ئاوە... زۆر لە نووسەرە عەرەبەکان بە جوولەکەی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام (بەدیعە ئەمین) لە کتێبەکەیدا (ئایا دەبێ کافکا بسووتێ)، پێیوایە (کافکا) ئەدیبێکی دەگمەن و وەکو ئەدیبێك ئێش و ئازارەکانی دەربڕیوە، وەکو هەر ئەدیبێکی دیکەش، هەر بۆیەش هەموو توانای خستووەتەکار بۆ بەرگریکردن لێی و بە ئەدیبێکی مرڤایەتی لە قەڵەم دەدات و بەرپەرچی ئەو رەخنەگرو ئەدیبانە دەداتەوە کە تاوانباری دەکەن بە زایۆنی... کافکا دەڵێت: (نەمریی بەخێربێت، بەڵام ئەگەر دەستم بکەوتایە خەمبار دەبووم). چی وا لە کافکا دەکات لە چیرۆك و رۆمانەکانی کۆتاییەکانیان ترسێنەربێت، چونکە هەمیشە قارەمانەکانی دەمرن، سەرەڕای جیاوازیی شێوەکانیان، پاڵەوانی رۆمانی (کۆشك) دەکوژرێت، پاڵەوانی رۆمانی (دادگا) لەسێدارەدەدرێت، پاڵەوانی (مەسخ) وەکو مۆرانەیەك دەمرێت،

ئەدیبێك و توێژەرێك ئاوها دەپرسێت سەبارەت بەو نهێنییەی کەوا لە کافکا دەکات نووسەرێکی ڕەشبین بێت و چەمکی ڕۆماننووسی پاڵەوان لنگەوقوچ دەکاتەوە، پاڵەوانەکانی دەکاتە قوربانی و بەرەو مەرگیان دەبات و کۆتایی ترسناکی پاڵەوانەکانی تاکە چارەنووسێکە بۆیان، (ژان ژێنیە) دەڵێت: (لەگەڵ کافکا هیچت بۆ ناکرێت، هەرچەندێك تاقی بکەیتەوەو لێی نزیکبوویتەوە زیاتر لێی دوور دەکەویتەوە) یان هەندێك لە ئەوروپیەکان پێیان وایە دەبێت کتێب و کارەکانی کافکا بسووتێنرێت، چونکە ئامرازێکن بۆ ڕووخان و تێکشکانی دەروون، لەوانەیە کافکایش هەستی بەوەکردبێت، بۆیە داوای لە (ماکس بروود)ی برادەری کرد لەدوای مردنی هەموو کارەکانی بسووتێنێت. لە نامەکەی بۆ باوکی دەنووسێت: (تۆ هۆی ئەشکەنجەکانمی) کافکا لە تەمەنی (٣٦) ساڵیدا ئەو نامەیە بۆ باوکی دەنووسێت، واتا دوای نووسینی (مەسخ)و (مەحکومکردن)و (ئوردوگای سزا)هەندێك دەڵێن گوایە کافکا لەو نامەیەدا کە بەباوکی ناگات، گلەیی لێدەکات کە فێری ئاینی جوولەکەی نەکردووە، چونکە باوکی داوایکردووە جولەکەکان لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوروپا یەکگرن، نەك داوای زەوییەکی جیاواز بکەن بۆ خۆیان، بەڵام ئەمەیان تارادەیەك دوورە لە ڕاستیەوە، چونکە کافکا کەسێکی عیلمانی بوو، پتر ناکۆکی لەگەڵ باوکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵسوکەوتە توندوتیژەی باوکی بەرامبەر خێزانەکەی و بە تایبەتی بەرامبەر کافکا، هەروەها لە بەشەکانی دیکەی



ئەم خوێندنەوەیەدا لەو نامەیەی کافکادا کە بۆ (ڤلیس پاوەر)ی دەسگیرانی یان (میلینیا)ی کچە هاوڕێی ناردوویەتی، چۆن باسی ڕقی خۆی دەکات بەرامبەر بە میللەتی جوولەکە، بۆ (میلینیا) دەنووسێت: (ئەگەر جارێك بتەوێت بزانیت حاڵم لە ڕابردوودا چۆن بووە، لە براگەوە ئەو نامە مەزنەت بۆ دەنێرم کە بەر لە شەش مانگ بۆ باوکم نوسویەوە، بەڵام هێشتا نەمداوەتێ)، ئەمەیش لە هاوینی ساڵی ١٩٢٠ بوو. (ئیبراهیم وەتفی) دەنووسێت: (ئەم نامەیە دیکۆمێنیتی ژیانە، بەرلەوەی دەقێکی ئەدەبی بێت، بەڵام ڕەخنەگران سیفەتی ئەدەبیان پێ بەخشیوە، (ئەی باوکی ئازیز جارێکیان لێت پرسیم، بۆ لافی ئەوە لێدەدەم کە گوایە لێت دەترسم، ئاسایی بوو نەمزانی بەچی وەڵامت بدەمەوە) کافکا ئاوها دەستپێدەکات، پاشان بە نامەیەکی سەدوسێ لاپەڕەو بە خەتی دەست، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوەو بە گەڕانەویەکی زەینی پەیوەندی کوڕو باوك شیدەکاتەوە، دەربارەی ئەزموونەکانی منداڵی قسەدەکات، کە هێشتا کارەساتەکانی ئەشکەنجەیان دەدا، کاتێك لە تەمەنی (٣٦) ساڵیدا بوو، کارتێکردنی داخوازییەکانی باوکی ڕووندەکاتەوە، کە وەکو نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتی، لە سەر ئاستی هەموو بوارەکانی ژیانی لە ڕابردوو و هەنووکەییداو کافکا باسی ئەوە دەکات کە چۆن هەوڵدەدات بوونی خۆی بسەلمێنێت بەرامبەر بە کەسایەتی بەهێزی ڕادەبەردەری باوك، لە ڕێگەی ئەدەب و هەوڵدانی بۆ ژنهێنان، بەم وەسفەیش چیرۆکی وەکو

(مەحكومكردن و مەسخ) دادەڕێژێت لەم نامە نوێیەدا... نامەكە بۆ باوك یەكلاییكردنەوەی حیسابێكی گشتیە، كەبێ بەزەییانەیە، نەك لەگەڵ باوكیدا بگرە لەگەڵ خۆی زیاتر، ئەم نامەیەی وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە سی زمان، ئەم نامەیە لە ساڵی ١٩٨٦ وەكو چۆن كافكا بەدەستخەت و بە مەرەكەبێكی رەشی گرانبەها نووسیویەتی و لە سەدو سێ لاپەڕەدا: ئیبراهیم وەتفی دەڵێت: (سەنووقێكی درێژی پان و بە كەتانێكی رەش داپۆشراو، هەر كە دەیكەیتەوە، دەبینی دەستنووسە ئەسڵیەكە لاپەڕەكانی زەرد هەڵگەڕاون، سووچی یەكێكان نوشتاوەتەوە، یان سووچێكی دیكەی نەختێك دڕاوە، یان خاڵێكی مەرەكەب كەوتووەتە سەر لاپەڕەیەكی دیكەی، دەقەكەی كافكا بەبێ هەڵەی زمان و رێنووسی نییە، ئەم هەڵانەش وەكو خۆیان پارێزراون، نامەیەكە لەماوەی دوو حەفتەدا نووسیویە، لە نێوان ١٠و ٢٤ی تشرینی دووەمدا، نابینین (١٠)وشە كوژابێتەوە، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە كە نووسینی كافكا جۆرێكە لە بەهرە، بۆیە لەلای ئەورووپیەكان وشەی شیعرو شاعیر پیرۆزی خۆیان هەیە، بەرامبەر بە پیرۆزی قورئانە لەلای موسڵمانەكان... وەكو وتمان لە بەشەكانی دیكەدا كافكا چیرۆكی (مەحكومكردن)ی بە شەوێك نووسیوە، چیرۆكی (ئاگردەر)یش بە سێ هەفتە، كافكا هەوڵیداوە ئەم سێ چیرۆكە لە جەڵدێك بڵاوكاتەوە بە ناونیشانی (كوڕەكان)و یەك لەدوای یەك، یەكەم ئاگردەرو دووەم مەسخ و سێیەم مەحكومكردن، لەیەكەم كوڕەكە



دەردەكرێت بۆ ئەمریكا، لە دووەمدا كوڕەكە لەلای كسوكاری دەژیت و لە سێیەمدا مەحكوم دەكرێت بە مردن و هەر چیرۆكێكیش بە مەرگی كوڕەكە كۆتایی دێت. پاشان كافكا ئەو بابەتەی كە دەینووسێت هەرچیەك بێت، لە راستیدا باسی خۆی دەكات، پەیوەندی بەو واقیعە كۆمەڵایەتیەوە كە تیادەژیت، ئەو شتەی كە تاكۆتایی نە لە رۆمانەكانی و نە لە چیرۆكەكانیدا باسی نەكردووە، لە رەشنووسی نووسین و لە رۆژمێرەكانی و نامەكانیدا بەرچاومان دەكەوێت، تاكە تەوەر كە بیركردنەوەو هەستەكانی بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، چارەنووسی مەرگەساتاوی خۆیەتی، بەو هەموو ئێش و ئازارەو تێكچوونی دەروونی و ئەو ئەشكەنجەیەی كە تێدا هەیە، ئەم چارەنووسەیش بە شێوەیەكی تەواو هەموو ئەوە یەكدەخات كە لە بابەتێكی گەروەدا دەیگێڕێتەوە، ئەویش ئەو نامۆبوونەی مرۆڤە لە كۆمەڵگایەكی پڕ لە ناكۆكی و سەیرو سەمەرەكانی ژیان، نامۆبوونی كافكا نامۆبوونی چینایەتی نەبوو، بە پێی تێگەیشتنی ماركسیەت، واتا نامۆبوونی كرێكار لە هێزەكانی بەرهەمهێنان و ئامرازەكانی و پەیوەندییەكانی، بە هۆی بێبەش بوونی لە بەرهەمی ئیشەكەی و تەنها بەشێكی كەم نەبێت، چونكە نامۆبوونی كافكەوی، نامۆبوونی رۆحیەكی قووڵەو لیی نابێتەوە، تەنها چەند ساتێكی كەمی خۆشنوود نەبێت، كە لە ژیانی كافكادا زۆر كەم بوون، یان دەگمەن بوون، كافكا نەیدەتوانی ببێتە بەشێك لە ئامرازێك كە كۆمەڵێك خەڵكی چاوچنۆك و هەلپەرست

دەستیان بەسەردا گرتووە، نەیدەتوانی لەگەڵ کۆمەڵگایەك بگونجێت، کۆمەڵگایەکی شێواو بێت، پڕ بێت لە پەیوەندیە نامرۆڤانەکە، چونکە ڕەوشت پاك بوو، شانازی بە ڕەوشت و کەرامەتی مرۆڤانەو زۆر شتی ترەوە دەکرد، بۆیە ناچار بووە لەو نێوەندە گەندەڵەی لە دەوری بوو دوورکەوێتەوەو لێکدابڕانێکی ڕۆحی هەبوو، لە نێوان ئەو و کەسانی دیکەدا، کەسانی بیرۆکراتی ناویان نابوو مرۆڤی نائاسایی، بۆیە کافکا قسەی خۆی هەبوو بەرامبەر بەم ناتۆرەیەو وتوویەتی: (مرۆڤێکی ناسروشتی بیت لەوە خراپتر نییە لە ژیاندا، چونکە خەڵکی پێیانوایە جەنگی جیهانیی مەسەلەیەکی سروشتیە)، ئەم تۆمەتە بە دوایەوە بوو تەنانەت بە چەند ساڵێك دوای مردنیشی، بۆیە هەندێك پێیانوایە پاڵەوانی چیرۆك و ڕۆمانەکانی کافکا خەڵکانی (نائاساییین)..! کافکا سەرەڕای ئەوەی گیرۆدەی دەستی باوکێکی دڵڕەق بوو، هەروەها گیرۆدەی دەستی بیرۆکراتیەتیش بوو، کە نەخۆشیەکی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، ئەویش لە ڕێگەی بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەوە کە کافکا لێی فەرمانبەربوو، تەنانەت دوای ئەوەیش تووشی نەخۆشی سیل بوو، هێندەی دیکە لەگەڵیدا ڕەقبوو، جارێکیان خوشکەکەی (ئوتێلا) دەچێت بۆ لای ئەو بەڕێوەبەرە بۆ ئەوەی مۆڵەتی نەخۆشی بۆ وەرگرێت، کاتێك کافکا لە نەخۆشخانە کەوتبوو، چۆن لە نامەکانیدا باسی توندوتیژی ئەو بەڕێوەبەرە دەکات، زۆر لە هەڵسوکەوتەکانی وەرزبوو، کاتێك لە بەردەمی ڕاوەستاو



ئەویش خەریکی خوێندنەوەی ئەو داوای مۆڵەتە نوێیە دەبێت، بێئەوەی سەر هەڵبڕێت و سەیرێکی (ئوتێلا) بکات، کە چاوەڕێی بڕیاری ئەویەتی، چونکە کافکا ئاگاداری سایکۆلۆژیەتی بیرۆکراتیەکان بوو، لە نامەکەیدا بۆ خوشکەکەی ئەو مەسەلەیە ڕووندەکاتەوەو دەنووسێت: (بەڵام ئەو بەڕێوەبەرەی کە سەری هەڵنەبڕی بۆ ئەوەی سەیرت بکات، بێگومان ئەمە هەرگیز نیشانەی بێزاریی نەبوو، دەبوو لەبەر ئەم هەڵوێستە ریسوات بکەم، شێوازی ئەو بەڕێوەبەرە وەکو ئەو شێوازە وایە کە خەتیبەکان بەکاریدەهێنن، کاتێك ئەوە ڕەتدەکرێتەوە کە لە بیسەرانەوە چێژ لە وتەکانی وەرگرت، لەوانەوە کە لە هۆڵەکە دانیشتوون، چونکە خەتیبی ئاوها چاك-یان هەرکەسێك خۆی وا لەقەڵەم بدات- هێندە بڕوای بە خۆی هەیە تارادەیەك هەست ناکات، پێویستی بەوە هەبێت کە چاوێك بە هۆڵەکەدا بگێڕێت، یان بەو شوحنە زیادەیی کە بێ ئەوە هەست بە ڕادەی بەهێزیی خۆی دەکات). ئەم نامەیە بووەتە بەشێك لە ڕۆمانی (کۆشك).

کافکا دەمێك بوو هەستی بە سەرهەڵدانی فاشیزم کردبوو، هەروەها چ کارەسات و ماڵوێرانیەکیش تووشی مرۆڤایەتی دەکات، دوا نامەکانی کافکا خوێن و ئازاریان لێ دەچۆڕێت و داوای بەرگریکردنی بەدکاریی و شەڕەنگێزەکانی دەکرد، کە لە هەمان کاتیشدا پڕبوون لە ژیانێکی پاك و بێگەرد بە هەموو جوانی و قەشەنگی و خۆشی و خەفەتەکانیەوە، گەرچی ئێستا کافکا وەکو ناوێکی داهێنەری مرۆڤایەتی ماوەتەوە، کەچی کەس

ناوی بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەی لە بیر نییە کە کافکا لێی فەرمانبەر بوو، کە هەروەها بیری ناهاتەوە وەڵامی داواکارییەکی نووسەرە نەخۆشەکە بداتەوە. کافکا بەدەر لە هەموو نووسەرێکی دیکەی رۆژئاوا، هەمیشە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگایەی نیشاندەدا، مەسخبوونی مرۆڤی دەخستەڕوو، لە چیرۆکی (مەسخ) و چیرۆکی (هونەرمەندێ برسیەتی) دەسەڵاتی باوکسالاری لە چیرۆکی (مەحکومکردن) و رۆمانی (ئەمریکا)و... کافکا چۆن پێشبینی کردبوو بۆ پەیدابوونی فاشیزم لە ئەورووپاو ئاوەهاش پێشبینی کردووە بۆ مەسخبوونی مرۆڤی رۆژئاوا لە سیستمی سەرمایەداریدا، رۆمانی (دادگا)و (ئۆردوگای سزا) باشترین نموونەن، (ئوتیلا)ی خوشکی و (میلینیا)ی خۆشەویستی لە ئۆردوگاکانی مەرگی هیتلەردا گیانیان لەدەستدا، (دۆرا)ی ژنی کە بەبێ ئاگاداری باوك و دایکی خواستبووی بە شێوەیەکی ناشەرعیی، لە چیکۆسلۆفاکیا پەیوەندیکردبوو بە بەرگری نهێنییەوە دژ بە دەسەڵاتی فاشیزمی هیتلەری، پاشان چوو بۆ روسیاو دواجار بۆ بەریتانیاو لەوێ لە دوای دووەم جەنگی جیهانیی مرد، کافکا پێیوابوو هەر مرۆڤێك لە ناخی خۆیدا ژوورێکی هەڵگرتووە، ئەمە راستیەکەو مرۆڤ دەتوانێت تەئکیدی بکاتەوە، ئەگەر هاتوو گوێ لە ناخی خۆی بگرێت، ئەو دەپرسێت وشە هەڵکەنراوەکانی درەختی بەڕوو چەندە؟، ئەو دەیەوێت بیرمانی خاتەوە وەکو بلێی وشە توانای بیرخستنەوەی هەیە، چونك وشە وەکو ئەوانە وان کە سەردەکەونە



سەر شاخ، ئەوان گەنجینە ناهێنن، نە لە لوتکەی چیاکان و نە لە ناو سکی قوڵایی چیاکانیشدا. کافکا دەیەوێت باسی مێژووی سەخت و پڕ خوێناوی مرۆڤایەتی بکات، باسی ئەو مێژووە بکات کە بە کەللە سەری مرۆڤ دروستکراوە، لە رێگای چیرۆکی (شووورای مەزنی چین) (گەلەکەمان تووشی هاجسێکی رەتکردنەوەی هەنووکە بووە) ئەمە وتەی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، کە یەکێکە لە وەستا باشییەکانی شووراکە، (لەوانەیە گەلێك نەبێت لەگەلی ئێمە زیاتر ملکەچی ئیمپراتۆر بێت، بە تایبەتی گەلەکەمان لە باشوور، بەڵام ئیمپراتۆر هیچ سوودێك نابینێت لە ملکەچبوونی ئێمە، بە راستی ئەژدیها پیرۆزەکە لە سەر ئەو ستوونە بچووکە وەستاوە، کە لەوپەڕی گوندەکەمانە، ئەو هەر لە سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤەوە هەناسە گڕاوییەکانی دەردەدات بەرەو —بیکیانگ- کە سیمبولی ملکەچبوونە). کافکا وەکو دەرچوویەکی خوێندی یاسا، لە بەرامبەر ناعەدالەتی مرۆڤ و دەسەڵاتی سەرمایەداری دەوەستێت، لە چیرۆکی (لە بەردەم دادگا) وەکو نموونەیەك، چۆن دادگاو دادپەروەریی بە رووی ئەو پیاوە لادێییە بۆ هەتاهەتایە دادەخرێت و هەرگیز ناکرێت لەبەرامبەر کابرایەکی دڵڕەقی وەکو پاسەوانی دەرگای دادگاکە... کافکا پێیوایە مێژووی مرۆڤایەتی ئەو ساتەیە کە دەکەوێتە نێوان دوو هەنگاوی گەڕیدەیەکەوە، پێیوایە مەرگەساتی (دۆنکیخۆتە) خەیاڵی خۆی نییە، بگرە (سانشۆ پانسا)یە، ئەو شانسۆ پانسایەی کە ناوبانگی نەبوو، دوای

چەند ساڵێك سەركەوتووبوو لە ڕێگای ئامادەكردنی چەند ڕۆمانێكەوە ،سەبارەت بە سوارچاكی و دزیكردن، لە ساتەكانی شەوداو لەگەڵ ئەهریمەنەكەی خۆیدا، كە دواتر ناوی لێنا دۆنكۆخۆتە، خۆی بخلافێنێت، كۆمەڵێك كردەوەی شێتانەی ئەنجامدا، بێئەوەی زیان بە كەس بگەیەنێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕووداوێكی بچووكەوە، دەبووایە (سانشو پانسا)ی تیا كەوتبایە، بە هەرحاڵ سانشۆ پانسا پیاوێكی ئازادبوو، دوای دۆنكۆخۆتە كەوت لە هەموو هێرشەكانیدا، بە بێ هیچ بەربەرەكانیەك یان بە هۆی هەستكردنی تایبەتی خۆیەوە بە لێپرسراویەتی، ئەنجامیش یاریەكی بەسوودو گەورەی تا كۆتایی بەدەستهێنا، كافكا پێیوایە حەشارگەی بێ ئەژمار هەن، بەڵام تاقە فریادڕەسێك هەیە، لەلایەكیشەوە تواناكانی فریاكەوتن زۆرە وەكو حەشارگەكان، ئامانج هەیە، بەڵام ڕێگای بۆ نییە، بەڵام ئەمە پێی دەوترێت ڕێگا، دوو دڵیە، شەڕ ئەوەیە كە دەخلافێنێت، شەڕ خێر دەناسێت، بەڵام خێر هیچ لە بارەی شەڕەوە نازانێت، زانینی دەروون تەنها ئەو شەڕەنگێزە خۆكوژە دەیزانێت، كە ئەویش بەندییە، كە دەبینێت لە حەوشەی بەندیخانەكە سێدارەی بۆ هەڵواسراوە، هەر بە سێبەر دەزانێت كە لەوێ بۆی هەڵواسراوە، بۆیە لە شەودا لە زینداكەی هەڵدێت و دەچێت خۆی پێی لە سێدارە دەدات. (میلان كۆندێرا) لە بارەی كافكاوە قسەدەكات، دەڵێت: جۆزێف سكۆڤێرسكی برادەرم لە یەكێك لە كتێبەكانیدا دەگێڕێتەوە، كە چیرۆكێكی ڕاستەقینەیە: ئەندازیارێك لە



براگەوە بانگكرابوو بۆ سیمینارێكی پیشەیی لە لەندەن، بەشداریی دانیشتەكانی سیمینارەكەی كردو گەڕایەوە بۆ براگ، دوای ئەوە ڕۆژنامەی (ڕۆد- براڤۆ) لەسەری نووسیبوو، كە ئەندازیارێكی چیكی، بەشداریی سیمینارێك بووەو لەوێ هێرشی كردووەتە سەر نیشتمانە سۆسیالیستەكەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژئاوا، بۆیە بڕیاریداوە لە ڕۆژئاوا بمێنێتەوە، بێگومان سەفەركردنی نامەشروع بەبێ ڕێگەپێدان كارێكی ئاسان نییە، بگرە ئەنجامەكە بیست ساڵ زیندانیكردنە، هەر كە ئەندازیارەكە ئەمەی بینی بڕوای نەهات، بۆیە سكرتێرەكەی دەچێتە لای و پێیدەڵێت: (خودایە ئەوە هاتیتەوە؟! دەچێت بۆ نووسینگەی ڕۆژنامەی (ڕۆد- براڤۆ) نووسەری هەواڵەكە دەبینێت و پێیدەڵێت مەسەلەكە ترسناكە، بەڵام دەستی ئەوی تیانییەو دەقی نووسینەكە لە وەزارەتی ناوخۆوە هاتووە، دەچێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ داوای لێبوردن دەكەن، بەڵام ناتوانن هەواڵەكە بەدرۆ بخەنەوە، ئیدی ئەندازیارەكە ترسی لێدەنیشێت و هەستدەكات لە ژێر چاودێری دایەو تەلەفۆنەكەی لەژێر چاودێریدایەو لە جادەكان چاودێری دەكرێت، ئەم چیرۆكە هەست دەكەیت چیرۆكێكی كافكاوییەو ئەم چیرۆكە لە خەیاڵی ڕۆماننووسەوە بێت.. بۆیە ئەوانەی چیرۆك و ڕۆمانەكانی كافكا بە ناواقعی مشەوەش لەقەڵەمدەدەن، سەریان دای لەبەرد، چونكە ئەم چیرۆكە واقعیە، ڕاستی چیرۆكی ڕۆمانی (دادگا)و (كۆشك)مان بۆ دەسەلمێنێت... ئەندازیارەكە وەك (جۆزێف.ك) پاڵەوانی ڕۆمانی دادگا ناگاتە كۆتایی

هەزار لۆغانەکەو سەرکەوتوو نابێت بۆ دۆزینەوەی ئەو سەرچاوەیەی کە ئەو فەرمانە شومەی بۆدەرکردووە، (ك)یش رووپێوەرە (مەساح)ە لە رۆمانی (کۆشك)دا، کوێخای گوندەکە بە دووردرێژی فایلێکی درێژی (ك) پێشکەشدەکات، بە کورتیەکەی پێش چەند ساڵێك گوندەکە فەرمانێکی لە کۆشکەوە بۆهات بۆ بەکارهێنانی رووپێوەرێك (مەساح)، کوێخاکە بە نەگەتیڤ وەڵامی دابووەوە (پێویست بە هیچ رووپێوەرێك ناکات)، بەڵام وەڵامەکە رێگای هەڵەکرد بەرەو نووسینگەی ئیشە کۆنەکەی (ك)، لە کاتێکدا هەموو نووسینگە پەیوەندیدارەکان ئیشیاندەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی داوا پشتگوێ خراوەکە، بەمجۆرە دوای رێگایەکی دووردرێژ (ك) بە هەڵە دەگاتە ئەو گوندە، لەوەش زیاتر، چونکە ئەوەی پێدرابوو، جگە لە کۆشکەکەو گوندەکە هیچ جیهانێکی گونجاوتری نەبوو، هەموویشی هەڵەیە لە جیهانی کافکەوی، فایلەکە رۆڵی بیرۆکەی ئیفلاتونی وەرگرت، ئەو نوێنەری واقیعێکی راستەقینەیە، لە کاتێکدا بوونی ماددی مرۆڤ سێبەرێکی پیشاندراوە لەسەر شاشەی وەهم، لە راستیدا (ك)ی رووپێوەر ئەندازیارەکەی براگ تەنها سێبەری ناسنامەی سێبەرەکانیان، تەنانەت لەوەش کەمترن، هەردووکیان سێبەری هەڵەیەکن، لە فایلەکەدا... یان لە رۆمانی (دادگا) ئەو دوو کابرایەی لە پڕدا دەچنە سەر نوێنەکەی (جۆزێف.ك) و لەبەیاندا ئاگاداری دەکەنەوە، کە ئەو دەستگیرکراوەو خواردنی بەیانیەکەی دەخۆن، جۆزێف .ك لەجیاتی



ئەوەی وەکو هاوڵاتییەکی مەدەنی رێکوپێك هەردووکیان دەربکات، خۆی لەبەردەکات و بەرامبەریان دەوەستێت، کاتێك (کافکا) بەشی یەکەمی (دادگا)ی بۆ برادەرەکانی خوێندەوە، دەستیان کرد بە پێکەنین، هەروەها نووسەر خۆیشی (فیلیپ رووس) دەڵێت: (کۆمیدیا- لە گەوهەری کافکاویەت جیانابێتەوە).

# ڕۆشنبیری کوشندە کێیە..؟

ئەم نووسینە لە ڕاستیدا بەدواداچوونێکە بۆ ئەو نووسینەی کاك پۆلا سەعید کە لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا لە ٢٨ و٢٩/٧/٢٠٠٩ دابڵاوبوەتەوە بە ناونیشانی :" ڕۆشنبیری کوشندە". پێمخۆش بوو ئەم بابەتەی ورووژاند، کە دەبوو لە مێژبوو بورووژایە، دەربارەی هەندێك ڕۆشنبیری کوشندە کە هەمانە لە کوردستانی باشووردا. بەلای منەوە ڕۆشنبیری کوشندە ئەو قسەکەرەیە یان ئەو نووسەرەیە، کە لە نێو واقیعبینیەکی بیانیەوە دێت باسی کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکات، کە من پێموایە غەدرێکی گەورەیە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە ئەنجامی



دەدەن، یان ئەو ڕۆشنبیرەیشە کە خوێنەری کوردی خاوەن کەم دەرامەتی ڕۆشنبریی بە هەڵەدا ببات، بیرکردنەوەی سڕەکات بۆ ئەوەی بیر لە مەینەتیەکانی دەوروبەری خۆی نەکاتەوە. بە ڕاستی ئەم ڕۆشنبیری کوشندەیە واتەشەنەی کردوە بە جۆرێك، کە بووەتە دیاردەو تەنانەت خوێنەری کوشندەیشی هێناوەتە ئاراوە! بەشبەحاڵی خۆم هەر دوای ئەو زنجیرە وتارەی بەڕێز تاهیر سالح شەریف لە سایتی کوردستانپۆست بڵاویکردەوە، دەربارەی ئەوەی کە "ڕۆشنبیر" ڕاستە یان "ڕووناکبیر" و شتی دیکەیش، کە مەبەستی من نییە لێرەدا باسی بکەم، خوێندنەوەیەکی دووروودرێژم کرد بۆ کتێبەکەی "ئیدوارد سەعید " بە ناونیشانی "ئەو خوداوەندەی کە هەمیشە شکستدێنێ" و لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤاری "ئاینده " دا قەولە بڵاوبێتەوە، بۆئەوەی خوێنەری کورد بزانێت ڕۆشنبیر یان ڕووناکبیر کێیەو ڕۆڵی چییەو چی دەبێت لە کۆمەڵگادا. یان کێ پێشتر ئەم بابەتەی ورووژاندوە.. بۆ ئەمەیش "سەعید" پەنای بردۆتە بەر زۆر لە بیریارەکانی ئەورووپا وەکو، گرامشی و فۆکۆ و سارتەر و ژۆلیان بیندا.. ئێمە وەکو دەزانین لە دوای ڕاپەڕینەوە گرووپە کەسێك پەیدابوون بە ناوی ڕۆشنبیر، کە کەسانێکن لە منداڵدانی بۆشاییەکی ڕۆشنبیریی هاوچەرخانەی کوردەوە هاتنەدەرێ، لە نێو چەند وەرچەرخانێکی سیاسی خراپدا، کە لە بۆشاییەکی ڕۆشنبیریی دوای ڕاپەڕین هاتەکایەوەو ئەو پچڕانە قۆناغیەی نێوان هەشتاکان و دوای ڕاپەڕینیان بە هەل زانی، بۆ ئەوەی بە چەند کایەیەکی تێهەڵکیش و سەرلێشێوێنەر بینە مەیدانەوە، کۆمەڵێك خوێنەری نیمچە بۆهیمی و سەرلێتێکچوویش دوای

نووسینەکانیان بکەون.. بە رای من دەتوانین ناویان بنێین رۆشنبیری کوشندە، کە بە داخەوە هەندێك لە میدیاکان بە بێ ئاگایی، وەکو هەنگیان لە کلۆری داردا دۆزیبێتەوە ئاوها بە هەڵپەوە قسەکانیان بڵاودەکەنەوە، بێئەوەی بزانن ئەو بۆچوونانە چەند لەگەڵ واقیعی ئێمەدا یەکدەگرنەوە یان یەکناگرنەوە، کە زۆریان بۆنی سەرلێشواندنیان لێدێت نەك وتنی راستیەکان! لە رێگەی پەنابردنە بەر هەندێك بابەت کە بە خوێنەری کورد تازەیە و بە زمانێك دەیلێن کە لێگەیشتن یان حاڵیبوون لێی زەحمەت بێت، یان چونکە لە سونگەی تێکەڵکردنی گەلێك بابەت دێنە نووسین، بۆیە خۆێنەر بە تەئکید تەقەی سەری دێت لێیان و بڕواش ناکەم ئەو جۆرە نووسینانە خوێنەر بەرەو ئاسۆیەکی کراوە ئاراستە بکات و شێوەیەکن لە ئیدیعاگەرایی. یان کەسی پسپۆڕ نین لەو رۆژنامەو میدیا کوردیانە بۆ ساغکردنەوەی سەلامەتی فیکری، بە واتا فیکری و رۆشنبیریەکەی، نەك بە چەمکە ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکەی؟.. بۆ نموونە لەم ماوەی پێشووەدا کە بزووتنەوەی گۆڕان یان لیستی گۆڕان راگەیەنرا، دەبینین بیرۆکەی گۆڕان و دواندن لەسەری بووە هەلێکی باش، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو جیابوونەوەیەی پێ بکەنەوە، کە لەگەڵ دەسەڵات لەبەر هەندێك هۆی هونەری کردبوویان لەمەوبەر، یان پاساوی ئەوەی پێ بدەنەوە کە ئەوان چەندین ساڵ لەگەڵ خودی دەسەڵات تەبابوون، لەملاو لەلا کەوتنە باسکردنی پرۆسێسی گۆڕان و قاڵبی فەلسەفیان بۆی دەۆزیەوە.. ئێمە نموونەی ئەو رۆشنبیرە کوشندانەمان لەبەردەستدایە، لە جۆری ئەوەی کە دوژمنی سەرسەختی دەسەڵات و تاکەکانیەتی، لەبەر



ئەوەی بەرژەوەندی لەلای دەسەڵات نەماوە، پۆستی نەماوە، ئیدی پەنادەباتە بەر مانۆڕکردن تا دەسەڵات ئاشتیکاتەوە دێتە بەرەی گەل و خەڵکی هاندەدات بۆ یاخی بوون، کەچی لە راستیدا ئەو بۆ بەرژەوەندیە تاکەکەسیەکانی خۆی خەڵکی وروژاندوەو فریوداوە، لە پێناوی پۆست و بەرژەوەندیەکانی خۆی بانگەشەی هەڵگەڕانەوە دەکات لە دەسەڵات، ئیدی هەرکە دەسەڵات کەوتە سەرەتاتکێ لەگەڵیدا، بە سەدو هەشتا پلە بادەداتەوەو پشت لەو بەهایانەش دەکات کە خەڵکی پێ هانداوە. ئەمانەن رۆشنبیری کوشندەن کە دەبێت خوێنەری کورد دوای ئەم جۆرە رۆشنبیرانە نەکەوێت و نەیانکەنە ئەو خودایەی کە ئادەم و حەوایان بۆ دەسنیشان بکەن. بگرە زۆریش لە سیاسیە کۆنەویستە دۆگماکان خەتەرناکترن..

رۆشنبیر، یان روناکبیر لەلای (ژۆلیان بیندا)، کەسێکی شاهانەی دانەر و خاوەن بەهرەی رادەبەدەرو هەستێکی بەرزی رەوشتەو خۆی تەرخانکردوە بۆ دروستکردنی ویژدانی مرۆڤایەتی. ئەوەی خۆی بۆ بابەتی ئاڵۆزو دەشێت ئەفسووناویش تەرخان کردبێت. رووناکبیری راستەقینە هەرگیز لە باشترین حاڵەتدا، جگە لە خاوەن سۆزێکی میتافیزیکی کە بیجوولێنێت، یان بیروباوەڕێکی پاکیزە بۆ دادپەروەریی و راستی و ریسواکردنی گەندەڵی و بەرگریکردنی لە چەوساوەکان و تەحەدای دەسەڵاتی ناشەرعی یان ستەمکار بەولاوە هیچی دیکە نییە. نەك وەکو رۆشنبیرە کوشندەکانی لای خۆمان کە رێك پێچەوانەن! ئەو رۆشنبیرە کوشندانەی خۆمان کە دەیانەوێت بە زمانی "عیسا و "سوکرات و سپینۆزا و ڤۆڵتێر و ئارنست رێنان "قسە بکەن، بەئیدیعا وەکو

ناوهێنانیان، گەرچی هەموو قسەکانیان شێواندن و سەر لێشێواندنە، بۆیە جیاکردنەوەی ئەو رۆشنبیرە کوشندانە، ئەرکی سەرەکی خوێنەری زیرەکە، خوێنەری بە ئاگایە لە فیکرو فەلسەفەو ئەدەبیاتی مرۆڤایەتیدا، نەك ئەو خوێنەرەی کە دەیەوێت رۆشنبیری کوشندە بە پێی حەزەکانی ئەو قسە بکات، بە پێی داخوازیە هەنوکەییەکانی ئەو (فەلسەفەکانی) بوەشێنێت، گەرچی زۆرن ئەوانەی کە بۆ حەزەکانی خوێنەر قسە دەکەن، بۆیە دەبینین ئەو رۆشنبیرە کوشندانە خوێنەرو دەروێشیکی زۆریان هەیەو قسەکانی ئەوانیان پێ قسەی خوداوەندەکان و پێغەمبەرەکانە. بۆیە دەبێت میدیاکانمان و رۆژنامە ئازادەکانمان ئاگایان لەم جۆرە رۆشنبیرانە بێت و هەر شتێك لەوانەوە هات نابێت بەبێ لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە بڵاویانکەنەوە، کە بڵاوکردنەوەیان دەبنە هۆی دروستبوونی نەوەیەکی ئیفلیج و نارۆشنبیر لە کوردستاندا، کە وەختێك دەزانین خاوەن کەلتوورێکی سەقەتین و لە کەلتووری میللەتەکانی دیکە ناچێت..

ئێمە دەبێت ئەوە بزانین وەکو "پوشکین"دەڵێت، سەدان شیعرو رۆمان ناتوانن شۆڕشێك دروست بکەن . بۆ نموونە شۆڕشی گەلانی روسیا لە ساڵی ١٩١٧ئەنجامی شیعرەکانی پووشکین و رۆمانەکانی تۆڵستۆی و دۆیستۆیفسکی و نووسینەکانی باختین و و بلیخانۆف و بیلینسکی و رۆمانی "دایکی" گۆرکی نەبوو، بگرە ئەنجامی زۆربوونی زوڵم و زۆرداریی و هەژاریی بوو، هەروەها بوونی ئایدیۆلۆژیای هاندەر و پێشڕەوکردنی جەماوەری ستەمدیدەو ئامادەباش بۆ راپەڕین لەلایەن کەسانی کاریزمیەوە . سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنساش وابوو.



بە پێی قسەی "ژۆلیان بیندا" ئیشی رۆشنبیر پرۆتستۆکردن و ریسواکردنی جەنگەکان و کاولکاریەکان و توندوتیژی و دەمارگیریی و کردەوە دڕەندەیەکانە، وەکو چۆن -فنلیون و ماسیلۆن جەنگە دیاریکراوەکانی لویسی چواردەمیان ریسواکرد؟ "ڤۆلتێر" یش کاولکاریی بەڵاتییەکانی و "رێنان" یش کردەوە توندوتیژەکانی ناپلیۆن" وبکلی" یش دەمارگیریی ئینگلتەرای ریسواکرد بەرامبەر بە شۆڕشی فەرەنسا. (نیچە)یشکردەوە دڕندەییەکانی ئەڵمانیای ریسواکرد دژ بە فەرەنسا.. پێموایە رۆشنبیری کوردیش نابێت لە بورجی عاجی بمێنێتەوەو بێدەنگ بێت لە ئاستی پاوانخوازیەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا، ئەو پاوانخوازیەی هەژدە ساڵە درێژەی هەیە، چونکە خەریکە پاوانخوازی دەبێتە کەلتوور لە چەمکی سیاسی کوردیدا. دەبێت رۆشنبیر بێتە مەیدانەکەوەو نەڵێ ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە، ئیشی من سیاسەت نییە، چونکە رۆشنبیریی بەشێکە لە ئایدیا و هزری مرۆڤ، کە فکری سیاسیش بەشێکە لەو هزرە. لێرەدا قسەیەکی بیریاری میسری "لوتفی خولی" م بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت: -زۆرمان لە سیاسەتەوە هاتووین بۆ ئەدەب-، پێموایە جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە، لەوانەیە هەر نەشبێت، چونکە مومارەسەکردنی رۆشنبیریی خۆی لە خۆیدا مومارەسەی ئەدەبە، وەکو دەبینین گەورە رۆشنبیرانی جیهان چوونەتە نێو رێکخراوە سیاسیەکانەوە، چ رێکخراوی چەپ بووبێت یان رێکخراوی راست بوو بێت و کاریان کردوە، وەکو کامۆ و سارتەر و شاعیرێکی وەکو لیۆپۆڵد سیدار سەنگوور سەرۆك کۆماری سەنگال بوو، یان شاعیرێکی گەورەی فەرەنسی سان جۆن پێرس باڵیۆزی فەرەنسا بوو لە

ولاّتی چین. -ئیدوارد سەعید- یش یەکێك بووە لە داکۆکیکەران لە کێشەی فەلەستین، بە بێئەوەی کەسێکی رەگەزپەرست بێت و گەلی جوولەکە رەتبکاتەوە. هەندێك پێیانوایە کە رۆشنبیر دەبێت لە ئاستی زیندەوەرێکی خوارقی بێت کە ئەسڵن بوونی نییە، یان ئەو کەسە بێت کە دەڵێت مەملەکەتی من لە جیهانەدا نییە. یان ئەگەر رۆشنبیر لە دەزگایەکی دەوڵەتی بووە فەرمانبەر، دەزگایەکی رۆشنبیریی بێت یان زانکۆ بێت، هیچ لە نرخی کەمناکاتەوەو نازناوی رۆشنبیری لێ وەرناگیرێتەوە، بە مەرجێك نەچێتە ژێر باری دەسەلاّتەوەو ببێتە بووقی. ئەمرۆ دەبێت رۆشنبیری راستەقینە خۆی یەکلابکاتەوە، یان لەبەرەی گەلە یان لە بەرەی دەسەلاّتە، بێگومان رۆشنبیری دەسەلاّتیش لەلای جەماوەر راستگۆیی خۆی لە دەست دەدات. گەرچی لە راستیدا رۆشنبیری راستەقینە تاسەر لەگەڵ دەسەلاّت هەڵناکات، لە دوا قەناعەتەکانی خۆیدا سێ بە سێ دەسەلاّت تەلاّق دەدات. چونکە ئەو ناکەوێتە دوای ئامانجە پرۆسەیەکان، هەوڵی دۆزینەوەی خۆشی خۆی دەدات لە رێگەی هونەرەوە، یان زانستی تێرامانە میتافیزیکیەکان، واتا بۆ بەدەستهێنانی خەسڵەتی نامادی...

پێموانیە کە چیتر رۆشنبیری کورد بێدەنگی دەکات، لەم پاوانخوازی و گەندەڵی ئیداریە لە ولاّتەکەیدا، کە خەریکە دەیکەنە کەلتوورێکی سیاسی. دەبێت بنوسێت و ئەو کەلتووره پاوانخوازی و گەندەڵیە بێئامانەی لە کوردستاندا هەیە، پرۆتستۆ بکات و بۆ جەماوەر ئاشکرایان بکات. من لەو قەناعەتەم ئەو بزووتنەوە گۆڕانەی لەکوردستان سەریهەڵدا بەم



دواییە، ئەنجامی هیچ نووسین و بانگەشەیەکی فیکری نەبوو، بگرە بزووتنەوەیەکی خۆڕسکانەی جەماوەرێکی تووڕە بوو، کە نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕوات، بەلاّم لە سەندوقەکانی دەنگدان هەڵێڕشت و دەسەلاّتی تووشی شۆك کرد، بە وتەی دەسەلاّتدران خۆیان ..

## شاعیرە بەدمەستەکانی بەغدا

زۆرن شـاعیرە بەدمەسـتەکانی بەغـداد. هەوڵـدەدەین ئـەجارە باسـی هەندێکیان بکەین لەوانە:

١- عەبدل ئەمیر حوسێری

٢- حسێن مەردان

٣- جان دمۆ

٤- روشدی عامل

٥- سەرگۆن بۆڵس

٦- حەسب شێخ جەعفەر



٧- سەعدی یوسف

٨- فازیل عەزاوی

٩- خەزعەل ماجدی

١٠--کەمال سبتی و

ئەوانیدیکە کە زۆرن ئێمە لەم باسەدا ئەوەی بۆمـان بکرێت باسـیان لێدەکەین و، ئەوانی دیکە هەڵدەگرین بۆ دەرفەتێکی دیکە..

((بەوجۆرە مەگرین
خۆتان وادەرخەن کە دەگرین
شاعیرەکان نامرن
ئەوان تەنها خۆیان واپیشان دەدەن کە مردوون..))

- جان کۆکتۆ -

### پێشەکی

بێگومان بەدمەستی وەکو جمکی رۆحی شاعیرە داهێنـەرەکان، لێیـان جیانەبووەتەوە، تاوای لێهاتووە مەیزەدەیی بووتە دەردێکی کوشـندە، بگـرە مەیزەدەیی لە زۆر لە شاعیران بووەتە حاڵەتێکی سۆفی. من خۆم دەمێکـە کە لەو باوەڕەدا بووم کە (عومەر خەیام) شاعیرێکی مەیزەدە بـووە، بۆیـە کەس وەکو خۆی و(بـۆدلێر) هێنـدە جـوان باسـی مـەییان نـەکردوە، بـە

پێچەوانەی هەندێك توێژەرەوە، کە پێیانوایە باسکردنی مەی و مەیخواردنەوەو مەستی تەنها حاڵەتێکی سۆفی بووە، نەك وەکو پراکتیزە، هیچ کەسێك لەوانە بەڵگەی مێژوویی باوەڕپێکراوی بە دەستەوە نییەکە ئەو بۆچوونەیان بسەلمێنێت:

مى خور چونەدانى از كوجا امادئى

خوش باش نەدانى بە كوجا خاهى رفت.

(عومەر خەیام) لێرەدا پرسیارە بوونگەرایییەکە(وجودی) دەوروژێنەتەوە:

مەی بخۆرەوە نازانی لە کوێوە هاتووی

خۆشبەخت بە نازانی بۆ کوێ دەڕۆی.

ئەمە سەرەڕای سەعدی و حافزی شیرازی لە بارەی مەی و مەستی و خەیاڵاتی سەرخۆشیەوە شیعریان وتووە.

گەرچی شاعیری بەدمەست زۆرن لە شیعری فارسیدا. کوردیش شاعیری بەدمەستی هەبووە وەکو شاعیر (فایق بێکەس) کە وتوویەتی: (هەرکە ئێوارەم لێداهات بۆ عەرەق سمکۆڵ کەم، وەکو ولاخی بێتە وەختی کاوجۆی ئالیکەوە). هەروەها شاعیرێکی سۆفی گەورەی کورد وەکو(مەحوی) لە بارەی بەدمەستیەوە دەڵێت: (شکور هۆشیارە مەحوی تیدەگات دنیا خەراباتە، کە بەدمەستی بکات ئەهلی خەراپەی بۆچی لێدەگرم). لە شاعیرانی هاوچەرخیش (سەلام محەمەد) کە لە شیعری (هەنگوینی تاڵ)دا باسی چیرۆکی بەدمەستی خۆی دەکات. تارادەیەك (محەمەد عومەر عوسمان)یش.



شاعیرانی بەدمەستی بەغداد لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیش زۆر بوون، وەکو (ئەبو نوئاس) کە ساڵی ٧٦٣ی زایین لە ئەهواز لە دایکبووەو (بە شاری کوڕی بورد) کە ئەم دووانە بە ڕەگەز فارس بوون. ئەبو نوئاس دەڵێت:

ألا فأسقني خمرا وقل لي هي الخمر

ولا تسقني سرا اذا امكن الجهر

فما العيش الا سكرة بعد سكرة

فأن طال هذا عنده قصر الدهر

ومالغبن الا ان تراني صاحيا

وما الغنم الا ان يتعتعني السكر..

مەییم بدەرێ و بڵێ ئەمە مەییە

بەنهێنی مەمدەرێ ئەگەر بەئاشکرا شیاو بوو

ژیان چیە سەرخۆشی دوای سەرخۆشی نەبێ

ئەگەر ئەمە درێژەی هەبوو لەلای زەمانە کورتە

غوبنەکە چیە ئەوەتا نامبینی بە ئاگام

دەسکەوت چیە ئەگەر سەرخۆشی لاڵم نەکات...

یان (ئەبو میحجەن ئەلسەقەفی) کە شاعیرێکی سەردەمی ئەمەویەکان بووە دەڵێت:

لە تەنیش دارمێوێکەوە بمنێژن ئەگەر مردم

بۆ ئەوەی ڕەگەکانی ئێسقانم پاراوکات دوای مردنم

لەبیابانا مەمنێژن چونکە دەترسم تامی نەکەم ئەگەر مردم.

اذا مت فادفني جنب كرمة.. تروي بعد موتي عظامي عروقها

ولا تدفني بالفلاة فأنني.. اخاف اذا ما مت أن لا أذوقها.

دەڵێن حەزرەتی(نوح) یەکەم کەس بووە کە دارمێوی چاندوە. لە تەوراتدا لە ئیسحاحی (١٠) ژمارە بیست و بیست و یەکدا هاتووە" بەو جۆرە نوح دەستی کرد بە کێڵانی زەوی و درامێوی چاندو مەی خواردەوەو سەرخۆش بوو". یان شاعیری جاهیلی(ئەعشا) دەڵێت:

وكأس شربت على لذة.. وأخرى تداويت منها وبها

واتا : جامێکم خواردەوە بۆ لەزەت، ئەویدیکە شفام پێی هات..

(حەسان کوڕی سابت) شاعیری پێغەمبەر لە سەردەمی جاهیلیەتدا شیعری بۆ مەی وتووە:

ونشربها فتتركنا ملوكا.. واسدا ما ينهنها اللقاء..

واتا : کە دەیخۆینەوە دەبینە پاشا و شێریش ڕێگای بە یەکگەیشتنمان ناگرێت..

شاعیرانی بەدمەستی جیهانیش بێ ئەژمارن، هەر لە(ئەدگار ئالان پۆ) کە زۆربەی شەوەکان هێندە مەست دەبوو نەدەگەیشتەوە ماڵەکەی خۆی و لە سەر جادەکان دەخەوت، یان (شارل بۆدلێر) کە میری شاعیرە بەدمەستەکانی دنیا بوو، دیوانێکی تایبەتی هەیە بە ناوی شیعرە مەیەکانی بۆدلێر(خمريات بودلير)، ( سێرگی یەسنین) شاعیری رووسیا: دەیووت( دالّدەم مەیخانەیەکی رووسیایە). یان دەیووت" دەخۆمەوە بۆ ئەوەی رشانەوەی کەسانی دیکە نەبینم". یان رامبۆ و ڤرلین و ژان ژینێ و



زۆری تر. گەرچی بە بانەیەکەوە هەموو شاعیرە داهێنەرەکان کەسانی مەیزەدەو بەدمەست بوون.

١- عبدلئەمیر حوسێری:

ساڵی ١٩٤٢ (عەبدلئەمیر عەبود مەهدی حوسێر) ،لە گەرەکی میشراق لە شاری نەجەف لە دایکبووە، لە باوکێکی هەژار کە کاری عەبا دروستکردن بوو، هەروەها لە خێزانێکی ئاینی و لە خواترس بوو، لەم بارەیەوە (حوسێری)دەڵێت:

ابي يخيط العباءات و يتركها

تسجى اليه التحايا عبر اكتاف..

واتە:

باوکم عەبا دەدوری و لێیان دەگەڕێ

تا لە سەرشانەکانەوە سڵاوی بۆ بنێرن.

ئەو شاعیرەی کە هەمیشە لە کۆڵانەکانی (حەیدەرخانە) لە بەغداد بە دەم سەرخۆشیەوە لەتری دەدا، بە جلوبەرگێکی شڕەوپڕەوەو جانتایەکەوە کە لە چارەکە عەرەقەوە تا قەسیدەکانی تیا بوو، زۆرجار خەڵکە هەرچی و پەرچیەکان لێیان دەدزی، دوای ئەوەیش کە لە سەرخۆشی و گەڕان بە کۆڵانەکانی بەغداد ماندوو دەبوو، دەگەڕایەوە بۆ دوا داڵدەی لە ئوتێل (کەوسەر) لەوێ جانتاکەی دەکردە سەرین و لێی دەنووست. تا لە رۆژی ٣ی شوباتی ساڵی ١٩٧٨ ئیدی لێی نووست و بە سەرخۆشی سەری نایەوە، کۆنە پانتۆڵێکی دەفرۆشت بۆ ئەوەی چارەکێك ئارەقی بێ بکڕیت، بۆ رۆژی دوای پانتۆڵەکەی وەردەگرتەوەو دیسان دەیفرۆشتەوە بە چارەکە

عەرەقێکی دیکە، کە خۆی ناوی نابوو(خندریس). حوسێری سەرەڕای بەدمەستی، کەسێکی بلیمەت و بیرتیژ و بیرمەند بوو، شیعری زۆربەی شاعیرانی عەرەبی لەبەر بوو، هەمیشە وێڵ لە قاوەخانەکانی زەهاوی و حەیدەرخانەو شابەندەر و عارفەغا و پەرلەماندا، شیعرەکانی بۆ دانیشتوانی ئەو قاوەخانانە بەدەنگی بەرز دەخوێندەوە، بەو جۆرە سی و حەوت ساڵی لە نیوان هەژاری و بەدمەستی و بێکاری و شیعری جواندا بەسەربرد، وەکو (هنری میللەر) دەڵێت: کەسی داهێنەر ناتوانێت ئیش بکات، نموونەیشی ڤان کوخ و رامبۆ بوو، بێگومان (حوسێری و حسێن مەردان و جان دەمۆ و سەرگۆن پۆلس) یش دەگرێتەوە. حوسیری هیچ ئیشێکی نەبوو جگە لە ئاوارەیی و سەرخۆشی و شیعری باڵا نەبێت، بە تەنها حوسیری شیعر پیشەی بووە.

(فيضي دنان الخمر فيضي ، يا ابنة النخل اعصفي بكياني واطعني اعرقي و شلي يديه).

واتا (با لێتان بڕژێ گۆزەکانی مەی با لێتان بڕژێ، ئەی کچی خورما قەوارەم بهەژێننەو دەمارەکانم بەر چەقۆدەو دەستەکانم گۆج کە).

عەبدلئەمیر، دوای مردنی پانتۆڵێکی شڕ و پێڵاوێکی دڕاو و شیعر و پێنج فلسی لێ بەجێما. شیعرەکانی بە دەنگێکی نەجەفیانە لە قاوەخانەکانی بەغداد بۆ ئەوانە دەخوێندەوە کە لە دەوری کۆدەبوونەوە بۆ گوێگرتن، چونکە حەزیان لە شیعرەکانی بوو، هەر لە منداڵیشەوە زۆر زیرەك بوو لە لەبەرکردنی شیعر و لە قوتابخانەی ناوەندی مامۆستاکانی



زمانی عەرەبی دەبەزاند، لە قۆناغی ئامادەییدا یەکەم دیوانی چاپکرد(گوڵەکانی خوێن)، کە پێشکەشی کرد بە هەرسێ سەرکردەی شەهیدی حزبی شیوعی (فەهد و حازم و صارم)، چونکە حوسێری رووناکبیرێکی پێشکەوتنخواز بوو، لایەنگری حزبی شیوعی عێراق بوو. هەروەها شیعرێکی بۆ(نافع یونس)یش نووسیوە. حوسێری زۆر هەوڵیداوە لە شیعری ستوونی عەرەبی رزگاری بێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. حوسێری ئاواتەخواز بوو کە مێژوو لە پەپکەخواردنی خۆی بە ئاگا بێتەوە، هەستی بە راوەستانی کۆمەڵگاکەی دەکرد، بۆیە لە(بيارق الاتين) واتا ئاڵا هاتووەکاندا، دەڵێت: (ئەی رابردووی مەزن .. ئەی میراتی رەسەن.. دەپاڕێمەوە جارێکی دیکە بگەڕێیتەوە بۆ جیهان.. پڕبیت لە هاوچەرخیەتی.. بۆ ئەوەی سەری نەتەوەکەم بەرزکەیت و زەمەن ناچارکەیت چۆکدادات). لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا نەجەفی بەجێهێشت و رووی کردە بەغدا و لەوێ حسێن مەردان و روشدی عامل و سەعدی یوسفی ناسی، هەروەها روو بەڕوو جەواهیری بینی. لەوێش بلیمەتی شیعری بەدیار کەوت، لەگەڵ سەعلووکێتی و بەرەڵایی و بەدمەستی و دەربازبوون لە رابردووی نەجەفیانەی، ئەوەتا خۆی دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: (ئەوتا تۆ بوویتە خودای مەی و بوویتە گۆمی گەورەی بادەکان). بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد: (مەی بخۆنەوە،، سەرخۆش بن.. ئەو رێگای رزگاربوونە). تەنها حوسێری لە دنیای شیعر و مێژوو سەعلووك نەبوو، (ئەبوو نوئاس) یش ئەوەتا دەڵێت: (لێگەرێ لە چارەك و بیخەلاوە و قڕابەیەك بنۆشە وەك تیشك)، بەرلەویش لە شیعردا کە لە

نەجەفیەتی خۆی یاخی بوو (محەمەد سەعید حەبووبی) کە دەڵێت:
(واشرح هواك فكلنا عشاق).

دیوانە شیعریەکانی (عەبدلئەمیر حوسێری) ئەمانەن:

-گوڵەکانی خوێن ١٩٥٩

-پەردەباکانی دۆزەخ ١٩٧٤

- منی ئاوارە ١٩٧٠

- ئاڵا هاتووەکان ١٩٦٦

-تشرین زەنگ لێدەدات ١٩٧٣

- تەمووز خۆر دادەهێنێ ١٩٧٧.

- پەپکەخواردنی ئاگر ١٩٦٩

- یادەوەریەکانی عروەی کوڕی وەرد ١٩٧٣.

- موعەلەقەی بەغداد ١٩٦٢ .

دوای مردنیشی دیوانی (سواری هەق) دەرچوو.. دەڵێن جوانتری دیوانی ناوی (بەندەری خۆر) بووە، کابرایەکی کوێتی لێی کڕیوە و بە ناوی خۆیەوە بڵاویکردووەتەوەو لاف وگەزافی شاعیریەتی پێوە لێداوە، پارەکەیشی لە مەیخانەکاندا دران بە پێکی عارەق.. هەروەها برادەرێکی شەوێك لە شەوان کۆمەڵە شیعرێکی دەسنووسی لێدەدزێت و لە میهرەجانەکاندا بە ڕووداریەوە پێشکەشی دەکردن، عەبدلئەمیر پێی زانیبوو، بەڵام دەنگی نەدەکردو خەمی لێ دەخوارد.. قەسیدەی (تەمووز خۆر دادەهێنێ) بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمووزی نووسیوە. یادەوەریەکانی (عروە کوڕی وەرد)، دانپیانانەکانی حوسێری و باسی سەعلووکی خۆیەتی. (من عروەی کوڕی



وەردم، شێخی سەعلووکی زەمەنەکانی زەوی). حوسێری یاخیەکی هێرشبەر بوو، ئاشکراکەری زەڵەی کەسانی دیکە بوو، حوسێری لە دوارۆژەکانی ژیانیدا تووشی نائومێدی ببوو، بێ ماڵ و بێ ژن و بێ منداڵ و هەمیشە ئاوارە، ئاوارە، ئاوارە، (من ئاوارەم بۆ خەڵکی لە روخسارم دەترسن و ڕێگاکان لە بەردەمم رادەکەن). من سەعلووکم، من عروەم شێخی سەعلووکەکان. حوسێری یەکێك بوو لەو داهێنەرە عێراقیانەی کە رەخنەو ئەوانەی ئێرەییان بە شاعیریەتی دەبرد زوڵمیان لێی کرد، دوای مردنی (عەزیز سەید جاسم) سەرجەم بەرهەمەکانی کۆکردەوەو پێشەکی بۆ نووسی. سەرەڕای تەمەن کورتی شاعیر وەلێ زۆر دەوڵەمەند بوو، بوونگەراییەکی سەرەتایی و بۆهیمیەتێکی خۆرسکی پێ بەخشیبوو، لە ڕێگای ئەوەوە دیویست خۆشەویسترین شتەکان لەلای تێکەڵ بکات، کە ئەویش شیعر و مەی بوو. (محەمەد مەهدی جەواهیری) گەورەترین شاعیری عەرەب لە بارەی عەبدلئەمیر حوسێریەوە دەڵێت: (ئەوە کوڕی کوفە سوورەکەمە، کە (موتەنەبی)ەکەی پێشکەش بەدنیا کرد، ئومێدەوارم بەغداد بەسەریدا ڕەت نەبێت وەکو بەسەر ئێمەدا بە نەزۆکی و غەدرەوە ڕەت بوو).. ئەوەتا (حوسێری) دەڵێت:

قد بت امضغ اعراقي واوردتي
والحانة الكون والجلاس من خلقوا
وجهي وتهرب من قدامي الطرق
واليوم لو لمحت عيني تختنق
وارتوي من جراحاتي وانسحق...

دەمارو خوێنبەرەکانی خۆم دەجووم
مەیخانە گەردوونە و دانیشتووانی ئەوانەی خەڵق بوون
رووخسارم و رێگاکان لە بەردەمم رادەکەن و
ئەمڕۆ گەر دیم چاوم دەخنکێ و
بە برینەکانم پاراودەبم و دەپلیشێمەوە..

شاعیری کورد (عەباس بەدری)یش کە بە عەرەبی دەنووسێت لە شیعری(مەیخانەکانی عەبدلئەمیر حوسێری)دا دەڵێت:

حتى اراح جنونه في حانة
جلاسها جمعوا العراق ..وفرقوا
ومضى يبدد ليله و نهاره
بين الموائد خلسة.. ويمزق
مااضيق الشعر الجريح يديره
رهط السقاة وثم بار ...ضيق.

تا پشووی بە شێتی خۆی لە مەیخانەیەك دەدا
دانیشتووانی عێراقیان کۆدەکردەوەو.. بڵاوەیان لێدەکرد
شەو و رۆژی بەدزیەوە لەنێو خوانەکاندا پەرت دەکردو.. ونجڕ دەبوو
شیعری بریندار چەند تەسکە
کەکۆمەڵێ مەیگێڕو پاشان بارێکی تەسك بەرێوەی دەبەن.



## ٢- حسێن مەردان..

(رێز لە جیهانێك ناگرم کە منداڵێك تیا چاوی کەیل بێت) ..

ئەمە قسەیەکی حسێن مەردانە، دوای چەندین ساڵ گۆرانبێژی شۆڕشگێری ئێران (داریوش) دەڵێت: (تا لە جیهان یەك زیندان هەبێت ئازادیی نییە).

حسێن مەردان ساڵی ١٩٢٧ چاوی بەگریان بۆ دنیا کردەوە لە قەزای (توێریج)، لە باوکێکی پۆلیس و دایکێکی ژنی ماڵ . شاعیرێکی بە فترە وجوودی بوو، یەکێکیش بوو لە شاعیرە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق، هەمیشە ئاوارە دەربەدەر، وەکو هاورێی عەبدلئەمیر حوسێری، کە ساڵی ١٩٤٩ یەکەم دیوانی دەرچوو لە بەغدا بە ناوی (قصائد عاریە) – قەسیدە رووتەکان- هەرایەکی گەورەی نایەوە. خۆی دەڵێت: (لەپرێکدا _قەسیدە رووتەکان- م فرێدایە سەر شەقام، هەموو عاموودێك لە بەغداد هاتە لەرزین). ساڵی ١٩٥٠ لە بەغداد درایە دادگا لە سەر ئەو کۆمەڵە شیعرە. دواجاریش بێتاوان دەرچوو سزا نەدرا.

ئەو دەمامکەی راستیتان دەشارێتەوە
شڕ بووە بێرەنگ و کون بووە
لە هەزار درزەوە خودتان دەردەکەوێ
نابووت و بەخەڵەتاوی و ترسەوە پێدەکەنێ
لای پاکیزەیی لێدەدەم و هەموو دنیا
سەرئاو ونووقمی زەلکاوی بۆگەنیە...

حسێن مەردان بە شاعیری پەخشان ناسراو لەبەر بەدمەستی پێیان دەووت(بۆدلێری عێراق). حسێن مەردان سەرەڕای تەمەن کورتی وەکو خوناویەکی گەورەو لەگەڵ ئەزموون فکریەکاندا ژیا بۆ نموونە وەکو (وجودیەت) بوونگەرایی، بە رووکەشیەکەی، ئەو بە شێوازی تایبەتی خۆی وجودی بوو. وێنەیەکی پێشکەوتوو بوو کاتی خۆی لە شیعری نوێی عێراقدا، هەوڵی دا لاسایی (رامبۆ) بکاتەوەو ویستی بە پێ گەشتی دنیا بکات، بەڵام تا بیابانی رۆژئاوای عێراق بڕی کردو پەشیمان بوەوە. کاتێك لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، لە باقووبەوە بە پێ چوو بۆ بەغدا تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، دەسنووسی دیوانی (قصائد عاریە) ی لە بن هەنگڵ نابوو. تا قۆناغی ناوەندی خوێند بوو، بەڵام لەو باوەڕە بوو کە بەغداد داگیردەکات، وەکو چۆن بەغدای بەو کۆمەڵ شیعرە لە گوێوە راوەشاند. ئیدی ئاوارەی کۆڵان و جادەو شۆستەو مەیخانەکانی بەغدا بوو، هەموویانی لەبەرکردبوو، لە سەر مەستەبەی باخە گشتیەکان دەخەوت، شوێنی نەبوو تیا بسرەوێ:

**لە مەمکی دایکم بە فجوور گۆشکرام و**
**لەتاریکی رەزیلەتدا گەورە بووم..**

حسێن مەردان تەنها شاعیر نەبوو بگرە رۆژنامەنووسێکی بە تواناو وتارنووسێکی داهێنەر بوو. رەخنەگر (عەلی جواد تاهیر) زۆربەی وتارەکانی لە کتێبێکدا کۆکردوەتەوەو پێشەکی بۆ نووسیووە. حسێن مەردان بەندیخانەی بینی بە هۆی قەسیدە رووتەکانیەوە، کە لەو سەردەمەدا، باسی مەسەلەی سێکس لە شیعردا عەیبە بوو، بۆیە بە



تۆمەتی بەدڕەوشتی درایە دادگاو بەندکراو دواجار بێتاوان بەرەڵاکرا، وەکو چۆن لە سەدەی هەژدەمدا (گۆستاف فلۆبێر) لەسەر رۆمانی(مەدام بۆڤاری) درایە دەدگا.. حسێن مەردان لە بارەی بەندیخانەوە نووسیویەتی: ( بۆیەکەمجار لەوێ شیوعیەکانم بینی، ساڵێکی درێژ بوو هەزار لاپەڕەم لە مارکسیزم خوێندەوە، چووم بەلایەکی دیکەی کێشەکەوە، باروتم درووست دەکرد و دەنکە شقارتەم دەکردە چەوریەوە، بوونی خۆم دەکردە چرایەك بۆ روونکردنەوەی بەردەمی چەوساوەکان، بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی ئەدەبی، بەگوێرەی توانای خۆم هەوڵمدا، هەموو قەڵەمە داهێنەرو خێرخوازەکان کۆکەمەوە لە یەك چەپکەدا، بۆ وەستان رووبەڕووی رژێمی ئەو سەردەمە، ئەوە بوو یەکەم دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ئەدیبە عێراقیەکان درووست بوو، دەسەڵات وایزانی کە خەڵکان خاوەن فیکر لە دوای ئەوەن؟، بۆیە مۆڵەتی پێ نەدرا. پاشان شۆڕشی تەمووز هات و رۆحی خۆم شەحن کرد بە هەموو شورنقەیەك بۆ پشتگیری شۆڕشگێرەکان. بە هەمان هێزەوە دژی ناکۆکیەکان وەستام، لە بارەگای یەکێتی ئەدیبان شیعرەکەم بە ناوی( پێغەمبەرایەتی لە شیعر) خوێندەوە، پاشان رووم کردە بەرزایەك بانگەشەم بۆ تەبایی دەکردو تیرەکانی خۆم رووبەڕووی ئەوانە دەکردەوە کە تەگەرە دەخەنە بەردەم کاروانی گەل. دیسان گەڕامەوە بۆ برسیەتی و خەوتن لەسەر زەوی. پاکی هەرگیز لە دڵم دەرنەچوو.. کاتێك لەسەر یەك مێز لە گەڵ ژان پۆڵ سارتەر و نازم حیکمەت و پاپلۆ نیرۆدا دانیشتم، هەستمکرد گەیشتمە لێوارەکە، لێواری زەویە چۆڵەکەم.. بەڵام هەیهات خەڵکی لە وڵاتی مندا ناتوانن لووتکەکان ببینن، بۆیە لەگەڵ

زوڵم لێکراوەکاندا ڕێگام گرتەبەر، بۆ لابردنی هەورەکان و بێکارییم پێ باشتر بوو، بۆ ئەوەی ئازادی و سەربەخۆیی خۆم بپارێزم و دواجاریش منی تێگەیشتوو تووش بووم. مشتێك ڕووناکیم بینی و گەشبین بووم، گەڕامەوە پشتێنکەم هەڵگرت و هێشتا دوودڵم).. حسێن مەردان یەکێك بوو لەو داهێنەرانەی کە شیعر پێیانەوە موبتەلا ببوو، بگرە مرۆڤایەتیش، لە عەرەبدا: ئەبو تەمام و تورفە کوڕی عەبد و ئەبوو نوئاس و عەبدلئەمیر حوسێری و، لە ڕۆژئاواش بۆدلێرو ڕامبۆ و مایکۆفسکی و یەسنین و لۆتریامون..

ئەی شەوانی بەتاڵ لە هەموو شتێ

پاڵم پێوەنێ بۆ نێو تاریکی چاڵەکان

بۆ بینین لەخواترس شەقیە

بەهەشتی بوون بۆ شەڕەنگیزە

❊❊❊❊

لە ناوەڕچم و گۆرانیەکەیشم لەناو دەچێ

دارستان و دۆڵەکان سەردەکێشن

چۆن هاتم ئاوها وەکو لوغزێك دەڕۆم.

❊❊❊❊

لەبەر ڕووناکی مانگێکی سەوزدا دەنگی پێی دێت

ناوچەوانم بەر پێی کەڵێك دەکەوێت

لەسەر چرا ڕەنگزەردەکەدا چۆلەکەیەکی ڕەش وەستاوە

دەریا لە پشتی شەقامەوەیە



بەو شێوەیە شەروالّمان لە گازینۆ بەلّقیس خواردەوە..

❊❊❊

حسێن مەردان ، لە دیوانی دووەمیشی (ئاوازی ڕەش) کە ساڵی ١٩٥٠ دەرچوو، وەکو مەسەلەی (قەسیدە ڕووتەکان)ی لێ بەسەرهات:

پەراسووەکانم لەبەر ترسی گڕی ئاگر دەهەژێن

وەك بڵێی لە پەراسووەکانمدا دۆزەخ هەیە

ئەی ئەوەی هەرکە دەگەم بە چاوەکانی

خەریکە چاوەکانم سۆزێکی مەزن دەیانخوات

چیە سەروچاوت هێندە ڕەقە دەڵێی بەردە

بۆ وا دەمت تووڕەیە بزەی نایە

ئیمانم هێنا بەو خۆشەویستیەی وا لە ترپەمدایە

کافر بووم بەو جوانیەی کە ڕەحم ناکات..

حسێن مەردان لەم دوو شیعرەدا مەبەستی لە(مەی)یە..

خۆی دەڵێت: (بەڵام ژیانم، لە ژیانمدا جگە خەم نەبێ هیچم نەدی، ئەو خەمەی کە بەردی کەڕولاڵ دەتوێنێتەوە، وەکو لەعنەتێك بۆ ژیان هاتم و ئاوهایش دەڕۆم، وەکو لەعنەتێك بۆ گۆڕەکان دەڕۆم).

تۆبە ناکەم، ئایا بیرمەند تۆبە دەکا

کە ئازادە بۆ وتنی ڕاستی زۆرلێکراوە

با بەند بکرێم یەکەم شۆڕشگێڕ نیم

تووڕەدەدرێتە ناوجەرگەی زیندانەکانەوەوگۆڕدەنرێت

با لەسێدارە بدرێم یەکەم ریفۆرمیست نیم

پەتی ترس بیرۆکەکەی لەناو بەریت
نەفرەت لەو کەسە دەکەم لە شارێك دەژێ
گەمژە بەرزی دەکاتەوەو ناتەقێ..

ئەم بەرهەمانەشی چاپکردوە:

١- وێنە ترسناکەکان ١٩٥٢ پەخشانی چڕ.
٢- بەهار و برسیەتی ١٩٥٣پەخشانی چڕ.
٣- سروودی سروودوتن ١٩٥٥ پەخشانی چڕ.
٤- جیهان تەنوورە ١٩٥٨ پەخشانی چڕ.
٥- هەڵهەڵە بۆ شەحن ١٩٥٩ پەخشانی چڕ.
٦- لقەکانی ئاسن، دیوانە شیعر ١٩٦٠.
٧- شێوازێکی تایبەت، دیوانە شیعر ١٩٦٧. لەساڵی ١٩٦٩ بووە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ئەدیبانی عێراق تا لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

## ٣-سەرگۆن پۆڵس

سەرگۆن پۆڵس، کە لە تەپەی مەلا عەبدولاوە فڕی بۆ کالیفۆرنیاو لەوێشەوە بەرەو هەموو جیهان و بووە (رامبۆ)ی کەرکوك و دواجاریش هی عێراق، هەر ئەویش بوو کە وەکو (رامبۆ) ژیانی بە دانیشتنەوە بەسەربرد، وەکو فریشتە لە سەر کورسی سەرتاشێك.. لە ساڵی ١٩٤٤ لە شارۆچکەی



حەبانیە لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٥٦ خێزانەکەی گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوك ولە گەڕەکی (تەپەی مەلا عەبدولا) نشتەجێبوون، کە گەڕەکێکی تێکەڵ لە کوردو ئاشووری و تاك و تەرا تورکمانی تیابووە، ئێستاش بە تەنها هەر کورد و ئاشووری تیایە. سەرگۆن پۆڵس، زمانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی و ئاشوری دەزانی، بەڵام هەر بە عەرەبی نووسیوە، وەکو هاوڕێ کوردەکانی: سەلاح فایەق و محێدین زەنگنەو زوهدی داوودی و ئەنوەر غەسانی و یوسف حەیدەری، کە سەرگۆن شیعرێکی لە یادی نوسیبوو کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، بە ناونیشانی(هاتم بۆ لات لەوێوە)، گەرچی سەرگۆن بۆ هەموو هاوڕێکانی کەرکوکی شیعری پێشکەش کردون وەکو وەفایەك، وەکو مؤئەید راوی و جەلیل قەیسی و فازڵ عەزاوی و جان دەمۆ.. سەرگۆن پۆڵس بووە یەکێك لە (گروپی کەرکوك) کە رۆڵێکی باشیان گێڕا لە بزووتنەوەی تازەگەری لە شیعرو ئەدەبی عێراقی عەرەبیدا، زۆربەشیان کورد بوون. گروپەکەش لەمانە پێکهاتبوو: قەشە یوسف سەعید، فازڵ گەلۆ (عەزاوی)، ئەنوەر مەحمود سامی (الغسانی)، موئەیەد جەمیل شوکری(راوی)، سەرگۆن پۆڵس، جان دەمۆ، یوسف حەیدەری، محێدین زەنگنە، جەلیل خەلیل (القیسی)، سەلاح فایەق، زوهدی داوودی و قەحتان هورمزی. زۆربەی گروپەکەش دوای ١٤ی تەموز جگە لە قەحتانی تورکمان نەبێت، پەیوەندیان کردبوو بە حزبی شیوعی عێراقەوە.. گروپەکە زۆربەیان عێراقیان بەجێهێشت بوو، جگەلە جان دەمۆ و یوسف حەیدەری و جەلیل قەیسی نەبێت، کە ساڵی ٢٠٠٦ بە نەخۆشی لە کەرکوك کۆچی دوایی

کرد، محێدین زەنگنەش لە باقووبە دەژیاو ئێستایش لە سلێمانی نشتەجێیەو لەدەزگای سەردەم کاردەکات.. سەلاح فایەق دوای کودەتاکەی ١٩٦٣ هەڵدێت بۆ شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوك و دەبێتە سەربازو ساڵی ١٩٧٦ دەچێت بۆ سوریا و لەوێشەوە بۆ بەریتانیا ئەنجاش بۆ فلیپین. موئەید راوی دوای ١٤ی تەمموز ١٩٥٨ مامۆستا بوو لەگوندی (کلاوقووت) ی ناو شوان، دێی هەقەکان، ساڵی ١٩٧٠ چوو بۆ بەیروت و لەوێشەوە بۆ ئەڵمانیا، فازڵ عەزاوی ١٩٧٧ چوو بۆ ئەڵمانیا، سەرگۆنیش بۆ ئەمریکا، زوهدی داوودی ١٩٦٧ چوو بۆ ئەڵمانیا، ئەنوەر غەسانی١٩٦٨ چوو بۆ ئەڵمانیا و دواجار بۆ کۆستاریکا.. یوسف حەیدەریش تا کۆچی دوایی لە بەغدا دەژیا.(جان)یش بە قەلەندەری و هەمیشە مەست و بێ مەسرەف لە نێوان کەرکوك و بەغدا دەژیا.. ( فازڵ عەزاوی ) لە کتێبی —رۆحی زیندو- الروح الحیە- ناوی گروپەکەی ناوە برادەرانی بەدکاریی(اصدقاءالسوء) .(یوسف الخال) لە گۆڤاری (شیعر)چەند شیعرێکی بۆ (سەرگۆن)بڵاوکردەۆتەوە. ساڵی١٩٦٧بە پێ لە رێگای بیابانەوە دەچێت بۆ لوبنان، چونکە سەربازی هەڵاتوو بوو، ئەمەیش دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکەی (رامبۆ)یە، کە بە پێ هەموو ئەوروپای تەی کردبوو، سەرگۆن لەوێ یەکسەر دەچێتە کتێبخانەی ئەمریکی و داوای کتێبەکانی گروپی (پینتیکس) ئەمریکی دەکات، کە دواجار بوون بە هاوڕێی. لەوانە، ئالن گینیسبێرگ، گریگۆری کۆرسۆ، پۆپ کۆفمان، لۆرانس فیرلنگینی، گاری سنایدەر و فایلێك دەربارەیان ئامادە دەکات. لە وێشەوە دەڕوات بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی



ئەمریکا و لە سان فرانسیسکۆ نیشتەجێ دەبێت، دوای ئەوەیش دەکەوێتە گەڕان لە نێوان ئەمریکاو ئەوروپا. دواجار بە نەخۆشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەکی بەرلین لە رۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٧ رۆحە پڕ ئەشکەنجەکەی ئازاد بوو. (سەعدی یوسف) دەڵێت: سەرگۆن پۆڵس تاکە شاعیری عێراقە.. (ئونسی الحاج) دەڵێت: سەرگۆن پۆڵس لە عێراق رایکردبوو، هات بۆ لوبنان لەوێشەوە فڕی بۆ کالیفۆرنیا، لە کالیفۆرنیاش لە هەر کوێیەك بووایە دەیچریکاند. تا لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا نیشتەوە. ئەم ئاشووریە سەرگەردانە بە هیچ کەسێك نادرێت ئەگەر ئاشووری بێت، یان شاعیر بێت، یان عێراقی بێت، یان سەرگەردان بێت، نادرێت بەتهیچ کەسێك، تەنها بەم دێڕە نەبێت: (مەرگ لەگەڵ خۆیدا رادەکێشێت). یان راستتر ژیان لە دوای خۆیەوە رادەکێشێت.. (محەمەد بنیس) دەڵێت: سەرگۆن رۆژی لە شوێنێك بەسەر دەبردو شەویش لە شوێنێکی دیکە، چونکە شوێنی راستەقینە بۆ ئەو قەصیدە بوو.. (فازڵ عەزاوی) دەڵێت: سەرگۆن لەو یەکەم ساتەوە کە ناسیم وەك شاعیرێکی راستەقینە ناسیم، لەساڵی١٩٥٨ لە چایخانەیەك لە گەڕەکی (قۆریە) لەکەرکوك، هێشتا قوتابی بووین، هەر لەوێ شیعرە سەرەتایەکانی خۆی نیشاندام کە نووسیبوونی. ئیدی زۆرجار پێکەوە دەبووین، لە چایخانەکانی کەرکوك، یان لە ژوورەکەی خۆی لە خانووی کەسوکارەکەی کە لە گەڕەکی(تەپە) بوو، لە پشتی باخچەی (ام الربیعین) بوو، نزیکی چایخانەکە بوو_ ئەو چایخانەیە ئێستا شوێنەکەی تەلارو سوپەرمارکێتە-غ-. زۆرجار لەوێ بلیاردمان دەکرد، یان شەترەنج لە پاڵ گەمەی شیعردا،

بە چەندین سەعات لەو ژوورە کە دەکەوتە دامێنی حەوشەکەوە دادەنیشتین و دەمانخوێندەوە و شیعرەکانی جیهانمان شیدەکردەوە، لەگەڵ خواردنەوەی چایدا کە دایکی پێشکەشی دەکردین. ئیدی دوای ئەوە کە چووم بۆ زانکۆ بۆ بەغدا، هەرکاتێك سەرگۆن بهاتبایە بۆ بەغدا دەچوو بۆماڵی خزمانی لە گەڕەکی(دۆرە)، زۆربەی کاتیشی لەگەڵ مندا بەسەر دەبردو ئەم چایخانەو ئەو چایخانەمان دەکردو لەم شەقام بۆ ئەو شەقام. لەوانەیە سەرگۆن تاکە کەس بووبێت کە نەمدەتوانی جگە لە شیعر باسی هیچی دیکەی لەگەڵ بکەم . دوای چل ساڵ کە لە (سەنعاء) لە یەمەن بۆ میهرەجانی شیعر دەعوەت کرابووین، سەرگۆن پێیوتم (دەبینیت؟ وەختی خۆی کە لە چایخانەی (ئەتلەس) لە کەرکوك دانیشتبووین —ئەم چایخانەیەش ئێستا بەدەردی چایخانەی قۆریە چووە —غ-، بیرمان لەوەش ناکردەوە کە شیعر تەنانەت بمانگەیەنێتە (سەنعا)ش، بەڵام ئەوەتا کردی، لەمەدا بە سیحر ناچێت؟!)..

سەرگۆن پۆڵس، کاتێك هەواڵی دەدەنێ کە سینەما (سندباد)یان روخانووە لە بەغدا، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو رووخانیان و جێگاکەی ببووە مەزادخانە، دیارە سەرگۆن ئەو سەردمەی لە گەڵ — اصدقا ءالسوء لەعێراق بوون، دەچوونە ئەو سینەمایە، دەیان فلیمی وەکو: قەمووری نۆتردام و سپارتاکۆس و شەمشون و دەلیلەیان بینیوە، شیوەنێکی بۆ دەنووسێت:

**ئەوان سینەما سندبادیان رووخان!**

**ئای چ زیانێکە،**



**ئیدی لەمەودوا کێ دەچێتە دەریاوەو کێ**

**چاوی بە پیرەمێردی دەریا دەکەوێت؟**

بەڵام دیارە کەس نەبوو کە هەواڵ بداتە سەرگۆن و بڵێت، چایخانەکانی (قۆریە) و (ئەتلەس) و ( شاترلو) و(ئەحمەد ئاغا) و قەڵای شارەکەتیان رووخان، دەبوو چ چامەگەلێکی بۆیان بنووسیبایەو چ شیوەنێکی کردبایە؟! بە تایبەتی قەڵای کەرکوك و ئێستاش کەس نییە لە خوارەوەی ببێتە بەردێك.

**(قەلعەنن دیبندە، بیر داش ئۆلایدم.**

**گێلەنە گیدانە یولداش ئۆلایدم)..**

واتا لە ژێر قەڵا بەردێك بووما یەو، ببووما یە بە هاوڕێی هاموشۆکەران..

سەرگۆن وەکو فازڵ دەڵێت حەزی بە ئیش و فەرمان بەڕێوەبردن نەبووە، هەموو ژیانی خۆی بۆ شیعر تەرخان کردبوو. گوایە بە رای ئەو شیعر و ئیشکردن رێکناکەون، بۆ ئەوەی ببیتە شاعیر دەبێت ژیانت هەمووی ببەخشیتە شیعر. سەرگۆن لەو ماوە درێژەی کە لە سان فرانسیسکۆ بەسەری برد هەستی بە تەنهایی دەکردو هەمیشە هەوڵیدەدا لە بەندیخانە ئەمریکیەکەی هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە هاوڕێکانی. (کازم جیهاد) دەڵێت: شیعری عەرەبی لەگەڵ سەرگۆن حاڵەتێکی بە خۆیەوە بینی کە لەمەوبەر بەخۆیەوە نەیبینیبوو، مەگەر بە دەگمەن. ئەویش حاڵەتی ئەو شاعیرەی ژیان و رەگی بیرو سەرجەم هێزی مرۆڤایەتی خۆی تەرخان کردبوو بە تەنها بۆ شیعر... (ئەسکەندەر حەبەش) دەڵێت: سەرگۆن یەکێکە

لەوانەی کە دەیاخوێنیتەوەو بە درێژایی ژیانت لەگەڵت دا دەمیننەوە.. (خالد المعالی ) دەڵێت: سەرگۆن شاعیرێك بوو بێ پارەیی و خۆشەویستی شێتی کرد.. (ماجید سامەڕائی) دەڵێت: قەسیدەی دەنووسی و بیری ناکردەوە چی دەخوات، یان چۆن دەژی و شەو لە کوێ دەخەوێت و کاتێك لە خوێندنەوەی کارێکی شیعری شاعیرێك نووقم دەبوو، هی شاعیرێك جگە خۆی، خۆی لە چێژێکدا دەبینی بێ سنوور، خوێندنەوەو نووسین لە لای ئەو کاری داهێنان بوون و خودی داهێنەرانەی خۆی تیا دەدۆزیەوە، لەمەشدا خودی داهێنەرانەی خۆی بەدیدەهێنا.. "جان دەمۆ" لە چاوپێکەوتنێکدا بەر لە مردنی دەڵێت: (من هەڵە بووم دەربارەی سەرگۆن وامدەزانی شاعیر نییە، بەلام بۆم دەرکەوت شاعیرێکی سەرسوورهێنەرە)... ئەنجام سەرگۆن پۆڵس چووە نێو ئەو لاکێشە تاریکەی عەدەمەوە، کە پێی دەڵێن مەرگ و خۆی دەیووت ئەوە تاکە حەقیقەتێکی ڕەقی بوونە..(فالح عبدالجبار) دەڵێت: سەرگۆن پۆڵس لە شاری کەرکوکی نەوت گەورە بوو، لە خێزانێکی ئاشووری مەسیحی، خێزانێکی تەواو هەژار، لە شارێکی ڕاوەستاو لە سەر دەریایەکی نەوت، سەرگۆن لە شارێکی تێکەڵەی ئەتنی وکەلتور گەشەی کرد: کورد و تورکمان و ئاشووری و عەرەب و ئینگلیز، بەڵێ ئینگلیز خاوەن و فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوت. کۆمپانیای نەوت بەبێ مەبەست خزمەتێکی چاکی سەرگۆنی کرد، چونکە گەورەترین دامەزراوی وەرگێڕان بوو، بۆ دابینی کردنی پێویستیەکانی، ئەوە بوو گۆڤاری (العاملون في النفط) ی دەرکرد و جەبرا ئیبراهیم جەبرا سەرنووسەری بوو. سەرجەم گرووپی کەرکوك لەو ڕێگایەوە فێری زمانی



ئینگلیزی بوون. دوای کۆدەتاکەی ١٩٦٣ گرووپەکە کەرکوکیان بەجێهێشت و دابارینە سەر بەغداو ئاسۆی فراوانتریان لەبەردەم کرایەوە.. جیهانی یەکەمی سەرگۆن کۆزمۆپۆلێتی بوو، وەکو هەر ڕووناکبیرێك، پاڵەوانەکانی دۆیستۆیڤیسکی و فرۆید و بەلزاك و فۆکنەر و سارتەر و کامۆ و عەزرا پاوەند و کاڤاڤیس و ئیلیەت و ڕامبۆ و بۆدلێر بوو.. سەرگۆن ئەم لە هیچ جێگایەك دانەمەزراوە، لە کۆچێکی بەردەوام بوو، لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، لە تێپەڕکردنی داهێنانی پەخشانی و شیعری خۆیدا بوو، ئەوی نشتەجێ لە (شاری لەکوێ؟) و خۆراکی قووتی زەوی بوو. سەرگۆن بە ڕووتی لە بەهەشتی لە بیرچوونەوە دەرکرابوو، بۆ بەهەشتی وشە، ئەو شوێنەی کە سەگەکان بە وەڕزیەوە، بە چڕنووکە مرۆڤایەتیەکانیان گەمە لەگەڵ خۆردا دەکەن. تەنانەت تۆزێك مەدحی سەگیش دەکات. بەو دەستە دەینووسی کە وازی لێ هێنابوو، دەرۆیشت و دەستی خستبووە پشتی، وەکو تەزبیح گەمەی بە کۆتەکانی دەکرد. لەلای ئەو ڕۆژ نەیدەکردە یەك نانی بەغدایی و بەداخەوە جوانترین ژنیش لە جیهاندا دەیکردە گریان. گۆشەگیریی ئیغتیصاب کردبوو، وەك بلێی پاکیزەیەکی سەرگەردانە لە شارێکی بۆردومان کراو، دەرگاکانی بە سەر دۆڵەکاندا شۆڕبوونەتەوە.. ئەمانەی دوایی قسەی سەرگۆن خۆیەتی. سەرگۆن لە غوربەتا بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا سەری نایەوە.. سەرگۆن لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ گۆڤاری (پرانسیسۆ)ی ئەمریکیدا لە ٢٠٠٦ دەڵێت: (لە سایتێکی ئینترنێت ناوی خۆم لەتەك نوسەرانی کوردا بینی، دیارە بۆ مەسەلەی سیاسیە ناوم بەکاردەهێنن، چونکە شیعرێکم

کرا بوو بە کوردی بەناو نیشانی "لەسێدارەدانی دالێك"، لەگەڵ مۆتیڤی کوردێك تفەنگی بەدەستەوەیەو رووی لە ئاسمان کردوە).

ئەم بەرهەمانەی لەپاش بەجێماوە:

١- گەیشتن بە شاری کوێ ١٩٨٥

٢- ژیان نزیك ئەکرۆپۆڵ ١٩٨٨

٣- یەکەم و دوایی ١٩٩٢

٤- چرا بەدەست لە شەوی گورگان ١٩٩٦

٥- ئەگەر لە گەمیەکەی نوح نووستبووی ١٩٩٨

٦- سەربووردی کەسایەتی بە ناونیشانی (شایەتەکانی سەر رۆخ)

٧- رەقیمەکانبۆ رۆحی گەردوون. هەڵبژاردەیەکە لە شیعرەکانی بە زمانی ئەڵمانی.

٨- بە ئینگلیزی دیوانێکی دەرچووەلە لایەن گۆڤاری (پانیپاڵ)ەوە، بە ناونیشانی (چەقۆ تیژکەر) ئەدۆنیس پێشەکی بۆ نووسیوە.

٩-دوای مردنیشی دیوانی(ئێسقانێکی دیکە بۆ سەگی خێڵ) لە خانەی (الجمل) دەرچوو...

ئەوە منم
سرتەیەك نییە
ئەری ئەوانەی لێرە بوون مردن؟
نە وشەیەك.
زمان دێت
یان چاوەڕوانی یان هێرش؟



یان خۆدزینەوە لە...
وەکو ئەم بێدەنگیە
کاتێ پشکۆی هەڵچوونم رادەماڵم
تا دەستەویەخەیەکی غەریزی دامدەگرێت: وەکو گای کێڵگەکان دەلەوەڕم
من نەبوخودنەسرم
وەرزەکان وەکو گژوگیای دژوێن بۆم فرێدەدرێن و زار فرێدەدەمە
ناو بیری وەرزەکانەوە
تا نهێنیەك هەڵماڵم
کە ئەشکەنجە دەدات؟
بەدرێژایی شەو ئەشکەنجە دەدات، قوولەی کەڵەشێری
سەربراو.
تا نهێنیەکە هەڵماڵم و
گوێم لە ژاوەژاوی گەردوونەکان بێت؟
شیوەنێکەو)
پێیان وتین: زەماوەندە)
سوپای خەم بە زنجیر رامدەکێشێت و
زەمان جلەوی عەرەبەنچیەکە دەگرێتە دەست
سێبەرەکان پێشمان دەکەون
لەدواوانەوە:
هەموو ئەوانە و هەموو کەسێك

(زەمان درێژە)، کابرا وتی .
خۆر لە سەر ئەم موشەمایەی
سەر خوانەکەمە
ڕۆژێکە وەکو ڕووخساری خوا هیچ ڕۆژێك نایگاتێ
ورشەکانی لە ژێر چاوما دەمێننەوە و تابن
وەکوڕمدەمسمێ
ئەوە خۆری منەو
ژوورەکەم، ماڵەکەم پڕدەکات، وەکو گەمی ئارام
بەباری دیاریەوە لە هەزارلۆغانە سەفەر دەکات.
خۆر لەسەر قاپلەمەکەمەو
لە ڕاستی دا قاپلەمەکەشم بەتاڵە:
دەنکە زەیتوون، پاشماوەی قەڕنابیت، ئێسقانێك..
ئەو پاشماوەیانە
لە پێویستیمان زیاد نەبوون..
پارچەیەك هەموو ڕۆژێ، تویکلێك
فڕێی دەدەینە گێژەنی شەپۆلەوە-قاپلەمەکە بە بەتاڵی دەمێنێتەوەوە
چەقۆکە، چەتاڵەکە دەمێنێ و
برسێتیم، ئینتەلابوونمە..
*
خۆر ، یان لیمۆیەك
لە سەر ڕووی گۆمە بە قەوزە داپۆشراوەکە



مەلە دەکات
بەردێك فرێدەدەمە نێو تۆپەڵەکانیانەوە
دەلەرێنەوە، جارێکە و قووڵاییەکان بلقە بلق دەکەن.
بلقی وەهەمە پەرتبووەکان
پاراوەکان کە ڕووداوەکان بەرجەستەی نەکردوون
ئەو ژاوە ژاوانەی کە لە ئیعرابا شوێنیان نییە
چاوچنۆکیەکان، دەهلیزەکان، بەڵێنەکانی دادپەروەریی
(بە بەختیاریی)
کەفی وشەکان لە بۆری واتای
مێژووەکان و
کەسێك هەیە فەبرەکەیان بکات و بە لاستیك بیانسڕێنەوە-
تا بمێنین.
پیاوەکە وتی: (هیوا بەسەرچوو
ئازار زیاد بوو)
قوربانیەکەیان لە نێوان
چوار ئەسپی سەرکێش
بەستەوە.
سەربازەکان سەرخۆش دەبن. جەنازەیەك لە پشتی گردەکەوە
ڕەت بوو. ئایا بەربەریە پێشینەکان
لەودیوی دەریاوە هاتن؟
ئایا هاتن؟

تەنانەت ئەگەر شوورا چینیەکەشمان دروست کرد هەر دەووتری: هاتن.

ئەوان لە ئێمەن و تێماندان. دوا کەسمان هات

بۆ ئەوەی بماخاتە پێکەنین و بمانگرێنێت و..

شوورایەك لە کارەسات لە دەورمان دروست کات، بەڵام، هەر دەمێنین.

لە وڵاتی پاتاگۆنیا (با)یەك هەیە

پێی دەڵێن (گسکی خوا)،

(با)یەك

دەمەوێ هەڵکات، بە درێژایی رۆژهەڵات

لە شڕەوپڕە گوڵێنەکانیەوە

رۆژئاوای چەکدار بە خۆشگوزەرانی: دەمەوێ هەڵیبژێرم

تا بۆ من بێ

میوانداری شێتایەتیەکەی بکەم

چونکە رۆژان و ناوەکان گسك دەدات

روخساری جیهانمان وەکو زبڵدانێك گسك دەدات

تا لۆچە قوولەکان لە ژێر

تۆپەڵی بۆیاغ و

خوێن و تاوان و

شەوەکان، ئاشکرا بن.

وەرە، ئەی (با)یەکە

گسکی خوداوەند، پیشکەوە.

پیاوەکە وتی. پیاوەکە وتی



بەرد فڕێمەدە گۆمەکەوە

لە دەرگا مەدە لەودیوەوە کەس نییە

جگە ئەمە نەبێ

مردوە زیندوەکە دابەشەجار بەجارلە خۆیدا ، بە بێ خۆم

زایەڵەکە دێت:

ئەرێ مردن. ئەوانەی لێرە بوون.

❊

ئەو یەکە هات کە دڵێ و ئەویتر بێ دەنگ دەبێت.

ئەوە دەڕواو ئەوەی هاتووە لێرەیە.

نێوانیان

وشەیەکە ، یان سرتەیەکە ،

نێوانیان چەند رووبارە و رێیانکرد ، ئەرتەشەکان تەپڵەکان پێشیان
دەکەون و

کەسیش بە ئاگانەهاتەوە

نێوانیان قیژەی مەلۆتکەکەیە ، بەسەر نووکی رمەوە

لەدەستی یەکەم سەرباز کە سەرخۆشی کوێری کردبوو

دەرگای ماڵەکە لاکەل دەکات.

نیوانیان(موستەفعیلن) ، یان لەوانەیە(موتەفاعیلن ) بێ (❊)

نێوانیان جگە لەمن کەسی دیکە نییە:

ئەوە منم .

٢٠٠٧/١/٢٣

*****

ڕۆژ لە کەرکوك

مانگاکان لە سێبەری پالآوگاکە نووستوون
بۆ ئەوەی شیر بژەنن، کاوێژی حوشترخۆر و درك و دالْبکەن و
قەلەرەشەکان لەبیرەکەمان
کە بە پارچە شووشە پەرژین دراوە
لە سەر نووکی باڵە زەلیلەکان
نزیك دەبنەوە
وەك بلێی دیارین
لە نەوتی رەش و مازووت
کە (بیرەکان) لە هەناوی سووتاوی خۆیانەوە تووریان داوە
لەو شوێنەی هەزارلۆغانەیەکی زیوینی بۆریەکان درێژدەبنەوە
گڕ لە کێلگەکانی (ئای پی سی)بە شەوو ڕۆژ بەرز دەبنەوە.
لەوێ خۆر خۆی لە سەر پشت دەگەوزێنێ
لە شوشەی بۆری پەنجەرەوە ماسیەك دوا هەناسە دەدا
لەوێ جیهان وەکو گەمیە کۆنەکەی نوح دیارە، کاتێ دوا ماڵئاوایی لە
دوا ڕۆخ دەکات
لەوانەیە ژنێك خۆی بکات بە ژوورا
لە هاوشانی پەرژینەکە لە یەکێك لە ماڵەکان شتێکی هەڵگرتبێ



سینیەکی لەسەر دەستە بە خەنە رەنگکراوەکانیەتی
بە خاولیەکی خاوێن داپۆشراوە، وەکو تارماییەکی خوێواوی
جووتە نەعلەکەی تۆزو گەرد دەشێلێ
بەڵام کپی ناشکێنێ..
جەستەی مار
دەکشێ لە دەوری چلێکی خشخاشی
پەرە سوور بە خاوخلیچکی، لەودیوی دوکانی
ئەو ئەرمەنیەیەی کە خەوی نیوەڕۆ بردویەتیەوە
سەرە سپیەکەی خستوەتە سەر دەفتەری قەرزەکانی
چاویلکە پزیشکیەکانی لە ناو تای تەرازووەکەیە
بەتەنها، بەتەنها وەکو زونارێکی زیندوو لە مورو
کاکۆلی نیوەڕۆ دەرازێنیتەوە
بێ دەنگی قوولترە لە بیرەکە
لەم لایە دوورەی شارەکەوە..
سەگەکان بۆنی مەنجەڵ دەکەن بە لەباقەتەوە
لە سێبەری دیوارەکان و بۆریەکە ژەنگی گرتووە
لەسەرەخۆ دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە فنجانێکی شکاوەوە.

****

خەونی کۆڵهەڵگرێك لە سەر پردەکەی قەڵا

**(بۆ جەلیل قەیسی لە کەرکوك)**

دەڵێن ئەوە خەمە
وەکو تێزاب دڵ کون دەکات و
وای لێدەکات وەکو تارمایی بە دەوری ماڵەکەی خۆیدا بخولێتەوە
بەشکو چاوی پێی دەکەوێت، تا لە بەردەمیدا بۆ جارێکی دیکە
سۆزەکانی هەڵدەڕێژێ
وەکوشووشەیەکی لەمەی گرانبا پڕ سوخمەیەکی ژێر عەبای شتە بە
تامەکان
ئەگەر خەیاڵی کرد موچرکێکی پیا دێت و دەگری
هەرکە بیری دەکەوێتەوە..
لەبەر چاوی شتەکان تێکەڵ دەبن، وەکو نەخشەیەك ڕێبوارێکی تێ
لێهاتوو
بیخوێنێتەوە، هەندێ جار دوێنێی بیردەکەوێتەوە
وەك بڵێی ڕووداوەکانی هی ئەو نین.
کێ داوای لێکرد شتومەکەکانی هەڵگرێ و لە چ سووچێك پێچی
کردەوە
یان پێچی نەکردەوە، لە چ ڕێگاو بانێك هاتوچۆی کرد.
ئایا هەتاو بوو
یان باران دەباری..
باڵۆرەکە باوە، بە ڕیزێکی گاڵتەجارەوە



ئێستا پێی دەڵێن ئاغا یان بەگ
لە پشتیەوە بە ڕیشەکانی خۆیان پێدەکەنن
هەرکاتێ بە داڵغەوە ڕەت بووایە و گۆرانیێکی دەووت:
((قەلعەنن دیبندە
بیر داش ئۆلایدم))،
خۆزگە بەردێك بوومایە
لە ژێر قەلا
خۆزگە قەلا بە بەرزی دەمایەوە
منیش بەردێك بوومایە لە تەمەڵەکەی..
دەڵێن(( ئەوەی نەدیتراوە ئەو دیویەتی))
یان ئەوەتا قەلا بە ماسوولکە ئەستوورەکانی ئەو سەرسامە
بۆ جارێکی کۆسکەوتوو، نوێنەکەی بۆ کردوەتەوە
بەلام، چۆن کوێرێك بە پێڵوەکانی دەست دەدات
لە پاڵتۆی پێغەمبەر و بۆ یەکەم جار ڕووناکی داگیریان دەکات
ئەو ڕۆژەی کێژەکەی بینی، ئەو ڕۆژەی گالیسکەیەك لەبەردەمیا وەستا
-لێخوڕەکەی لە خانەکە دراوسێیەتی- خانمێك لێی دابەزی
سەری بە قژێکی زەرد تاجدار کردبوو
هەرکاتێ خۆر لێی بدات ئەم چاوەکانی بۆ ناخی دەکەونە خوارەوە
کارەکەرێك لە دواوی خانمەکەوەیە
ئاماژەی پێدا
نزیك بێتەوە-

لەسەر ئەو پردەی بۆ قەڵاَی کەرکوك دەچێت
کە دەڕوانێتە سەر ئەو ڕووبارەی بە وشکی بەناوبانگە!
قەڵاَکەی بەهەزاران پیلکانە
زنجیرکراوەکە، سەدان جار پیاندا هەڵگژاوە
ئەو خانوانەی لە سەر پشتی هەڵگرتووە
کە ژنان تیا وەکو داڵ مێینە لە پەنجەرە بەرزەکانەوە خۆیان لەتەل داوە
یان لەو بورجانەوە دەڕوانن هامشۆکەران
هەر دەنکێك کێشانەکەری خۆی هەیە، ئا ئەمە وادەی ئەوە..
سوپاس ئەی ئەو گالیسکەوانەی کە قەدەرەکان ناردی
خوا جەزات بداتەوە، جەزات بداتەوە
بەڵاَم بۆ منت هەڵبژاردو
چۆن ئەمڕۆ بگەڕێمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم
کە هەمبوو بەرلەوەی تۆ ببینم؟
خۆزگە قەڵاَ بە بەرزی دەمایەوە
خۆزگە تاجم نەدەبینی
ئەری کەواتە قەرەبوو
ئەی سەرداری زیان و قازانجەکان
لە بری پاشماوەی ڕۆژە قرچۆکەکان و
کێ سووەکە دەژمێرێ وکێ حیسابەکەمان دەدات؟
خۆزگە قەڵاَ..
کێ؟



..من لە تەمەڵەکەیدا بەردێکم.
کارەکەرەکە لە کونی دەرگاکەوە درهەمێکی پێدا
لەو شوێنەی بە حەپەساوی هەڵنووت و چاوی بڕیبووە دەستی و
کارەکەرەکە بە لەپە خەناویەکەی دای لە پشتی
تەپ و تۆز لە لبادە قورسەکەیەوە بەرز بووەوە..

---

(*): ناوی دوو کێشن لە بەحری شیعری عەرەبی و ناکرێن بەکوردی..

*** 

## ٤- جان دمۆ.

( ئەوەتا بە ڕێوەم بۆ مومارەسەکردنی مرۆڤایەتی خۆم
-جان دەمۆ-

تۆبڵێی مەرگ نەمانی بیرکردنەوە بێت
یان پۆلە باڵندەیەکی پەنگوین
چاوەڕێی دڵسۆزێکن لە ژێر خۆری بەنەوشەییدا..
یان دەڵێ:
سەرچڵی ناکەین بۆ وەڵاَم
چونکە لەوێ وەڵاَم نییە..

جان دەمۆ وەکو دیاردەیەك بوو لە بزووتنەوەی شیعری عێراقی پتر لەوەی کاری تێکردبێت، جان بووە ئەفسانەی نەوەی شەستەکان، شاعیری بێ قەسیدە وەکو "عەبدل قادر جەنابی" دەڵێت: وەکو نەفرەت لێکراویەکی دڵ پڕ لە مین ژیا، یەکێك بۆ لە گرووپی کەرکوك، ناوی (جان) نەبوو کە لە دایکبوو بگرە ناوی (دەنخە) بوو، حەزی لە ناوە نەبوو، گۆڕی بە(جان)، وەکو (جان کۆکتۆ) و (جان پۆڵ سارتەر) و(جان جینێ) و زۆربەی (جان)ەکانی فەرەنسا.. جان دەمۆ لە مندالدانی مەیەوە لە دایکبوو، لە شاری زێڕی ڕەش، شاری کەرکوك، ئەو زێڕە ڕەشەی کە بووە مایە قوربەسەری هەزارانی وەکو ئەو، ئەنجامیش لە تاراوگە سەردەنێنەوە. جان پێیوابوو (مرۆڤ بە سەعلووکی لە دایکبووە) بە پێچەوانەی وتە مێژوویەکەی (جان جاك رۆسۆ)ەوە، کە دەڵێت: (مرۆڤ بە ئازادیی لە دایکدەبێت). جان جێگیربوونێکی ژیانی دەویست بۆ ئەوەی گوزارشت لە ناسنامە جیهانیەکەی خۆی بکات، وەکو خۆی دەیووت..

ئەوانە هاورێ نەمرەکانتن
وەکو دڵی شەو
خوانەکانیان بەتاڵە
وەکو هاوکێشەکانی ئەنیشتاین: ئەوەتا تۆ
بەرەو سەرابی ساتەکان رادەکەیت
تۆ بەدەمەستی، تۆ تینووی
بەدەمەست و تینوو زیاتر لە پێویست
ئەمەیە ژیان ، ئەمەیە ناکۆتا..



جان دەمۆ ساڵی ١٩٤٢ لە شاری کەرکوك لە دایکێکی ئاشووری گریکی و باوکێکی ئاشووری لە دایکبوو، یەکێك بوو لەو گرووپە شاعیرەی کەرکوك کە پێیان دەووتن جەماعەتی کەرکوك، سەرگۆن پۆلس دەڵێت: لە بەغداد ئەو ناوەیان لێناین، لەبەر ئەوەی کەسمان عەرەب نەبووین. (جان)، کەرکوکی لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بەجێهێشت و رووی کردە بەغدادو لەوێ بوو بە ئاوارەی گەردوون. پاشان لە سەرەتای حەفتاکان چوو بۆ بەیرووت و لەوێ لە میدیاکانی بەرەی میللی رزگاریخوازی فەلەستین کاری دەکرد، جان لەوێ شیعرێکی زۆری نووسی، بەلاَم هەمووی ون کردبوو، هەرکە ساڵی ١٩٧٥ شەڕی ناوخۆی لبنان هەڵگیرسا گەڕایەوە بۆ عێراق، بگرە بە بڕیارێکی فەرمی لە بەر شەڕەنگێزی و بەدمەستیەکانی لەوێ دەرکرا، تا ساڵی ١٩٩٣ بە یەکجاریی عێراقی بەجێهێشت و رووی کردە ولاَتی ئوردن. سەرگۆن پۆڵس دەڵێت ساڵی ١٩٩٨ لەعەمان چاوم پێکەوت و تەواو مەیزەدە ببوو، هەموو شەوێك پۆلیسی عەمان دەستگیریان دەکردو راپێچی بەندیخانەیان دەکردو بەیانی دەیانبردەوە بۆ ئوتێلە هەرزان باییەکەی.. دواجار روویکردە ئوستراليا بۆ لای براکەی، تا لە رۆژی ٨/٥/٢٠٠٣ وەکو دوا شاعیری سەعلوك لەوێ سەری نایەوە، دوای ئەویش سەرگۆن لە ئەڵمانیا بە چەند ساڵێك سەری نایەوە.. سەرگۆن دەڵێت دوای شۆڕشی ١٩٥٨ کە ئینگلیزەکان عێراقیان بەجێهێشت، کتێبخانەیەکی زۆریان لە کەرکوك بەجێهێشت، ئیدی من و جان دەمۆ دەچووین بۆکرینی کتێب، بەلاَم جان نەیدەکڕی بگرە دەیدزین، پاڵتۆیەکی گەورەی باوکی لەبەردەکرد، منیش

خاوەن کتێبخانەکەم دەخلافاندو جانیش گیرفانی پاڵتۆکەی پڕ لە کتێب دەکرد. ئیدی ئەدەبێکی نوسەرانی زۆرمان خوێندەوەو هەرکە چووین بۆ بەغداد لەوێ نوسەرانی ئەویمان پێ سەرقاڵ دەکرد. جان پێیوابوو ژیان پیشەی میرۆکانە، وەك "شارل بۆدلێر" دەیووت: ژیان نەخۆشخانەیەکی گەورەیە و لەوێ هەریەکێك لە ئێمە سەرقاڵی گۆڕینی نوێنەکەیەتی.. لە ساڵانی هەشتاکان ئەم پیاوە داهێنەرەم لە شەقامی رەشید زۆربەی رۆژەکان دەبینی سواڵی پارەی دەکرد بۆ چارەکێك ئارەق و پارویەك نان و جگەرە. وەکو عەبدلئەمیری هاورێی کە ئەو دەمێك بوو کۆچی دوای کردبوو. من "جان دەمۆ"م لە نزیکەوە دەناسی، لە ساڵانی هەشتاکان تەنها جارێك هات بۆ شوێنی نشتەجێبوونەکەم لە بەغداد لە ناوچەی جادریە، کە ئێستا زانکۆی بەغدایە، رۆژێکی هاوین بوو، لەگەڵ برادەرێکی عەرەب هاتن، جان سەرخۆش بوو، دوای چوو لەسەر نوێنەکەم خەوت، بەڵام دواجار بەسەریدا رشابوەوە، ئیدی ئەوە دواجار بوو "جان" ببینم، تا ساڵی ١٩٩٢ لە کەرکوك لە چاپخانەیەکی بەرامبەر سینەما عەلەمەین دیمەوە، وەلێ کەسی نەدەناسیەوە، دوای ئەوە چوو بۆ ئوردن.

چۆڵی لەناو چۆڵی
لە ناو ئاوێنەکانی بینەراندا
لە گۆڕەپانی (نەسر)
دوای سەعات نۆی شەو
دەبێ چاوەڕێی موعجیزەکانی دیکە بن
بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانەی



کە بۆ پڕکردنەوەیان دزو قەشە و
سۆزانی بەشداریی دەکەن؟
ئەو دەریایانەی کە لەکیسمان چوون
دەبێ بەچی قەرەبوو بکرێنەوە
تەنها بە تەسبیحاتی پەککەوتەکان
بەزەدە جوانەکانیانەوە
کە شیاوی دۆزینەوەی ناخەکانن
گۆڕەپانی نەسر
گۆڕەپانی نەسرە..

جان دەمۆ، یەك دیوانۆکەیەکی بە چاپ گەیاندوە، بەناوی (اسمال) واتا شڕەوپڕە، بیست و حەوت شیعری لەخۆ گرتووە، خانەی ئەمەدی بەغدادی چاپی کردوە. هەر وەکو چۆن (واڵت وایتمان) تەنها نامیلکەیەکی چاپ کرد بە ناوی (پەلکە گژوگیا)و بووە یەکێك لەکۆڵەگەکانی شیعری هاوچەرخی ئەمریکی. سەرگۆن دەڵێت شیعرەکانی جان دەمۆ سوریالی و دادائین..

دەشێ ئیقۆنەکان، مردووەکان
پاسەوانی نەکرێن
بەڵام ئەی دەریا چۆن؟
ئەی زۆرنای داگیرکەران چۆن؟
قسە سوودی نییە: خۆیان پاسەوانی خۆیان دەکەن
یان ئەوەتا زینەوەری هولامین و ئەوە دەکەن.

له ئاژاوەی ئاماژەكانە، لەوێ هەمیشە ئاماژەیەك هەیە

- پاسەوانیكردن.

لافاوی زەمەنەكان، یان ئەرخەبیلەكانی خەو؟

چەند تیمساحێك هەن ئەم جیهانە هەڵدەدەن

دەرفەتیش نییە

حسین عەجە دەچێتە هایدگەرەوە:

دەیەوێ بیكاتە سوارەیەك

بۆ دەنووسن شاعیرەكان (سەعدی یوسف)

ئەمریكایان بەجێهێشت

یان تەنها لە ئیمارات دەبێتە شیوێك؟

تاشەبەرد چییە؟

دوا گوندێكە كە ئەنجام عەشاماتەكان ، چەرخەكان

پەنای بۆ دەبەن

هەڵی بەرماوە چییە؟ بۆ؟

هۆی مانەوە چییە لەوێ؟ هەر تەنها مانەوەیە؟

لە گردۆڵكە لمەكان.

نە قوڕ ماو نە زرەزڕ

لەوێ لە جیرە جیڕ هیچی دیكە نییە

لێی دەترسن؟

دە بگرن ئەوەتا قونكە جگەرە.

****



سەرچاوەكان

١- سایت ئیلاف ٢٠٠٩ / ٨ی سەبتەمبەر

٢- رۆژنامەی القدس العربی /٢٠٠٣ /١٧ی مایس

٣- سایتی النور

٤- رۆژنامەی الاتحاد٢٠٠٩

٥- دیوانەكانی سەرگۆن پۆڵس، دار الجمل

٦- روح الحیە فازڵ عەزاوی..

٧- گۆڤاری الاقلام فایلی تایبەت بۆ حسین مەردان و عبد الامیر الحصیری